# بنەما ئەخلاقیەکانی کۆمەڵگەی ئیسلامی

(سورەتی ئەلحوجورات وەك نمونە)

مەلا عەبدوڵڵا شێرکاوەیی

---

هەولێر- کوردستان          چاپی یەکەم          ١٤٣٤ﻫ – ٢٠١٣م- ٢٧١٣ك

# لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی تەنفیزی
# یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان
# زنجیرە ( ٢٧ )

پڕ بەدڵ سوپاس و پێزانینی خۆم ئاراستەی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان دەکەم بەتایبەتی بەڕێز مەلا عبدالله مەلا سەعید گرتکی سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئاینی کە ئەرکی بەچاپ گەیاندنی ئەم نووسینەیان خستە ئەستۆ... هیوادارم هەر پایەدارو تەمەن درێژ بن.

**مەلا عەبدوڵڵا شێرکاوەیی**

* ناوی کتێب: بنەما ئەخلاقیەکانی کۆمەڵگەی ئیسلامی
* ناوی نووسەر: مەلا عەبدوڵڵا شێرکاوەیی
* تیل و ئیمێل: ( ٠٧٥٠٤٦٣٢٧١٥ )_ ( sherkaway83@gmail.com )
* نەخشەسازو بەرگ: کۆمپیوتەری دەریا
* پیت چنین: دایکی شاگوڵ
* نۆرەی چاپ: یەکەم ٢٠١٣
* چاپ: چاپخانەی ماردین
* تیراژ: ١٠٠٠ دانە
* لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارە سپاردنی ( ٨٤٦ ) ساڵی ( ٢٠١٢ )ی پێدراوە



مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە

قال تعالى:

# كِتَابٌ أَنْزَلْنَاهُ إِلَيْكَ
# لِتُخْرِجَ النَّاسَ مِنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ بِإِذْنِ رَبِّهِمْ
# إِلَى صِرَاطِ الْعَزِيزِ الْحَمِيدِ

سورة ابراهيم: ١

قال الرسول g :

**اللّهم اهْدني لأَحْسَنِ الْأَخْلَاقِ لَا يَهْدِي لأَحْسَنِهَا إلّا أنت وَاصْرِفْ عَنِّي سَيِّئَهَا لَا يَصْرِفُ عَنِّي سَيِّئَهَا إلّا أنت.**

رواه مسلم

## پێشکەشە بە:

* هەموو ئەوانەی خەمی ( خواو، خەڵک‌و، خاك )یان هەیەو، دەیانەوێ هەمیشە هۆکاری خێر بن بۆ کۆمەڵگە.

* ئەوانەی خۆیان رادێنن لەسەر کردارو رەفتارە باشەکان‌و دوورکەوتنەوە لە دیاردە قێزەونەکانەوە.

* ئەوانەی تامەزرۆی ئارامی کۆمەڵگەن‌و، دەیانەوێ بە هەستێکی برایانە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان باشتر کەن.

* هەموو ئەو گەنج‌و خزمانەی گوندە خنجیلانەکەی ( شێرکاوە )، کە بەئارامیەکی جوانەوە دەمەو عەسرانی مانگی رەمەزان گوێیان بۆ بەشێکی پێویست‌و پەیوەستی بابەتەکان راگرت.

* دایك‌و باوکی بەڕێزم.

* هەموو خوێنەرانی ئەو نووسینە.

# هەڵسەنگاندن

## بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

دوای ئەوەی بە وردی بەشێکی زۆرم لە کتێبی ( بنەما ئەخلاقیەکانی کۆمەڵگەی ئیسلامی)م لە نووسینی مامۆستا مەلا عەبدولاّ شێرکاوەیی خوێندەوە، بووە مایەی سەرنجراکێشان بۆ کۆمەڵە بابەتێکی پەروەردەییو کۆمەڵایەتی، کە زۆر پێویستمان پێیان هەیە بۆ ئەوەی هەمیشە بە جوانترین شێواز هەڵسوکەوت لەگەڵ خۆمانو دەوروبەرو کەسانی دیکە بکەین، چونکە نابێ بیشارینەوە، کە لە ئەنجامی تەوژمی لایەنە نەگەتیڤەکانی مەدەنیەت، خەریکە هەندێك نەریتی جوانی ئایینیو کۆمەڵایەتی چوارچێوە زێڕینە مرۆییەکەی خۆیان لە دەست دەدەنو، بەرەو تەسکبوونەوەو تەنها مادەویستی دەڕۆن، ئەگەر ئێستا هەست بە هەڕەشەو مەترسییەکانی نەکەین، لە داهاتوودا دەبینە قوربانیشیان، بەتایبەتی لە بواری مرۆییو مامەڵەکردن بە جوانترین شێوە.

لەم نووسینەدا نووسەر (خوا پاداشتی بداتەوە) هەوڵیداوە قسە لەسەر ئاستی ئاکارە جوانو هەڵسوکەوتە چەوتەکان بکات لەسەر ئاستی تاكو کۆمەڵگەو دەروونییەوە، تا لە کۆتاییدا هەموویان لە روانگەی سورەتێکی قورئان هەڵاوێر

دەکاو، ویستوویەتی ناخی مرۆڤ لە رووی ئیمانو دینداریيەوە زیندوو بکاتەوە تا لەوێوە بەرەو بەرزی بڕۆن بۆ گەیشتنە لوتکەی مرۆڤدۆستی، لەلایەکی دیکەشەوە ویستوویەتی ترسان لە خوا لە چوارچێوەی تێگەیشتنی سەقەت بێنیتە دەرەوەو، بیکاتە سەرچاوەی ویژدانی مرۆڤی موسڵمانو جوانترین نموونەی کۆمەڵگەی لێوە بێنێتە ئاراوە.

بە کورتی پێمان وایە مامۆستا هەنگاوێکی مەزنو دروستی هاوێشتووە لە هەڵبژاردنی ئەم سوڕەتەو شیکردنەوەی، چونکە ئەم سووڕەتە دەرچوونە لە تەنها وەعزی زمانانەو، فەرمانکردنە بۆ پیادەکردنی رێنماییە قورئانییەکان بە شێوەی کردەیی.

دوعای خێر لۆ مامۆستای بەڕێزمان دەکەینو لە خوای گەورە داواکارین پاداشتی بداتەوەو کاری گەورەترو مەزنتری لە دواوە هێتو بیخاتە ناو تەرازووی خێری خۆیی‌و کەس‌و کارەکانی.

**مەلا جەعفەر گوانی**

**٢٠١٣/٦/٢٥**

**هەولێر**



# پێشەکی:

سوپاس‌و ستایش بۆ خوای باڵادەست‌و بەخشندە، درووودو سەلامی نەبڕاوەش لەسەر گیانی ئازیزترین پێغەمبەر حەزرەتی محمد (درودی خوای لەسەر بێت)، وە لەسەر تێکڕای ئاڵ‌و یارو یاوەران‌و شوێنکەوتووانی هەتا دوایی..

ناونیشانی ئەو نووسینە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەیامە گرنگ‌و هەستیارانەی لە سوڕەتی ئەلحوجوڕات خوای گەورە باسی لێوە کردوون، کە مرۆڤ بەئاراستەی پابەندی لە بەها بەرزەکان‌و دوورکەتنەوە لە دیاردە خراپەکان دەبات.

وەك دیارە یەك لەو خاڵە بەهێزانەی تێکڕای ئایینە ئاسمانیەکان‌و پەیامی پێغەمبەران (سەلامی خوایان لەسەر بێت) پێکەوە دەبەستێتەوە چەمکی ئەخلاقە، لایەنێکی دیاری مەهام‌و وەزیفەی پێغەمبەریش (درودی خوای لەسەر بێت)، بریتی بووە لە گەیاندنی رەوشتە بەرزەکان بە ئۆممەتەوە.

وەیەکێ لە سیماو ئامانجە سەرەکیەکانی ئیسلام، ئاراستە کردنی مرۆڤە بەرەو باشی‌و بەها مرۆییەکان‌و، دوور خستنەوەی لە کردارو ئاکارە خراپەکانە (التحلّی بالفضائل والتخلّی عن الرذائل).

بۆیە قسەکردن لەسەر بنەما ئەخلاقیەکانی کۆمەڵگەی ئیسلامی زۆر هەڵدەگرێ، کە مەبەست لە بنەما ئەخلاقیەکان، هەموو ئەو کردارو رەفتارە جوانانەیە، کە مرۆڤ سەنگین‌و جوان دەکەن، وە مەبەستیش لە کۆمەڵگەی ئیسلامی ئەو کۆمەڵگەیە، کە زۆرینەی دانیشتوانی موسڵمانن، بەڵام ئەوەی لەو

نووسینە باسکراوە زیاتر ئەو بەهاو بنەما ئەخلاقیانەن، کە لە چوارچێوەی سوڕەتی (ئەلحوجوڕات) باس کراون.

بایەخو تایبەتمەندی ئەو سوڕەتە لەوەدایە، کە سوڕەتێکی کورتو پوختەو، چەندین بنەمای ئەخلاقیو یاساو ڕێسای گشتیو بنەڕەتی بۆ کۆمەڵگە تێدایە، کە دەشێ هەر یەك لەو بنەمایانە بکرێتە نەخشەی چەندین یاسای ترو، ببن بە هەوێنی بناغەی کۆمەڵگەیەکی تەندروستو ئارامەوە.

ئێستا کۆمەڵگە بە دەست زۆرێك دیاردەی نادروستو نەخۆشی کۆمەڵایەتیەوە دەناڵێنێت، بەڵام دەبێ ئەوە بزانین هەموو دیاردەو نەخۆشیە کۆمەڵایەتیەکان بەرهەمی نەخۆشیو خووە دەروونیەکانە بەسەر جەستەی کۆمەڵگەوە دەرەکەون، کەواتە بۆ قسە کردن لەسەر هەر دیارەو نەخۆشیەکی کۆمەڵایەتی دەبێ بگەڕێینەوە بۆ شرۆڤەی نەخۆشیە دەروونیەکان، بۆ ئەوەی بزانین هۆکارو پاڵنەرەکان چینو چارەسەریان لەکوێیە.

لەو نێوەدا باشترین پاڵنەر گەڕانەوەیە بۆ چەمکی ئەخلاق، کە بریتیە لە کۆمەڵە بەهاو بنەمایەکی بەرزو سەنگین، کە لە ناخەوە پاڵ بە مرۆڤ دەنێن بۆ ئەنجامدانی هەنگاوی چاکەو خێر، لە بیرکردنەوەو دەروونو ئەندامەکانەوە، دواجار لە گوفتارو رەفتارو کردار بەرجەستە دەبێو رەنگ دەداتەوە.

ئەو رەنگدانەوەیە پەیوەستە بە هۆشیاری تاك لە ئاست هەرسێ بەرپرسیارێتی (ئینسانیو، ئەخلاقیو، ئیمانی)یەوە، کە ئەو نووسینە قسەی لەسەر کردووەو، کۆمەڵێك چوارچێوەی بۆ داناوە.

لەلایەکی ترەوە پێکهاتەی کۆمەڵگەی ئیسلامی خۆی لەهەر سێ لایەنی (دارێژەری شەریعەتو گەیێنەری شەریعەتو جێبەجێکاری شەریعەت) دەبینێتەوە. لەو نوسینە وێڕای قسەکردن لەسەر ئەمانە، قسە لەسەر تێکڕای ئەو فەرمانو قەدەغەکراوانەش کراوە، کە ئەو سوڕەتە دەیانگرێتەوە.

لـــە ڕووی تەشـــریعیو عەقیـــدەو پـــەروەردەی دەروونـــیو ئـــەخلاقیو جـــۆری هەڵسوکەوتو کردارو سلوکیەوە، کۆمەڵێك چوارچێوەی دیار کـردووە، کـە ئەگـەر تاکەکان لەسەری رابێن، سەرەکی ترین هۆکـارو پاڵنـەری بەختـەوەری کۆمەڵگـەو دوورکەوتنەوەیە لە کێشەو نەخۆشیە کۆمەلآیەتیەکانەوە.

بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی وردتر قسە لەسەر تەوەرەکان بکەین، وام بە بـاش زانـی پەیامەکانی ناو ئەو سورەتە لەو نوسینە، دابەشی سەر هەشـت بـەش بکـەین بـەو شێوەیەی خوارەوە:

بەشی یەکەم: پێناسەیەکی گشتیو چەند زانیارییەکی گرنگ

بەشی دووەم: چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دەستەڵاتی تەشریعی

بەشـــی ســـێیەم: چـــۆنیەتی هەڵـــسوکەوتو ئـــەدەب نوانـــدن بەرامبـــەر پێغەمبەر(درودی خوای لیٚ بیٚ)

بەشی چوارەم: روونکردنەوەی هەواڵە بیٚ بنەماو چەواشەکاریەکان

بەشی پێنجەم: بەرپرسیارێتی موسـڵمانان لـەکاتی رووبـەڕوو بوونـەوەی شـەڕو ناکۆکیو ئاژاوەکان

بەشـی شەشـەم: هۆشـیاری کۆمەڵگـەی ئیـسلامی لـە بەرامبـەر نەخۆشـیە کۆمەلآیەتیو دیاردە قێزەونەکان

بەشی حەوتەم: رەچاو کردنی پێوەرو بنچینەو بنەماکانی مرۆڤبوون

بەشی هەشتەم: گەڕانەوە بۆ ئیسلامو پابەندبوون بە چەمکە ئیمانیەکان

ئومێد دەکەم ئەو نووسینە ببێتە لایەنێکی هاوکـار، بـۆ زیـاتر هۆشـیاربوونی تاکەکان لە بارەی پەیامەکانی ئیسلامو، خۆ راهێنانیان لەسەر هەموو ئەو فەرمانە ئیلاهیانەی دەبنە مایەی خێر بۆ کۆمەڵگە، هەروەها دوورکەتنەوەیان لـە هـەموو ئـەو دیـاردە قێزونانـەی درز دەخەنـە نـاو برایـەتی موسـڵمانانو کۆمەڵگـەی ئیسلامیەوە.

بە دڵنیایشەوە پابەندی بە ناوەڕۆکی ئەو سوڕەتەو چەمکە ئیمانیەکانو خۆ ڕاهێنان لەسەر ڕەفتارو گوفتارو کردارە چاکەکان لە لایەکو، خۆپارێزی لە دیاردەو ئاکارە خراپو خووە نادروستەکان لەلایەکی ترەوە، خاڵی یەکەمی بەختەوەری مرۆڤو باشبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانو ئارامبوونی کۆمەڵگەیە.

هیوام وایە بەو کارە خزمەتێکم گەیاندبێ و، خوای گەورەش لێم وەربگرێت، داواشم لە خوێنەرانی بەڕێزە، کە ئەگەر سوودێکیان لێ بینی نزای خێرم بۆ بکەنو، لە کەمو کوڕیەکان ئاگادارم بکەنەوە، چونکە باشەی ئەو بەرهەمە فەزڵی خوایەو، هەڵەو کەمو کوڕیش کەمزانی خۆمە، تەواوی و بێ هەڵەو پەڵەییش تەنها بۆ خوایە.

**مەلا عەبدوڵلا ئەحمەد شێرکاوەیی**

**٢٠١٢/٨/١٦**

**شێرکاوە- باڵەکایەتی**

Sherkaway83@gmail.com

# بەشی یەکەم

# پێناسەیەکی
# گشتیو چەند زانیاریەکی گرنگ

## دەروازە....

# قورئان دەستوورێك بۆ ژیانو مرۆڤایەتی

وەك دەزانین قورئانی پیرۆز، کە لەلایەن خوای گەورە نێردراوە بۆ پێغەمبەری ئیسلام (دروی خوای لەسەر بێت) سەرەکیترین سەرچاوەی ئیسلامەو پڕیەتی لەدەستوورو سیستەمو ڕێسای بەهرەمەند، کە دەکرێ هەر یەك لەو دەستوورو ڕێسایانە بکرێتە یاسایەکی تێرو تەسەل بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی مرۆڤایەتیو ڕێکخستنی چوارچێوە کۆمەلآیەتیەکان، ئەمە لەحاڵێکدا، کە کۆی ئەو قورئانە گونجاوێتی ڕەهای تێدایە بۆ هەموو شوێنەکانو تەنانەت زەمەنەکانیشەوە.

قورئانی پیرۆز یەکێکە لەو سەرچاوە فراوانو دەوڵەمەندانەی، کە هەموو لایەنەکانی ژیانی تاكو کۆمەڵگەی لەخۆ گرتووەو لەهەر بوارێك لەبوارەکانی پەیوەست بە ژیانو ژینگەوە پەیامی پێیەو، دەکرێ لێیەوە بنچینە بنەڕەتیو گشتیەکان پیشان بدرێنو سوودو بەرژەوەندییەکان دیاری بکرێن.

پەیامێکە وێڕای ئەوەی بۆ بەختەوەرکردنی مرۆڤەکان هاتووە، لەهەمان کاتدا تێکڕای ئەو هەنگاوانەی دیاری کردووە، کە دەبنە هۆکاری سەرفرازی تاکەکانو ئاسوودەبوونی کۆمەڵگە، لەبارەی کارە باشو چاکەکانیش فەرمانی داوەو، لەبەرامبەریشدا لەسەر کارە نابەجێو ناشیاوەکان هۆشداری داوە، کە خۆیان لێ بەدوور بگرینو توخنی ئەو ڕێچکەو ڕێبازانە نەکەوین، کە هۆکارو ئامرازی گومڕا بوونو سەرگەردانیو لێ ونبوونی ڕێگەی ڕاستەقینەی تێدایە.

قورئانی پیرۆز ڕێ نیشاندەرو هیدایەت دەری ئادەمیزادە لەو ژیانەی تێیدایە، کە بەهۆیەوە ڕەزامەندی خواو سەرفرازی دونیاو قیامەتی چەنگ دەکەوێو، هەر بەو هۆیەشەوە دەتوانێ لە سایەی سێبەری نوری ئەو قورئانە، ڕێنموییو ئامۆژگاری وەربگرێ، بۆ ئەوەی چوارچێوە فکریو پەروەردەییو کۆمەلآیەتیو ڕەوشتیەکانی پێ بباتە پێشەوەو خۆیان لەسەری ڕابێنێ.

بۆیە هەر لەگەڵ دابەزینی ئەو قورئانەو بلاوبونەوەو گەیشتنی بە گرۆی مرۆڤەکان، هێدی هێدی کاریگەریەکانی دەرەکەوتنو لەزەمینەی بەواقیع بوونی زیاتر دەچەسپا، کە دەکرێ بڵێین

ڕێڕەوی ژیانی گۆڕیو کۆمەڵگەی بە ئاراستەی باشترو لە چوارچێوەیەکی گونجاودا بردو، بەرە بەرەش پەروەردەو دەرهاوێشتەکانی دەبوونە شوعلەی ڕوناك کەرەوە لە دڵو دەروونی خەڵکەوە.

چونکە هەر ئەو قورئانە بوو بە دەستوورێکی وا، کە لەکاتی جەنگەڵستانی جەهلو نەفامیو سەردەمی دواکەوتوویی، تێکڕای خەڵك سوودیان لێ بینیو دەروازەی ڕزگاری زیاتر بەڕووی کۆمەڵگە کردەوەو ژینو ژینگەی بەشێوەیەکی تەندروست بەیەکەوە بەستەوە.

وەك چۆن دەڵێ: (إنّ القرآن الكريم هو النّور الإلهي والهدي الربّاني والرحمة المهداة، وهو دستور الخالق لإصلاح الخلق وقانون السماء لهداية أهل الأرض).

ئەم قورئانە نورو خەڵاتی خواییەو ڕەحمەتێکی هیدایەت دەرە، لەهەمان کات دەستووری خوایە بۆ بەرەو باشتر کردنو چاکسازی خەڵك هاتووە، وە یاسای ئاسمانە بۆ ڕێنموویی کردنی خەڵکی سەر زەوی.

مەبەست لەوە کە قورئانی پیرۆزی بە (نور) ناوبردووە، واتە ڕۆشناکەرەوەی ڕێگەی ڕاستەقینەی سەرفرازیو بەختەوەریە لە ژیاندا، چونکە بێ بوونی ئەو نوورو هیدایەتە کەس ناگاتە پلەو مەقامی بەندایەتیەکی دروستو ڕاستەوە، هەم دیسان ئەو قورئانە بە (ڕۆح)یش ناوبراوە، لەبەر ئەوەی مرۆڤ خۆی لە دووبەشی سەرەکی پێکهاتووە، یەکەمیان ڕۆح، دووەمیان جەستە، خوای گەورە جەستەی لە خۆڵ (واتە لە زەوی) دروست کردووە، دەبێ بە خۆراکی زەویش بژی، بەڵام ڕۆح لە ئاسمانەوە هاتووەو تەنها بە پەیامی ئاسمانیش بەختەوەر دەبێ، کەواتە لە یەك کاتدا خوای گەورە کە ناوی قورئانی بە (ڕۆح)و (نوور) ناوبردووە، ئەوە مانای وایە مرۆڤ ئەگەر بیەوێ بە ڕۆحی هەقیقیو ئیمانیەوە بژی، دەبێ ملکەچی قورئان بێتو ڕۆحی ئەو پەیامە بخاتە نێو جەستەیەوە، وە ئەگەر بیەوێ ژیانی ئاسودەو بەختەوەر بێ، ئەوە پێویستی بەو نووره هەیە تا لەناو تاریکیەکان رزگاری ببێ.

خوای گەورە ئەو ڕاستیەی بۆ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) ڕوونکردۆتەوە، هەروەك دەفەرموێ: **(وَكَذَلِكَ أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ رُوحًا مِنْ أَمْرِنَا مَا كُنْتَ تَدْرِي مَا الْكِتَابُ وَلَا الْإِيمَانُ وَلَكِنْ جَعَلْنَاهُ نُورًا نَهْدِي بِهِ مَنْ نَشَاءُ مِنْ عِبَادِنَا وَإِنَّكَ لَتَهْدِي إِلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ)**[1]، واتە: ئا بەو شێوەیەی کە دەیزانیت ئەی محمد (درودی خوای لەسەر بێت) ئێمە قورئانمان بۆ ڕەوانە کردیت

1- سورة الشورى: ٥٢.

لەلایەن خۆمانەوە (کە ژیانبەخشە بە ڕۆح و گیان و عەقڵ)، تۆ نەتدەزانی قورئان چیەو ئیمان چیە، بەڵام ئێمە ئەم قورئانەمان کردە ڕوناکی و نورێك کە هیدایەت و ڕێنمویی هەرکەس کە بمانەوێت لە بەندەکانمانی پێ دەکەین، (ئەوانەی دڵی بۆ دەکەنەوەو بەچاکی گوێی بۆ دەگرن)، بێگومان تۆ ئەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) ڕێنیشان دەریت و ڕێنمویی دەکەی بۆ ڕێگەو ڕێبازێکی ڕاست و دروست...

ئەوە وەنەبێ تەنها لەسەر ئاستی تاکەکان بوبێتە پێوەرو بەس، بەڵکو ئەو پەیامە هاتووە بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی و ژیان و ژینگە لە گومڕایی و تاریکی ڕزگار بکات و، بەرەو شاڕێگەی هیدایەت و بەختەوەری و سەربەستی بیبات، هەروەك خوای گەورە ئەمەشی باس کردووەو دەفەرموێ: **(الر كِتَابٌ أَنْزَلْنَاهُ إِلَيْكَ لِتُخْرِجَ النَّاسَ مِنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ بِإِذْنِ رَبِّهِمْ إِلَى صِرَاطِ الْعَزِيزِ الْحَمِيدِ)**[1]، واتە: هەر خوا خۆی زانایە بەنهێنی ئەو پیتانە[2]، ئەم قورئانە کتێبێکە دامانبەزاندووە بۆت ئەی محمد(درودی خوای لەسەر بێت) تا خەڵکی لە تاریکیەکانی (بێ باوەڕی و نەزانی و سەرلێ شێواوی) دەربهێنیت، بەرەو نوورو ڕێبازی رۆشنایی ئیمان، بەویستی پەروەردگاریان، تا دەگەنە ڕێبازی راستی خوای باڵادەست و شایستەی سوپاسگوزاری.

بۆیە پێویستمان بەو پەیامە هەیە، تا دڵ و دەروون و ژیان و هەڵسوکەوت و ڕەوشت و هزرو بیرو بۆچوونمان ڕاست بکەینەوەو بە جوانیەوە لەسەری بڕۆین، کە بێگومان هۆکاری سەرەکی ئۆقرەیی و ئارامی دڵەکانە لە دونیادا، وە هۆکاری ڕزگاربوونی ئێمەیە لەبەرامبەر دادگای خوایی لە ڕۆژی دواییدا، چونکە دەست گرتن بە قورئان و کار پێکردنی وێڕای ئەوەی ئەرکی سەرشانە لەهەمان کات ئامرازی گومڕا نەبوونی ئێمەشە لەو ژیانەدا، چونکە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێ: **(تَرَكْتُ فِيكُمْ ما لَنْ تَضِلُّوا بَعْدَهُ إن اعْتَصَمْتُمْ بِهِ كِتَابَ**

---

1- سورة ابراهيم: ١.

2- چەند پیتێك لە سەرەتای هەندێ لە سوورەتەکانی قورئاندا هاتوون ژمارەیان (١٤) پیتە، نیوەی کۆی پیتەکانی زمانی عەرەبین، بۆ سەلماندنی (إعجاز) و مەزنی و گرنگی قورئان کە لە توانای هیچ کەسدا نیە بەو پیتانە کتێبێکی ئاوا بێ وێنە دابنێت، بەرادەیەك هەتا ئەگەر هەموو گرۆی ئادەمیزاد و پەری کۆببنەوە بۆ ئەو مەبەستە بێگومان ناتوانن، هەروەها چەندەها نهێنی تریشی تێدایە، زاناکان لە هەندێکی دواون، هەندێکیشیان وتوویانە: هەر خوا خۆی زانایە بەنهێنی ئەو پیتانە.

**اللّهِ** وسُنّتي)[1]، واتە: لەدوای خۆمەوە دوو شتم بۆ ئێوە جێهێشتووە، ئەگەر دەستیان پێوە بگرن تووشی گومڕایی نایەن، کتابی خوا کە قورئانی پیرۆزە لەگەڵ سوننەتی من.

بەڵام گرنگە ئەو دەست گرتنە بۆ تێڕامانو لێ وردبوونەوەو، بە مەبەستی خواپەرستیو کارپێکردنی بێت، نەك خوانەخواستە تەنها بۆ مەبەستێکی دونیایی، یان لە پێناو بەرژوەندیو هۆکاری ترەوە بێت، چونکە ئەگەر بتوانین لە حیکمەتو گەورەییو ناوەڕۆكو وانەو ئامۆژگاریەکانی قورئانی پیرۆز بگەین، ئەوە دەگەینەوە سەر ئەو خاڵە بەهێزەی، کە دەمانگەیەنێتە براوەییو سەرکەوتن، کە لە ڕاستیدا وەزیفەی مرۆڤی موسڵمان وێڕای پابەندیو خوێندنەوەی ئەو قورئانە، لەسەریەتی لە ماناو مەبەستو ئامانجو قوڵاییەکانی بچێتە خوارەوەو بیری خۆی لێ وەگەڕ بخات، بۆ ئەوەی زیاتر دەستەڵاتو گەورەیی خوای باڵادەستی بۆ دەستەبەر بێو بەو هۆیەشەوە بتوانێ ملکەچی زیاتر بنوێنێو سنووری پابەندیەکانو خووگرتنی بە کەلامی خوا فەراهەم بکاتو عەقلو ماریفەتی لێ وەربگرێ، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی پڕ لە هۆشیاریو هەستی بەرپرسیارێتیەوە مامەڵە لە ژیاندا بکات.

لەسەر ئەوەش خوای گەورە بە پێغەمبەری ئیسلام (درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێ: **(كِتَابٌ أَنْزَلْنَاهُ إِلَيْكَ مُبَارَكٌ لِيَدَّبَّرُوا آَيَاتِهِ وَلِيَتَذَكَّرَ أُولُو الْأَلْبَابِ)**[2]، واتە: ئەم قورئانە کتێبێکی پیرۆزە دامانبەزاندووە بۆ لای تۆ، تا ئایەتەکانی لێك بدەنەوەو بیری لێ بکەنەوەو هەمیش بۆ ئەوەی خاوەن بیرو هۆشەکان پەندو ئامۆژگاری وەربگرنو تێفکرن.

ئەو تێڕامانو تێفکرینە، بۆ ئەوەیە تا ئێمە بتوانین بەهۆیەوە بناغەی ژیانی خۆمان لەسەر بنچینەیەکی جێگیرو بەکەڵك دابنێینو ماڵو دڵو دەروونمانی پێ ئاشنا بکەین، چونکە چاکبوونی هەر کۆمەڵگەیەك وابەستەیە بە چاکبوونی تاکەکانیو چاکبوونی تاکەکانیش بەستراوەتەوە بە دەروونەوە، واتە یەکەمجار دەبێ ئەو قورئان لەناو دڵەکان جێگیر بکەین، ئینجا ماڵەکانمانی پێ ئاوەدان بکەینەوە، ئەگەر ئەو سیستەمە لەناو هەر کۆمەڵگەیەك کاری بۆ کرا، ئەوە کۆمەڵگەیەکی پڕ لە ڕەفاهیەتو خۆشگوزەرانی دروست دەبێ، چونکە چاکسازی لە تاکەوە بۆ

1- سنن أبی داود: ج٢ ص١٨٢.

2- سورة ص: ٢٩

خێزانو لەوێشەوە بۆ نێو کۆمەڵگە بەرز دەبێتەوە، کە سەرەنجام ئاراستەی ژیانو ژینگەو ژیاری بە شێوەیەکی تەندروست دەڕوا بەڕێوە.

لەبەر ئەوە خوای گەورە لەبارەی ئەو پەیامەی کە لەناو ماڵەکان دەخوێندرێتەوە، هۆشیارمان دەکاتەوە، کە لە یادی نەکەینو هەمیشە زیندوو ڕایبگرین، بۆ ئەوەی ڕێڕەوی ئاساییو ڕاستەقینە بە درەوشاوەیی بمێنێتەوە، هەروەك دەفەرموێ: **(وَاذْكُرْنَ مَا يُتْلَى فِي بُيُوتِكُنَّ مِنْ آيَاتِ اللَّهِ وَالْحِكْمَةِ إِنَّ اللَّهَ كَانَ لَطِيفًا خَبِيرًا)**[1]، واتە: هەرچی لە ماڵەکانتاندا دەخوێنرێتەوە لە قورئانو فەرموودە یادی رابگرنو فەرامۆشی مەکەنو باسی بکەن بۆ خەڵکی، بەڕاستی خوا هەمیشەو بەردەوام بە لوتف وردبینو بەئاگایە (لە هەڵسوکەوتی بەندەکانی).

ئەوەش بە تەنها لە چوارچێوەی خێزانەوە ناوەستێ، بەڵکو کلیلی سەرکەوتنی میللەتو نەتەوەکانەو بگرە هەر نەتەوەیەك ڕێز لەو قورئانە بگرێتو پابەند بێت پێیەوە، ئەوە سەرکەوتنی خۆی مسۆگەر دەکات، بەپێچەوانەشەوە تووشی شکستو نەهامەتی زۆر دەبێتەوە.

پێغەمبەری سەروەرمان ئەو ڕاستیەی روونکردۆتەوەو ئاستی پابەندی بە قورئانەوە کردۆتە پێوەری سەربەستی گەلانو ئاسوودەبوونی نەتەوەکان، وەك دەفەرموێ: **(ان اللَّهَ يَرْفَعُ بِهَذَا الْكِتَابِ أَقْوَامًا وَيَضَعُ بِهِ آخَرِينَ)**[2]، واتە: خوای گەورە بەهۆی ئەو قورئانەوە خەڵکانێك (لەبەر پابەندیو کارپێکردنی) سەردەخاتو بەرزیان دەکاتەوە، هەر بەو قورئانەش خەڵکانێکی تر (لەبەر پشت تێکردنو کار پێنەکردنی) دوادەخاو نزمیان دەکاتەوە.

لەبەر ئەوە پێویستمان بە هەنگاوی جدیو هێزێکی مەعنەوی گرنگ هەیە، تا بیکەینە خاڵی دەستپێوەگرتنی ئەو پەیڕەوە ئیلاهیەو بەهۆیەوە بپەڕینەوە بۆ پەرێزی پارێزکاریو لەخوا ترسانو تەقواداریو نزیکبوونەوە، بۆیەش خوای گەورە فەرمانی ئەوە دەدات، کە بەگوڕوتینو هێزی مەعنەویەوە پەیامەکەی وەربگرین، تا بە ئامانجی خۆپارێزی بگەینو نەکەوینە هەڵەو سەرپێچی دونیاییەوە، خوای گەورە دەفەرموێ: **(خُذُوا مَا آتَيْنَاكُمْ بِقُوَّةٍ وَاذْكُرُوا مَا فِيهِ لَعَلَّكُمْ**

---

1- سورة الأحزاب: ٣٤.

2- صحيح مسلم: ج١ ص٥٥٩.

**تَتَّقُونَ)**[1]، واتە: ئەوەی پێمان بەخشیوون بەتوندی بیگرنو لەسنوور دەرمەچنو ئەو فەرمانانەی کە پێمانداوون هەمیشە لە یادتان بێت، بۆ ئەوەی ئێوە خۆتان بپارێزن.

ئەگەر بەهۆی ئەو قورئانە بووینە کەسانێکی خۆپارێزو لەخوا ترس ئەوە ئەوکات هەم لە ژیانی دونیاو هەمیش لە ژیانی بەرزەخ، دەسکەوتو پاداشتی زۆرو باشو بەکەڵکمان دەستەکەوێ، کە هەموو کەس پێویستیەتی نەخاسمە لەرۆژی دوایی، کە یەکجار شەیدای چەنگ کەوتنی یەك چاکەین، بۆ ئەوەی تای تەرازووی چاکەکانمان گرانتر بێو بەرەو رەزامەندی خوای گەورە هەڵکشێین.

خوا هەر لەو قورئانەو لە شوێنێکی تردا باسی لەوە کردووە، کە ئەو پەیامە دەبێتە هۆی هیدایەتو سەرەنجام ئەو هیدایەتەش دەبێتە هۆکاری موژدەی خۆشو پاداشتی باشەوە، وەك دەفەرموێ: **(إِنَّ هَذَا الْقُرْآنَ يَهْدِي لِلَّتِي هِيَ أَقْوَمُ وَيُبَشِّرُ الْمُؤْمِنِينَ الَّذِينَ يَعْمَلُونَ الصَّالِحَاتِ أَنَّ لَهُمْ أَجْرًا كَبِيرًا)**[2]، واتە: بەراستی ئەم قورئانە هیدایەت بەخشە بۆ چاکترین رێگەو رێبازو بەرنامە، مژدەیش دەدات بەو ئیماندارانەی کە کارو کردەوە چاکەکان دەکەن کە بێگومان پاداشتی زۆرو بێ سنوور چاوەرێیانە.

بایەخو گەورەیی ئەو قورئانە لە لای خوای گەورە یەکجار زۆرە، بۆیە لە ژیانی پێغەمبەریش (درودی خوای لەسەر بێت) ئەو گەورەییو بایەخە رەنگی داوەتەوەو بەردەوام لە ژیانی گرنگی پێداوە، کە بە تەواوی مانا پابەند بووە پێیەوەو هەموو فەرمانەکانی جێبەجێ کردووە، لەبەر ئەوە لە ریوایەتێك هاتووە، کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) رەوشتی رێك رەوشتی قورئان بووە، وەکو ئەوە وابووە کە قورئانێك بێتو لەسەر دوو پێ بڕوات.

بەشێوەیەکی گشتی زۆربەی ژیانی ئەو سەروەرە بۆ رامانو تێفکرینو قوڵبوونەوە بووە لە ماناو مەبەستو مەغزاکانی قورئانو هەموو کات هەستە سەرەکیەکەی لای ئەو سەرچاوە سەرەکیە بووە، کە رێنمایی دینو ژینی مرۆڤایەتی لەخۆ گرتووە.

بەڵام رەنگە زۆر جار ئێمە مانان موسڵمانان هەست بەو گەورەییە ناکەین، کە چەندە شەرەفی گەورەیی ئەو پەرتووکە ئاسمانیەمان بەر کەوتووە، یان هێندە بە پەرۆشو خەمخۆر نین،

---

1- سورة الأعراف: ١٧١.

2- سورة الإسراء: ٩.

بەدواداچوونو لێكۆڵینەوەی وردو زانستی لـەبارەی ئایەتـەكانی قورئـانی پـیرۆز بكـەین، یـان زۆربەمان هەر خەریكی خوێندنەوەینو بـەدوای نـاوەرۆكو ماناكـانی ناگـەڕێینو شـرۆڤەكردنی بایەخ پێ نادەین.

ئەمە لە كاتێكـدا ئەگـەر لـە پـەیامی خـوا ورد بینـەوە دەبیـنین هـەر لەبـەر گـەورەییو كاریگەریو لایەنە شاراوەكانی ئەو قورئانەیە، كە خوای گەورە ڕێك ئەو پەرتووكـە ئاسمانیـەی بەرامبەر بە هەموو كەونو كائینات هەژمار كردووە، واتە (قورئان+ كەون) وەك ئەوەی ئاماژە بێت، كە قورئان یەكسان بێت بەو جیهانەی ئێمە تێیدا دەژین.

چونكە كاتێ خوای گەورە وەسفی خۆی دەكات، بە دوو شێوە ئاماژەی پێداوە:

یەكەمیان: وەك ئەوەی بڵێ من خالیقو ڕاگرو دروستكەری ئەو جیهانەم بە زەویو ئاسمانەكانەوە.

دووەمیان: ئەوەیە كە دەڵێ من قورئانم نازڵ كردووە.

واتە لە هەردوو خاڵەكە دەرەكەوێ، كە قورئانو كائینات دوو شتی تەواوكەری یەكترنو ئەو دونیایە بەو قورئانە ڕۆشن دەبێتەوەو ئەو قورئانەش بەو دونیایە دەكەوێتـە بـواری عەمـەلیو كارپێكردنەوە.

فەرموو سەیر بكە..! كاتێ خوای گەورە باسی بەرەكەتو نیعەمەتو گەورەیی خۆیی دەكـات لەبەرامبەر ئەو كەونە، دەفەرموێ: **(تَبَارَكَ الَّذِي بِيَدِهِ الْمُلْكُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ)**[1]، واتـە: گەورەو موبارەكو پیرۆزە، ئەو زاتەی كـە هـەموو بوونـەوەرو جیهـانی بەدەسـتە، ئـەو زاتـەی دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێكدا هەیە.

هاوشێوەی ئەو ئایەتە دەفەرموێ: **(تَبَارَكَ الَّذِي نَزَّلَ الْفُرْقَانَ عَلَى عَبْدِهِ لِيَكُونَ لِلْعَالَمِينَ نَذِيرًا)**[2]، واتە: بەرزو پیرۆزو پـاكو بڵنـدە ئـەو زاتـەی كـە قورئـانی دابەزانـدووە تـا ببێتـە جیاكەرەوەی ڕاستو ناڕاست، بۆ سەر بەنـدەی خـۆی (درودی خـوای لەسـەر بێـت) تـا ببێتـە هوشیاركەرەوەو بێداركەرەوەی دانیشتوانی جیهان لە هەموو سەردەمێكدا.

1- سورة الملك: ١.

2- سورة الفرقان: ١.

ئابەو شێوە خوای باڵا دەست وەسفی زاتی خۆی کردووە، لە ئایەتی یەکەم **(تَبَارَكَ الَّذِي بِيَدِهِ الْمُلْكُ)** لەئایەتی دووەمیش **(تَبَارَكَ الَّذِي نَزَّلَ الْفُرْقَانَ)**، کە ئەمە ئاماژەیەکی وردو لۆژیکیانەیە بۆ تێکڕای مرۆڤایەتی، کە بزانێ قورئان چەندە گەورەو جێی بایەخە لەو ژیانەی سەر زەویدا.

هەروەها کاتێ خوای گەورە باس لە ستایشی خۆی دەکات، بەهەمان شێوەی ئەو دوو ئایەتەی سەرەوە، ستایشەکەی لەسەر دوو بنەمای گرنگ سەرچاوە دەگرێ:

یەکەمیان: خوا دروستکەری زەوی‌و ئاسمانەکانە.

دووەمیان: خوای گەورە قورئانی نازڵ کردووە بۆ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت).

وەك لە ئایەتی یەکەم دەفەرموێ: **(الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَجَعَلَ الظُّلُمَاتِ وَالنُّورَ)**[1]، واتە: سوپاس‌و ستایش بۆ ئەو خوایەی کە ئاسمانەکان‌و زەوی دروست کردووە، تاریکی‌و روناکی تێدا فەراهەم هێناوە.

لە ئایەتی دووەم دەفەرموێ: **(الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي أَنْزَلَ عَلَى عَبْدِهِ الْكِتَابَ وَلَمْ يَجْعَلْ لَهُ عِوَجًا)**[2]، واتە: سوپاس‌و ستایش بۆ ئەو خوایەی ئەم کتێبە کە قورئانە بۆ سەر بەندەی خۆی محمد(دوردی خوای لەسەر بێت) دابەزاندووە، هیچ کەم‌و کووڕی‌و ناتەواویەکیشی بۆ رەوا نەداوەو تێیدا نیە. واتە لەسەرەتای هەردوو ئایەتەکە، دوو ئاماژەی گرنگ‌و جێی تێڕامان هەیە:

یەکەم: ستایش لەسەر ئەوەی زەوی‌و ئاسمانەکانی دروست کردووە.

دووەم: ستایش لەسەر ئەوەی قورئانی نازڵ کردووە.

بۆیە لێرەوە دەگەینە ئەو راستیە، کە گەورەترین پەیامی ئاسمان قورئانی پیرۆزەو بۆ پێغەمبەری ئیسلام هاتووە، تا ژیانی مرۆڤایەتی پێ رووناك بکاتەوەو لە گومڕایی دووریان بخاتەوە، چونکە سەرچاوەی ئەو نوورەیە کە خەڵك لەژێریەوە دەحەسێتەوە، سەرچاوەی ئەو ژیانەیە، کە سەرفرازی‌و بەختەوەری تێدا مسۆگەر دەبێ، سەرچاوەی ئەو ژینگەیە، بەهۆیەوە ئارامی‌و خۆشی‌و بەرەکەت دەیگرێتەوە، سەرچاوەی ئەو رێبازەیە، کە مرۆڤەکان دەگەیەنێتە

---

1- سورة الأنعام: ١.

2- سورة الكهف: ١.

ئەو پەڕی بڵندیو ڕەزامەندی پەروەردگارەوە، سەرچاوەی ئەو پەیڕەویە کە بناغەی باوەڕی کەسێتی موسڵمانی لەسەر دامەزراوە.

سەرچاوەی هەموو ڕاستیو جوانیو ڕێکیو پاکیو ساغیو سافیو بەرزیو بڵندیو خەونو خۆشیەکانە، سەرچاوەی هەموو ڕێساو یاساو ڕێکخستنو باشکردنو چاککردنێکە، کە دەبنە بنچینەو چوارچێوەی ڕێرەوی کۆمەڵگەو کۆمەڵایەتیەوە.

کەواتە مادام قوڕئانێك هێندە بەرزو پڕ حیکمەت بێت، ئەرکە ئێمەی موسڵمانی زیاترو باشتر بایەخی پێ بدەین بۆ ئەوەی ئایندەی ژیانی خۆمانی پێ گەش بکەینو لە چوارچێوەی سەرفرازیو بەختەوەریەوە دەرنەچین، چونکە هیچ شتێك نەماوە قوڕئانی پیرۆز باسی لێوە نەکردبێو ئاماژەی پێ نەدابێ، **(وَنَزَّلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ تِبْيَانًا لِكُلِّ شَيْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً وَبُشْرَى لِلْمُسْلِمِينَ)**(1)، واتە: قورئانمان بۆ تۆ دابەزاندووە، ڕوونکەرەوەی هەموو شتێکە، هیدایەت بەخشو ڕەحمەتەو مزگێنیشە بۆ موسڵمانان.

هەروەها دەفەرموێ: **(وَلَقَدْ ضَرَبْنَا لِلنَّاسِ فِي هَذَا الْقُرْآنِ مِنْ كُلِّ مَثَلٍ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ)**(2)، واتە: سوێند بێت بەخوا بەڕاستی ئێمە لەم قورئانەدا هەموو جۆرە نموونەیەکمان بۆ خەڵکی هێناوەتەوە، بۆ ئەوەی یادەوەری وەربگرنو بیرێك بکەنەوە لەڕاستیەکانو تێ بگەن.

ماوەتەوە بڵێین: با هۆشیارانەترو خەمخۆرانەتر بیر لە گەورەییو ماناو ئامانجو مەبەستەکانی قوڕئانی پیرۆز بکەینەوەو بایەخی تەواوی پێ بدەین، تا بە هۆیەوە بگەینە لوتکەی سەرکەوتنو ئاسوودەیی لەژیاندا، چونکە ئەگەر بمانەوێ بەرەو پێشەوە بڕۆینو ئامانجە تایبەتیەکانمان بێتە دی، ئەبێ لە ژێر سایەی سێبەری ئەو نوورە ئیلاهیە، کە قوڕئانی پیرۆزە هەوڵ بدەینو تێبکۆشین، چونکە ئەوەی بەرزی دەوێو ئەوەی دەیەوێ بگاتە هەقیقەتی جوانیەکان دەبێ باش بزانێ بێ پابەندی لەو قوڕئانە هیچی بۆ دەستەبەر نابێو ناگات بە ئامانجەکانی، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێ: **(مَنْ كَانَ يُرِيدُ الْعِزَّةَ فَلِلَّهِ الْعِزَّةُ جَمِيعًا إِلَيْهِ يَصْعَدُ الْكَلِمُ الطَّيِّبُ وَالْعَمَلُ الصَّالِحُ يَرْفَعُهُ وَالَّذِينَ يَمْكُرُونَ السَّيِّئَاتِ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ وَمَكْرُ**

---

1- سورة النحل: ٨٩.

2- سورة الزمر: ٢٧.

**أُولَئِكَ هُوَ يَبُورُ**[1]، واتە: ئـەوەی سـەربەرزیو پایەبڵنـدی دەوێـت، بـا بزانێـت کـە هـەموو سەربەرزیو پایە بڵندیەك هەر بۆ خوایە، گوفتاری چاكو جوانو بەجێ بۆ لای ئـەو زاتـە بـەرز دەبێتەوە، کاروکردەوەی چاکیش گوفتاری شـیرین بـەرز دەکاتـەوە (هـەروەها پێـچەوانەکەشی هەروایە)، جا ئەوانەی کە پیلانی خراپ دەگێڕن سزای زۆر توندو تیژ بۆیان ئامادەیـە، پیلانـی ئەوانە هەر خۆی پووچ دەبێتەوەو بێ بەروو بوومو ناکامە.

# وشەیەکی پێویست
# لەبارەی سورەتی ئەلحوجوڕاتەوە

هۆکاری دەست نیـشانکردنی ئـەم سـورەتە بـۆ راڤـەکردنو کۆکردنـەوەی بۆچـوونی گـەورە زانایانی راڤەکاری قورئانی پیرۆزو، گەران بەدوای چەندین سەچاوە لەسـەر بابـەتو باسـەکانی نێو ئـەو سـورەتە، دەگەڕێتـەوە بـۆ گرنگـیو هەسـتیاری ئـەو تـەوەرە زیندووانـەی سـورەتی (ئەلحوجوڕات) لەخۆی گرتووە.

ئەم سورەتە لە (١٨) ئایەت پێکهاتووەو یەکێکە لە سورەتە مەدەنیـەکانو بـەپێی قـسەی زانایان لە ساڵی نۆیەمی کۆچی دابەزیوە[2].

بایەخو تایبەتمەندی ئەو سورەتە لەوەدایە، کە سـورەتێکی کـورتو پوختـەو چـەندین یاسـاو ڕێسای گشتی تێدا باس کراوە، کە دەشێ هەر یەك لەو یاسایانە بکرێتە نەخشەی چەندین یاسـای ترەوەو ببنە هەوێنی بناغەی کۆمەڵگە، لەپێناو بەرەو پـێش چـوونو ڕێکخـستنی هێڵـەکانی ژیانو تێگەیشتنی ڕێسا ئاسمانیەکانو چۆنیەتی هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتیو هـەنگاونان بـەرەو پەرێزی چاکەو ئیسلاحخوازیو ئاشتەوایيو ملکەچ بوونو برایەتیو بنـەماکانی پێکـەوەژیانو خۆدوور گرتن لە زۆرێك لەو شتانەی، کە زیان بە مرۆڤو کۆمەڵگە دەگەیەنێت.

---

1- سورة فاطر: ١٠.
2- البيّنات في تفسير سورة الحجرات: ص١٤.

سوڕەتی ئەلحوجوڕات دەکرێ بە قوتابخانەیەکی گەورە دابندرێ، کە مرۆڤی موسڵمان لەناویدا ببێتە قوتابیو دەیان وانەی گرنگو پڕ بایەخ فێر ببێو، سوودی لێ ببینێ لەژیانی رۆژانەی خۆیدا، هەروەك یارو یاوەرانی پێغەمبەر (درودی خوایان لەسەر بێت) زۆر بەجوانیەوە لەگەڵی رۆیشتوونو گوێڕایەڵیان بۆی نواندووە، تا سەرەنجام لەسەر ئەرزی واقیع جێبەجێیان کردووەو، رووی کۆمەڵگەو واقعی خۆیان پێ رازاندۆتەوە.

ئەو سوڕەتە لە بنەڕەتدا کۆمەڵێك فەرمانی جۆراوجۆری لەخۆ گرتووەو هۆشیاریشی لەبارەی چەندین قەدەغەکراو داوە بە ئێمەی موسڵمان، بۆ ئەوەی هۆشیارانە مامەڵە بکەینو، نەکەوینە داوی تاوانو سەرپێچی فەرمانەکانی خواو پێغەمبەری سەروەرمانەوە (درودی خوای لەسەر بێت).

سوڕەتێك کە بە تەواوی مانا پڕە لە رەوشتو بنچینەی جوانی ژیانو هەڵسوکەوتی بەرزەوە، بۆ ئەوەی نەك تەنها چەند کەسانێك، بەڵکو هاتووە دەیەوێ ئۆمەت لەسەر بنەماو رێبازێکی تەندروستو رێكو پێکەوە بونیاد بنێو، ئاراستەی چوونە پێشەوەی گەلان بەشێوەیەکی دوور لە دەمارگیریو ئەنانیەتو بەکەم سەیرکردنی یەکترو توندو تیژیو ناتەبایی ئاراستە بکات.

لەرووی پەروەردەی دەروونیو ئەخلاقیەوە کۆمەڵێك چوارچێوەی دیار کردووە، کە ئەگەر تاکەکانی کۆمەڵگەو موسڵمانان خۆی لەسەر رابێننو پابەند بن پێیەوە، ئەوە لەو بوارەدا تێنوێتی دەشکێنێو پانتای روانینو هزرو بیرەکانمان بە جوانیەوە هەڵدەنێ.

لەرووی تەشریعیو عەقیدەوە ئەم سوڕەتە وا دەکات، کە مرۆڤی موسڵمان هەمیشە رەچاوی هەستی دیندارانەی خۆییو مەغزاو بنچینەکانی باوەڕی خۆی بکات، بە شێوەیەکی وا، کە هیچ کات ئەو هێزە ئیمانیەی لەناو دڵو دەروونی هەیە، رێگە نادا ئەو هەستە بەرەو لاوازیو کرچو کاڵی بڕوات، لەهەمان کات مرۆڤ وا رادێنێ کە بەردەوام رەچاوی بنەماکانی شەریعەت بکاتو لە سنووری فەرمانەکانی خوای باڵا دەستو فەرمودە نوورینەکانی پێشەوای مرۆڤایەتی نەچێتە دەرەوە.

هێزێکی ئیمانی گرنگ لەو سوڕەتە بەدی دەکرێ، بەوەی نەك بە پارەو بە زەبری هێزوو دەستەڵات مرۆڤ بەرەو پلەی بەرز دەڕوات، بەڵکو هاتووە وامان پەروەردە بکات، کە مرۆڤ تەنها بەرەوشتی بەرزوو هەڵسوکەوتی جوانو هەستی دیندارانە دەتوانێ ببێتە کەسێکی دڵگیرو روح سووكو سەرکەوتوو لە ژیانی.

کۆمەڵێك راستیو ئامانجی لەخۆ گرتووە، کە پێویستیان بە لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونو شیکاری تایبەت هەیە، چونکە هەریەکە لەو ئاماژانەی لەو سورەتە هاتوون، ئاراستەی عەقڵانیو فکریو مرۆیی بە شێوە ئاساییەکەی دەبەنە پێشەوەو، لەهەمان کاتیش نووری ئیمان لە ناو دڵو دەروون جێگیر دەکەن.

ئەو سورەتە بە شێوەیەکی چڕو پڕ، هاتووە چارەسەری کۆمەڵێك ئاریشەو گرفتی کۆمەڵگەی دیاری کردووە، کە هەموو لایەك پێویستمان پێی هەیە، بۆ ئەوەی بەهۆیانەوە بتوانین کێشە خێزانیو کۆمەڵایەتیەکان بنەبڕ بکەینو نەوەو رۆڵەکانمان لەسەر پەروەردەیەکی رەسەن پێ بگەیەنین، بە شێوەیەك کە نەبنە درك لەبەردەم یەکتردا، بەڵکو هەستی تەواوکاری یەکتری بکەنە بنەمای ژیانیان، بۆ ئەوەی چەمکی برایەتیو پێکەوە هەڵکردنو رێزگرتن لە بەرامبەر، ببێتە هەوێنی کۆمەڵگەیەکی لەبارو گونجاوەوە.

ئەو یاسا گشتیانەی لەو سورەتە هاتوون، ئەگەر لە کۆمەڵگەیەکی موسڵمان نشیندا رەچاو بکرێنو پارێزکاریان لێ بکرێ، ئەوە تاکەکانی کۆمەڵگە بە شێوەیەك ئاراستە دەکات، کە خاوەن دەرونێکی پاكو هەستێکی جوانو زمانێکی راست بن، ئاراستەیەك کە تێیدا تاکەکان بزانن چۆن مامەڵەو رێزو ملکەچیو ئەدەب بەرامبەر خواو پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) دەنوێنێ.

ئاراستەیەك کە تێیدا مرۆڤەکان لەکاتی دیارو پەنهاندا رەچاوی ئەو خوایە گەورە بکەن، کە چاودێرە بەسەریانەوە، بۆ ئەوەی نەکەونە داوی فەرمان شکێنی پەروەردگاریانەوە.

ئاراستەیەك کە تێیدا موسڵمانان بای ئەوەندە هۆشیار بن، کە ویژدانیان لەبەرامبەر یەکتر بجولێو هەستی برایەتیو خۆشەویستیو رەچاوکردنی مافەکانی یەکتری لەبەر چاوو بگرن.

بەهۆیەوە بزاندرێ کە دینداری تەنها ئەنجام دانی نوێژو رۆژوو نیە، بەڵکو کۆمەڵێك ئەخلاقو بەهای مرۆیی هەن دەبێ خۆیانی پێ وەڕازێنیو پەیڕەویان لێ بکا، دەبێ دەرك بەوە بکرێ، کە گیانی هاوکاریو تەعاون لە نیوان موسڵمان ببێتە پردێکی باشی سەرخستنی کارو هەنگاوەکانو کۆمەکی کردنی یەکترەوە.

ئەو سورەتە ئەوەمان پێ دەڵێ: کە پێشکەوتنی موسڵمانان لەناو هەر کۆمەڵگەیەك وابەستەیە بە پێشکەوتنی تاکەکانیەوە، بێگومان ئەوەش فەراهەم نابێ تا لە رووی دەروونیو پەروەردەییو رەوشتیەوە تاکەکان نەخرێنە سەر رێبازە بەپێزەکەی ئیسلامەوە، ئەوەش بەوە

دەبێ کە ملکەچیەکی تەواو لەبەرامبەر ئایەتیە قورئانیەکان بوونی هەبێ، بۆ ئەوەی ئەو ملکەچیە ببێتە کلیلی ئەو دەرگایانەی پێشکەوتنیان تێدا مسۆگەرە، کە لە پەرێزی دینداری دەسپێکی پێشکەوتنەکان، خۆی لە وەرگرتنی فەرمانو ئامۆژگاریەکانی شەریعەت دەبینێتەوە، لەو ئاستەشەوە ئەو سورەتە دەروازەیەکی بەهێزو کاریگەرە، لە پێشکەوتنو بونیادی تاکەکانو چاکسازی نێو خێزانەکانو سەرەنجام بەرەو کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتووەوە.

لەرووی پەیوەندی کۆمەڵایەتیشەوە چەندین پێوەری دیاری کردووە، کە دەبنە هۆکاری باشکردنی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانو بەستنەوەی تاکەکان بە یەکتریەوە، چونکە وەك چۆن یەکێ لە ئامانجەکانی هاتنی ئەو شەریعەتە ئەوەیە، کە پەیوەندی تاك بە تاكو، تاك بە کۆمەڵگەو، تاك لەگەڵ خودی خۆییو، تاك لەگەڵ خوای خۆی باش بکات، بەهەمان چەشن ئەو سورەتە بە شیکارێکی وردەوە قسەی لەو بارەوە کردووەو لانی کەم یەکێکە لەو هۆکارە سەرەکیانەی ڕایەڵەی ئەو پەیوەندیانە دەباتە پێشەوە.

ئەمە وێڕای ئەوەی هۆکاری دابەزینی ئەو سورەتە ئەوەمان پێ دەڵێ، کە دەبێ لەحاڵەتی دروست بوونی ئاریشەکانو سەرهەڵدانی کێشەو ئاڵۆزیەکان بگەڕێینەوە بۆ ژێر سێبەری فەرمانی خوای گەورەو پێغەمبەری ئیسلامەوە، چونکە هەموو شتەکان بەیان کراونو هەموو بەیانێکیش کۆمەڵێك تەوجیهاتمان پێ دەدات، لەسەر ئەوەی چۆنو بە چ شێوازێك مامەڵەو هەڵسوکەوت بکەین، کە من پێم وایە کۆمەڵگەی ئێمە ئێستا پێویستی بەچاوخشاندنەوەو چارەسەر هەیە، چونکە لە زۆر رووەوە گیرۆدەی زۆرێك لەو دەردانەیە، کە سورەتی ئەلحوجورات بە دەردی کوشندەو تاوانو فەرمان شکێنی ناوی بردوونە.

لە کۆتایی دەگەینە ئەو راستەیە، قورئان گەورەترین خەڵاتی خوایە بۆ تێکڕای مرۆڤەکان، بەشێوەیەك هیچ شتێك نیە بگاتە ئەو ئاستو پایەداریە، کە رێنمایی بۆ تەواوی ژیانی مرۆڤ لەو دونیایە تێدایە، چونکە بەهۆیەوە مرۆڤ دەگاتە ترۆپکی ئیمانو ئەخلاقو عەقڵو ماریفەتەوە، کە سەرەنجام رێڕەوی راستەقینەی رێبازی سەرکەوتنو سەرفرازی لەبەردەمی دیار دەکەن. **(وَلَقَدْ ضَرَبْنَا لِلنَّاسِ فِي هَذَا الْقُرْآنِ مِنْ كُلِّ مَثَلٍ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ)**[1].

---

1- سورة الزمر: ٢٧.

# وەستانێك
# لەسەر ناوی سورەتی ( ئەلحوجورات )ەوە

بەر لەباسیکردنی رەهەندو لایەنە شاراوەی ئـەو سـورەتە، پێویـستە هەڵوەسـتەیەك لەسـەر ناونانی ئەو سورەتە بەو نـاوەوە بکـەین، کـە لەبـەر ئـەوە پێـی دەگـوترێ (الحجـرات) واتـە: ژوورەکانی ماڵی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت)، چونکە باسی لە حوجرەی خێزانـەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) کردووە، واتە ماڵ یان ژووری هەر یـەك لـە خێزانـەکانی پێغەمبـەر (درودی خـوای لەسـەر بێـت)، کـە بـە پێـی سەرچـاوەکان نـۆ ژوور بوونـە، ئـەو بەرفراوانیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەزیەت نەبینینی پێغەمبەرو مورتاحی خێزانەکانی لەناو ماڵدا[1] .

ناونانی ئەو سورەتە بەو ناوەو، باس کردنی ئـەو ژوورو مـاڵو شـوێنە پـیرۆزە لـە قورئـانی پیرۆزدا، گرنگیو بایەخی تایبەتی خۆی هەیە، کە لەسەرو هەموویەوە دەگەڕێتەوە بۆ گەورەیی پێگەی پێغەمبەرو(درودی خوای لەسەر بێت)، سادەییو کاریگـەری ئـەو ماڵـە لـە مێـژووی ئیسلامو موسڵماناندا، بۆیە قسەکردن لەسەر حاڵو گـوزەرانو بـە تایبـەتیش ماڵـە سـادەکەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) زۆر شت هەڵدەگرێ.

ماڵێك سادە لە رووی بیناسازیو ساکار لە رووی کەرەستەوە، لە خۆڵو قوڕو بەرد دروسـت کراوو، نەك کۆشكو تەلارو ڤێلا بێتو هەرچی پێداویستی ژیانو خۆشـگوزەرانی هەیـە تێیـدا بێت! بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بووە پیرۆزترین شوێنی سەر زەوی، کە لەو ساوە تـا ئێـستاو سـەدە لەدوای سەدە بوو بە پێگەیەکی خۆشەویست لەناو دەروونی عاشقانی رێبازی ئـەو پێغەمبـەرە ئازیزەوە.

لەبەر ئەوەی قورئانی پیرۆز بەسەر ئەو حوجرەو ماڵە پـیرۆزە هاتـە خـوارەوەو، هـەر لەبـەر بەرەکەتو گەورەیی ئەو زاتەش بووە، کە مەلائیکەتانی خوا پۆل پۆل دەوریان داوە، تا وای لێ هاتووە تەنیشتی ئەو ماڵە پیرۆزە بووە بە مێرگێك لە مێرگەکانی بەهەشـتو، لـەو سـاوە تـا

---

1- التفسير المنير: ج١٣ ص٥٤٠.

ئێستا بووەتە جێگەی خواپەرستی موسڵمانانو ماوەی پتر لە چوارده سەدەیە ساڵانە زیاد لە پێنج ملیۆن کەس بەهۆی ئەنجامدانی فەریزەی حەجو عومرە رووی تێ دەکەن.

ئەو ماڵو ژوورانەی خێزانەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) بوونە قوتابخانەی ئۆمەتێكو بە دەیانو سەدانو هەزاران وانەو ئامۆژگاریو هێمای بەختەوەری دونیاو سەرفرازی قیامەتیان جێهێشت.

بوونە هۆکاری بەستنەوەی دین بە ژینو ئێستا بە ئاخیرەتو لەدایکبوون بە مردن، بە شێوەیەك وانەی هەرە گەورەی سادەیی ئەو حوجرانە ئەوە بوو، کە ئیدی ژیانی دونیا سادەو بڕاوەیەو هەتا نیە بۆ هیچ کەسو لەهیچ سەردەمو شوێنێکەوە.

پەیامی گرنگیان ئەوەیە، کە مرۆڤ لەناخەوە جوانو پڕ ئیمانو رەوشتی بەرزو باش بێت، نەك لە روخسارو بیناو کۆشكو تەلارەوە، چونکە ئێستا بەسەدان کۆشكو ڤێلای گەورەو پڕ تەرفیهیاتی ژیان هەن، کە جێگەی چەند کەسانێکیان لێ نابێتەوە، کەچی دڵی وا هەیە، لە سایەی خۆشەویستی ئەو پێغەمبەرەو تێگەیشتنی لە پەیامی ئیمانیو رەوشتیو رۆحیەوە، جێگەی هەزارانو بگرە ملیۆنان کەسی تێدا دەبێتەوە، تەنها لەبەر ئەوەی سەرچاوەی ئەو دڵانە دەگەڕێتەوە بۆ پابەندی رێبازی ئەو پێغەمبەر بەڕێزە، کە خاوەنی ئەو ماڵە سادەیە بووە لە ژیانیدا.

ئەو ماڵە لە قوڕ دروستکراوەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت)، بەڵگەو شاهێدی ئەوەمان پێدەگەیەنن، کە پێغەمبەری سەروەر شەوانە شەونوێژی تێدا دەکردنو قوڕئانی تێدا دەخوێندو یادی خوای تێدا دەکردو چاوەکانی لەخەوو هەڵگرتو تا بەرەبەیانی لە قوڵایی زیکرو نزاوو خواپەرستیو ئیمان شۆڕ دەبوویەوە، کە هەر ئەمەش وای کرد ببێتە شوێنی دابەزینی جبریلو چەندین جار گەیاندنی پەیامی وەحیو سەلامی خوای میهرەبان، دواجار نازڵبوونی بەرەکەتی ئاسمان بۆ سەر زەویو گرێدانی نووری ئیلاهی بە دەروونی خەڵکی ديندارو خاوەن هیدایەتەوە.

هەر لەو ماڵە بەخشت داڕێژراوانە بووە، کە پێغەمبەری سەروەرمان کاری بانگەوازیو چاکەخوازیو گەیاندنی پەیامی برایەتیو تەباییو لێبوردەییو پێکەوژیانو پاکیو راستیو جوانیو ساغیو سافی بڵاوکردۆتەوە، تا بە موژدەی ئایەتی **(وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً**

**لِلْعَالَمِينَ)**[1]، کـۆی ئـەو پەیامانـە بوونـە هـەوێنی خۆشـگوزەرانی گـەلانو مرۆڤایـەتی لـە سەرتاسەری جیهاندا.

هەر ئەو ماڵە بێ نازە بوو، کە بووە مەڵبەندی پێشوازی کردنی خەڵكو خانەدانیو نوانـدنی ڕێزی بەرامبەرو چارەسەر کردنی کێشەکانو پتەوکردنی خۆشەویستی نێوان تاکەکانو کۆمەکی موسڵمانانو گیانی هاوکاری دراوسێیەتیو بەخـشینەوەی خێـراتو ئەزیـەت نـەدانی جـیرانو ڕەچاوکردنی بنـەمای ئـەخلاقیو هێـشتنەوەی خێـزانو خێزانـداری لـە چوارچـێوەی سـێبەری ئیمانیو قورئانیدا، تا ئەوەمان نیشاندا، کە مـاڵو خانـەدانیو قۆنـاغ، دەبـێ لـە خزمـەتو گەیاندنی گیانی هاوکاریو تەباییو تەواوکردنی یەکتر، لایەنێکی بەهێزو یارمەتیدەر بێ لەناو کۆمەڵگەدا.

هەر ئەو حوجرە سەر خۆڵانە بوون، وانەی حیکمەتو ئیمانو عەقیدەو سلوكو زانستیان بـە گوێی مرۆڤەکان بڵاوکردەوە، کە بە هۆیەوە دونیا لە حاڵە نەفامیو دواکەوتووی ڕزگاری بـوو، بەرەو دونیایەکی گەشاوەی ڕووناكو گێڕانەوەی کەرامەتی مـرۆڤو مـافو سـەروەریو قیـەمی کۆمەڵایەتیەوە، دواجار لەبەر کاریگەری ئەو وانە گرنگانە لە زۆربەی شوێنە دوورو نزیکـەکانی چواردەورەی ئەو حوجرە پڕ بەرەکاتە، هیدایەتیان وەرگرتو بناغەی ژیانیـان لەسـەر ئیمانـەوە دامەزراند.

هەر لەو مەملەکەتە بێ خزمەتو بیابان ئامێزە بووە، کە هەزاران خەڵك دەوری داوەو بۆتە سەرچاوەیەکی هەستیارو دڵگیری نێو مرۆڤایەتی، تەنها لەبـەر ئـەوەی ڕەسـولی ئـەکرەمی لێ نیشتەجێ بووەو پەیامی ئاسمانی لێ بڵاوکردۆتەوەو بۆتە پردی ڕزگـاربوونو پەڕینـەوە، بـەرەو دونیای عیرفانو خواناسیو دینداری.

ئەو ماڵە بوو، کە تێیـدا پێغەمبـەر (درودی خـوای لەسـەر بێـت) هاوکـاری خێزانـەکانی کردووەو کاری ناو ماڵی ئەنجام داوەو، دڵنەوایی کردوونو خەمی کـەم کردونەتـەوەو خزمـەتی تێدا کردووە، لەو ڕووەشەوە، کە سەیری ئەو ماڵە دەکەی ئەوەمان پێ دەڵێ: کە دەبـێ خـاو و خێزان گیانی هاوکاریو یارمەتیو خزمەتو دڵنەوایی کردنی یەکتری تێـدا بـەدی بکـرێ، کـە ئەگەر هەر خێزانو ماڵێك ئەو پەیڕەوەی ئەنجام دا، ڕێك دەگاتە ئەو بەختەوەریـەی، کـە ماڵـە

---

1- سورة الأنبياء: ١٠٧.

ئاسـوودەکانی پـێ دەناسـرێتەوە، چـونکە وانـەی بـەڕێوەبردنی ئـەرکی خێزانـدرێتیان لـە پێغەمبەرەوە(درودی خوای لەسەر بێت) وەرگرتووە.

هەر لەو ماڵە سادەیە بووە، کە بە دەیان جار ئەو پێغەمبەرە نازدارە (درودی خوای لەسـەر بێت) برسێتیو نەبوونیو خەمی خەڵکانی خراپو مەینەتی لەسەر گەیاندنی پەیامی خوا تێدا چەشتووە، بەڵام بە هەرحاڵێ لەو حاڵانە، وای نەکردووە لە پـەیامی سوپاسـگوزاریو ستایـشی پەروەردگار دابڕێ، بەڵکو هەمیـشە سـتایشو سوپاسـی خـوای کـردووەو ڕازی بـووە بـەوەی هەیەتیو نیەتی لە نێو ماڵەکەیدا.

لەگەڵ ئەوەش هەوڵی داوە سۆزو خۆشەویستیو ڕێزدانانی هەستی خـەڵك لـەناو ئـەو ماڵـە پەرە پێ بداتو بە چاوی میهرەبانیو سۆزی مرۆڤ دۆستیەوە بڕوانێتە دەوروبەریەوە.

بە تێپەڕبوونی ئـەو زمەنـە درێـژە، ئێـستاش کـە مـرۆڤ لەبـەردەم ئـەو مـاڵو حوجرەیـە رادەوەستێ، ڕێك ئەوەی دەکەوێتە خەیاڵـەوە، کـە گـەورەترین خـەڵاتی ئـەو ماڵـە گەیانـدنو بڵاوکردنەوەی پەیامی خوایی بووە، کە بۆتە مایەی سەرفرازی مرۆڤایەتیو گەیـشتنە ترۆپکـی لەززەتی ئیمانیو خۆشەویستی کەسایەتی پێغەمبەرو ئالو بەیتیەوە.

بۆیە پێت سەیر نەبێ، کە ئەو شوێنە پیرۆزترین پارچە زەوی سەر دونیا بێت! چونکە گەورەو سەرداری پێغەمبەران حەزرەتی پێغەمبەری لێ نیشتەجێ بووەو، مەئواو شوێنی خواپەرسـتیو حەسانەوەو گەیاندنی پەیامە ئاسمانیەکان بووە.

کەواتە بێ حیکمەت نـەبووە، کـاتێ خـوای گـەورە سـوڕەتێکی قورئـانی پـیرۆزی بـەناوی (الحجرات) دابەزاندووە، کە تا ئێستاش ئەو حوجرەیـە بۆتـە کاریگـەرترین ناوەنـدی ئیمـانیو گەورەترین یادگاری مێژووی موسڵمانان، هەم ئاماژەیە بۆ تێکڕای مرۆڤایـەتی تـا بزانـێ ئـەو حوجرەو ماڵە لە رووی کەرەستەو ئەندازەی بیناسازیەوە سادەو سـاکار بـووە، بـەڵام لـە رووی ناوەرۆکەوە گەورەو پیرۆزو بە بەرەکەت بوونەو، بوەتە گەورەترینو بە بەرهـەمترین قوتابخانـەی سەر زەوی بۆ تێکڕای مرۆڤایەتی.

# بەڵگەی ژمارەیی لەو سورەتەدا

ئەم سورەتە وەك باسمان کرد ناوی (ئەلحوجراتە)، جیا لەو ناوە بەسورەتی (الأخلاق والأداب)یش ناسراوە، چونکە سیماو ئادابی کۆمەڵگەی ئیسلامیو چۆنیەتی رێکخستنەوەی کایەکانی کۆمەڵگەی لەخۆ گرتووەو، زۆرێك لەو رەوشتو بەهاو بنەما مرۆییانەشی باس کردووە، کە دەبنە هۆکاری بەرزبوونەوەی ئاستی رەوشتیو پابەندیو دەرهاوێشتە ئیمانیەکانی نێو کۆمەڵگە.

بەشێوەیەکی گشتی دەکرێ بڵێین ئەم سورەتە باسی لەسەر هەر سێ تەوەری بیرو باوەڕو تەشریعو ئەخلاق (العقیدة، والتشریع، والسلوك والأخلاق) کردووە.

ئەو بابەتانەی لە کۆی سورەتەکە باس کراونو دەچنەوە ژێر سێبەری یەك لەو سێ تەوەرەی سەرەوە، زیاتر ئەو باسو بابەتانەن، کە پەیوەستن بە بنەما ئەخلاقیەکانو کۆمەڵگەی ئیسلامیەوە لەوانە: (دیارکردنی پەیڕەو و پێوەری بانگخوازی، باسکردنی ناوو سیفەتەکانی خوای گەورە، مەسەلەی زمان لەناوەڕۆکی ئەو سورەتەدا، چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دەستەڵاتی تەشریعی لە ئیسلامدا، نواندنی ئەدەب بەرامبەر فەرمانەکانی شەریعەتی ئیسلام، تەقواو تاقیکردنەوەی دڵو دەروونی مرۆڤەکان، روونکردنەوەی هەواڵی سەرپێی، بابەتی برایەتی نێو موسڵمانان، ئیسلامو ئیمان.

ئەمە وێڕای ئەوەی ئەگەر وردتر بچینە نێو رستەو وشەو ئایەتەکانی ئەو سورەتە، دەبینین لە زۆر لاوە دووبارە بوونەوەی هەندێ باسو بابەتی لەخۆ گرتووە، کە ئەو دووبارە بوونەوەیە لە رووی جۆریەوە دەکرێ بڵێین دەلالەتو ماناو مەبەستی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە قورئانی پیرۆز وەك قسەو نووسینی مرۆڤەکان نیە، بەڵکو هەر ئایەتەو چەندین لایەنی ئیعجازیو زانستیو رەوانبێژیو تەشریعیو حیکمەتی تێدایە.

لەژێر رۆشنایی ئەو راستیەی سەرەوەو تێڕامان لە هەندێ رستەو وشەی دووبارە بویەوەی نێو سورەتی ئەلحوجرات، ئەوەمان بۆ دەرەکەوێت کە تایبەتمەندیو مەبەستی خۆی هەیەو بۆ زیاتر هۆشیاربوونەوەی ئێمەیە لە هەستیاری بابەتەکەو گرنگی جێبەجێ کردنی، لەوانە:

یەکەم: دووبارە کردنەوەی رستەی **(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا)** پێنج جار لەناو یەك سورەت، مانای ئەوە دەگەیەنێ، کە بەستنەوەی هەردوو لایەنی تەشریعیو ئەخلاقی پێویستە، لە رێی ئیمانو

دەرهاوێشتەکانیەوە بێت، چونکە هەر ئیمانە کاریگەری لەسەر مرۆڤ جێدێڵێ‌و وای لێ دەکات ملکەچی فەرمانەکانی خواو پێغەمبەری ئیسلام بێت.

دووەم: دووبارە بوونەوەی وشەی (تەقواو لێوەرگیراوەکانی) پێنج جار، سێ جار بەشێوەی (**اتَّقُوا اللهَ**)، جارێکیش بە شێوەی (**امْتَحَنَ اللهُ قُلُوبَهُمْ لِلتَّقْوَى**)، جاری پێنجەمیش بەشێوەی (**إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللهِ أَتْقَاكُمْ**)، ئەمە زۆر مانا هەڵدەگرێ، کە گرنگترینیان ئەوەیە، تەقواو لەخواترسان، رۆح‌و کاکڵی ئیمانی نێو دەرونەکانە، وە خاڵی سەرەکی رێزدار بوونی مرۆڤەکانە لای پەروەردگارو، لەهەمان کاتیش زامنی خۆپارێزیە لە تاوان‌و سەرپێچیەکان.

سێیەم: دووبارە بوونەوەی ناوو سیفەتەکانی خوای گەورە لەو سورەتە:

أ- دووبارە بوونەوەی ناوی (الله) بیست‌و پێنج جار.

ب- دووبارە بوونەوەی ناوی (العليم) چوار جار.

ج- دووبارە بوونەوەی ناوی (الرّحيم) سێ جار.

د- دووبارە بوونەوەی ناوی (الغفور) دووجار.

و- دووبارە بوونەوەی ناوەکانی (**السميع، الحكيم، التوّاب، الخبير، البصير**)، هەر یەکەو یەك جار.

ئەمە خۆی لەخۆیدا گرنگی تایبەتمەندی خۆی هەیە، کە دەکرێ هەر یەك لە ماناو مەبەستەکانی ئەو ناوە پیرۆزانە لەناو دەروونی تاکەکان جێگەی ببێتەوەو، رەنگدانەوەی لەسەر سلوکی موسڵمانان لەناو کۆمەڵگە لێ بکەوێتەوە.

چوارەم: دووبارە بوونەوەی ناوی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) شەش جار، جارێکیان بەناوی (النبيّ)و پێنج جارەکەی تر بەناوی (الرسول)، بەڵگەیە لەسەر گەورەیی پێگەو کەسایەتی پێغەمبەر (درودی خوای گەورەی لەسەر بێت)، لەگەڵ هۆشیار بوونی ئێمە لەبەرامبەر مافی ئەو پێغەمبەرە ئازیزە بەسەرمانەوە.

بەشێوە گشتیەکەی ئەو سورەتە لەسەرەتاوە باس لەچۆنیەتی ئەدەب لەگەڵ خوای باڵا دەست دەکات، دواتر باس لەچۆنیەتی ئەدەب نواندن بەرامبەر پێغەمبەری ئیسلام دەکات، ئینجا دەیەوێ ئیمانداران رابێنێ لەسەر هەموو ئەو خەسڵەت‌و بەهایانەی، کە مرۆڤ لە خراپەکاری دوور دەخەنەوە، پاشان باس لەشێوازی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان‌و، گرنگی رۆڵی چەمکی ئەخلاق‌و بنەماکانی لەناو کۆمەڵگە دەکات.

## بەشی دووەم

# چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دەستەڵاتی تەشریعی

## دەسپێك:

وەك پێشتر باسمان کرد، مەبەست لە کۆمەڵگەی ئیسلامی ئەو کۆمەڵگەیە، کە زۆرینە موسڵمانە، وەك دیاریشە کۆمەڵگەی ئیسلامی سیمای تایبەت بەخۆی هەیەو، لەگەڵ ئەوەش جیاوازی ئەو کۆمەڵگەیە لەگەڵ کۆمەڵگەکانی تر بریتیە لەو تایبەتمەندییەی لەروانگەی ئیسلامەوە بۆی دیاری کراوە، لەو سۆنگەیەوە دەکرێ بڵێین پێکهاتەی ئەو کۆمەڵگەیە خۆی لەسەر سێ لایەنی گرنگ دەبینێتەوە:

یەکەم: داڕێژەری شەریعەت (مشرّع).

دووەم: گەیێنەری شەریعەت (مبلّغ).

سێیەم: جێبەجێکاری شەریعەت (منفّذ).

ئەو جۆرە تەرکیبە وا دەکا کۆمەڵێك هەڵسوکەوتو شێوازو رەفتار بێنە ئاراوە، بگرە لەپەیوەندی نێوان خواو خەڵك، پێشەواو شوێنکەوتووان، تاکەکان خۆیان، بۆ ئەوەی سیماو دەرکەوتەی کۆمەڵگەی ئیسلامی بەرچاو کەوێ.

دەستەڵاتی تەشریعی خۆی لەو شەریعەتە دەبینێتەوە، کە لە دووتوێی قورئانو سوونەتو لەلایەن خوای بالاّ دەستو لەرێی حەزرەتی محمد (درودی خوای لێ بێت) بۆ مرۆڤایەتی بەیان کراوە، جا لێرە پرسیار ئەوەیە چۆن هەڵسوکەت بکەین لەگەڵ خوای گەورەو پێغەمبەری ئازیز لەلایەكو، شەریعەتو فەرمانی خوای گەورەو فەرموودەکانی پێغەمبەری ئیسلام (درودی خوای لەسەر بێت)، لەلایەکی ترەوە؟

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە دەگەڕێینەوە دەسپێكو ئایەتی یەکەمی سورەتی ئەلحوجوڕات، بۆ ئەوەی بزانین خوای گەورە ئەو بابەتەی چۆن بۆ ئێمە روون کردۆتەوە..

خوای گەورە دەفەرموێ: **(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تُقَدِّمُوا بَيْنَ يَدَيِ اللَّهِ وَرَسُولِهِ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ)**[1]، واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە پێشی خواو پێغەمبەری خوا

---

1- سورة الحجرات: ١.

مەکەون لەبڕیارو پێشنیاردا، لە خوا بترسنو پارێزگار بن، چونکە بەڕاستی خوا بیسەرە بە گوفتارتان، زانایە بە نیازو نهێنیەکانتان.

لەروانگەی ئەو ئایەتەوە ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە، کە شێوازو ئادابی هەڵسوکەوتو مامەڵەکردن لەگەڵ خوای گەورەو پێغەمبەری پێشەوا، خاڵی یەکەمی بونیادو تەزکیەبوونی کۆمەڵگەی ئیسلامیە، چونکە دەبێ رەچاوی ئەوە بکرێ کەس بۆی نیە پێش فەرمانی خواو پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) بکەوێت، چونکە ئەو پێشکەوتنەوە شکاندنی سنووری ئاسایی نێوان بەندەو خوای بالادەستی تێدایە، بۆیەش خوای گەورە هەر لەسەرەتای ئەو سورەتەوە لەوە ئاگادارمان دەکاتەوە کە هۆشیار بینو نەکەوینە داوی بێ ئاگایی لەو مەسەلەوە، لێرەوە بۆ ئەوەی زیاتر ماناو مەبەستەکانی ئەو ئایەتەمان بۆ روون بێتەوە لە چەند باسێکەوە چەند لایەنێکی پەیوەست بە ناوەرۆکەکەی باس دەکەین:

# باسی یەکەم
# هۆکاری دابەزینی ئەو پەیامە

بەپێی سەرچاوەکان هۆکاری دابەزینی ئەم ئایەتە لەلایەن خوای گەورەوە بۆ سەر پێغەمبەری ئیسلام چەند شتێك بووە، کە ئێمە لێرەدا ئەوانە باس دەکەین، کە زۆربەی زانایانی راقەکاری قورئان ئاماژەیان پێ داوە:

١- لەکاتی هاتنی وەفدی بەنو تەمیم، گوایە سەحابە مشتومڕیان کەوتۆتە ناوەوە، لەسەر ئەوەی کێ سەرپەرشتی ئەو شاندە بکات، لەوانەش ئیمامی ئەبوبەکر کەسێکی دیار کردووە، ئیمامی عومەریش کەسێکی تری پێ باش بووە، ئیدی جیاوازیەك لەنێوانیان دەکەوێتەوە، خوای گەورەش ئەم ئایەتەی نازڵ کردووە، بەوەی هۆشیار ببنەوە لە خزمەت پێغەمبەر نەکەونە نێو وەپێشکەوتنەوەو بڕیاری بە پەلەوە.

٢- خەڵکانێك هەبوونە لەکاتی جەژنی قورباندا، بەر لەوەی پێغەمبەری ئیسلام (درودی خوای لەسەر بێت) نوێژی جەژنی ئەنجام دابێ، ئەوان دەستیان کردووە بە سەربڕین بۆ قوربانی،

دواتر پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) فەرمانی پێکردوون قوربانیەکانیان دووبارە بکەنەوە، خوای گەورەش ئەو ئایەتەی نازڵ کردووە، تا موسڵمانان هۆشیار کاتەوە لەکاتی بڕیاردان لەبارەی شەریعەتەوە پێش فەرمانی خواو پێغەمبەر نەکەون.

٣- خەڵکانێك هەبوونە بەردەوام قسەیان ئەوە بووە، خۆزگە خوا لەسەر فلان شتەو فیسار شتە وەحی دابەزاندبا، یان دەیانگوت: ئەگەر خوا لەو بوارە یان لەسەر ئەو شتە ئایەتێك دابەزێنی باشە، خوای گەورەش ئەم ئایەتەی نازڵ کرد تا موسڵمانان هۆشیار بکاتەوە لەوەی لە بڕیاردان پێش فەرمانی خواو پێغەمبەری سەروەر نەکەون.

٤- جارێکیان پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) ویستویەتی سەفەر بکاتو کەسێك لەشوێنی خۆی دابنێ، گوایە ئیمامی ئەبوبەکر کەسێکی پێ باش بووە، ئیمامی عومەریش کەسێکی تری پێ باش بووە، خوای گەورە ئەو ئایەتەی ناردووە بۆ ئەوەی لەو جۆرە شتانە پێش پێغەمبەر نەکەونو ئاگاداری ئەو مەسەلەیە بن.

بەڵام دەبێ ئەوە بزانین کە هەر ئایەتێك ئەگەر بە هۆکارێکی تایبەتیش هاتبێتە خوارەوە، ئەوە حوکمەکەی بەشێوەی گشتی وەردەگیرێ، نەك تەنها بۆ ئەو رووداوەی لەسەری هاتۆتە خوارەوە، چونکە یاسایەکی فیقهیو ئوسوڵی هەیەو زانایان لەسەری یەك ڕانو پێویستە ڕەچاو بکرێ **"العبرة بعموم اللفظ لا بخصوص السبب"**[1].

# باسی دووەم

# دەسپێکی ئایەتو بانگەوازێکی تایبەت

خوای گەورە لەسەرەتای ئایەتی یەکەمی ئەو سوڕەتە نیداو بانگەوازی بۆ ئیماندارانە، کە دەفەرموێ: **(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا)**، ئەم نیدایە گرنگیو بایەخی خۆی هەیە، چونکە بە وەسفێك بانگی بڕواداران دەکات، ئەگەر بێتو موسڵمانان بەو وەسفەوە کە وەسفی ئیمانە پابەندو

1- البينات فى تفسير سورة الحجرات: ١٩.

لەسەر خەت بن، ئەوە تاکە هۆکاری یارمەتیدەرە لە ئاراستەکردنی تاکەکان بەرەو جێبەجێ کردنی فەرمانی خوای گەورەو خۆپاریزی لە قەدەغەکراوەکان، سەرەنجام هەر ئەو ئیمانەش وا دەکا، ئەو تاکە هۆشیار بێتو پێش فەرمانی خواو پێغەمبەر نەکەوێت.

وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا خوای گەورە پێنج جار ئەم رستەیەی لەو سورەتە دووبارە کردۆتەوە، کە ئەمەش بێ حیکمەت نیەو ئەو دووبارەیە لەپێناو چەسپاندنو ئاگادارکردنەوەی موسڵمانانە لەگرنگی ئەو پەیامەی کە خوای گەورە دەیەوێ عەرزی بکات.

بۆیە عەبدوڵلای کوڕی مەسعود بەو پیاوەی فەرموو کە پرسیاری لێکرد: **(إذا سمعت الله تعالى يقول: (يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا)، فارعها سمعك، فإنه خير تُؤمَر به، أو شرّ تُنهى عنه)).**

واتە: ئەگەر گوێت لێبوو خوای گەورە دەیفەرموو: **(يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا)** باش گوێی بۆ شل بکە، چونکە یان کارێکی باشەو ئەمری پێ دەکا، یانیش خراپەیەکەو لێت قەدەغە دەکا.

لەراستیدا ئەو شێوازەی بانگ کردن بە وەسفی ئیمانیەوە، یەکێکە لەو خاڵە سەرەکیانەی، کە کاریگەری زۆرو بەهێز بەسەر ئیماندارانەوە، دروست دەکات، لەبەر ئەوەی ئیمان سەرچاوەی بەختەوەریو ئارامیو رزگاربوونی مرۆڤە، هەروەها چرای دڵو دەروونی موسڵمانانە، کە دیاریشە دڵ سەرچاوەی ئەندامەکانی جەستەیە، ئەگەر باش بوو سەرجەمیان بەرەو باشی هەنگاو دەنێنو بە پێچەوانەشەوە بەرەو خراپی دەڕۆن، هەروەك لە فەرمودەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) هاتووە، کە دەفەرموێ: (أَلاَ وان في الإِنْسَانِ مُضْغَةً إذا صَلُحَتْ صَلُحَ الْجَسَدُ كُلُّهُ وإذا فَسَدَتْ فَسَدَ الْجَسَدُ كُلُّهُ أَلاَ وَهِيَ الْقَلْبُ)[1].

لەلایەکی ترەوە، خوای گەورە کاری بەرووکەشو رواڵەتیەکان نیەو سەیری جەستەو ماڵو شێوەی مرۆڤەکان ناکا، بەڵکو دەبینین دڵو دەروون شوێنی تێڕامانی خوای گەورەیە، هەروەك پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێ: (إِنَّ اللَّهَ لَا يَنْظُرُ إلى أَجْسَادِكُمْ ولا إلى صُورِكُمْ وَلَكِنْ يَنْظُرُ إلى قُلُوبِكُمْ)[2]. واتە: بەراستی خوای گەورە سەیری جەستەو شێوەی ئێوە ناکات، بەڵکو سەیری دڵەکانتان دەکات.

1- صحيح البخاري: ج١ ص٢٨.

2- صحيح المسلم: ج٤ ص١٩٨٧.

لەبەر ئەوەیە خوای گەورە بەو نیدا ئیمانیەوە بانگەواز دەکات، تا بەهۆیەوە موسڵمانان تێ بگەیەنێ، کە بەستنەوەی ئیمانو دڵو دەروون کارێکی باشە بۆ ئەوەی ملکەچیو پابەندی دەروونو جەستەو ئەندامەکان دەرخاتو توخنی ئەو جۆرە شتانە نەکەون کە خواو پێغەمبەری ئیسلام پێیان ناخۆشە.

گرنگی ئەو ئایەتە لەبەر ئەوەیە تا موسڵمانان بزانن ئەوەی لەدوای ئەو رستەوە دێت فەرمانو هەنگاوێکی یەکجار گرنگو بە بایەخە بۆ موسڵمانانو واقعی خۆیان، بۆ ئەوەیە تا هەستی دیندارانەی تاکەکان بجوڵێنێو بەرەو باوەشی ئەو ئیمانە بیانباتەوە، کە پێیەوە گەیشتوونەتە بەختەوەری ژینو دونیاو دوا رۆژیانەوە.

لە زۆربەی ئەو شوێنانەی، کە خوای گەورە بانگەوازی ئیمانداران دەکات بەسیفەتی ئیمانیانەوە، لەبەر ئەوەیە کە ئەو شتەی دەیەوێ باسی بکات، راستەوخۆ پەیوەندی بە ئیمانەوە هەیە، چونکە بە ئیمانەوە نەبێ زۆر شت هەیە رەنگە ئاسان نەبێ ئەنجام بدرێ یان رێگری لێ بکرێ، کە دەبێ موسڵمانان هۆشیار بن لەو بارەوەو گرنگی ئەو فەرمانو حوکمانەش بزانن، کە لەدوای ئەو جۆرە شێوازەی بانگەوازی ئیماندارانەوە دێت.

بەو ئیمانەوە دەتوانین زیاتر پابەند بوونی خۆمان رابگەیەنینو فەرمانی خوای گەورە جێبەجێ بکەین، لەبەر ئەوەی پێناسەی مرۆڤی ئیماندار وەها هاتووە لەقورئانی پیرۆز، کە لەگەڵ خوێندنەوەو بیستنی ئایەتەکانی قورئان دڵو دەروونی پڕ دەبێتەوە لە ئیمانو زیاتر سیمای پابەندی لێ بەدی دەکرێتەوە.

هەروەك خوای گەورە دەفەرموێ: **(إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ اللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ آيَاتُهُ زَادَتْهُمْ إِيمَانًا وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ)**[1]، واتە: بێگومان ئیماندارانی راستەقینە تەنها ئەوانەن: (یەکەم) کە کاتێك ناوی خوا برا، ئەوە دڵەکانیان دەترسێتو دەهەژێت، (دووهەم) کاتێکیش ئایەتو فەرمانەکانی ئێمەیان بەسەردا بخوێنرێتەوە، ئەوە ئیمانو باوەڕیان زیاد دەکات، (سێهەم) (لە هەموو کارو بارێکیشیاندا) هەر پشت بە پەروەردگاری خۆیان دەبەستن...

کەواتە زانیمان گرنگیو تایبەتی ئەو بانگەوازە بە سیفەتی ئیمانەوە، دەگەڕێتەوە بۆ بایەخو هەستیاریو گرنگی ئەو پەیامەی لە دوایەوە دێت.

---

1- سورة الأنفال: ٢.

# باسی سێیەم

## پێش نەکەوتنەوە لە فەرمانی خواو پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت)

لەدوای ئەو نیدا ئیمانیە خوای گەورە باس لە فەرمانە گرنگەکە دەکاتو دەفەرموێ: **(لَا تُقَدِّمُوا بَيْنَ يَدَيِ اللَّهِ وَرَسُولِهِ)**، واتە وەپێش فەرمانی خواو پێغەمبەر نەوکەونو بڕیارو حوکمی پێش وەختە بەسەر شتەکان مەسەپێنن.

لێرەوە ئاماژەیەکی گرنگو هەستیارمان بۆ دەرەکەوێ، کە دەبێ لەسەر ئاستی تاکو کۆمەڵگە هێمایەك نەبێ وەپێش فەرمانی خوای گەورە بکەوێو، لەجیاتی شەریعەت بڕیار بداتو، بیەوێ قسەو هەڵوێستی خۆی بەسەر حوکمی خوای باڵا دەستو پێغەمبەری پێشەوا بسەپێنێ، چونکە ئەمە هەم لەرووی ئیمانیەوە مەسەلەیەکی ترسناکەو، هەمیش لەرووی کۆمەڵایەتیەوە ئاریشەو گرفتی زۆر دەنێتەوە.

راڤەکارانی قورئانی پیرۆز لەبارەی رستەی **(لَا تُقَدِّمُوا)** قسەی زۆرو جیاوازیان هەیە، کە دەکرێ لێرەوە ئاماژە بە هەندێکیان بدەین:

- ئیبنو عەباس لەو بارەوە دەفەرموێ: **(لَا تُقَدِّمُوا- أی لا تقولوا خلاف الكتاب والسنة)**. واتە، شتێك مەڵێن پێچەوانەی کتابو سوننەت بێ.

- سوفیانی سەوری لەو بارەوە دەڵێت: **(لا تقضوا أمرا دون رسول الله)**، واتە هیچ حوکمێك دەرمەکەن بێ پێغەمبەری خوا.

- ئیمامی زوحاك لەو بارەوە دەڵێ: **(لا تقضوا أمرا دون الله ورسوله من شرائع دينكم)**، واتە هیچ حوکمێك بێ رەچاوکردنی حوکمی خواو پێغەمبەر لە کاروباری دینتان دەرمەکەن[1].

---

1- روح البيان: ١٣٣/٢٦.

بەشێوەیەکی گشتی واتە دەبێ مرۆڤی موسڵمان ملکەچی خواو پێغەمبەر بێتو بە هیچ شێوەیەك لە شێوەکان وەپێش فەرمانی ئەوان نەکەوێو، حوکمو بڕیار بەسەر ئەو شتانەوە نەدات کە زانیاری لەبارەوە نیە، یان کاری ئەو نیە.

چونکە ئەمە لە روانگەی ئیسلامەوە دروست نیەو مەسەلەی حەلاڵو حەرامو باسو خواسەکانی شەریعەت پەیوەستە بە موشەریعەوە، هەروەك ئیمامی شەنقیتی لەوبارەوە دەفەرموێ: (ئەم ئایەتە ئەمرێکی راشکاوانەی تێدایە لەوەی نابێ مرۆڤی موسڵمان پێش فەرمانی خواو پێغەمبەر بکەوێتەوە، چونکە حەرام ئەوەیە کە خوا حەرامی کردووە، وە حەڵاڵ ئەوەیە، کە خوا حەلاڵی کردووە، وە شەریعەت ئەوەیە، کە خوا داینـاوە)[1].

بەستنەوەی ئەو جۆرە هێلانە بە موشەریعەوە، بەڵگەی ئەوەیە بنەماکانی کۆمەڵگەی ئیسلامی تێکەڵ بە یەکتر نەکرێنو خەڵك تێ بگا، کە مەسەلەی حوکمو بڕیاری شەرعی پەیوەست بە خواو پێغەمبەرەوەیەو، دەبێ لە بەرامبەر ئەوەوە موسڵمانانو تەنها ئەدەبو پابەندی بنوێننو ملکەچی فەرمانەکان بن، چونکە لە چەندین ئایەتی تر تەئکید لەوە کراوەتەوە، کە خوای گەورە هۆشیارمان دەکاتەوە لەوەی حوکم هەر بۆ خوایەو لەکاتی کێشەو گرفتەکانیش، وا پێویست دەکا بگەڕێینەوە بۆ شەریعەتو فەرمانەکانی پیغەمبەری ئیسلام (درودی خوای لەسەر بێت) هەروەك دەفەرموێ: **(وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَمْرًا أَنْ يَكُونَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ وَمَنْ يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالًا مُبِينًا)**[2]، واتە: بۆ هیچ پیاوو ئافرەتێکی ئیماندار دروست نیە، کاتێك خواو پێغەمبەرەکەی بڕیاری شتێك بدەن، ئەوان سەرپشك بن لە ئەنجامدانی ئەوکارەدا، چونکە ئەوەی سەرپێچی بکات لە فەرمانی خواو پێغەمبەرەکەی ئەوە بەڕاستی بە ئاشکرا گومڕاو سەرلێشێواوە.

هەروەها لە شوێنێکی تر دەفەرموێ: **(فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّى يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنْفُسِهِمْ حَرَجًا مِمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا)**[3]، واتە: نەخێر، سوێند بە پەروەردگارت ئەوانەی (لافی بڕوا لێدەدەن) بڕوا ناهێنن هەتا لە هەموو کێشەیەکدا، کە

1- أضواء البيان: ٦١٤/٧.
2- سورة الأحزاب: ٣٦.
3- سورة النساء: ٦٥.

رووده‌دا له‌ نێوانیاندا تۆ نه‌كه‌ن به‌ دادوه‌رو گوێڕایه‌ڵی تۆ نه‌كه‌ن، دوای ئـه‌وه‌ش نابێـت لـه‌ دڵو ده‌روونیاندا هیچ ناڕه‌زاییه‌ك دروست ببێت به‌رامبه‌ر ئـه‌وه‌ی، كـه‌ دادوه‌ریـت له‌سـه‌ر كـردووه‌و ده‌بێت به‌ته‌واویی ته‌سلیم بن‌و رازیی بن.

وێڕای ئه‌مه‌ خوای گه‌وره‌ فه‌رمانی ئه‌وه‌شی به‌ به‌نده‌كانی داوه‌، كه‌ گوێڕایه‌ڵی فه‌رمانی خواو پێغه‌مبه‌ر بكه‌ن‌و ئه‌وه‌ی ئه‌وان باسیان كردووه‌ وه‌ری بگرن، هـه‌روه‌ك ده‌فـه‌رموێ: **(وَمَـا آتَـاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا وَاتَّقُـوا اللَّـهَ إِنَّ اللَّـهَ شَـدِيدُ الْعِقَـابِ)**[1]، واتـه‌: ئـه‌وه‌ی پێغه‌مبه‌ر (درودی خوای له‌سه‌ر بێت) پێی به‌خـشیوون وه‌ری بگـرن، هـه‌ر فـه‌رمانێكی پێـدان به‌گوێی بكه‌ن، قه‌ده‌غه‌ی هه‌ر شتێكی لێ كردن مه‌یكه‌ن، له‌ خوا بترسن چونكه‌ به‌ڕاسـتی خـوا به‌توندی تۆڵه‌ ده‌سێنێت.

كه‌واته‌ لێره‌وه‌ گه‌یشتینه‌ ئه‌و راستیه‌، كه‌ خوای گه‌وره‌ شه‌ریعه‌تی ناردووه‌و پێغه‌مبه‌ریش به‌ ئێمه‌ی گه‌یاندووه‌و ئێمه‌ش ته‌نا سه‌مع‌و تاعه‌مان له‌سه‌ره‌، واتـه‌ موسـڵمانان تـه‌نها پابه‌نـدی‌و ئیتاعه‌یان ده‌كه‌وێـته‌ سه‌رشان‌و، دروست نیه‌ به‌ هیچ شێوه‌یه‌ك لـه‌ بڕیـاری دینـی‌و كاروبـاری شه‌رعی‌و حوكمی ئیسلام وه‌پێش بكه‌ون‌و خۆیان به‌ باشترو لێزانتر دابنێن.

ده‌بێ ئه‌وه‌ش بزانین كه‌ گوێڕایه‌ڵی جوانترین سیمای كۆمه‌ڵگه‌ی ئیسلامیه‌و، به‌هۆیه‌وه‌ حاڵو باڵی خه‌ڵك به‌ره‌و هه‌نگاوی خێر ده‌ڕوات، به‌ پێچه‌وانه‌شه‌وه‌ ئاڵۆزی دروست ده‌بێ‌و، ئـه‌و كـات ڕه‌نگه‌ ئاریشه‌ی گه‌وره‌ش سه‌رهه‌ڵده‌ن‌و ببنه‌ هۆكاری لێكترازانی موسڵمانان له‌ناو كۆمه‌ڵگه‌دا.

ئیدی چاودێری كردنی ئه‌و بنه‌ما گرنگه‌و ره‌چاوكردنی ئه‌و ئه‌ده‌ب نواندنه‌ هێمایه‌كی گرنگه‌ بۆ تاكه‌كان، به‌و مه‌رجه‌ی شوێنكه‌وته‌یی له‌رێبازی پێغه‌مبه‌ری ئیـسلام (درودی خـوای له‌سـه‌ر بێت) بكه‌ن، كه‌ بێگومان پابه‌ندی له‌ رێبازی ئه‌و پابه‌ندیه‌ به‌ فه‌رمانی خوای گـه‌وره‌، هـه‌روه‌ك خوای گه‌وره‌ ده‌فه‌رموێ: **(مَنْ يُطِعِ الرَّسُولَ فَقَدْ أَطَـاعَ اللَّـهَ وَمَـنْ تَـوَلَّى فَمَـا أَرْسَلْنَاكَ عَلَـيْهِمْ حَفِيظًا)**[2]، واته‌: ئه‌وه‌ی فه‌رمانبه‌رداری پێغه‌مبه‌ر (درودی خوای له‌سـه‌ر بێـت) بكـات، ئـه‌وه‌ به‌ڕاستی فه‌رمانبه‌رداری خوای كردووه‌، ئـه‌وه‌ش پـشتی هـه‌ڵكردووه‌ (ئـه‌وه‌ خـۆی زه‌ره‌رمه‌نـد ده‌بێت) خۆ ئێمه‌ تۆمان نه‌ناردوه‌ تا ببیته‌ چاودێر به‌سه‌ر ئه‌وانه‌وه‌.

---

1- سورة الحشر: ٧.

2- سورة النساء: ٨٠.

دەرکەوت ئەو پەیامە ئاماژەیەکی گرنگە بۆ موسڵمانان، هەم بۆ هۆشیاربوونیان لە بارەی شەریعەتەوە، هەمیش بۆ ئاراستە کردنی کۆمەڵگە بە شێوەیەکی ئارامو دوور لە چەقبەستیو شڵەژاویەوە.

# باسی چوارەم

# چەمکی تەقواو دەرهاوێشتەکانی

بێگومان بۆ ئەوەی مرۆڤ پێش شەریعەت نەکەوێ، پێویستی بە پاڵنەرێك هەیە تا بیگێڕێتەوەو هۆشیاری بداتێ، بۆیە لە بەشێکی تری ناوەڕۆکی ئەو ئایەتە، خوای گەورە دوای ئەوەی بە نیدای ئیمانەوە ئەمری فەرمووەو، دواتر لەهەستیاری ئەو فەرمانە ئاگاداری کردینەوە، کە وەپێش فەرمانی خواو پێغەمبەر نەکەوین، ئێستا دەیەوێ پێمان بڵێ هۆشیار بن لەبابەتی تەقواو لە خوا ترسانو خۆپارێزی لە گوناهەکان، هەروەك دەفەرموێ: **(وَاتَّقُوا اللَّـهَ)**، کە ئەمەش بایەخی خۆی هەیەو دەکرێ کەمێك لێی ورد بینەوە، بۆ ئەوەی زیاترو باشتر لەراستیو لایەنە شاراوەکانی قورئانی پیرۆز تێبگەین.

بێگومان وشەی (تەقوا) وشەیەکی گشتگیرو مانا هەڵگرەو، تەزکیەو پەروەردەر خۆڕاهێنانە لەسەر هەموو ئەو چەمکە جوانو بەهادارانەی دەبنە هۆکاری رزگاربوونو سەرفرازیو ئاخیر خێری لە دونیاو قیامەت دا، لەهەمان کاتدا یەکێکە لەو چەمکانەی کە بە رۆحی ئیسلام دادەنرێتو چوارچێوەی ئەو رۆحەش دڵی مرۆڤەکان، کە کاتێ پێی دەڕازێتەوەو جێگیر دەبێ لەناویەوەو، وە لە هەموو نەخۆشیە دەروونیەکانی وەك: ئیرەییو ناپاکیو رقو کینەو فێل... هتد. ساغ دەبێتەوە، ئەوە ئەو کات دەبێتە هۆکاری رزگاربوونی لە رۆژی لێکجیاکردنەوەی کردەوەکان لە قیامەتدا، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێ: **(يَوْمَ لَا يَنْفَعُ مَالٌ وَلَا بَنُونَ، إِلَّا مَنْ أَتَى اللَّهَ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ)**[1]، واتە: ئەو رۆژەی کە نە ماڵ سوود دەبەخشێتو(فریای ئادەمیزاد

1- سورة الشعراء: ٨٨-٨٩.

دەکەوێت) نە منداڵو نەوە، مەگەر کەسێك بە دڵو دەروونی پاکو بێگەردو پڕ لە ئیمان، بە خزمەت پەروەردگار گەشتبێت.

تەقوا.. تاجو نوری جەستەو دەروونی ئیماندارانە، کە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی کارو کردەوە بۆ لای خوای پەروەردگار، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێ: **(لَنْ يَنَالَ اللَّهَ لُحُومُهَا وَلَا دِمَاؤُهَا وَلَكِنْ يَنَالُهُ التَّقْوَى مِنْكُمْ)**[1]، واتە: دڵنیا بن هەرگیز گۆشتەکەیو خوێنەکەی بەخوا ناگات، بەڵکو تەقواو پارێزگاری ئێوە بەو دەگاتو (حسابی بۆ دەکات).

تەقوا زامنی ئاشتیو ئارامیە بۆ تاكو کۆمەڵگە، بۆیەش لە زۆربەی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز، زۆرێك لە بوارەکانی پێکەوە گرێداوەو بۆتە رایەڵەی نورێکی بەهێز لەکاروباری دینداریو گێڕانەوەی بەهای مرۆیی لەناو کۆمەڵگەدا، بەشێوەیەك وەك بڵێی بەردەوام شەپۆلەکانی دەریای ئەو تەقوادارییە بەئاراستەی هۆشیاریو هەستیاری تاکەکانەوە دەڕواو کۆمەڵگە ئاوەدانو درەوشاوە دەکات.

بۆیەش خوای گەورە لە چەندین ئایەتی قورئانی پیرۆز باسی لەو چەمکە کردووەو پێغەمبەرانیش (درودی خوایان لەسەر بێ)، لەلایەن خۆیانەوە کاری زۆریان لە پێناو ئەنجام داوە، چونکە کلیلی سەرکەوتنو بەختەوەری دڵو ویژدانو ئاسۆی کیانو کۆمەڵگەکانی پێوە بەستراوەتەوە، ئەمە وێڕای ئەوەی بەدەیانو سەدان سوودو کاریگەرییە ئیجابیەکانی ئەو ئاستەی دینداری باس کراوە، کە دەکرێ هەر یەکەو بەوێستگەیەگی گرنگی سەرکەوتنەکانی ژیانو ئاسوودەبوونی قیامەتی لێ بخوێندرێتەوە.

خوای گەورە باشترین وەسیەتی بۆ ئێمە ئەوە بووە، خوو بە تەقواوە بگرین، هەروەك وەرگرتنی کردەوەکانی بەستۆتەوە بەو پلەیەو بەهۆکاری رزقو رۆزی ژیانیشی دەستنیشان کردووە، هەروەك دەفەرموێ: **(وَلَقَدْ وَصَّيْنَا الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ مِنْ قَبْلِكُمْ وَإِيَّاكُمْ أَنِ اتَّقُوا اللَّهَ)**[2]، واتە: سوێند بەخوا بەڕاستی ئیمە ئامۆژگاریو فەرمانمان داوە بەسەر ئەوانەی بەرنامەی خوایان بۆ هاتبوو لە پێش ئێوە، هەروەها ئامۆژگاری ئێوەشمان کردووە لە خوا

---

1- سورة الحج: ٣٧.

2- سورة النساء: ١٣١.

بترسنو بە تەقواو پارێزکار بن، هەروەها دەفەرموێ: (**إِنَّمَا يَتَقَبَّلُ اللهُ مِنْ الْمُتَّقِينَ**)[1]، واتە: خوای گەورە تەنها لە پارێزکاران چاکە وەردەگرێت. یان دەفەرموێ: (**وَمَنْ يَتَّقِ اللهَ يَجْعَلْ لَهُ مَخْرَجًا، وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لَا يَحْتَسِبُ**)[2]، واتە: ئەوەی لە خوا بترسێتو پارێزکار بێت، ئەوە خوا دەرووی لێ دەکاتەوە لە شوێنێکەوە رزقو رۆزی پێ دەبەخشێت، کە حسابی بۆ نەکرد بێتو خۆی پێی نازانێت.

چەمکی تەقواو لێوەرگیراوەکانی زیاتر لە (٢٥٠) جار لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە، کە لەناو ئەو ژمارەیە (٧٠) جار خوای گەورە بە شێوەی ئەمر فەرمانی پێ کردووە، چونکە بەهۆی تەقواوە چاودێریو هەستێکی بەردەوام لەناو دەرون دروست دەبێ، کە پاڵنەرە لە خۆگرتنەوە لە خراپەو تاوانو کارو گوفتارە ناشیاوەکان.

هێزێکی کاریگەری نێو دەروونە بەسەر تەواوی ئەندامەکانو جەستەوە، کە رێگری لە فەرمان شکێنی دەکاتو هەموو رێگاکانی نەفس لەبەردەم یەك رێگە کۆدەکاتەوە، کە بریتیە لە پابەندیو ترسی خواو خۆ پارێزیەوە، بۆیەش خوای گەورە فەرمانی وەدەست هێنانی تەقوامان لێ دەکاتو دەفەرموێ: (**وَتَزَوَّدُوا فَإِنَّ خَيْرَ الزَّادِ التَّقْوَى وَاتَّقُونِي يَاأُولِي الْأَلْبَابِ**)[3]، واتە: بەردەوام هەوڵ بدەن، کە زەخیرەو توێشوو وە دەست بخەن، بێگومان چاکترین زەخیرەش تەقواو پارێزکاریە، بەردەوامیش لە من بترسن ئەی خاوەن بیرو هۆشەکان. یان دەفەرموێ: (**وَلِبَاسُ التَّقْوَى ذَلِكَ خَيْرٌ ذَلِكَ مِنْ آيَاتِ اللهِ لَعَلَّهُمْ يَذَّكَّرُونَ**)[4]، واتە: پۆشاکی تەقواو خواناسی چاکترو خێردارترو بەفەڕ ترە، ئەو پۆشاکە (مادديو مەعنەویانە) لە نیشانەو بەڵگەکانی خوای گەورەن بۆ ئەوەی یاداوەری وەربگرنو(یادی بەهەشت بکەن).

تەقوا بەردەوام مرۆڤ رادێنێ، کە لەسەر رێگەی راست بڕواتو هەمیشە بەشێوەی هۆشیار هەنگاوەکانی بنێت، واشی لێ دەکات لەکاتی گرفتو کێشەکان زیاتر بگەڕێتەوە بۆ لای دەستووری خواییو سوونەتی پێغەمبەرەوە، چونکە دەزانێ، کە چارەسەر تەنها لای ئیسلامەو

---

1- سورة المائدة: ٢٧.

2- سورة الطلاق: ٢-٣.

3- سورة البقرة: ١٩٧.

4- سورة الأعراف: ٢٦.

تەنها بەو هۆیەشەوە دەتوانێ تاکێکی موسالیمو ئاشتیخوازو خاوەن رەوشتو بەهای ئینسانی بێت بۆ دەوروبەرو نێو کۆمەڵگەی خۆیەوە.

لەبەر ئەوەش خوای گەورە هانمان دەدات بۆ گرتنەبەرو خستنە ڕووی تواناکانمان بۆ چەنگ کەوتنی پلەی تەقواداریتی.. (**فَاتَّقُوا اللَّهَ مَا اسْتَطَعْتُمْ، وَاسْمَعُوا وَأَطِيعُوا، وَأَنفِقُوا خَيْرًا لِأَنفُسِكُمْ**)[1]، واتە: هەتا دەتوانن بەتەقواو خواناس بن، گوێڕایەڵو فەرمانبەردار بن، خێرو چاکەش بکەن، ئەوانە هەمووی بۆ خۆتان چاکە.

هەروەها تەقوا هۆکارە بۆ لاچوونی نەخۆشیە دەروونیەکانو وەسوەسەو، گەیشتنە بە تیشکی رووناك کەرەوەی ڕێگەی راستیو لێك جیاکردنەوەی باشو خراپو کەمکردنەوەی تاوانەکانو وەدەست هێنانی رەزامەندی خوای گەورە، خوای کار لەجێ دەفەرموێ: (**يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنْ تَتَّقُوا اللهَ يَجْعَلْ لَكُمْ فُرْقَانًا، وَيُكَفِّرْ عَنكُمْ سَيِّئَاتِكُمْ، وَيَغْفِرْ لَكُمْ، وَاللهُ ذُو الْفَضْلِ الْعَظِيمِ**)[2]، واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە: ئەگەر تەقوای خوا بکەنو پارێزکاری بکەن، ئەوە خوا بەرچاو رۆشنییەکی تەواوتان بۆ فەراهەم دەهێنێت (کە بتوانن حەقو ناحەقی بەئاسانی لەیەك پێ جیابکەنەوە) هەروەها هەڵەو گوناهەکانیشتان دادەپۆشێتو لێتان خۆش دەبێت، (چونکە) خوا خاوەنی فەزڵو ڕێزی گەورەو بێ سنوورە.

ئەو تاکەی خۆی لەسەر تەقوا رادێنێ، مانای وایە کار لە پێناو خۆشەویستی کەسانی دەوروبەری دەکاتو دەیەوێ بە پەیامێکی پڕ لە تەباییو برایەتیو ڕێزو دوور لە بوغزو رقو ئیرەییو رەوشتی نارێکەوە لەناو کۆمەڵگاکەی بژیت، کە سەرەنجام ئەو جۆرە کەسانە دەبنە ئەستێرەی گەشاوە لە ئاسمانی کۆمەڵگەو ژیانی سەر زەویدا، دواجاریش کاتێ بەو پاکیو جوانیەوە دەگەڕێنەوە لای خوا سەرفرازیو شادومانی روویان تێ دەکاتو بەهای عاقڵمەندی خۆیان بۆ دەرەکەوێت، لەو بارەوە خوای میهرەبان دەفەرموێ: (**وَلَلدَّارُ الْآخِرَةُ خَيْرٌ لِلَّذِينَ يَتَّقُونَ أَفَلَا تَعْقِلُونَ**)[3]، واتە: بێگومان ماڵی دوایی (بەهەشتی بەرین) چاکترە بۆ ئەوانەی، کە پارێزکاریو خواناسی دەکەن، ئایا ئەوە عەقڵو ژیریتان بۆ ناخەنەکارو ژیر نابن؟

---

1- سورة التغابن: ١٦.

2- سورة الأنفال: ٢٩.

3- سورة الأنعام: ٣٢.

لەبەر ئەوەشە ئیمامی عەلی جوان پێناسەی وشەی تەقوای کردووەو دەفەرموێ: تەقوا واتە: ترسان لە خواو کارکردن بە قورئانو رازی بوون بە بەشی خۆتو خۆ ئامادەکردن بۆ رۆژی دوایی[1].

کەواتە لێرەوە گەیشتینە ئەو راستیە، کە تەقواو لەخوا ترسی باشترین پێوەرو پاڵنەرە لە پەروەردەکردنی تاکەکانو تەزکیە کردنی دەروونیان، چونکە هەر کات ئەگەر تاك هەستی بەوە کرد چاودێرێك بەسەر سەریەوەو لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکات، وە خۆی وا راهێنا لە خراپەکان بەدوور بێتو کەسێکی دەست پاكو دەرون ساغو زمان راستو رەوشت بەرزو مولتەزیم بێت، ئەوە کۆمەڵگە تووشی کێشە نابێتو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان بەشێوەیەکی باش دەڕۆن بەڕێوەو، سەرەنجام بەختەوەریو ئاشتەوایی بەشێوەیەکی گشتی دروست دەبێو ئارامیو هێمنی باڵ بەسەر کایەکانی نێو کۆمەڵگە دەکێشێت.

چونکە ئەو کات ئەو تاکە تێ دەگات لە هەر جولانەوەو هەڵسوکەوتێکی کۆمەڵایەتیو لەهەر شوێنێکی کارو گوزەرانی ژیانەوە دەبێ حیساب بۆ رەهەندی تەقواداری بکاتو لەخۆی دانەبڕی، سەروەری مرۆڤایەتیش حەزرەتی محمد (درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێ: (**اتَّقِ اللَّهِ حَيْثُمَا كُنْتَ وَأَتْبِعْ السَّيِّئَةَ الْحَسَنَةَ تَمْحُهَا وَخَالِقِ الناس بِخُلُقٍ حَسَنٍ**)[2]، واتە: لەهەر کوێیەك بووی لە خوا بترسەو تەقوادار بە، ئەگەر کەوتیە ناو هەڵەو تاوانیشەوە یەکسەر چاکەیەك بکە تا رەشی بکاتەوە، وە بە هەڵسوکەوتو رەوشتی بەرزەوە مامەڵە لەگەڵ خەڵکی بکە.

بەو پێیەش تەقوا باشترین پاڵنەرە، کە مرۆڤ دەپارێزێ لە مەترسی پێشکەوتنەوەی فەرمانەکانی خوای گەورەو پێغەمبەری ئەکرەمەوە، لەهەمان کات وای پەروەردە دەکا، کە پابەند بێت بە بڕیارەکانی شەریعەتەوە.

---

1- البيّنات فى تفسير سورةِ الحجرات: ٢٤.

2- سنن الترمذى: ج٤ ص٣٥٥.

# باسی پێنجەم
# کاریگەری ناوو سیفەتەکانی خوای گەورە

لەبەشی کۆتایی ئایەتی یەکەمی سورەتی ئەلحوجورات خوای گەورە بە دوو لەسیفەتەکانی کۆتایی پێ هێناوە، هەر وەك دەفەرموێ: **(إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ)**، واتە: بەڕاستی خوا بیسەرە بە گوفتارتان، زانایە بە نیازو نهێنیەکانتان.

بە مانایەکی تر واتە: خوای گەورە بیسەرە بە هەموو ئەو قسەو باسانەی ئێوە دەیکەن‌و ئاگای لە هەموو جوڵەو هەڵسوکەوت‌و کارو کردەوەی مرۆڤەکانە[1].

زۆربەی موفەسیرانی قورئان کاتێ تەفسیری کۆتایی ئایەتەکانی لەو شێوە دەکەن، بە شێوەیەك بۆی دەچن کە لەگەڵ ماناو مەبەستی ئایەتەکە بگونجێ، بەڵام لێرەوە گرنگە کەمێك درێژ تر بچینە نێو مانای ئەو ناوو سیفەتانە، کە لە راستیدا مەغزای گەورەیان هەیە لەناو دڵ‌و دەرونی ئیمانداران‌و بەشێکی گرنگن لە بیرو باوەڕی کەسێتی موسڵمانەوە.

هەرچەندە سیفەتی (علیم) گشتگیر ترە، لەبەر ئەوەی خوای گەورە ئاگادارە بە هەرچی دەگوترێ‌و دەکرێ، بەس کە سیفەتی (سمیع)ی لەگەڵ باس کردووە، زانایان لە رووی واتاییەوە لێکیان جیا دەکەنەوە بەوەی (سمیع)ە بە گوفتاری بەندەکان. (علیم)ە بە رەفتارەکانیان.

خاڵێکی تر هەیە پێویستە ئاماژەی پێ بکەین، ئەوەیش ئەوەیە، کە خوای گەورە مادام سەمیعە ئەوە گوێ لە شتی باش‌و گونجاوو شیاو نەبێ ناگرێ، لەهەمان کات هەر کارو هەنگاوو رەفتارو کردەوەیەك بۆ خوا نەبێ خوای گەورە بایەخی پێ نادات، ئەمەش زادەی بەرهەمی ئیمانی بەندەکانە بەناوو سیفەتەکانی خوای گەورە.

زۆر دووبارە بوونەوەی ناوو سیفەتەکانی خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزو بەتایبەت لە ئایەتە ئیمانیەکان، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هەر یەك لەو ناوە جوانانەی خوای گەورە کاریگەری ئەرێنی زۆرو باش‌و قوڵ لەناخی ئیمانداران‌و موسڵمانان دەنێتەوە.

---

1- التفسير المنير: ج١٣ ص٥٤٤.

ئیمان بە سیفاتو ناوە بەرزەکانی خوای گەورە، وا دەکا مرۆڤ لە بەرامبەر هەر یەك لەناوەکان تێڕامانو بیرکردنەوەی خۆی بخاتە گەڕ بۆ ئەوەی بتوانێ ماناو مەغزایەکانی ئەو ناوە بەرزانە پیرۆز رابگرێو لەگەڵیان بوەستێو نزاو پاڕانەوەیان پێ بکات، چونکە خوای گەورە خۆی دەفەرموێ: **(وَلِلَّهِ الْأَسْمَاءُ الْحُسْنَى فَادْعُوهُ بِهَا)**[1]، واتە: هەر بۆ خوایە هەموو ناوە جوانو پیرۆزەکان، جا(ئەی ئیمانداران) بەو ناوانە دوعاو نزا بکەنو هاناو هاوار بۆ ئەو زاتە بەرن.

هێزی ئیمان بەو ناوە بەرزو سیفەتە جوانانە، بەرهەمی جوانو بەپێز لەناخی مرۆڤ دەچێنن، لە بەردەوامی رۆشنایی دەروونو دۆزینەوەی راستیەکانو خۆ رازاندنەوە بە هەقیقەتە ئیمانیەکانو دوور کەوتنەوە لە خەسڵەتو شتە ناشایستەو قەدەغەکراوەکان، دەیگەیەنێتە ترۆپکی خواپەرستی، بەشێوەیەك وا بیر بکاتەوە، کە بەردەوام خوای گەورە ئاگاداری ئەو کەسەیەو بەردەوامیش جوڵەو کارو هەنگاوەکانی دەبینێ.

ئیمان بە ناوە بەرزو پیرۆزەکانی خوای گەورە وا دەکات مرۆڤ بگاتە چەمکەکانی وەك ئیخلاصو موڕاقەبە، ئیخلاس بەو واتایەی کە کارو هەنگاوەکان تەنها بەمەبەستی وەدەست هێنانی رەزامەندی خوای گەورە بن، موڕاقەبەش بەو واتەیە، مرۆڤ بەردەوام وای لەبەر چاوو هزر بێ، کە خوایەکی گەورەو باڵا دەست هەیە بەسەر سەریەوە چاودێرەو ئاگای لە هەموو لایەکی ژیانو تەنانەت حاڵو باڵە دەروونیەکانیش هەیە، ئیدی وەك دەڵێ: **(فمن راقب الله في سرّه، حفظه الله في سرّه وعلانيته)**، هەر کەسیش ئەمە بکات دەرەنجام بە سوود بۆ خۆی دەگەڕێتەوە.

وا دەکا بەهۆی کاریگەری ئەو ناوانەوە بەردەوام لەسەر هەستێکی زیندوو و دەرونێکی بە ئاگاو بیرکردنەوەیەکی تەندروست بێت، بۆ ئەوەی نەکەوێتە غەفڵەتو پەرێزی تاوانەوە.

هەر یەك لە ناوەکانی خوای گەورە هێزو گوڕو تین بە ناخو دەروونو ئیمانی بەندەکان دەبەخشێت، بۆ بەردەوام بوون لەسەر خواپەرستیەکانو راگرتنی سنوورەکانو نەشکاندنی قەدەغەکراوەکانو خۆ دانان لەبەردەم دادگایی ئیلاهیو لێپرسینەوەی قیامەتیو هەست کردن بە بەرپرسیارێتی ئەخلاقیو ئیمانیو دونیاییو دوارۆژیدا.

---

1- سورة الأعراف: ١٨٠

بۆیە ئەرکە لەسەرمان بەردەوام بایەخ بە ماناو لایەنە شاراوەکانو حیکەمەتی ناوە جوانو سیفەتە بەرزەکانی خوای پەروەردگار بدەین، بۆ ئەوەی هەمیشە نووری ئیمان لەناو دەروونمان گەشاوە بێتو لە سایەی تیشکەکانیەوە ڕێبازە جوانەکەی ئیسلامی پێ بگرینە بەرو، بە بەردەوامی نزاو هیدایەتی خواوەندی گەورە درێژە پێ بدەین.

کەواتە ئەگەر هەر تاکێك لەناو کۆمەڵگە هەستی بەو راستیانە کردو لە ئەنجامی جێگیر کردنی ناوەکانی خوای گەورە لەناو دەروونیو کار کردن بە مەغزاو هەقیقەتەکانیان، خۆی راهێنا لەسەر رەوشتە بەرزەکانو دوور کەوتنەوە لە رەوشتە خراپەکان، ئەوە دەبێتە رێسایەکی گرنگی پەروەردەی تاکەکان لەسەر بنەمایەکی ئیمانی پتەو، کە سەرەنجام کۆمەڵگە لە سایەیەوە بەختەوەر دەبێو دەگاتە چوارچێوە ئاساییەکانی بەڕێوە چوونی خۆیەوە، چونکە ئەو تاکە دەزانێ پێش کەوتنەوەی فەرمانەکان دروست نیەو، بە پێوەری تەقواش خۆی دەپارێزێو بنەما ئەخلاقیەکانی رادەگرێ.

# باسی شەشەم

# دەرەنجامو چەند راستیەکی گرنگ

لەئەنجامی خستنە رووی ئەو چەند باسەی پێشەوە، گەیشتینە ئەو راستیە، کە لەو ئایەتەدا خوای گەورە کۆمەڵێك راستیو رێسای باس کردووە، کە دەکرێ بە خاڵی گرنگ دابندرێن لە چۆنیەتی هەڵسوکەوتو ئەدەب نواندن لەگەڵ دەستەلاتی تەشریعی، یان لەگەڵ هەردوو سەرچاوەکەی شەریعەت، کە قورئانو سوننەتە، بۆیە ئەگەر بەشێوەی خاڵبەندیو پوختەوە سوودو لایەنە گرنگەکانی ئەو ئایەتە باس بکەین دەکرێ خۆی لەو چەند خاڵە ببینێتەوە:

١- بانگەوازی خوای گەورە بۆ ئیمانداران بە نیدای ئیمانەوە، وێڕای ئەوەی رێزدانانی خوای باڵادەستە بۆ بڕواداران، لەهەمان کاتدا ئاماژەیە بۆ ئەو پەیامە گرنگەی لەدوای ئەو نیدایەوە دێت.

٢- هۆشیار کردنەوەی ئیمانداران لەوەی بە هیچ شێوەیەك پێش فەرمانی خوای گەورەو پێغەمبەری ئازیز نەکەونو بڕیاری پێش وەختە دەرنەکەن، چونکە خوای گەورە خۆی دەزانێ

کاروباری دونیاو ژیانو ئادەمیزاد چۆن بەڕێوە دەبات، کەواتە کەس بۆی نیە نە بە رەفتارو نە بە گوفتار، وەپێش شەریعەتی خواو پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) بکەوێت، چونکە ئەمە مەترسیدارە بۆ ئیمانو عەقیدەی مرۆڤەکانو لەهەمان کاتیش کێشە بۆ کۆمەڵگە دروست دەکات.

٣- هەر لەو ئایەتە خوای گەورە فەرمان دەکا بە تەقوا، کە لەدوای ئیمانەوە کاریگەرترین هێز لەناو دەروونی تاکەکان تەقوای خوای گەورەیە، کە مرۆڤ بە شێوەیەك ئاراستە دەکات هەم حیساب بۆ لای خوای گەورە بکات، هەم خۆی لەسەر چاکە رابێنێو هەمیش بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بێت خۆی لە خراپەو تاوانو دیاردەو کارە ناشیاوەکان بەدوور بگرێت.

٤- بەستنەوەی دەروونو ئیمانی بەندەکان بە ناوە جوانو سیفەتە بەرزەکانی خوای گەورە، هۆشیاریو پێدانی پەیامێکی گرنگە بۆ بڕواداران، کە هەمیشە لەگەڵ ئەو ناوە جوانو بەرزانە تێکەڵ بن، بۆ ئەوەی هەم کاریگەری ئەو ناوە پیرۆزانە بەسەریانەوە رەنگ بداتەوە، هەمیش لەئەنجامی تێگەیشتن لە مانـاو مەبەستو مەغزاکانی ئەو ناوو سیفەتانە، رەنگدانەوەی ناوەڕۆكو پایەداریان لەناو دەروونی تاك بەشێوەیەکی تایبەتو لەناو کۆمەڵگە بە شێوەیەکی گشتی جێگیر بێتەوە، ئەمە وێڕای ئەوەی پەیامێکە بۆ مرۆڤەکان، کە خوای گەورە هەم بیسەرە بە قسەو گوفتارەکانیان، هەمیش ئاگادارە بە کردارو رەفتارەکانیان[1].

کەواتە بە پێی مانـاو ئامانجەکانی ناوەڕۆکی ئەو ئایەتە، دەکرێ بڵێین: ئەگەر لەناو کۆمەڵگەیەکی زۆرینە موسڵمان، تاکەکان پابەندیەکی تەواویان هەبێو بایەخ بۆ ئەو جۆرە بانگەوازە دابنێنو، رێز لە فەرمانەکانی خواو پێغەمبەر بگرنو، وەپێش شەریعەت نەکەونەوە، لەگەڵ ئەوەش خۆپارێزی رەچاو بکەنو بەردەوام خۆیان لەسەر ئاکارە بەرزکان رابێننو، رۆحیان ئاوێتەی خۆشەویستی ناوە جوانو سیفەتە پڕ حیکمەتەکانی خوای گەورە کەن.

قەت مومکین نیە زۆرێك لە کێشەکانی نێو کۆمەڵگە چارەسەر نەبن، بە مانایەکی تر، ئەو کۆمەڵگەیە دەکەوێتە سەر خەتو بە ئاراستەی جوانو پابەندو ئاسایی دەچێتە پێشەوەو، بگرە تاکەکانی بەرەو ئاستی رۆشنبیریەکی باشو هۆشیاریەکی گرنگ ئاراستە دەبێ، کە ئەمەش کاریگەری ئەرێنی زۆرو بۆر بەدوای خۆیەوە دادێنێت.

---

1- البيّنات في تفسير سورة الحجرات: ٣٧.

# بەشی سێیەم

# چۆنیەتی هەڵسوکەوتو ئەدەب نواندن بەرامبەر پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت)

# سەرەتا..

لەو بەشەدا باس لە پێگەو گرنگی بابەتێکی تری نێو سورەتی (ئەلحوجورات) دەکەین، کە باس لەوە دەکات، موسڵمانان دەبێ چۆن هەڵسوکەوت لە گەڵ پێغەمبەری ئیسلام (درودی خوای لەسەر بێت) بکەنو وە چۆن ئەدەب لە خزمەتی بنوێنن؟ چونکە ئەگەر لە ئایەتی یەکەم باس لەوە کرا پێش فەرمانەکانی نەکەوین، ئەوە لێرە زیاتر نزیکمان دەکات لە پێغەمبەرەوە بەوەی دەبێ هۆشیاریش بین لەو چوارچێوە سوونەتیانەی، کە پێویستە لە بەرامبەرو لە ئاست ڕێبازو فەرموودەکانی رەچاو بکرێن.

هەروەها چەند شێوازێکی گرنگی لە چۆنیەتی ئەو ئەدەبو ڕێز نواندنە لە بەرامبەر سەروەرو پێشەواو گەورەی ئۆممەتی ئیسلام حەزرەتی محمد (درودی خوای لەسەر بێت) دیاری کردووە، کە خۆی لە ئایەتی دووەمو سێیەمو چوارەمو پێنجەم دەبینێتەوە، کە لێرەدا ئایەتەکان دەخەینە روو، پاشان بەشێوەیەکی وردتر دەچینە نێو ئەو باسەوە.

خوای گەورە دەفەرموێ : **(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَرْفَعُوا أَصْوَاتَكُمْ فَوْقَ صَوْتِ النَّبِيِّ وَلَا تَجْهَرُوا لَهُ بِالْقَوْلِ كَجَهْرِ بَعْضِكُمْ لِبَعْضٍ أَنْ تَحْبَطَ أَعْمَالُكُمْ وَأَنْتُمْ لَا تَشْعُرُونَ، إِنَّ الَّذِينَ يَغُضُّونَ أَصْوَاتَهُمْ عِنْدَ رَسُولِ اللَّهِ أُولَئِكَ الَّذِينَ امْتَحَنَ اللَّهُ قُلُوبَهُمْ لِلتَّقْوَى لَهُمْ مَغْفِرَةٌ وَأَجْرٌ عَظِيمٌ، إِنَّ الَّذِينَ يُنَادُونَكَ مِنْ وَرَاءِ الْحُجُرَاتِ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ، وَلَوْ أَنَّهُمْ صَبَرُوا حَتَّى تَخْرُجَ إِلَيْهِمْ لَكَانَ خَيْرًا لَهُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ)**.

واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە دەنگتان بەسەر دەنگی پێغەمبەردا (درودی خوای لەسەر بێت) بەرز مەکەنەوە لەکاتی گفتوگۆدا، قسە بێ پەردە مەکەن لەخزمەتیدا، وەکو بۆ یەکتری دەکەن، نەوەکو کردەوەکانتان پووچ بێتەوەو هەستیشی پێ نەکەن.

بەڕاستی ئەوانەی کە دەنگیان هێواش دەکەنەوە لە خزمەت پێغەمبەری خوادا، ئەوانە ئەو کەسانەن کە خوای گەورە دڵەکانیانی زاخاوداوە بۆ تەقواو خواناسین، ئەوانە لێ خۆشبوونو پاداشتی گەورەو گرانبەها بۆیان ئامادەیە.

بەڕاستی ئەوانەی لە دەرەوەی ژوورەکان بانگت لێ دەکەن ئەوانە زۆربەیان نەفامنو ژیری وەرناگرن (چونکە رەوشتی کۆمەڵایەتی دروستیان لەو بوارەدا رەچاو نەکردووە).

خۆ ئەگەر ئەوانە خۆگربوونایە تا دەچویتە دەرەوە بۆ لایان، ئەوە چاکترو ڕەواتر بوو بۆیان خوا لێخۆشبوو میهرەبانە..

دەکرێت ئەم چوار ئایەتە ڕێنموویی بێت بۆ سەرجەم ئیمانداران، تا ڕێزی پێشەواکانیان بگرن، چونکە خوای گەورە لە چەندین شوێنی تریش لە قورئانی پیرۆز باسی لەو هەڵسوکەوتە هەستیارە کردووە، کە پێویستە ئینسانی موسڵمان لە بەرامبەریدا ملکەچ بێتو ئاگاداری ئەو هێڵە گشتیانەو ئەدەبو ڕێزو تەقدیری پێغەمبەری پێشەوا بێت، چونکە زۆرێك لەخەڵکی تووشی کەمتەرخەمی هاتوون لەو بوارەوەو بگرە خەڵکانێکیش هەن هێندەی سەرسامن بە وتەو لێزانینی خۆیان، هێندە بە پەرۆش نینە زانینو هەڵسوکەوتی بەرزو بەجێ، لە پێشەوای مرۆڤایەتی حەزرەتی **محمد** (درودی خوای لەسەر بێت) وەربگرن، چونکە خوای گەورە بەهۆی ئەو پێشەوایەوە گرۆی مرۆڤایەتی لە نەفامی ڕزگار کردو هەر لەڕێی ئەویشەوە پەیامی ئاسمانی بە زەوی گەیاندو پەروەردەیەکی جوانو تەندروستی فێر کردین، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێ: **(لَقَدْ مَنَّ اللَّهُ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ إِذْ بَعَثَ فِيهِمْ رَسُولًا مِنْ أَنْفُسِهِمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِنْ كَانُوا مِنْ قَبْلُ لَفِي ضَلَالٍ مُبِينٍ)**[1]، واتە: سوێند بێت بێگومان خوا منەتی ناوەتە سەر ئیمانداران کاتێك پێغەمبەرێکی بۆ ڕەوانە کردوون لە خۆیان ئایەتەکانی ئەویان بەسەردا دەخوێنێتەوە، دڵو دەروونیان پاكو پوخت دەکاتەوە، هەروەها فێری قورئانو داناییان دەکات، بەڕاستی پێشتر لە گومڕاییەکی ئاشکرادا ڕۆچوو بوون.

ئەو چەند ئایەتەی سەرەوە بەشێکی گرنگن لە ڕێنموویی خوایی، تا بزانین چۆن هەڵسوکەوت لەخزمەت ئەو پێغەمبەرەو فەرمانەکانی بنوێنین، جا بۆ ئەوەی لە ماناو مەبەستەکانی نێو ئەو چەند ئایەتە بگەین لە چەند باسێکەوە گرنگی ئەو تەوەرە دەخەینە ڕوو:

---

1- سورة آل عمران: ١٦٤.

# باسی یەکەم
# هۆکاری دابەزینی ئەو ئایەتانە

- سابتی کوڕی قەیس، یەکێك بوو لە سەحابەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت)، پیاوێکی دەنگ بەرز بووە، لەبەر ئەوەی گوێیەکانی گران بووینە، کاتێ ئەو ئایەتە دابەزی، سابت چووە ماڵەوەو دەرگایەکەی لەسەر خۆی داخستو خۆی لەخەڵك دوور خستەوەو دەستی کرد بە گریانو زۆر غەمناك بوو، لەبەر ئەوەی وای هەست کرد ئەو ئایەتە بەسەر ئەودا نازڵ بووە، دواتر پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێ) لە هەواڵی سابتی پرسیو چەند کەسێکی راسپارد بەدوای بگەڕێن، کە چوونە ماڵەوەی دیتیان سابت دەگرییێ، پرسیان ئەوە چیت لێ قەوماوە پێغەمبەر هەواڵت دەپرسیێو تۆی دەوێ !؟ ئەویش گوتی: سوێند بەخوا لەو رۆژەی ئایەتی (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَرْفَعُوا أَصْوَاتَكُمْ فَوْقَ صَوْتِ النَّبِيِّ وَلَا تَجْهَرُوا لَهُ بِالْقَوْلِ كَجَهْرِ بَعْضِكُمْ لِبَعْضٍ أَنْ تَحْبَطَ أَعْمَالُكُمْ وَأَنْتُمْ لَا تَشْعُرُونَ)، دابەزیووە، من وا هەستەکەم لەگەڵ منیەتی چونکە دەنگم بەرزە لە خزمەت پێغەمبەر (سەلامی خوای لێ بێ)، وە ترسی ئەوەم هەیە هەموو کارو کردەوەکانم پووچ بێتەوەو لە ریزی ئەوانە بم کە دەچنە ناو دۆزەخەوە.

ئەم هەواڵەیان گەیاندەوە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) لەبەرامبەر ئەوەدا فەرمووی: بڕۆن پێی بڵێن: ئەو ئایەتە لەسەر ئەو دانەبەزیوەو موژدەشی بدەنێ کردەوەکانی وەکو خۆیەتی، با ئاسودە بژیو پلەی شەهادەشی بە قسمەت دەبیێو دەچێتە بەهەشتیشەوە[1].

لەریوایەتێکی تر هاتووە: کە خەڵکانێك هەبوون بە دەنگی بەرزەوە لە خزمەت پێغەمبەر قسەیان دەکردو هاواریان لێ هەڵدەستا، خوای گەورەش ئەو ئایەتی ناردە خوارەوە: **(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَرْفَعُوا أَصْوَاتَكُمْ فَوْقَ صَوْتِ النَّبِيِّ...)**.

---

1- تفسير سورة الحجرات: ٧.

- کاتێ ئایەتی **(لَا تَرْفَعُوا أَصْوَاتَكُمْ...)** دابەزی، سابتی کوڕی قەیس هەستی بەوە کرد دەنگی گەورەو بەرزە، بڕیاری داو گوتی: بەڵێن بێت لە خزمەت پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) قەت دەنگم بەرز نەکەمەوە.

هەروەها لەگەڵ دابەزینی ئەو ئایەتە ئیمامی ئەبوبەکر (ڕەزای خوای لەسەر بێت)، سوێندی خواردو فەرموی: بەڵێن بێ بە شێوازێکی نەرمو دەنگێکی نزمەوە قسە لە خزمەت پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) بکەم، خوای گەورەش ئەو ئایەتەی نارده خوارەوە کە دەفەرموێ: **(إِنَّ الَّذِينَ يَغُضُّونَ أَصْوَاتَهُمْ عِنْدَ رَسُولِ اللَّهِ أُولَئِكَ الَّذِينَ امْتَحَنَ اللَّهُ قُلُوبَهُمْ لِلتَّقْوَى لَهُمْ مَغْفِرَةٌ وَأَجْرٌ عَظِيمٌ)**.

- هەروەها هۆی دابەزینی ئایەتی چوارەمی ئەو سورەتە ئەوە بووە، کە خەڵکانێك هەبوونە لەناو عەرەباندا کاتێ دەهاتنە لای پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت)، هەر لە دەرەوی ماڵی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت)، هاواریان دەکرد: یا محمد یا محمد.

لەریوایەتێکی تردا هاتووە: پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت)، بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد: یا محمد.

لەریوایەتێکی تریش هاتووە: کە وەفدی بەنو تەمیم کاتێ هاتنە لای پێغەمبەرو چوونە مزگەوتەوە، یەکسەر هاواریان کرد: یا محمد یا محمد ... وەرە دەرەوە ئێمە هاتینە لای تۆ، لەو کاتەشدا پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت)، لەناو ماڵکەی خەوتبوو، بۆیە خوای گەورە ئەو ئایەتەی نازڵ کرد کە دەفەرموێ: **(إِنَّ الَّذِينَ يُنَادُونَكَ مِنْ وَرَاءِ الْحُجُرَاتِ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ)**.

# باسی دووەم

# مەترسی بەرزکردنەوەی دەنگ لە خزمەت پێغەمبەر(دروودی خوای لەسەر بێت)

بەپێی ئەو ئایەتەی خوای گەورە نازڵی کردووە، بۆ هۆشیار بوونەوەی موسڵمانان لە چۆنیەتی ڕێز نواندن بەرامبەر پێغەمبەرو بەرز ڕاگرتنی مەقامی ئەو سەروەرە، دەبێ ئەو ڕاستیەمان لا روون بێ، کە نابێ بە هیچ شێوەیەك دەنگ بەرز بکەینەوە بەسەر پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت)، ئەوەش بەو مانایە دێت، کە نابێ لە ئاست فەرمانەکانی ئەودا دەنگ هەڵبڕین، چونکە ئەگەر هۆکاری دابەزینی ئەو ئایەتە لەبارەی خەڵکانێکە، کە لەسەردەمی ژیانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) دەنگیان بەرز کردۆتەوە، ئەوە ئێمەش دەگرێتەوە، لەبەر ئەوەی کار بە حوکمی گشتی ئایەت دەکرێ نەك بە هۆکاری دابەزینی.

لەسەر ئەوەش زانایان دەفەرموون: ئەو حوکمە شمولی سەردەمی ژیانو دوای وەفاتی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) دەکات، بەوەی لە ئاست گۆڕو ماڵەکەی، هەروەها لە ئاست فەرموودەکانیەوە دەنگ بەرز نەکەینەوەو بەو پەڕی ئەدەبو ڕێز هەڵسوکەوتو مامەڵە بکەین، چونکە حورمەتی ئەو پێغەمبەرە بە زیندووییو بە مردوویی وەکو یەکە، هەروەك فەرمانەکانی لە سەردەمی ژیانو لەدوای وەفاتی یەك حوکمیان هەیە.

لەلایەکی ترەوە خوای گەورە ئەوەمان پێ دەڵێ: کە لەو کاتانەی گوێمان لە دەنگی قورئان دەبێ گوێڕایەڵی بکەینو بێدەنگی بنوێنین هەروەکو دەفەرموێ: **(وَإِذَا قُرِئَ الْقُرْآنُ فَاسْتَمِعُوا لَهُ وَأَنْصِتُوا لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ)**(1)، واتە: کاتێك کە قورئان دەخوێندرێت، ئەوە گوێی بۆ بگرنو دڵی بدەنێو بێ دەنگ بن، بۆ ئەوەی ئێوە ڕەحمتان پێ بکرێتو پەروەردگار بەزەیی پێتاندا بێتەوە (گوێ گرتن بەدڵ و بێدەنگی کار کردی خۆی هەیە لەسەر بیسەر، بێجگە لە پاداشتی بێ سنوور).

---

1- سورة الأعراف: ٢٠٤.

ئیٚ خۆ فەرموودەی پێغەمبەریش (دوردی خوای لەسەر بێت) بەشێکە لە سروش (وحی)، چونکە خوای گەورە دەفەرمویٚ: **(وَمَا يَنْطِقُ عَنِ الْهَوَى، إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَى)**[1]، واتە: قسەو گوفتاریشی (ئەوەی کە قورئانە) لە ئارەزوو بازیو هەواو هەوەسەوە نیە، ئەمەی کە رای دەگەیەنێت تەنها نیگاو وەحی خواییە.

لەبەر ئەوەیە کە یاوەرانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) باش لەو راستیانە شارەزا بوونەو، هەر لەگەڵ دابەزینی ئەو فەرمانە ملکەچیان نواندووەو لە سەر ئەرزی واقیع جێبەجێیان کردووە.

ئەوەتا لەگەڵ دابەزینی ئەو ئایەتە پێشەوای ئیمانداران حەزرەتی ئەبوبەکر دەفەرمویٚ: سوێندم بەخوا ئەو جارە بە شێوەیەکی زۆر نەرمو هێواشو بە دەنگی نزمەوە قسە لە خزمەت پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) دەکەم.

هەروەها ئیمامی عومەر (رەزای خوای لەسەر بێت)، لەگەڵ خوێندنەوەی ئەو ئایەتە، بەشێوەیەك هەڵسوکەوتی دەنواندو قسەی لە خزمەت پێغەمبەر دەکرد، کە زۆر جاری وا هەبووە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) لەقسەکانی حاڵی نەبووەو پێی دووبارە کردۆتەوە.

هەتا جارێکیان لەدوای وەفاتی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت)، لەناو مزگەوت دوو پیاوی بینی بە دەنگی بەرز هاواریان دەکرد، لێیان چووە پێشەوەو فەرمووی: ئێوە خەڵکی کوێن؟ گوتیان: خەڵکی (تائیف)ین. فەرموی: سوێند بیٚ بەخوا خەڵکی مەدینە بوونایە لێم دەدان چۆن بەو دەنگە بەرزە لە خزمەت گۆڕی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت)، هاوار دەکەن.!

ئەو فەرمانە وە نەبیٚ تەنها لەسەر ئەوە کورت بێتەوە، کە مرۆڤ نابیٚ لە خزمەتی بەدەنگی بەرز قسە بکات، بەڵکو لایەنە شاراوەکە لێرەدا ئەوەیە، کە دەبیٚ عەقڵو هزرو ڕامانیشمان وا لیٚ نەکەین بەسەر فەرمایشتەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت)، بەرزیان بکەینەوەو پێمان وابیٚ عەقڵو ماریفەتی ئێمە بەرز ترە لە عەقڵو حیکمەتی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت)، چونکە ئەگەر مەبەست تەنها دەنگ بێت، ئەوە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر

---

1- سورة النجم: ٣-٤.

بێت) بە سابتی نەدەفەرموو: ئەو ئایەتە شمولی تۆ ناکات، ئەمە لەکاتێکدا دەنگی (سابت) لە دەنگی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) بەرزتر بووە، بەڵام لە رووی عەقڵ‌و ملکەچی‌و پابەندی (سابت) زۆر رێکو پێك بووەو لە فەرمانی ئەو نەچۆتە دەرەوە.

بۆیە خوای گەورە لە مەترسی دەنگ بەرزی‌و لوت بەرزی‌و شێوازی دەربڕینی خراپ‌و بێ بنەما ئاگادارمان دەکاتەوە، بۆ ئەوەی خوانەخواستە نەکەوینە حاڵەتێکی وا کە کارو کردەوەکانمان بەرەو رەش بوونەوەو بەتاڵی برۆن‌و هەستیشیان پێ نەکەین، هەروەك دەفەرموێ: **(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَرْفَعُوا أَصْوَاتَكُمْ فَوْقَ صَوْتِ النَّبِيِّ وَلَا تَجْهَرُوا لَهُ بِالْقَوْلِ كَجَهْرِ بَعْضِكُمْ لِبَعْضٍ أَنْ تَحْبَطَ أَعْمَالُكُمْ وَأَنْتُمْ لَا تَشْعُرُونَ)**.

بە پێی ئەو ئایەتە بێت دەبێ لەگەڵ ئەوەی کە نابێ دەنگ بەرز بکەینەوە، لەهەمان کاتیش ئەبێ شێوازی قسەکردن‌و ئەدەب نواندن بەرامبەر بە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت)، زۆر جیاواز بێت لەو شێوازەی ئێمە کە قسەو گفتوگۆی پێ لەگەڵ یەك دەکەین، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ زۆر هۆشیار بین لەو گوفتارو رەفتارانەی، کە سەر دەکێشن بۆ کەمکردنەوەی چاکەو کردەوەکانمان.

ئەوەی لەسەر ئێمە بێت تەنها پابەندی‌و ملکەچی نواندنە، بەشێوەیەك کە ئەو پەڕی رێزو ئەدەبی تێدا بێت، هەروەکو ئیبنو قەییمی جەوزی دەڵێ: وەك چۆن خوای گەورە فەرمانی پێداوین تاعەتی بکەین، بەهەمان شێوە فەرمانی ئەوەشی پێداوین کە گوێڕایەڵی پێغەمبەریش بکەین‌و بەو پەڕی دڵفراوانی‌و ملکەچیەوە فەرمانەکانی وەربگرین[1].

هەروەها زانایان لە تەفسیری رستەی **(وَلَا تَجْهَرُوا لَهُ بِالْقَوْلِ كَجَهْرِ بَعْضِكُمْ لِبَعْضٍ)**، وایان لێك داوەتەوە، کە نابێ شێوازی بانگ کردنی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) وەك شێوازی بانگ کردنی یەکتر بێت، واتە نابێ بڵێین: یا محمد یا أحمد، بەڵکو پێویستە بڵێین: یا رسول الله، یا نبی الله، وەك رێز دانان‌و بەرز راگرتنی مەقامی پێغەمبەراتی[2]، وە نابێ هیچ شێوازێکی واش بەکار بێ، کە بەشێوەیێ لەشێوەکان بێ رێزی تێدا بەدی بکرێت، هەروەکو خوای گەورە لەشوێنێکی تری قورئانی پیرۆز دەفەرموێ: (لَا تَجْعَلُوا دُعَاءَ الرَّسُولِ بَيْنَكُمْ

---

1- أعلام الموقعين: ج١ ص٤٨.

2- الجامع لأحكام القرآن: ٢١٦.

كَدُعَاءِ بَعْضِكُمْ بَعْضًا قَدْ يَعْلَمُ اللَّهُ الَّذِينَ يَتَسَلَّلُونَ مِنْكُمْ لِوَاذًا فَلْيَحْذَرِ الَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِ أَنْ تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ)[1]، واتە: ئەی یاوەران نەکەن بانگی پێغەمبەر بکەن، وەك ئەوەی خۆتان لە نێوان یەکتردا بانگی یەك دەکەن (چونکە دەبێت قەدری پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) تایبەتی بێت، بێگومان خوا دەزانێت بەوانەی کە خۆیان پەنهان دەکەنو خۆ دەدزنەوە لە کارو فەرمان، دەبا ئەوانەی کە سەرپێچی لەفەرمانی دەکەن بترسن لەوەی کە تووشی تاقی کردنەوەیەکی سەخت، یان تووشی سزایەکی بە ئێش بن.

دەبێ مرۆڤی موسڵمان لەوە ئاگادار بێ، کە پێچەوانەی فەرمایشتەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) نەجوڵێتەوەو قسەی خۆی بەسەر قسەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) نەخات، وە دەبێ بە شێوازێکی جوانیش مامەڵە لەگەڵ سوونەتو رێبازو فەرموودەکان بکات، بۆ ئەوەی تووشی ئەوە نێت، کە کارو کردەوەی لەدەست بداتو لە پاداشتی چاکەکانی مەحرووم بێتو هەستی پێ نەکات، چونکە زۆر جاری وا هەیە یەك وشە، لە رووی ئیمانیو عەقیدەییو تەنانەت بەرپرسیارێتی ویژدانیو ئینسانیش مرۆڤ تووشی قەیرانی گەورە دەکاتو لێی دەربازو سەرکەوتوو نابێ.

بۆیە لەو بارەوە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێ: (**إِنَّ الْعَبْدَ لَيَتَكَلَّمُ بِالْكَلِمَةِ من سَخَطِ اللَّهِ لَا يُلْقِي لها بَالًا يهوى بها في جَهَنَّمَ**)، واتە: جاری وا هەیە مرۆڤ وشەیەك دەردەبڕێو بە پێی ویستی خوا نیەو خۆیشی بەلایەوە گرنگ نیەو باکی پێی نیە، کەچی بەهۆیەوە دەچێتە نێو دۆزەخەوە.

ئەمە وێڕای ئەوەی کە هۆشداریو سزای توند بۆ ئەو کەسانە دیاری کراوە، کە بە هەر شێوازێ لە شێوازەکان ئازاری پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) دەدەن، وەك خوای گەورە دەفەرموێ: (**إِنَّ الَّذِينَ يُؤْذُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ لَعَنَهُمُ اللَّهُ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ وَأَعَدَّ لَهُمْ عَذَابًا مُهِينًا**)[2]، واتە: بێگومان ئەوانەی ئازاری خواو پێغەمبەرەکەی دەدەن (مەبەست ئازاردانی پێغەمبەرە (درودی خوای لەسەر بێت) یان ئەوانەی کە هاوەڵ بۆ خوا بڕیار دەدەنو کوفر

---

1- سورة النور: ٦٣.

2- سورة الأحزاب: ٥٧.

دەکەنو جوێنی پێ دەدەن) خوا نەفرینی لێ کردون لە دنیاو قیامەتدا سزایەکی زۆر خەجاڵـەت ئاوەڕو سەرشۆڕکەریشی بۆ ئامادەکردوون.

هۆشیار بوون لەو بابەتەو چۆنیەتی ئەدەب نواندن لەئاست ڕێبازو سوونەتو فەرموودەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت)، هۆکارێکی گرنگ دەبێ، لـەدانانی خـشتێکی تـر لـە خشتەکانی قەڵای رەفتارە جوانەکانی کۆمەڵگەی ئیسلامیو پەروەردەی تاکی موسڵمانەوە.

# باسی سێیەم
# ئەدەب نواندن کلیلی سەرکەوتنو پاداشتو هیدایەتە

بێگومان پابەندی نواندن لە هەر پەیامو فەرمانو بڕیارێکی خوای گەورە، وا دەکات مـرۆڤ بەهۆیەوە بگاتە بەختەوەری دەروونیو هیدایەتی ئیمـانیو سـەرکەوتنی ژیـانو پاداشـتی زۆرو بەخێرەوە، هەر ئەو جۆرە کەسانەشن، کە خوای گەورە بە دەرچوو لە تاقیکردنـەوەی دونیـاییو قیامـەتی وەسـفی کـردوونو گەیـشتوونەتە ژێـر بـاڵی رەزامەنـدیو لێخۆشـبوونی خـوای میهرەبانەوە، بۆیە خوای گەورە لەبارەیانەوە دەفەرموێ: **(إِنَّ الَّذِينَ يَغُضُّونَ أَصْوَاتَهُمْ عِنْدَ رَسُولِ اللَّهِ أُولَئِكَ الَّذِينَ امْتَحَنَ اللَّهُ قُلُوبَهُمْ لِلتَّقْوَى لَهُمْ مَغْفِرَةٌ وَأَجْرٌ عَظِيمٌ)**، واتە: بەڕاستی ئەوانـەی کە دەنگیان هێواش دەکەنەوە لە خزمەت پێغەمبەری خوادا، ئەوانە ئەو کەسـانەن کـە خـوای گەورە دڵەکانیانی زاخاوداوە بۆ تەقواو خواناسـین، ئەوانـە لـێ خۆشـبوونو پاداشـتی گـەورەو گرانبەها بۆیان ئامادەیە.

بەپێی ئەو ئایەتە ئەو کەسـانەی سـەر دادەنـوێننو بـەرێزەوە مامەڵـە لەگـەڵ پێغەمبـەرو فەرمودەکانی دەکەن، ئەوە خوای گەورە بەڕێزەوە سەیریان دەکاتو دەروونیـان دەکاتـەوە، بـۆ خێرو خۆشیو تەقواو نزیك بوونەوە لە پەروەردگاری جیهانیان، دڵیان وا لێ دەکات لـە هـەموو دەردو نەخۆشیەك پاك بێتەوەو هەرچی خراپەو تـاوانو ژەنـگ هەیـە لێـی دائـەماڵێو نـوێی دەکاتەوەو ئامادەی دەکات بۆ جێگیر بوونەوەی تامو لـەززەتی ئیمـانو تـەقوا، کـە سـەرەنجام

تێکڕای ژیانو حاڵو باڵی بەختەوەر دەکاتو لەسایەی سێبەری ئیسلامو نووری ئیمان دەیحەسێنێتەوە.

ئەوانەی ئەو خەڵاتە (تەقوا) بۆ دڵو دەروونیان وەردەگرن، بێگومان لەڕێیەوە دەکەونە ژێر گەورەترین نیعمەتی خوای گەورە، چونکە ئەو هێزە ئیمانیە وا دەکات، هەمیشە مرۆڤ خۆی لە خراپەکان دوور بگرێتو لەسەر ئەو هەنگاوانە بڕوا، کە نزیکی دەکەنەوە لە ڕێبازە مەعریفیەکان، لەهەمان کاتیش پاداشت وەردەگریو بە ڕەزامەندی خوای باڵا دەست شاد دەبێ، چونکە خۆگرتنەوە لە تاوانو سەرپێچی نەکردنی فەرمانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت)، لە بەر خاتری خواو لە پێناو وەدەست هێنانی ڕەزامەندی پەروەردگار پاداشتی گەورەی بۆ دانراوە، وەك لە ئایەتەکە ئاماژەی بۆ کراوە.

بۆیە کاتێ لە نامەیەکدا بۆ ئیمامی عومەر دەنووسرێ[1]، ئایا ئەو پیاوە باشترە کە شەهیەی گوناهی نیەو ئەنجامیشی نادات؟ یان ئەو پیاوەی ئارەزووی گوناهی هەیە بەڵام لەترسی خوا ئەنجامی نادات؟

لەوڵامدا فەرمووی: **(إن الذين يشتهون المعصية ولا يعملون بها: أُولَئِكَ الَّذِينَ امْتَحَنَ اللهُ قُلُوبَهُمْ لِلتَّقْوَى لَهُمْ مَغْفِرَةٌ وَأَجْرٌ عَظِيمٌ)**، واتە: ئەوانەی ئارەزووی تاوانیان هەیەو لەترسی خوا ئەنجامی نادەن، ئەوە ڕێك ئەو کەسانەن، کە خوای گەورە دڵەکانیانی زاخاوداوە بۆ تەقواو خواناسین، ئەوانە لێ خۆشبوونو پاداشتی گەورەو گرانبەها بۆیان ئامادەیە.

ئەسڵی ئەدەب نواندنو ڕێز گرتنی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت)، مایەی خێرە بۆ بەندەکانی خوای گەورەو، لەهەمان کاتیش دەبێتە هۆی هیدایەتو عاقیبەت خێری لەبەر ئەوەی:

١- خوای گەورە فەرمانی ئیمان هێنان بە پێغەمبەری پێکردوینو، یەکێ لە روکنە ئیمانیەکانیش باوەڕهێنانە بە پێغەمبەری ئیسلام (دوردی خوای لەسەر بێت) هەروەکو دەفەرموێ: **(فَآمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ النَّبِيِّ الْأُمِّيِّ الَّذِي يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَكَلِمَاتِهِ وَاتَّبِعُوهُ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ)**[2]، واتە: باوەڕی پتەو بهێنن بەو خوایەو بەپێغەمبەرەکەی، کە هەواڵدەرێکی

---

1- البيّنات في تفسير سورة الحجرات: ٤٧.

2- سورة الأعراف: ١٥٨.

نەخوێندەوارە، (تاهیچ کەس نەڵێت پیاوێکی خوێندەوار بووەو خۆی قورئانی داناوە) ئەو پێغەمبەرەی کە خۆی باوەڕ دەهێنێت بە خواو بە فەرموودەکانی، دە ئێوەش شوێنی بکەون، بۆ ئەوەی ئێوە ڕێنموویی وەرگرن.

٢- خوای گەورە ئەدەب نواندنی بە واجب داناوە، وەك ئەوەی لە ئایەتی پێشتر باسمان کرد، کە نابێ کەس پێش فەرمانەکانی بکەوێ‌و نابێ کەسیش بێ ڕێزی بنوێنی، لەو بارەشەوە ئیبنو قەییم دەڵێ: ئەو ئەمرە تا ڕۆژی دوایی هەر دەوامی دەبێ‌و شکاندنو پێشکەوتنەوە لە فەرمانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) لە پێش وەفاتی‌و لەدوای وەفاتی جیاوازی نیەو، کەسە عاقڵەکانیش باش ئەو ڕاستیە دەزانن[١].

٣- خوای گەورە لەسەر ئێمەی پێویست کردووە، کە شوێنکەوتەیی‌و گوێڕایەڵی‌و ئیتاعەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) بکەین، چونکە بەو هۆیەوە دەگەینە ئەو ئاستە، کە خوای گەورە خۆشەویستی خۆی پێمان ببەخشێت‌و لە تاوانەکانمان ببورێت، هەروەك دەفەرمویێ: **(قُلْ إِنْ كُنْتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ)**[٢]، واتە: ئەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) بە ئیمانداران بڵێ: ئەگەر ئێوە خواتان خۆش دەوێت دە شوێنی من بکەونو لە فەرمانی من دەرمەچن، ئەوکاتە خوایش ئێوەی خۆش دەوێت‌و لە گوناهو هەڵەکانیشتان خۆش دەبێت، ئەو خوایە لێخۆشبوو و میهرەبانە.

یاخود دەفەرموێ: **(قُلْ أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ فَإِنْ تَوَلَّوْا فَإِنَّمَا عَلَيْهِ مَا حُمِّلَ وَعَلَيْكُمْ مَا حُمِّلْتُمْ وَإِنْ تُطِيعُوهُ تَهْتَدُوا وَمَا عَلَى الرَّسُولِ إِلَّا الْبَلَاغُ الْمُبِينُ)**[٣]، واتە: پێیان بڵێ: فەرمانبەرداری خواو فەرمانبەرداری پێغەمبەر بن، خۆ ئەگەر پشتیان هەڵکرد، ئەوە ئەو تەنها گەیاندنی پەیامی خوای لەسەر شانە، ئێوەش سەرپێچی‌و یاخی بوونەکەتان لەسەرتان دەکەوێت، خۆ ئەگەر فەرمانبەرداری بنو گوێڕایەڵو ملکەچ بن بەڕاستی ئەوە هیدایەت وەردەگرن، دڵنیاش بن کە ئەرکی سەرشانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) تەنها گەیاندنێکی ڕوونو ئاشکرایەو هیچی تر نیە.

---

1- مدارج السالكين: ٣٦٧.

2- سورة آل عمران: ٣١ .

3- سورة النور: ٥٤.

٤- خوای گەورە بە پێشەواو ڕێنیشاندەری ئۆمەتی ئیسلامی دیار کردووەو، فەرمانی ئەوەشی پێکردووین، کە لە کاتی کێشەو ئاریشەکانمان بگەڕێینەوە بۆ گوێڕایەڵی ئەو پێغەمبەرەو بە فەرمانی ڕازی بین، هەروەك دەفەرموێ: **(فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّى يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنْفُسِهِمْ حَرَجًا مِمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا)**[1]، واتە: نەخێر، سوێند بە پەروەردگارت ئەوانەی (لافی بڕوا لێدەدەن) بڕوا ناهێنن هەتا لە هەموو کێشەیەکدا کە ڕوودەدا لە نێوانیاندا تۆ نەکەن بە دادوەرو گوێڕایەڵی تۆ نەکەن، دوای ئەوەش نابێت لە دڵو دەروونیاندا هیچ ناڕەزاییەك دروست ببێت بەرامبەر ئەوەی، کە دادوەریت لەسەر کردووە و دەبێت بەتەواویی تەسلیم بنو ڕازیی بن.

٥- یەك لەو ئەرکانەی دەکەوێتە سەر شانمان ئەوەیە، کە پێغەمبەرمان خۆش بوێتو لەناو دڵو دەروونی خۆمان جێگیری بکەینو تەنانەت لە پلەی خۆشەویستیشدا بە پێشەنگی دابنێینو لە هەموو کەس زیاتر خۆشمان بوێت، هەروەك لە فەرموودە هاتووە: **(لَا يُؤْمِنُ أحدكم حتى أكُونَ أَحَبَّ إليه من وَالِدِهِ وَوَلَدِهِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ)**[2]، واتە: ئیمانی کەستان تەواو نابێ تا منتان لە دایكو باوكو منداڵەکانتانو تێکڕای خەڵك زیاتر خۆش نەوێت.

٦- خوای گەورە بە پێشەنگی ڕەوشت بەرزیو پێشەوای خەسڵەتو گوفتارو ڕەفتارە شیرینو چاکەکان دایناوە، هەروەك دەفەرموێ: **(لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِمَنْ كَانَ يَرْجُو اللَّهَ وَالْيَوْمَ الْآخِرَ وَذَكَرَ اللَّهَ كَثِيرًا)**[3]، واتە: سوێند بەخوا بەڕاستی لە پێغەمبەری خوادا چاکترین نموونەی تەواوو ڕێکوپێك هەیە تاچاوی لێ بکەن و شوێنی بکەون، بەتایبەت بۆ ئەو کەسانەی ڕەزامەندی خوایان مەبەستە، سەرفەرازی قیامەت ئاواتیانە، هەمیشەو بەردەوام یادی خوا بەزۆری ئەنجام دەدەنو زمانیان پاراوە بەیادی ئەو. یان دەفەرموێ: **(وَإِنَّكَ لَعَلَى خُلُقٍ عَظِيمٍ)**[4]، واتە: بەراستی تۆ لەسەر بەرزترین ڕەوشتو ئاکاری جوانو باشی.

---

1- سورة النساء: ٦٥.

2- صحيح البخاري: ج١ ص١٤.

3- سورة الأحزاب: ٢١.

4- سورة القلم: ٤.

٧- خوای گەورە جۆرێك ڕێنمایی گرنگمان پێ دەدات لەوەی كاتێ موسڵمانان دەچنە نێو ماڵی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) بە چ شێوازو جۆرێك بچن، لەهەمان كات نابێ بە هیچ شێوەیەك ئەزیەتی خۆیی‌و خێزانەكانی بدرێت‌و هەموو كاتێك هی ئەوە نیە مرۆڤ بچێتە ژوورەوە تا ڕوخسەت وەرنەگرێ، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێ: **(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آَمَنُوا لَا تَدْخُلُوا بُيُوتَ النَّبِيِّ إِلَّا أَنْ يُؤْذَنَ لَكُمْ إِلَى طَعَامٍ غَيْرَ نَاظِرِينَ إِنَاهُ وَلَكِنْ إِذَا دُعِيتُمْ فَادْخُلُوا فَإِذَا طَعِمْتُمْ فَانْتَشِرُوا وَلَا مُسْتَأْنِسِينَ لِحَدِيثٍ إِنَّ ذَلِكُمْ كَانَ يُؤْذِي النَّبِيَّ فَيَسْتَحْيِي مِنْكُمْ وَاللَّهُ لَا يَسْتَحْيِي مِنَ الْحَقِّ وَإِذَا سَأَلْتُمُوهُنَّ مَتَاعًا فَاسْأَلُوهُنَّ مِنْ وَرَاءِ حِجَابٍ ذَلِكُمْ أَطْهَرُ لِقُلُوبِكُمْ وَقُلُوبِهِنَّ وَمَا كَانَ لَكُمْ أَنْ تُؤْذُوا رَسُولَ اللَّهِ وَلَا أَنْ تَنْكِحُوا أَزْوَاجَهُ مِنْ بَعْدِهِ أَبَدًا إِنَّ ذَلِكُمْ كَانَ عِنْدَ اللَّهِ عَظِيمًا)**[1]، واتە: ئەی ئەو كەسانەی باوەڕتان هێناوە مەچن بۆ سەردانی ماڵەكانی پێغەمبەر مەگەر مۆڵەتتان بدرێت‌و مۆڵەت بخوازن، ئەگەر مۆڵەت دران بۆ نان خواردنێك چاوەڕێی پێگەیشتنی مەكەن ئەگەر پێ نەگەیشتبوو (مەبەست ئەوەیە زوو مەچن كە هێشتا خواردنەكە پێ نەگەیشتووە)، بەڵام كاتێك بانگكران، ئەوە بچنە ژوورەوە، جا كاتێك نانتان خوارد بڵاوەی لێ بكەن‌و خۆتان بە گفتوگۆوە سەر گەرم مەكەن، چونكە بەراستی ئەو كارەتان پێغەمبەر ئازار دەدات، ئەویش شەرمتان لێ دەكات (داوای چوونە دەرەوەتان لێ ناكات)، خوایش شەرم لەڕاگەیاندنی حەق‌و ڕەوا ناكات، كاتێكیش داوای كەلوپەلێكتان لە خێزانەكانی پێغەمبەر كرد لەپشتی پەردەوە داوایان لێ بكەن، ئا ئەو جۆرە ڕەفتارە چاكترو پاكترە بۆ دڵی ئێوەو ئەوانیش، بێگومان هیچ كات بۆتان نیە ئازارو دڵتەنگی بۆ پێغەمبەری خوا پێش بهێنن، هەرگیز بۆتان نیە هاوسەرانی دوای خۆی بەهیچ جۆرێك مارە بكەن، چونكە بێگومان ئەو كارەتان لای خوا زۆر گەورەیە (زۆر نابەجێیە، چونكە ئەوان دایكتانن، دایكیش لە كوڕی حەرامە).

كەواتە دەگەینە ئەو ئەنجامە ئێمە كاتێ لەفەرمانی خوای گەورە دەرناچین‌و، گوێڕایەڵی فەرمان‌و ڕێبازی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) دەكەین، بە شێوەیەك هەموو مەقامەكانی ڕێزو ئەدەب ڕەچاو دەكەین، ئەوە بێگومان دەگەینە ئەو بەختەوەری‌و هیدایەت‌و سەركەوتنەی، كە خوای باڵادەست لە دونیاو دوا ڕۆژ بۆ ئیمانداران دیاری كردووە، بەهۆی

1- سورة الأحزاب: ٥٣.

گرتنە بەری ئەو ڕێبازە جوانەشە، لەو پاداشتانە بێ بەش نابین، کە وەك ڕێزگرتن لە ئەرك‌و ماندوبوونی ئەو کەسانەی بەو ئەرکەوە هەڵدەستن خوای گەورە پێیان دەبەخشێت، دواجار ئەمە لەناو واقعی ژیان‌و کۆمەڵگەدا دەبێتە هۆکاری کاریگەرو دیار لە تێگەیشتنی بەندەکان لە فەرمانە قورئانیەکان‌و چۆنیەتی هەڵسوکەوت نواندن بەرامبەر پێغەمبەری سەداری ئۆممەتی ئیسلامەوە.

ئێ خۆ هەر کەسێك شارەزاییی‌و ئاستی ڕۆشنبیری‌و هزری‌و ئەخلاقی، بگاتە ئەو پلەو پایەیە، بە تەئکید دەبێتە ئامرازێکی خێرو گونجاوو سوود بەخش بۆ دەوروبەری خۆی، کە ئەمەش وا دەکات حاڵی کۆمەڵگە لە سایەی ئەو جۆرە پەروەردەو، بیرکردنەوەی ئەو جۆرە کەسانە باشتر بێت‌و ژیان جوان بڕوا بەڕێوە.

# باسی چوارەم
# عەقڵ‌و ئارامگرتن وەك دوو چەمکی خێر

لەبەشێکی تری ئەو ئایەتانەی پێکەوە بەستراوەنەتەوە لەرووی ماناو مەبەستەوە، کە باس لە چۆنیەتی ئەدەب نواندن دەکەن لەبەرامبەر پێغەمبەری ئیسلام(درودی خوای لەسەر بێت)، خوای گەورە دەیەوێ جۆرەکانی ئەدەبمان بۆ ڕوون بکاتەوە، کە یەکەم جار پێش فەرمانی خواو پێغەمبەر نەکەوین، دووەم جار دەنگمان بەرز نەکەینەوە بەسەر فەرموودەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت)، سێیەم جار چۆن فێری ئادابی بانگ کردن بین.

ئەگەر لە فەرهەنگی هەر تاکێك ئەدەب نەما، ئەوە مانای وایە خەلەل لە عەقڵی ئەو کەسە بوونی هەیە، وە ئەگەر لەسەر کارو هەنگاوەکان ڕەوشتی سەبرو ئارامی لەدەست دا، ئەوە مانای وایە لە چەمکی خێر بێ بەش بووە، بۆیە خوای گەورە دەفەرموێ: **(إِنَّ الَّذِينَ يُنَادُونَكَ مِن وَرَاءِ الْحُجُرَاتِ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ ، وَلَوْ أَنَّهُمْ صَبَرُوا حَتَّى تَخْرُجَ إِلَيْهِمْ لَكَانَ خَيْرًا لَهُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ)**. واتە: بەڕاستی ئەوانەی لە دەرەوەی ژوورەکان بانگت لێ دەکەن ئەوانە زۆربەیان نەفامن‌و ژیری وەرناگرن (چونکە ڕەوشتی کۆمەڵایەتی دروستیان لەو بوارەدا ڕەچاو نەکردووە).

خۆ ئەگەر ئەوانە خۆگربوونایە تا دەچویتە دەرەوە بۆ لایان، ئەوە چاکترو ڕەواتر بوو بۆیان وەخوا لێخۆشبوو میهرەبانە..

ئەو ئایەتە دەیەوێ هەم مرۆڤەکان هۆشیار بکاتەوە، لەوەی قەت بە شێوازی ناشیرینەوە بانگ لەکەس نەکەن، هەمیش دەیەوێ ئەو دابو نەریتە نارێکانەی کۆمەڵگەی نەفامیو پێش هاتنی ئیسلام راست کاتەوە.

چونکە خەڵکانی وا هەبوون، کە بە شێوەی نارێکو دوور لە قیەمی ئەخلاقەوە هاواریان بەسەر ماڵی پێغەمبەر دەکردو دەنگیان بەرز دەکردەوە، تەنانەت لەکاتی هاتنی وەفدی (بەنو تەمیم) هەندێکیان بە شێوازی ناشیاوەوە لەدەرەوەی حوجرەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) هاواریان دەکرد، بۆیە خوای گەورە دەفەرموێ (أَكْثَرُهُمْ) واتە: زۆرێکیان کەم عەقڵ بوونە، لەو جۆرە ئوسلوبەی بەکاریان هێناوە لەخزمەت پێغەمبەردا، کە ئەمەش نیشانەی حیکمەتی کەلامی خوایە، کە هەمووانی بەبێ عەقڵ دانەناوە بەڵکو زۆربەی ئەوانەی بە بێ عەقڵ داناوە، کە ئەدەبی بانگ کردنو بەیەکگەیشتیان ڕەچاو نەکردووە، ئەمەش وانەیەکی گەورەی تێدایە، لەوەی دەبێ مرۆڤەکانیش لە کاتی بڕیاردان بە ئینسافەوە قسە بکەنو، ئەو شتانەی قابیلی تەعمیم نین نەیگشتێن، چونکە عەقڵ ئەو کاتە بەرزو بەڕێزە، کە ئەخلاقو نەرمیو ئارامی لە خۆ بگرێت.

لە لایەکی ترەوە، خۆ ئەگەر ئەوان کەمێك ئارامیان بگرتایە، تا پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) دەهاتە لایان بە مەبەستی لیقاو بە یەك گەیشتنو گفتوگۆ، ئەوە جۆرێك لە ئەدەبیان پیشان دەداو بەو هەنگاوەش لەخێر بێ بەش نەدەبوون، لەبەر ئەوە قورئانی پیرۆز زۆر جوان ئەو شێوازەی هەڵسوکەتە باس دەکاتو، ڕێنموویی گرنگیش دەدات، بۆ ئەوەی چوارچێوەیەکی ئەدەبو رێسایەکی جوانی مامەڵە کردن لەناو کۆمەڵگە پیادە بکاتو تاکەکانی لەسەر ڕابێنێ، وە دەبێ مرۆڤی موسڵمان هەمیشە عاقڵانە بیر بکاتەوەو هەنگاو بنێو هۆشیاریش بێو لە ڕەوشتی ئارامی دانەبڕێ، تا لە بەروبوومەکەی بێ بەش نەبێ، کە بێگومان بەرهەمی هەر ئارام گرتنێك مایەی خێرەو، هاتنە ڕێی خێریش بۆ هەر کەسێك خاڵی دەسپێکی بێ بەش نەبوونە لە لێبوردەیی پەروەردگارو بەخشندەیی ئەوەوە، هەر لەبەر ئەوەشە دەفەرموێ: **(وَلَوْ أَنَّهُمْ صَبَرُوا حَتَّى تَخْرُجَ إِلَيْهِمْ لَكَانَ خَيْرًا لَهُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ)**، واتە: ئەگەر

ئەوانە ئارامیان نواندبایە تا دەچویتە دەرەوە بۆ لایان، ئەوە چاکترو ڕەواتر بوو بۆیان خوای گەورەش لێخۆشبوو میهرەبانە..

لێرەشەوە دەکرێ هەردوو چەمکی عەقڵانی بوونو ئارامی نواندن، بە بنەمایەکی گرنگی پێشکەوتنی کۆمەڵگە موسڵمان نشینەکان دابنێین.

# باسی پێنجەم
# کاریگەرییە ئەرێنیەکانی ئەدەب نواندن

لەخستنە ڕووی ئەو چەند ئایەتە سەبارەت، بەچۆنیەتی ئەدەب نواندنو هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت)، وە چۆنیەتی مامەڵە کردن لە گەڵ فەرموودەو سوونەتەکانی، کۆمەڵێك شتی گرنگمان بۆ ڕوون بویەوە، کە دەکرێ بە شێوەی خاڵبەندی باسیان بکەین:

١- ئەدەب نواندن نەك تەنها کارێکی سادەیە، بەڵکو واجبێکی ئایینیو بەرپرسیاریەتێکی ئەخلاقیە، کە دەبێ مرۆڤی موسڵمان بەو پەڕی ڕێزەوە، گەورەیی ئەو پێغەمبەرە (درودی خوای لەسەر بێت) لەبەرچاو بگرێت، لەبەر ئەوەی خوای گەورە فەرمانی ئەو ڕێز نواندنەی پێکردووین.

٢- بەرز نەکردنەوەی دەنگ لە خزمەت پێغەمبەر(درودی خوای لەسەر بێت)، کە ئەمە سەردەمی ژیانو دوای وەفاتی دەگرێتەوە، لە سەردەمی ژیانیدا، خوای گەورە موسڵمانان هۆشیار دەکاتەوە، کە دەنگیان لە خزمەت ئەو زاتە بەرز نەکەوە، بۆ دوای وەفاتیش ئەو حوکمە درێژەی دەبێت، بەوەی موسڵمانان هەم لەخزمەت گۆڕە پڕ نوورەکەی دەنگ بەرز نەکەنەوە، هەمیش لە ڕووی مەعنەوییەوە لە ئاست فەرموودەکانی دەنگ هەڵنەبڕن، چونکە ئەرکی موسڵمان گوێڕایەڵی کردنەو بەس.

٣- دەبێ شێوازی ناو هێنانو بانگ کردنی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت)، جیاواز بێت، لەگەڵ شێوازی ناوهێنانو بانگ کردنی یەکتری، چونکە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر

بێت) پێگەی تایبەتو جیاوازەو دەبێ رەچاوی تایبەتمەندیو ڕێزی پێغەمبەرایەتی بکرێت، هەروەك خوای گەورە بە (رسول الله، نبي الله، يا أيها الرسول، يا أيها النبي) ناوی دەبات.

٤- خوای گەورە هۆشداریمان دەداتێ لەسەر ئەوەی، کە نەکەین بێ ڕێزیو دەنگەدەنگو شێوازی ناشیاو لە بەرامبەر پێغەمبەرو فەرموودەکانی بەکار بێنین، چونکە دەبێتە هۆکاری رەشبوونەوەی کردەوەکانمان، ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە ڕێز گرتنی پێگەی پێغەمبەراتی ئەو زاتە یەکجار گرنگو هەستیارو گەورەیە، ئەگەر کەسێك بەو چاوەوە سەیری نەکات، ئەوە رێگەی تێچوونی کارو کردەوەکانی لەخۆ نزیك دەکاتەوە.

٥- کەمتەرخەمیو بێ موبالاتی لە قسەکردن هۆکاری نەزانی خاوەنەکەیەتی، بۆیە خوای گەورە ئاماژەی بەوە داوە، کە ئەوانەی ئەو رێزە دەشکێننو هەستی پێ ناکەن، بەڵگەی کەمی ژیری دەگەیەنێ، ئەوەش مەترسی هەیە، وەك لە فەرموودەی پێشتر روونمان کردەوە، کە زۆر جار قسەیەك مرۆڤ تووشی دۆزەخ دەکات.

٦- ئەوانەی پابەندی ئەو رێزە دەبن، خوای گەروە بە باشو مەدحەوە باسیان دەکات، کە ئەمەش دڵخۆشیەکە بۆ ئەو کەسانەی بەشێوەی مولتەزیمو گوێڕایەڵیەوە، ڕێز لە مەقامی پێغەمبەر دەگرنو بەچاوی رێزەوە لەبەرامبەر فەرموودەکانی دەجولێنەوە.

٧- خوای گەورە هەر ئەو خاڵەی سەرەوەی بەهۆکاری چاکسازی دڵان داناوە، واتە ئەگەر کەسێك ئەو چوارچێوانە نەشکێنێو بەو پەڕی رێزەوە هەڵسوکەوت بکات، ئەوە بەڵگەی ئەوەیە، کە ئەو کەسە دەروونی خۆی چاك کردووەو، خوای گەورەش چاکی پێ بەخشیوەو، سەرکەوتووی کردووە لە تاقیکردنەوەی دینداریەوە.

٨- پێدانی پاداشتی زۆر لەلایەن خوای گەورە داندراوە بۆ ئەو کەسانەی خۆیان لەسەر بەرزی ئەو پلەیە رادێننو، بە جوانیەوە پابەندی رێبازی پێغەمبەر(دوردی خوای لەسەر بێت) دەکەنو رێزی پێویست دەنوێنن.

٩- سەرزەنشتی ئەو کەسانە هاتووە، کە بە پێی پێوەری عەقڵی بیر ناکەنەوە، بە مانایەکی تر ئەوانەی ئەدەبیان نیە، ئەوە بەڵگەی ئەوەیە عەقڵیان لاوازە، ئەوانەش ئەدەبیان هەیە بەڵگەی بەهێزیو هەبوونی عەقڵیانە، چونکە ئەدەب ئەوەیە عەقڵی لەگەڵ بێت، عەقڵیش ئەوەیە دەرهاوێشتەی ئەدەبی لێ بکەوێتەوە، بۆیە کە سەیری قورئانی پیرۆز دەکەی زۆر بەجوانی ئەو مەسەلەیەی درکاندووەو، قسەی لەبارەوە کردووە، هەروەك دکتۆر عەبدولمەجید

ئەلبیانونی دەڵێت: **(فانظر إلى سموّ هذا المنهج القرآني في سياسة النفوس وتربيتها وإصلاحها وتهذيبها، والتدرّج بها في كلمات قليلة، وجمل يسيرة، تليّن القلوب القاسية وتردّ النفوس الجامحة)**[1].

١٠- ڕەچاوکردنی بنەماو چەمکی ئینساف لە شتەکان پێویستە، چونکە ئەو وەفدەی (بەنو تەمیم)یان کە هاتنە لای پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) نزیکەی (٧٠) کەس دەبوون، بەڵام خوای گەورە نەیفەرموو: هەموویان بیّ عەقڵن، بەڵکو فەرموی (زۆربەیان کەم عەقڵن)، کە ئەمەش وانەیە بۆ ئێمەی مرۆڤ، بۆ هەڵسوکەوت کردن لەناو یەکتری ڕەچاوی ئەو چەمکە بکەین.

١١- ڕەچاوکردنی تایبەتمەندی کەسەکان، هەروەك خوای گەورە ئاماژەی پیّ داوە، کە شێوازی گفتوگۆ کردن لەگەڵ پێغەمبەرو چۆنیەتی بانگ کردنی جیاوازە لەوەی لەناو خۆتان بەکاری دەهێنن، ئەمەش وانەیەکی گەورەیە بەوەی ئێمەی موسڵمان ڕەچاوی تایبەتمەندی کەسەکان بکەین‌و هەر کەسەو بەپێی پێگەی خۆی ڕێزی لەبەرامبەر بنوێنین وەك ئەوەی **(أنزل الناس منازلهم)**.

١٢- خۆ ڕاهێنان لەسەر ئارام گرتن‌و خۆ دوور گرتن لە پەلە کردن، چونکە خوای گەورە ئاماژەی بەوە داوە، کە سەبرو ئارامی پێویستەو ناکریّ مرۆڤی موسڵمان ئەو چەمکە لەخۆی دابڕیّ، چونکە بە نەبوونی ئەو ئارامیە مرۆڤ تووشی هەڵەو لەدەست چوونی پاداشت‌و بیّ ڕێزی دەبێتەوە.

١٣- کلیلی گەیشتنە خێرو جێبەجیّ بوونی کارو هەنگاوەکان ئارامی گرتنە، وەك ئەوەی لە ئایەتەکە خوای گەورە ئاماژەی پیّ داوە، بەوەی ئەگەر ئەوان سەبریان گرتبا بۆ ئەوان خێر ترو چاکتر بوو، کەواتە دەبیّ مرۆڤی موسڵمان ئەوە بزانیّ، کە ئارامی نواندن نەك تەنها پاداشتی تێدایە، بەڵکو سەرکەوتن‌و خێری هەنگاوە دونیایی‌و قیامەتیەکانی لیّ دەکەوێتەوە.

١٤- جێگیرکردنی دوو ناوو سیفەتی تری خوای گەورە، واتە (غفور، رحيم)، کە ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە خوای گەورە لێخۆشبووە، بەرامبەر ئەوانەی هەڵە دەکەن‌و، لێی پەشیمان دەبنەوە، هەروەها خاوەن بەزەییشە بەرامبەر بە مرۆڤەکانەوە.

---

1- فی تسير سورة الحجرات: ٥٠.

١٥- وەك چۆن ئەدەب نواندن بەرامبەر كەسایەتی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) واجبەو دەبێ ڕەچاو بكرێ، بەهەمان شێوە ڕێز نواندن لەبەرامبەر پێشەواو زانایانی هەڵگری پەیامی ئیسلامیش پێویستە، چونكە ئەوان میراتگری پێغەمبەرانن، هەروەك پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت)، دەفەرموێ: (**العلماء ورثة الأنبياء**)[1]، كەواتە لە سەر موسڵمانان پێویستە ڕێز لە زانایانی ئایینی بگرنو، بەو پەڕی ئەدەبەوە بەرامبەریان هەڵسوكەوتو مامەڵە بكەن.

پوختەی قسان، باشە ئەگەر هەر كۆمەڵگەیەك ئەو بەها گەورە مرۆییو رەوشتیانەی تێدا بێت، دەبێ چ كاریگەریەكی گەورەی لەناو دروست ببێو، چۆن شێوازی هەڵسوكەوتە كۆمەڵایەتیەكانی دەچێتە پێشی پێشەوە،؟! لەهەمان كات پێم وایە ئەمانە كلیلی گرنگن بۆ كردنەوەی دەرگاكانی بەختەوەریو دووركەوتنەوە لە زۆرێك لەو گرفتانەی زۆرجار بەهۆی غیابی ئەو چەمكانەوە لەناو كۆمەڵگە دروست دەبن..

---

1- فتح الباري: ج١ ص٢١٧.

## بەشی چوارەم

# ڕوونکردنەوەی
# هەواڵە بێ بنەماو چەواشەکاریەکان

# دەروازە..

لەو بەشەدا دەچینە خزمەت پەیامێکی تری گرنگو هەستیار، کە دەبێ لەناو کۆمەڵگەی موسڵمانان رەچاو بکرێ، بۆ ئەوەی تووشی ئاژاوەو کاری گێرەشێوێنیو هەڵوێستی ناشیاو نەبنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ هەم کۆمەڵگەی ئیسلامیو هەمیش تاکەکانی نێو ئەو کۆمەڵگەیە، لەوە بەئاگاو هۆشیار بن، کە گواستنەوەی هەواڵی نادروستو نابەجێ یەکێکە لەو مەترسیانەی چەندین کاریگەری خراپ لەناو کۆمەڵگەو لەسەر کەسێتی تاك جێ دەهێڵێ، لەهەمان کات یەکێکە لەو رەفتارە نادروستانەی بەهۆیەوە چەندین کێشە سەرهەڵدەدەن، کە سەرەنجام دەبنە هۆی لێکترازانی ڕیزەکانی نێو کۆمەڵگەو تێکچوونی باری دەروونیو کۆمەڵایەتی خەڵکەوە.

بۆیە خوای گەورە فەرمانمان پێ دەکات لە راستی هەواڵ دڵنیا بینو یەکسەر قسەی ئەو کەسانە نەگوازینەوە، کە بە درۆ هەواڵی بێ بنەما دروست دەکەن، بۆ ئەوەی نەکەوینە بازنەی تێکچوونی باری دەروونیو سەرهەڵدانی غەمو کێشەی نارێکەوە.

هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت: **(يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنْ جَاءَكُمْ فَاسِقٌ بِنَبَإٍ فَتَبَيَّنُوا أَنْ تُصِيبُوا قَوْمًا بِجَهَالَةٍ فَتُصْبِحُوا عَلَى مَا فَعَلْتُمْ نَادِمِينَ، وَاعْلَمُوا أَنَّ فِيكُمْ رَسُولَ اللهِ لَوْ يُطِيعُكُمْ فِي كَثِيرٍ مِنَ الْأَمْرِ لَعَنِتُّمْ وَلَكِنَّ اللهَ حَبَّبَ إِلَيْكُمُ الْإِيمَانَ وَزَيَّنَهُ فِي قُلُوبِكُمْ وَكَرَّهَ إِلَيْكُمُ الْكُفْرَ وَالْفُسُوقَ وَالْعِصْيَانَ أُولَئِكَ هُمُ الرَّاشِدُونَ، فَضْلًا مِنَ اللهِ وَنِعْمَةً وَاللهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ)**[1]، واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ئەگەر کەسێکی متمانە پێ نەکراو هەواڵێکی گرنگی بۆ هێنان خێرا بڕوای پێ مەکەن، بەڵکو سەرنج بدەن، لێی بکۆڵنەوە تا بۆتان روون دەبێتەوە، نەوەکو ئازارو ناخۆشیو گیروگرفت بۆ خەڵکی دروست بکەن بە نەزانی، جا دوای پەشیمان ببنەوە لەو کارەی کە پێی هەستاون.

ئێوە دڵنیابنو بزانن، کە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) لەناوتاندایە (پرسو ڕای پێ بکەن) زۆر شت هەیە ئەگەر ئەو بەڕای ئێوەی بکردایە تووشی گیروگرفتو ناخۆشی دەبوون.. بەڵام خوا ئیمانو باوەڕی لەلا خۆشەویست کردوونو لە دڵو دەروونتاندا

---

1- سورة الحجرات: ٦-٨.

ڕازاندویەتیەوە.. لەو لایشەوە کوفرو بێ باوەڕیو گوناهوو یاخی بوون لە فەرمانی خوای لا تاڵو ناشیرین کردوون، ئا ئەوانە هەر خۆیان ڕێگەی ژیریو سەرفرازیان گرتۆتەبەر.

ئەمەش خۆی ڕێزو بەخششێکی تایبەتیو نازو نیعمەتێکە لە لایەن خواوە پێیان دراوە، خوایش زاناو داناو کار بەجێیە.

بەپێی ئاماژەو هێمای ئەو ئایەتە بێت، دەبێ بەر لە هەر کەس ئەوانەی سەرپەرشتی کاروباری موسڵمانان دەکەن لەوە هۆشیار بنو، بە گوێی هەموو کەسو بە پێی هەموو جۆرە هەواڵێك هەڵنەخەڵەتێن، چونکە بەڕێوەبردنی کاروباری خەڵكو چاودێری کردنی کۆمەڵگە لە هەڵخلیسکانو ئاراستەی پێچەوانەوە، کارێکی گرانەو دەبێ بە پێی نەخشەو بەرنامەو کاری ئیسلاح خوازیەوە بێت، هەروەك لە سیاسەی شەرعی ئەو جۆرە مەسەلانە روون کراونەتەوە[1]، دوای ئەوەش دەبێ کار لەسەر ئەوە بکرێت، کە تاکەکان لەسەر هۆشارییەکی تەواو و تێگەیشتنێکی تەندروست ڕابهێندرێن، بۆ ئەوەی نەبنە هۆکاری نانەوەی ئاشووبو خستنە مەترسی چوارچێوە کۆمەڵایەتیەکانەوە.

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ناوەڕۆکی ئەو ئایەتەو تێگەیشتن لە چۆنیەتی ئەو بابەتەو کاریگەریە خراپەکانی هەڵبەستنی هەواڵی بێ بنەماو نانەوەی کێشەو دروست کردنی بەربەستی کۆمەڵایەتی، لە ڕێی چەند باسێکەوە دەچینە ناو ئەو تەوەرەوە:

## باسی یەکەم
## هۆکاری دابەزینو ئاماژەیەك

لەزۆربەی سەرچاوە تەفسیریەکان، ئاماژە بەوە کراوە، کە ئەو ئایەتە لەبارەی (وەلیدی کوڕی عوتبە) هاتۆتە خوارەوە، کاتێ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) وەك نوێنەر ناردیە لای تیرەی (بنی مصطلق)، بۆ ئەوەی زەکاتیان لێ وەربگرێت -چونکە پەیمانیان لەگەڵ پێغەمبەر

1- فی السیاسة الشرعیة: ص١٩.

(درودی خوای لەسەر بێت) دابوو، كە كەسێك بنێرێ بۆ ئەوەی زەكاتی تەسلیم بكەن-، وەلیدیش كە بەو كارە هەڵساو لە شوێنی نیشتەجێ بوونی ئەو تیرەیە نزیك بوویەوە، سەیری كرد ئەوان گردبووینەوەو بەرەو ڕووی ئەو دەڕوانن، ئەویش ترسی لێ نیشتو گەڕایەوە، لەبەر ئەوەی لەسەردەمی پێش هاتنی ئیسلام كێشەكی لەگەڵ ئەوان لێ دروست ببوو، ترسا لەوەی ئەو خۆ ئامادە كردنەی ئەوان بۆ لەناوبردنی ئەو بێتو بیانەوێ لێی بدەن.

وەلیدی كوڕی عوتبە بێ ئەوەی قسەیەكیان لەگەڵ بكاتو لە نزیكەوە پێیان بگاتو زەكاتیان لێ وەربگرێت، گەڕایەوە خزمەت پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت)، ئەویش لێی پرسیو فەرموی: چیت كرد؟ وەلید گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا ئەوان هەڵگەڕاونەتەوە لە ئیسلامو زەكاتیان پێ نەدامو ویستیان لەناوم ببەنو بمكوژن.

پێغەمبەریش (درودی خوای لەسەر بێت)، توڕە بوو لەسەر ئەو هەنگاوەو، خالیدی كوڕی وەلیدی راسپارد خۆیو جەیشێك بچێتە لایانو بزانێ مەسەلە چیە، ئەگەر وابن وەك وەلید باسیان دەكا، ئەوە هەرچی بە پێی ڕێسای ئیسلامەتی لەگەڵ كافران دەكرێت لەگەڵ ئەوان ئەنجامی بدات.

دوای ئەوە لە لایەكەوە (خالیدی كوڕی وەلید) لێیان نزیك بۆوەو هەواڵی وەرگرتن، دەبینی وا بانگ دەدەنو نوێژ دەكەنو زەكاتیان ئامادە كردووە.

لەلایەكی تریشەوە شاندێكی ئەو تیرەیە بۆ حاڵی بوون لەو مەسەلەیەو گەڕانەوەی وەلید لە ڕێگادا، چونكە ئەوان وەلیدیان بینی بوو كە هاتو گەڕایەوە، ترسیان لێ نیشتو وایان تەسەوڕ كرد، كە لەبەر ئەوە گەڕابێتەوە ئایەتێكی قورئان لەبارەی ئەوانەوە نازڵ بووبێ، هاتنە لای پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) گوتیان: قوربان ئێمە زەكاتمان ئامادە كردبوو، خۆشمان لە ئامادەباشی بووین بۆ ڕێزگرتن لە نوێنەرەكەت كەچی نەهاتە لامانو چاومان پێ نەكەوتو گەڕایەوە.

خالیدی كوڕی وەلیدیش هاتەوە خزمەت پێغەمبەرو هەواڵەكەی پشت ڕاست كردەوە، لەوەی كە ئەوان نە هەڵگەڕاینەوە لە ئیسلامو نە نیەتی نەدانی زەكاتیشیان هەیە.

لەو سەروبەندە خوای گەورە ئەو ئایەتەی نارده خوارەوە، کە دەفەرموێ: **(يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنْ جَاءَكُمْ فَاسِقٌ بِنَبَإٍ فَتَبَيَّنُوا أَنْ تُصِيبُوا قَوْمًا بِجَهَالَةٍ فَتُصْبِحُوا عَلَى مَا فَعَلْتُمْ نَادِمِينَ)**، واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ئەگەر كەسێكی متمانە پێ نەكراو، هەواڵێكی گرنگی بۆ هێنان خێرا بڕوای پێ مەكەن، بەڵكو سەرنج بدەن، لێی بكۆڵنەوە تا بۆتان روون دەبێتەوە، نەوەكو ئازارو ناخۆشیو گیروگرفت بۆ خەڵكی دروست بكەن بە نەزانی، جا دوایی پەشیمان ببنەوە لەو كارەی پێی هەستاون.

لێرەوە دەكرێ ئاماژە بە دوو خاڵی گرنگ بكەین:

یەكەمیان: ئەگەرچی ئەو ئایەتە لەبارەی ئەو كەسو تیرەو مەسەلە تایبەتە هاتۆتە خوارەوە، بەڵام حوكمەكەی بە شێوەیەكی گشتی لێ وەردەگیرێ، بەوەی تێكڕای سەردەمو شوێنو خەڵكانێكی لەو شێوە دەگرێتەوە، هەروەك (ئیمام حەسەنی بەسری) دەفەرموێ: **(فوالله لئن كانت نزلت في هؤلاء القوم خاصة، إنها لمرسلة إلى يوم القيامة، ما نسخها شيء)**[1].

دووەم: بەپێی بۆچوونی ڕاڤەكارانی قورئان، ناكرێ (وەلیدی كوڕی عوتبە) بە فاسقو دەرچوو لەدین دابنرێ، لەبەر ئەوەی ئەو لەسەر گومان قسەی كردووە نەك بە درۆ، چونكە ئەو ئەوەی لەبیر بووە، كە كێشەی لەگەڵ ئەوان هەبووەو دیتیتی ئەوان خڕبووینەوەو ترسی لێ نیشتو وای گومان برد، كە ئەوانە دەیانەوێ ئەو لەناو ببەنو زەكات نەدەن.

لەلایەكی تریش لەسەر پێناسەی (فاسق) زۆرێك لە زانایان پێیان وایە بەو كەسە دەگوترێ، كە لە دین دەردەچێ، وە وەلیدی كوڕی عوتبە كەسێكی دیندارو ڕێكو پێك بووە.

---

1- روح المعاني: ٢٦/ ١٤٥.

# باسی دووەم
# شیکردنەوەی هەندێ وشەی نێو ئایەتەکان

چەند زاراوەو وشەیەك هەیە، کە بە هۆی شیکردنەوەو لێك دانەوەی ماناکانیان، زیاتر مەبەستو ناوەڕۆکی ئایەتەکان ڕوون دەبێتەوە، بۆیە لێرەوە ئەو چەند وشەیەو ماناکانیان دەخەینە روو:

- (**فَاسِقٌ**): واتە کەسێکی دەرچوو لە فەرمانی خوا، کەسێك، کە سنوورە قەدەغەکراوەکان دەشکێنێت، کەسێك کە قسەی نابەجێ دەکات، کەسێك کە بەپێچەوانەی ڕاستیەوە هەڵسوکەوت دەکات- هەروەها لە فەرهەنگی شیرین هاتووە: فسق- خراپە. فاسق- خراپەکار. فسّق_ بەدرۆی خستەوە. فاسق -فاجر- خراپەکارو پیاو خراپ(1).

- (**بِنَبَإٍ**): واتە: هەواڵ، کە لێرە زیاتر مەبەست ئەو هەواڵەیە مەترسی لێ دەکەوێتەوە لەناو کۆمەڵگەو کاریگەری خراپ لەسەر تاك دروست دەکات.

- (**فَتَبَيَّنُوا**): واتە: ڕوونی بکەنەوە، تا بزانن هەواڵەکە ڕاستە یان درۆ، لەجێیە یان هەڵبەستراوە، ڕەوایە یان نا ڕەوا، بۆ ئەوەی بۆتان ئیسپات بێ ئینجا حوکمی لەبارەوە بدەن.

- (**نَادِمِينَ**): واتە: پەشیمانی، دەکەونە ناو پەشیمانی لەسەر ئەو کارەی ئەنجامتان داوە، بێ ئەوەی بەدواداچوونی بۆ بکەن.

- (**لَعَنِتُّمْ**): واتە: دەکەونە ناو هەڵەو تاوانو کێشەوە.

- (**الْكُفْرَ**): واتە: کافر بوونو دەرچوون لە گشت فەرمانەکانی خوای گەورە.

- (وَالْفُسُوقَ): واتە: فەرمان شکێنیو سەرپێچی کردنو تاوان ئەنجام دان.

- (**وَالْعِصْيَانَ**): واتە هەڵەو تاوان.

- (**الرَّاشِدُونَ**): واتە: هۆشیارو جێگیرەکانی سەر ئایینی خوای گەورە، ئەهلی هەقو شوێنکەوتەی ڕێبازی راستو ڕەوان.

---

1- فەرهەنگی شیرین: ٥٣٨.

# باسی سێیەم

# مەترسی هەواڵی نادروستو قسەی هەڵبەستراو

یەکێ لە سیماو ڕەهەندەکانی کۆمەڵگەی ئیسلامی ئەوەیە، کە هۆشیارانە مامەڵە بکات لەگەڵ هەموو ئەو قسەو باسو هەواڵە نابەجێو ناڕاستانەی دەبنە هۆکاری دروست بوونی کێشمە کێشو لێکترازانی موسڵمانان، بۆ ئەو مەبەستەش دەکرێ پشت بە بنەمای ڕاستیەتیو بەدواداچوونو لێکۆڵینەوەی ورد ببەستێ، تا بتوانێ بە ئاسانیو لەسەر بنەمایەکی دروست بڕیار بداتو کێشەکان یەك لایی بکاتەوە.

لەهەمان کات دەبێ لەسەر ئاستی خێزانو بنەماڵەو تەنانەت گەڕەكو شارو کۆمەڵگەش هۆشیاریەکی تەواو لەو بارەوە بوونی هەبێو، لایەنە پەیوەندارەکان کار لەسەر ئەوە بکەن، کە تاکەکان لەسەر پەروەردەیەکی ڕاستو دروستەوە ڕابێنن، بۆ ئەوەی نەبنە هۆکارو پردی نانەوەی کێشەو قسەو هەواڵی درۆو نابەجێو چەواشەکارانەوە.

خوای گەورە زۆر جوان باسی لەوە کردووە، کە پەلە نەکەین لە بڕیاردان لەسەر هەواڵ هێنانی ئەو کەسانەی ترسی خوایان کەمەو گوێ بە درۆ نادەنو شتەکان وەك خۆی ناگێڕنەوە، هەروەها فەرمانمان پێ دەکات، کە لە کاتی وەرگرتنو بیستنی هەواڵی ئەو جۆرە کەسانە یەکسەر بڕیار نەدەین، بەڵکو لێی بکۆڵینەوەو لە ڕاستێتی هەواڵەکە دڵنیا بین.

ئەمە چ جای ئەوەی دەبێ ڕابەرانی ئایینو دەزگاو لایەنە پەیوەندارەکان زۆر لەوە بەئاگا بن، چونکە هەر کارو بڕیارو هەنگاوێك، کە لەسەر بنەمایەکی ڕاست نەدرێت، کارەساتی گەورەی لێ چاوەڕوان دەکرێو ڕەنگە ئاژاوەو کێشەی زۆر بەدوای خۆیەوە بنێتەوە، کە سەرەنجام لە پەشیمانیو خەم لێ خواردنو مەینەتی دروست بوون، زیاتر شتێکی تری لێ ناکەوێتەوە.

بۆیە خوای گەورە دەفەرموێ: (يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنْ جَاءَكُمْ فَاسِقٌ بِنَبَإٍ فَتَبَيَّنُوا أَنْ تُصِيبُوا قَوْمًا بِجَهَالَةٍ فَتُصْبِحُوا عَلَى مَا فَعَلْتُمْ نَادِمِينَ)، واتە: ئەی ئەو کەسانەی ئیمانتان هێناوە! ئەگەر فاسقێ خەبەرێکی بۆ هێنان دەستبەجێ بەڕاستی مەزانن و بکەونە پەیجۆر تا بۆتان

دەرەکەوێ راستیو درۆیی هەواڵەکە چۆنە، نەوەك بێ ئاگاو بە نەزانی خۆتان کۆمەڵە خەڵکێ گرفتارو تووش بکەنو پاشان لەو کارەی کردووتانە پەشیمان ببنەوە.

دەبینین لە سەرەتاوە خوای گەورە بە نیدای ئیمانەوە بانگی ئیمانداران دەکات، چونکە ئیمان جەوهەری مرۆڤەو نووری ئیلاهیە لەدەروونو رۆشناکەرەوەی رێگای موسڵمانانە، بە شێوەیەکی وا کە رایدێنێ چۆن قسە بکاو چۆن هەڵوێست وەربگرێو چۆن شتەکان لێك بداتەوە، کە ئەمەش هێمایە بۆ گرنگی ئەو باسەی لەدوای ئەوەوە دێت، کە پێویستە لەکاتی هێنانی هەواڵ لەلایەن ئەو کەسانەی بایەخ بە هێنانو بردن نادەن، هەڵوێستەکانمان رابگرین تا لەراستیەکەی دڵنیا دەبینەوە، چونکە هەر بڕیارو هەنگاوێك لەسەر هەواڵێکی ناڕوون، مەترسی زۆر دەنێتەوەو لەوانەیە کۆمەڵگە تووشی ناهەمواری زۆر بکات[1].

بۆیەش خوای گەورە رەخنەی ئەوە دەگرێ، کە کەسانێك هەن لەکاتی گواستنەوەی هەواڵ ناگەڕێنەوە لای پێغەمبەرو (درودی خوای لەسەر بێت) ئەو کەسانەی لە لێکۆڵینەوەی ئەو جۆرە بوارانە هونەریان هەیەو لێی تێ دەگەن، هەروەك دەفەرموێ: **(وَإِذَا جَاءَهُمْ أَمْرٌ مِنَ الْأَمْنِ أَوِ الْخَوْفِ أَذَاعُوا بِهِ وَلَوْ رَدُّوهُ إِلَى الرَّسُولِ وَإِلَى أُولِي الْأَمْرِ مِنْهُمْ لَعَلِمَهُ الَّذِينَ يَسْتَنْبِطُونَهُ مِنْهُمْ وَلَوْلَا فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُ لَاتَّبَعْتُمُ الشَّيْطَانَ إِلَّا قَلِيلًا)**[2]، واتە: هەر کاتێك هەواڵێکیان بۆ بێت دەربارەی ئاسایشو هێمنایەتی، یاخود ترسو بیم، بڵاوی دەکەنەوە (بیر لەسەرئەنجام ناکەنەوە)، خۆ ئەگەر ئەو هەواڵەیان بڵاو نەکردایەتەوەو بیانگێڕایەتەوە بۆلای پێغەمبەرو (درودی خوای لەسەر بێت)، یان بۆ لای کاربەدەستانێك کە لە خۆیانن، ئەوە ئەوانەی کە لە نهێنی هەواڵەکان تێدەگەنو دەکۆڵنەوە، نهێنیو رازەکانیان لێ دەردەهێنا، جا ئەگەر فەزڵ و چاودێری خواو رەحمەتو میهرەبانیەکەی نەبوایە شوێنی شەیتان دەکەوتن، جگە لە کەمێکتان.

لە لایەکی ترەوە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) فەرمانمان پێ دەکات، کە شتەکان ڕوون بکەینەوەو قەت بەدوای شتە گوماناویەکانەوە نەکەوینو بڕیار نەدەین، چونکە ئەو جۆرە

---

1- مختصر تفسير ابن كثير: ج٣ ص٣٧٩.
2- سورة النساء: ٨٣.

بیرکردنەوەو پەلە کردنانە لە فێڵی شەیتانەوەن، هەروەك دەفەرموێ: (**التَبيّن من اللّهِ وَالْعَجَلَةُ من الشَّيْطَانِ**)[1]، واتە: ڕوونکردنەوە لە خواوەیەو پەلە کردن لە شەیتانەوەیە.

لەلایەکی ترەوە خوای گەورە ئاماژە بەوە دەکات، کە ئێمە بۆ زیاتر هۆشیاریو وەرگرتنی ڕێنموییو شارەزاییو هەستی بەرپرسیارێتی، پێویستمان بەوە هەیە ڕوو لە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) بکەینو بگەڕێینەوە ژێر فەرمانو ئامۆژگاریەکانی، چونکە ئەو زیاتر لە کاروبارەکان دەزانێو دەتوانێ ڕێگای ڕاستو دروستو پڕ خێرمان بۆ دابنێ.

لەهەمان کات ئاگادارمان دەکاتەوە، لەوەی کە زۆر شت هەبووە، ئەگەر هاتباو پێغەمبەر(درودی خوای لەسەر بێت) بە گوێی دەوروبەری کردبا ئەوە موسڵمانان تووشی گرفت دەبوون، چونکە لەوانەیە شتەکانیان لەسەر شان قورستر دەبویەوە، بۆیە دەبینی خوای گەورە ئیمانی لای بەندەساڵحەکان خۆشەویست کردووەو لەناو دڵو دەروونیانی ڕازاندۆتەوە، بۆ ئەوەی بە هۆی کاریگەری ئەو ئیمانەوە زیاتر ڕوو لە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) بکەنو لە زەڵکاوی کوفرو تاوانو هەڵەی نادروستو نابەجێ دوور بکەونەوە، کە ئەمە هۆکاری کەوتنە سەر ڕێی ڕاستەقینەو هۆشیار بوونەوەو گەیشتنە بە سەرفرزای.

هەروەك دەفەرموێ: (**وَاعْلَمُوا أَنَّ فِيكُمْ رَسُولَ اللهِ لَوْ يُطِيعُكُمْ فِي كَثِيرٍ مِنْ الْأَمْرِ لَعَنِتُّمْ وَلَكِنَّ اللهَ حَبَّبَ إِلَيْكُمْ الْإِيمَانَ وَزَيَّنَهُ فِي قُلُوبِكُمْ وَكَرَّهَ إِلَيْكُمْ الْكُفْرَ وَالْفُسُوقَ وَالْعِصْيَانَ أُوْلَئِكَ هُمْ الرَّاشِدُونَ**)، واتە: بزانن کەوا پێغەمبەری خوا لەناوتانایەو ئەگەر لە زۆر شتا کە داوای لێ ئەکەن بە گوێتان بکا تووشی دەردەسەری دەبن، بەڵام ئێوەش لەبەر ئەوەی کە سوورن لەسەر قازانجی ئایینی ئیسلام، داوای ئەو شتانە ئەکەنو خوا ئیسلامەتیو باوەڕی لا خۆشەویست کردوونو جوانی کردووە، لە دڵتاناو کافریو گوناهو تاوانباریی لا بێزراندوونو پیاوی عاقڵو فامیدەیش ئەوانەن حەزیان لە موسڵمانەتیو فەرمانبەداری خواو پێغەمبەری خوایەو ڕقیان لە کافریو تاوانو گوناهبارییە.

---

1- سنن الترمذي: ج٤ ص٣٦٧.

کەواتە لێرەوە دەگەینە ئەو ڕاستیە، دەبێ مرۆڤی موسڵمان هۆشیار بێت، لەبارەی ئەو قسەو قسەلۆك‌و هێنان‌و بردن‌و هەواڵ‌و دەنگۆیانەی، کە دەیانبستێت، یەکسەر قسەی لەسەر نەکات‌و بڕیار لەبارەیانەوە نەدات، تا بۆی روون دەبێتەوە، داخۆ شتەکە ڕاستە یان نا، چ جای ئەوەی ئەو کەسەی ئەو جۆرە شتانە بڵاودەکاتەوە ئەگەر کەسێکی باش‌و دادپەروەر نەبێ، ئەوە زیاتر پێویستی بە بەدواداچوون‌و لێکۆڵینەوە هەیە.

لەلایەکی تریشەوە دەبێ موسڵمان لەوەش هۆشیار بێت، خۆی نەبێتە هۆکاری ئەوە، کە هەواڵی بێ بنەماو ناڕاست‌و قسەی نابەجێ بە مەبەستی چەواشە کردنی خەڵك بڵاوبکاتەوە.

چونکە هەڵبەستنی هەواڵ‌و بەربڵاوبوونی دیارەی درۆکردن دەبێتە هۆکاری تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵگەو نانەوەی ناهەمواری‌و لێك دوور کەوتنەوەی موسڵمانان، لەوانەشە ئەمە سەر بکێشێ بۆ فیتنەو تێك چوونی باری ئارامی‌و ئاسایشی کۆمەڵگەوە، بۆیە پێغەمبەری ئیسلام (درودی خوای لەسەر بێت) پێمان دەفەرموێ: **(وَإِنَّ الْكَذِبَ يهدى إلى الْفُجُورِ وَإِنَّ الْفُجُورَ يهدى إلى النَّارِ)**[1]، واتە: بەراستی درۆکردن خەڵك بەرەو خەراپە دەباو خراپەش مرۆڤ بەرەو ئاگری دۆزەخ دەبات.

هەورەها مەترسی ئەو جۆرە کەسانەمان بۆ دیار دەکات، کە لەناو کۆمەڵگە بە شێوازی نادروست هەواڵ بۆ خەڵك هەڵدەبەستن‌و بەو هۆیەوە کێشە لەناو کۆمەڵگە دەنێنەوە، هەروەك دەفەرموێ: **(من كان له وَجْهَانِ في الدُّنْيَا كان له يوم الْقِيَامَةِ لِسَانَانِ من نَارٍ)**[2]، واتە: هەر کەس بە دوو ڕوویی‌و نادروستیەوە لە دونیا هەنگاو بنێ، ئەوە خوای گەورە لە قیامەتدا دوو زمانی لە ئاگر بۆ دادەنێ‌و پێیانەوە سزاو ناخۆشی دەچێژێ.

لێرەوە پێویستە ئەوە بڵێین: کە ئەگەر ئێمە وەکو موسڵمانان پابەندی جوان‌و باش بنوێنین‌و لە سنووری قورئان‌و فەرموودەو ئەخلاقی ئیسلام نەچینە دەرەوە، ئەوە بێگومان دەکرێ وەرچەرخانێکی پڕ لە دەسکەوت لەناو کۆمەڵگە دروست بکەین، لەبەر ئەوەی هۆشیار دەبین

---

1- صحيح مسلم: ج٤ ص٢٠١٢.

2- سنن أبى داود: ج٤ ص٢٦٨.

لەبەرامبەر هەموو ئەو هەواڵو هەڵبەستراوانەی، کە لە مامەڵەو ژیانی ڕۆژانەمان گوێ بیستی دەبین، لەهەمان کات دەزانین پێوەرەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو جۆرە قسانەو هەواڵی بێ بنەما چین، چونکە خوای گەورە بۆی ڕوون کردینەوە، کە دەبێ ڕوونکردنەوە لە شتەکان بکەین ئینجا بڕیار بدەین.

یەك لە زاناو ئەدیبەکان دەڵێ: (ومتى استقام القلب والعقل على هذا المنهج لم يبق مجال للوهم والخرافة في عالم العقيدة، ولم يبق مجال للظن والشبهة في عالم الحكم والقضاء والتعامل، ولم يبق مجال للأحكام السطحية والفروض الوهمية في عالم البحوث والتجارب والعلوم)[1].

لەهەمان کات ئەگەر کۆمەڵگە لەسەر ئەو ڕێتمە بڕواتە پێشەوە، کە تاکەکانی بەهۆی ئیمانەوە پەیڕەوی لەراستیەکان بکەنو لەکاتی کێشە بگەڕێنەوە بۆ ڕێبازی پێغەمبەرو (درودی خوای لەسەر بێت) لەهەوڵی ئەوە دابن، کە خۆیان بەدوور بگرن لە دیاردەی لەو شێوە، ئەوە دەکرێ بڵێین ئەو کۆمەڵگەیەو تاکەکانی بە شێوەیەکی باشو بە ئاستێکی بەرزەوە بەرەو پێش دەڕواتو دەرگاکانی خێرو خۆشی بەڕوودا دەکرێتەوە، لە سایەی فەزڵی خواو ئیمانی دەروونەکانو خۆپارێزی تاکەکانی نێو کۆمەڵگە لەخراپیەکان، بەو ئاراستە جوانە گەیشتووینو لە ژێریەوە ئاسوودە دەبین، بۆیە خوای گەورەش لە کۆتایی ئەو ئایەتانەوە دەفەرموێ: (**فَضْلًا مِنَ اللَّهِ وَنِعْمَةً وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ**).

---

1- فی ظلال القرآن: ج٤ ص٢٢٢٧.

# باسی چوارەم
# دەرهاوێشتە ئەرێنیەکانی بەدواداچوون و ڕوونکردنەوەی هەواڵ

لــەدەرەنجامی خستنە ڕووی ئــەو تــەوەرەو شــیکرنەوەی ئــەو فەرمانــە خواییــە، لــەبارەی بەدواداچوونو ڕوونکردنەوەی ئەو هەواڵانەی لەلایەن کەسانی خراپەکارو متمانە لاوازەوە پێمان دەگات، دەکرێ لێرەوە چەند خاڵێك باس بکەینو سوودو قازانجەکانی ئەو ئایەتە دیاری بکەین:

١- پێویستی ڕوونکردنەوەی هەواڵو خەبەرەکانو پەلە نەکردن لــە وەرگرتنیــان، بەتایبــەت لەو هەواڵو دەنگۆیانەی، کە پەیوەستن بە کاروبارە گشتیەکانو، هەستیارن لــەناو کۆمــەڵگــەی ژیانی خەڵكو ئارامی وڵاتو نیشتمانەوە، چونکە ئەمە داخوازی قورئانی پیرۆزە بۆ بەنــدەکانو پەیڕەوی ڕاستەقینەی ئیسلامە، هەروەك (سەید قوتب) دەڵێت: (التثبت من كل خبر ومــن كــل ظاهرة، ومن كل حركة قبل الحكم عليها، هو دعوة القرآن الكريم، ومنهج الإسلام الـدقيق)[1]. واتە: ڕوونکردنەوە لەهەر هەواڵو دیاردەو جولەیەك بەر لە حوکمــدان ڕێــك داخــوازی قورئــانو مەنهەجی وردبینی ئیسلامە.

٢- دەبێ ئەوە بزانین، کە ئەسڵ لەناو تاکەکانی نێو کۆمەڵگەی موسڵمانان ئەوەیە، کە لێك ئەمین بنو لە دەستو زمانی یەکترەوە هەست بە سەلامەتی بکــەن، وە دەبــێ هــەواڵو قــسەو گێڕانەوەی مەســەلەکانیان لەســەر بنــەمای ڕاســتیو دروســتی بێــت، بــۆ ئــەوەی پەیوەندیــە کۆمەڵایەتیەکانیان نەشڵەژێو نەکەوێتە داوی لاوازیو لێکترازانەوە، ئەگــەر ئــەو پــەروەردەش جێگەی کرایەوەو ڕەگو ڕیــشەی لــەناو دەروونــی خــەڵكو پانتــایی کۆمــەڵگــە داکوتــا، ئــەوە بێگومان دەبیــتە هۆکاری نەمانی ئەو نەخۆشیە لەناو موسڵمانانەوە.

---

1- فى ظلال القرآن: ج٤ ص٢٢٢٧.

٣- ئەوەشمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە سەرچاوەی هەموو ڕاستیو دروستیو وردبینیو دووربینیەك قورئانی پیرۆزو فەرموودەی دروستی پێغەمبەرە (درودی خوای لەسەر بێت)، کە بێ هیچ پێچو پەنا ڕاستیە ڕابردوو و داهاتووەکانی بۆ ڕوون کردینەتەوە، بۆیەشە هەمیشە کاریگەری ئیمانیو ئەرێنیو ئارامی بە دڵو دەروونمان دەبەخشێو هزرو بیرمان هەمیشە لە ڕاستیەکان نزیك دەکاتەوە، لەوەش نمونەی هەواڵی ئیسراو میعراجو هەڵوێستی ئیمامی ئەبوبەکر لە گومان نەبوونی بەرامبەر کاری خواو هەنگاوەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) جوانترین نمونەی پابەندی موسڵمانانە، کە لە بواری عەمەلیەوە بێ دوودڵی تەسدیقیان نواندووە.

٤- لەو ئایەتە ئاماژەش بەوە کراوە، کە کەسانی فاسقو بە هەڵەو پەلە، جێگەی ئیعتبار نینو هەمیشە لە سەر جۆرو قەبارەی کارەکانیان تووشی شکستو پەشیمانیو خەمو ئالۆزی دەروونی دەبنەوە، کە سەرەنجام کەسانێکی نامۆش دەردەچن لەناو کۆمەڵگەو ڕیزی موسڵمانانەوە.

٥- بەهەمان شێوە پەلەکردنی موسڵمانان لە وەرگرتنی هەواڵی بێ بنەما پێش ڕوونکردنەوەی، دەبێتە هۆی پەشیمانیو لێکترازانی موسڵمانانو کەوتنەوەی ڕقو کینەو کێشەی کۆمەڵایەتیەوە.

٦- ئامادەیی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) لە سەردەمی خۆیو زیندوێتی ڕێبازو سوونەتو فەرموودەکانی لەناو ئۆممەت لەدوای وەفاتی، بەڵگەی بەهێزی ڕوونکردنەوەی شتەکان بۆ موسڵمانان، بەو مانایە ئەگەر ئێمە پابەندی لەبەرامبەر بنوێنینو لەکاتی کێشە بگەڕێینەوە لای، ئەوە بۆ ئێمە زۆر باش دەبێو بەهۆیەوە تووشی سەر لێشێوانو لاڕێی نابێین.

٧- خوای گەورە ئیمانی لەناو دڵو دەروونی ئیمانداران خۆشەویستو جێگیر کردووە، کە هۆکاری یەکەمی بەختەوەربوونی مرۆڤەکانە لە ژیاندا، بۆیەش بە نیدای ئیمانەوە بانگەوازی بۆ کردینو لە هەستیاری ئەو بابەتە هۆشیاری کردینەوە، چونکە ئیمان گەورەترین نیعمەتی خوای گەورەیە، کە بە مرۆڤی دەبەخشێتو بەهۆیەوە هیدایەتی دەدات.

٨- لە پێناسە کردنی چەمکی ئیمانـدا هـاتووە: (الإيمان هو: التصديق بالجنان والإقرار باللسان، والعمل بالأركان)، لەبەرامبەر هەر یەك لەوانەش خوای گەورە دەفەرموێ **(وَكَرَّهَ إِلَيْكُمْ الْكُفْرَ وَالْفُسُوقَ وَالْعِصْيَانَ)**، کەواتە دەبێ هۆشیار بین لە جێبەجێ کردنی پێناسەی ئیمانو خـۆ دوور گرتن لە کوفرو دەرچوونو شکاندنی سنووری خواو ئەنجامدانی گوناهو تاوان[1].

٩- هاندانی خوای گەورە بۆ مرۆڤەکان لە دانانو هەڵنانی دەروونیان لەسەر ئیمانو تـەقواو خۆپارێزی، بۆ ئەوەی بگەنە پلەو پایەی کەسانی هیدایەتدەرو سەرفرازو ڕێنمایکار بـۆ ڕێگـەی ڕاستیو دروستیو بەردەوام بوون لەسەری.

١٠- دەبێ لەوەش هۆشیارو بەئاگا بین، کە هەرچیەك لەو دونیایە دێتە ڕێی ئینسان لەکارو هەنگاوی چاکە، ئەوە فەزڵو نیعمەتی خوای گەورەیـە، لەهـەمان کـات هێمـاو ئاماژەیـە بـۆ بەندەکان لەبەرامبەر نازو نیعمەتو فەزڵەکانی خوای گەورە، شوکرانە بژێری بکەنو سـوپاسو ستایشی خوای باڵا دەست لە ژیانیان لە بیر نەکەن، خوای گەورەش ئاگاداری جوڵەو هـەنگاوی مرۆڤەکانەو دانایـە لەبەرامبـەر کاروبـاری ژیـانی خـەڵكو بـەڕێوەبردنی ڕێـڕەوی کائینـاتو دروستکراوانی سەر زەویەوە.

١١- هەر کات تاکەکانی کۆمەڵگە هۆشیار بوونو، لـەدیاردەی هەڵبەسـتنی هـەواڵی بـێ بنەماو چەواشەکاری خۆیان پاراست، بێگومان هەنگاوێکی گـرنگ دەبـێ لـە دوورکەتنـەوەی کۆمەڵگە، لە زۆرێك کێشەو نەخۆشیە کۆمەڵایەتیەکانەوە.

---

1- التفسير المنير: ج١٣ ص٥٦٢.

## بەشی پێنجەم

# بەرپرسیارێتی موسڵمانان لەکاتی رووبەڕوو بوونەوەی شەڕو ناکۆکیو ئاژاوەکان

## دەسپێك..

دوای ئەوەی لەبەشی سێیەم لەژێر ڕۆشنایی چەند ئایەتێکی ئەو سورەتە، تیشکمان خستە سەر بابەتی روونکردنەوەی هەواڵی کەسانی فاسق، بۆ ئەوەی لەڕاستی خەبەرەکان دڵنیا بینەوە، تا نەکەوینە ناو کێشەو گێرو گرفتی کۆمەڵایەتیەوە، ئێستا خوای گەورە دەیەوێ زیاتر لە هەستیاری ئەو بابەتە ئاگادارمان بکاتەوەو ڕێنماییمان پێ بدات، کە ئەگەر هاتوو لەسەر هەواڵێکی ناراست، کەوتینە کێشەو ناکۆکیەوە چۆن هەڵسوکەوت بکەین؟ چۆن بتوانین بەسەریەوە زاڵ بین؟ لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەی موسڵمانان کۆمەڵگەیەکی مرۆییەو مەلائیکەتی نیەو، لەهەمان کاتیش سروشتو سایکۆلۆژیەتی کەسەکان زۆر جار بەرەو هەڵچوون دەڕواو، سەرەنجام ناکۆکیو دووبەرەکیو تەنانەت ئاژاوەو شەڕو ئاشوبیشی لێ پەیدا دەبێ.

ئا لێرەیشەوە بۆ ئەوەی ڕیزی موسڵمانان تێك نەچێتو کایەکانی کۆمەڵگەش لێك نەترازێن، خوای گەورە ئامۆژگاریمان دەکات، بەوەی لەکاتی ناکۆکیەکان ڕێگەی ئیسلاحو هۆکارەکانی ئاشتەوایی وەك ئامۆژگاری، ئیرشاد، هۆشیارکردنەوە، دەستەڵات بگرینە بەر، لەپێناو نەهێشتنی کێشەکانو وەلانانی ناکۆکیو دووبەرەکیەکان، هەروەها خوای گەورە فەرمانی ئەوەشمان پێ دەدات، کە بنەمای ڕاستەقینەی ئاشتەواییو بەهێزبوونی برایەتی نێو ڕیزی موسڵمانانە، کە دەبێ هەمووان لە پێناویدا ئەرك بکێشنو چوارچێوەکانی بپارێزن، بۆ ئەوەی بەهۆی برایەتیەوە کۆمەڵگە بکەوێتە ئارامیو دوورە شەڕیەوە.

خوای گەورە دەفەرموێ: **(وَإِنْ طَائِفَتَانِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ اقْتَتَلُوا فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا فَإِنْ بَغَتْ إِحْدَاهُمَا عَلَى الْأُخْرَى فَقَاتِلُوا الَّتِي تَبْغِي حَتَّى تَفِيءَ إِلَى أَمْرِ اللَّهِ فَإِنْ فَاءَتْ فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا بِالْعَدْلِ وَأَقْسِطُوا إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ ، إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ فَأَصْلِحُوا بَيْنَ أَخَوَيْكُمْ وَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ)**(1).

واتە: ئەگەر دوو دەستە، یان دوو تاقم لە موسوڵمانان بوو بەشەڕیان، ئەوە دەستبەجێ هەوڵ بدەن ڕێکیان بخەنو ئاشتیان بکەنەوە، خۆ ئەگەر لایەکیان هەر دەستدرێژی دەکردە سەر لاکەی

1- سورة الحجرات: ٩-١٠.

تر، ئەوا ئێوە بەگژ ئەوەیاندا بچن کە ستەمو دەستدرێژی دەکات، هەتا دەگەڕێتەوە بۆ فەرمانی خوا، جا ئەگەر لایەنە سەرکەشەکە بۆ فەرمانی خوا سەری دانواند، ئـەوە ئێـوە ناوبژیوانیـەکی دادگەرانە لەنێوانیاندا بکەن و دادپەروەری ئەنجام بدەن، چونکە بەڕاستی خـوا ئەوانـەی خـۆش دەوێت، کە دادپەروەری ئەنجام دەدەن.

لەڕاستیدا هەر ئیمانداران برای یەکن، کەواتە هەرکاتێك لە نێوان دوو براتاندا ناکۆکی پەیدا بوو، ئێوە نێوانیان چاك بکەنو ئاشتیان بکەنەوە، هەمیشە لە خوا بترسنو پارێزکـار بـن، بـۆ ئەوەی ڕەحمتان پێ بکرێت.

بە پێی هێماو ئاماژەکانی نێو ناوەڕۆکی ئەو دوو ئایەتە، دەگەینە ئەو ڕاستیە کە کۆمـەڵگە کێشەی لێ ڕوودەداتو بێ گرفت نابێ، بەڵام وەزیفـەو ئـەرکو بەرپرسـیارێتی تـاكو دەسـتەو دەستەڵاتەکان ڕۆڵ دەبینێ، لەوەی کە چەندە بەلای هەنگاوی خێر دەڕۆنو بە ئامرازو هۆکـاری پێویست، دادگەری لەناو خۆیانو لەگەڵ کێشەکان دەکەن، هەروەها گرنگە ئەوەش بـزانین، کـە سەرپێچیکارانی فەرمانو دادگەری خوا، نابێ ڕێگەیان پێ بدرێتو هەرچیەك بیانـەوێ بیکـەن یان بۆیان بکرێت.

هەروەها ئەو ئایەتە ئاماژەیەکی گەورەی بۆ تێکڕای مرۆڤایەتی تێدایە، کە ئەگەر پـەیڕەوی لێ بکەنو لەناو هەر کۆمەڵگەیەك ڕەگو ڕیشاڵەکانی بچێنن، ئەوە ڕەنگدانەوەی ئیجابی زۆری دەبێتو بە گەورەترین دەسکەوتی مرۆییو ژیانیو ژیاریو دینیو دونیایی دادەندرێت، ئـەویش مەسەلەی برایەتی نێو موسڵمانانە، کە خوای گەورە باسـی لێـوە کـردووەو بگـرە نـەك تـەنها برایەتی لێ داوا کردوین، بەڵکو فەرمانیشی داوە، کە هەمـوو ئەو هۆکارو ڕێگەیانەش بگرینـە بەر، کە دەبنە مایەی مانەوەی ئەو برایەتیەو ماناو ڕەهەندە قوڵەکانی لەناو کۆمەڵگەدا.

لێرشەوە بۆ زیاتر بەرچاو ڕوونیو تێگەیشتن لە چـەمكو دەلالەتـەکانی نێـو ئـەو فەرمانـە خواییە، لەڕێی چەند باسێك دەچینە ناو باسەکەوە:

# باسی یەکەم

# هۆکاری دابەزینی ئەو پەیامە چی بووە؟

بەپێی سەرچاوە تەفسیرییەکان هۆکاری دابەزینی ئەو ئایەتە بریتی بووە لە چەند شتێك، کە لەسەردەمی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) ڕوویانداوە:

- ئەنەسی کوڕی مالك دەگێڕێتەوە، کە بە پێغەمبەریان فەرموو (درودی خوای لەسەر بێت) بۆ ناچیە لای عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی؟ پێغەمبەریش (درودی خوای لەسەر بێت)، هەڵساو بە سواری گوێدرێژێکو، لەگەڵ ژمارەیەك لە موسڵمانان کە بەدوایەوە دەڕۆیشتن چووە لای، دیارە ئەو ڕێگایەی پێیدا دەڕۆیشتن تەپو تۆزی زۆر بووە، کە نزیك بوونەتەوە ئەو گوێدرێژەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت)، میزی کردووە، عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەیش دەڵێ: ئەوە هاتیە لامو بۆنی ئەو گوێدرێژەت زۆر ئەزیەتی دام!

عەبدوڵڵای کوڕی ڕەواحەش لەگەڵ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) بوو، هاواری کردو گوتی: سوێندم بەخوا بۆنی میزی ئەو گوێدرێژە لە بۆنی تۆ خۆشترە، ئەوانەی لە دەوری عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی بوون تووڕە بوونو ئەوانەی لەگەڵ پێغەمبەریش هاتبوون ئەوانیش بەو قسەی عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی هەراسان بوون، تا وای لێ هات قسەو شەڕو ناخۆشی کەوتە نێوانیانەوە، لەو کاتە خوای گەورە ئەو ئایەتەی ناردەوە خوارەوە، کە دەفەرموێ: **(وَإِنْ طَائِفَتَانِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ اقْتَتَلُوا فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا..........)**[1].

- لە ڕیوایەتێکی تر هاتووە دەڵێ: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) بەمەبەستی سەردانی کردنی (سەعدی کوڕی عوبادە) کە نەخۆش بوو، بەو ڕێگەیە ڕۆیشت کەماڵی عەبدوڵڵای کوری ئوبەی کوڕی سەلولی دەکەوێتە سەر، کە گەیشتە ڕاستی ماڵیان، عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی هاواری کردو گوتی: بۆنی ئەو گوێدرێژەت ناخۆشەو ئەزیەتی دام، عەبدوڵڵای کوڕی ڕەواحەش وەڵامی دایەوەو گوتی: وەڵڵاهی بۆنی میزی گوێدرێژەکەی پێغەمبەر (درودی

1- تفسير الخازن: ج٣ ص١٦٧.

خوای لەسەر بێت) لە بۆنی تۆ خۆشترە، ئەوانیش توورە بوون، تا وای لێهات کێشە لە نێوانیان دروست بوو، خوای گەورە ئەو ئایەتەی نازڵ کردو فەرمووی: **(وَإِنْ طَائِفَتَانِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ اقْتَتَلُوا فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا.......)**.

ـ لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە، کە پیاوێکی ئەنساری بەناوی (عمران) ئافرەتێکی هەبووە، بەناوی (أم زید)، ئەو پیاوە ڕێگەی نەداوە ئەو خێزانەی سەردانی ماڵی باوکیو خزمانی بکا، ئافرەتەکەش زۆر هەوڵی داوە بەڵام بێ هوودە بووە، دواجار ئافرەتەکە خەبەر دەداتە ماڵی باوکیو لە وەزعەکە حاڵیان دەکا، ئەوانیش بە کۆمەڵێك خزمیانەوە هەڵدەکوتنە سەر ماڵی (عمران)ی هاوسەری ئەو ئافرەتە، لەلای خۆشیەوە (عمران) خزمو کەسو کاری خڕدەکاتەوە بۆ ئەوەی ئافرەتەکە نەبەنەوە، لەو ناوەدا کێشەیان لێ دروست دەبێو لێیان دەبێتە شەڕ، خوای گەورەش ئەو ئایەتەی نازڵ کرد[1].

- ئەوەش هاتووە، کە لە نێوان دوو پیاوی ئەنساری کێشەیەك هەبووە، بەڵام ئەو دوو پیاوە نە بۆ یەکتریان دەسەلماند نە بە شەرعی خواش ڕازی بوونە، لەبەر ئەوە خوای گەورە ئەو ئایەتەی نازڵ کردووە.

لەکۆی گێڕانەوەی هۆکاری دابەزینی ئەو ئایەتە، ئەگەرچی جیاوازن بەڵام لێك نزیکن لەو ڕووەوە، کە کێشەیان لێ درووست بووەو خوای گەورەش دەیەوێ چارەسەرو ڕێگەی تەشەنە نەکردنی کێشەکانمان بۆ ڕوون کاتەوە.

---

1- التفسير المنير: ج١٣ ص٥٦٦. - تفسير سورة الحجرات: ٦٢.

# باسی دووەم

# شێوازی وەلانانی ناکۆکیەکان و کاریگەری ئیسلاح خوازی

پەیامی ئەو ئایەتە، وێڕای ئەوەی فەرمانی ئەوەی تێدایە، کە نابێ لەناو موسڵمانان شەڕو ناخۆشیو کێشەو کوشتن هەبێ، لەهەمان کات ڕێکاریو بەرگریو ڕێگری لە کێشەو ناخۆشیەکانی بۆ دیار کردووین، بەمانایەکی تر دەیەوێ پێمان بڵێ: وەزیفەی سەرەکی ئینسانی موسڵمان لەناو کۆمەڵگە ئیسلاحو چاکەخوازیە، نەك نانەوەی ئاریشەو ئاشووب، بەوەش دەگەینە ئەو ڕاستیە، کە ئایینی پیرۆزی ئیسلام هەمیشە لەگەڵ ئاشتەوایی دایەو بەردەوامیش دەیەوێ ئەو ڕەهەندە بوونی هەبێو، کۆمەڵگە لە قەرەی قەیرانی ناکۆکیەکان بچێتە دەرەوە.

هەرچەندە دەبێ ئەو ڕاستیە بزانین، کۆمەڵگەی مرۆیی قەت بێ کێشە نابێ، هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێ دا، لەبەر ئەوەی مرۆڤ قابیلی هەڵەیەو، لەهەمان کاتیش هۆکارەکانی وەك: هەوڵی نەگریسی شەیتان، کە بەردەوام دەیەوێ تەفرەقەو ناخۆشی لەناو موسڵمانان دروست بکات، نەفسو ئارەزووە کرچو کاڵەکان، نیفاقو فیتنە، دووڕوویی، ناپاکی، درۆ، گومانی خراپ، چەندین شتی تریش، هەمیشە وا دەکەن، کە درز بکەوێتە ناو موسڵمانان لە کۆمەڵگەدا، سەرەنجام هەریەك لەو هۆکارانەش ئەگەر ڕێگری لێ نەکرێت لەوانەیە سەر بکێشێ بۆ شەڕو تەنانەت کوشتنو ئاژاوەی درێژ خایەنەوە.

لەبەر ئەوە بە درێژایی مێژوو کەسانێك هەبوونە ویستوویانە شڵەژانو ناخۆشی بخەنە نێو کۆمەڵگەو موسڵمانان لەبار یەك ببەن، کە ئەمەش بۆتە دیاردەیەکی جیهانیو ئەستەمە وڵاتێك یان کۆمەڵگەیەك هەبێ کێشەو گرفتی تێدا روو نەدات[1].

ئەوەی دەشبێتە مەترسی گەورە بەسەر ئارامی وڵاتو تەبایی نێو موسڵمانانەوە، هەبوونی کێشەو ناکۆکیو تاوان بووە، کە هەر ئەمەش وای کردووە بەردەوام لێکۆڵینەوە دەروونیو کۆمەڵایەتیو پەروەردەییو ئەخلاقیەکان، کاریان لەسەر ئەوە کردووە، کە چۆن بتواندرێ

---

1- حل المنازعات والإصلاح بين الناس: ٢.

ڕێگری لە هۆکارەکانی ئەو جۆرە ناکۆکیانە بگیرێ، لە لایەکی دیکەشەوە، لەسەر ئاستی وڵاتو کۆمەڵگەکانەوە، بەردەوام یاساو دەستەڵاتو دادگا ویستویەتی ڕێگری لەو دیاردەیە بکاتو سزای توندیش بۆ ئەوانە دابنێ، کە هۆکاری نانەوەی کێشەن لەناو کۆمەڵگەوە.

بۆیە خوای گەروە لە قورئانی پیرۆزدا لەبەر هەستیاری ئەو تەوەرەوە باسی لەو بابەتە کردووەو چەندین ڕێنمایی گرنگیشی باس کردووە.

چونکە ئەگەر بمانەوێ چارەسەری کێشەکان بکەینو هەمیشە وڵاتو کۆمەڵگەکەمان لەو پەڕی ئارامیو تەباییەوە بێت، ئەوە دەبێ هەوڵێکی جددی لەسەر ئاستی تاکەکان بوونی هەبێ، بۆ ئەوەی هۆکارەکان کپ بکرێنەوەو کێشەکان سەر هەڵنەدەن.

خوای گەورە پێغەمبەرانی ڕەوانی نێو میللەتان کردووەو، یەکێ لەو ئەرکە سەرکیانەی پێی سپاردوون ئەوە بووە، کە بەردەوام چاکسازی لەناو خەڵك بکەنو پەیامی ئیسلاح خوازی بڵاوبکەنەوە، بۆیە کە ئیسلام وەك دواهەمین دین دێت، بەر لەهەر شتێك کار لەسەر داڕشتنی هزرو بیری تاکەکان دەکات، بە شێوەیەك کە ئەو تاکە ئامادەیی چاکەکاری تێدا بێتو هەستی بەرپرسیارێتیو چۆنیەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ خواو خاكو خەڵك زیندوو و لەبار بێت، ئەوجا تەکلیفی خواپەرستیەکانی پێ دەسپێرێ.

لەبەر ئەوەشە خوای گەورە پێغەمبەری ئەو ئیسلامە (درودی خوای لەسەر بێت) ئاگادار دەکاتەوەو بەهۆیەوە پەیامەکە ئاراستەی تێکڕای مرۆڤایەتی دەکات، کە لەکاتی کێشەو سەرهەڵدانی ناکۆکیەکان، دەبێ ڕۆڵو ئەرکی سەرەکیمان ئیسلاح بێتو هەمیشە پشتگیری ئاشتەوایی بکەین، هەروەك دەفەرموێ: **(وَإِنْ طَائِفَتَانِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ اقْتَتَلُوا فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا فَإِنْ بَغَتْ إِحْدَاهُمَا عَلَى الْأُخْرَى فَقَاتِلُوا الَّتِي تَبْغِي حَتَّى تَفِيءَ إِلَى أَمْرِ اللَّهِ فَإِنْ فَاءَتْ فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا بِالْعَدْلِ وَأَقْسِطُوا إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ)**، واتە: ئەگەر دوو تاقم لە ئیمانداران لەناو خۆیانا بوو بە جەنگیان، نێوانیان چاك بکەنو ئاشتیان بکەنەوە، جا ئەگەر تاقمێکیان تەجاوزی کرد بۆ سەر ئەویان، لەگەڵ ئەو تاقمەیان بجەنگن کە تەجاوزو دەستڕێژی کردووە، تا دەگەڕێتەوە بۆ ملکەچکردنو بۆ فەرمانو قانوونی خوا، ئەگەر بە شێوەیەکی دادپەروەرانە گڕایەوە بۆ گرتنەبەری ڕێگای فەرمانبەرداریی خوا، ئەوا ئێوەش ئاشتیان بکەنەوەو دادپەروەری لە نێوانیان بەجێ بێنن، خوا ئەو کەسانەی خۆش دەوێ کە دادپەروەرن.

لەو ئایەتە خوای گەورە دوو جار باسی سوڵحی کردووە، یەکەمیان دەفەرموێ (فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا)، دووەمیان دەفەرموێ (فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا بِالْعَدْلِ وَأَقْسِطُوا)، ئەمە وێڕای ئەوەی بەڵگەیە لەسەر پێداگیری لەکاری ئیسلاح خوازی، لەهەمان کات حیکمەتی خۆی تێدایە، لە یەکەمیان بۆ ڕاگرتنی شەڕە، لە دووەمیان بۆ تەقدیر کردنی زەرەرو زیانەکانە بەڵام بەشێوەیەکی دادگەرانە.

بە مانایەکی تر: ئەوەی یەکەمیان ئاماژەیە بەوەی لەکاتی بەرگریو لەحاڵەتی شەڕ مرۆڤی ئیسلاح خواز هێندەی بەلای کپ کردنەوەی کێشەکە دەڕوا، هێندە مەبەستی ئەوە نیە کێ سەردەکەوێو کێ دەدۆڕێ.

بەڵام لە حاڵەتی دووەم کاتێ هەردوولا وازیان لەشەڕ هێناو چاوەڕێی دادگا بوون، ئەوە لەو کاتە گرنگە بە پێوەری مەیلو ئارەزوو خەسمەکە یەکلایی نەکرێتەوە، بەڵکو ئیسلاحەکە لەو کاتدا دەبێ بە پێوەری عەدلو دادگەری بێ، بۆ ئەوەی بەتەواوەتی کێشەکە ببڕێتەوە[1]، کە ئەمەش بەڵگەی بەلاغەتو دانایی دەستووری خوای پەروەردگارە بۆ ئێمەی مرۆڤ، کە پێویستە تێڕامانو بیرکردنەوەکانمانی لەسەر قوڵ بکەینەوە.

ئەوە وەنەبێ تەنها لەو ئایەتە خوای گەورە باسی لە بابەتی سوڵحو ئاشتەوایی نێوان موسڵمانان کردبێ، بەڵکو لە چەندین شوێنی تر باسی لەو مەسەلە هەستیارە کردووە، بە شێوەیەك کە خەیرییەتی ئۆمەتو تاکەکانی بەستۆتەوە بە چەمکی ئیسڵاح خوازی، هەروەك دەفەرموێ: **(لَا خَيْرَ فِي كَثِيرٍ مِنْ نَجْوَاهُمْ إِلَّا مَنْ أَمَرَ بِصَدَقَةٍ أَوْ مَعْرُوفٍ أَوْ إِصْلَاحٍ بَيْنَ النَّاسِ وَمَنْ يَفْعَلْ ذَٰلِكَ ابْتِغَاءَ مَرْضَاةِ اللَّهِ فَسَوْفَ نُؤْتِيهِ أَجْرًا عَظِيمًا)**[2]، واتە: لە زۆربەی چپەو سرتەوقسە نهێنیەکانیاندا هیچ خێرێك بەدی ناکرێت و تیایدا نیە، مەگەر چپەی ئەو کەسەی کە فەرمان بدات بەبەخشینێك، یان چاکەیەك، یان ڕێکخستنو چاکسازیو ئاشتبوونەوەیەکی نێوان خەڵکی، جا ئەوەی (ئەو شێوازە چاکەیە) ئەنجام بداتو مەبەستی تەنها دەستکەوتنی ڕەزامەندی خوا بێت، ئەوە لە ئایندەدا پاداشتی زۆرو بێ سنوورو گەورەی پێدەبەخشین.

---

1- تفسير سورة الحجرات: ١٥.

2- سورة النساء: ١١٤.

هەروەها خوای گەورە بۆ پێکهێنانەوەو چارەسەر کردنی کێشەکانی خێزان، داوامان لێ دەکات بە پەیامی ئیسلاحیەوە، دەست پێ بکەین، کە ئەمەش وانەیەکە لەوەی دەبێ تاکەکان لەسەر ئاستی خێزانەوە فێری ئەوە بکرێن، بەردەوام لایەنی ئاشتەوایی‌و ئاشتکردنەوەی کێشەکان هەڵبژێرن‌و بەدوای رێکاری گونجاوو بەخێر بگەرێن، خوای گەورە دەفەرموێ: **(وَإِنِ امْرَأَةٌ خَافَتْ مِنْ بَعْلِهَا نُشُوزًا أَوْ إِعْرَاضًا فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا أَنْ يُصْلِحَا بَيْنَهُمَا صُلْحًا وَالصُّلْحُ خَيْرٌ)**[١]، واتە: ئەگەر ئافرەتێك لە لووت بەرزی یان پشت هەڵکردنی مێردەکەی ترسا، ئەوە هیچ گوناهیان لەسەر نیەو کارێکی چاکە: ئەگەر نێوان خۆیان چاك بکەن‌و لەسەر شێوازێك رێك بکەون (وەك ئەوەی ئافرەتەکە دەست هەڵگرێت لەهەندێ مافی خۆی تابەرێزو سەربەرزیەوە بمێنێتەوە لەگەڵ مێردەکەیدا) هەمیشە رێکەوتن‌و تەبایی شتێکی چاك‌و پەسەندە.

هەروەها لەلایەکی ترەوە ئەو بابەتە دەبەستێتەوە بە تەقواو لەخواترسانەوەو بە شێوەی ئەمر فەرمانمان پێ دەکات، کە هەمیشە بەلای چاکسازی‌و ئاشتکردنەوەی نێوان خەسمەکان برۆین، هەروەك دەفەرموێ: **(فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَصْلِحُوا ذَاتَ بَيْنِكُمْ وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ)**[٢]، واتە: لە خوا بترسن‌و چاکسازی نێوانی خۆتان بکەن (مەیەڵن لەسەر تەماعی دنیا نێوانتان بشێوێت)و فەرمانبەرداری خواو پێغەمبەرەکەی بن، ئەگەر ئێوە ئیماندارن.

هەروەها پێغەمبەری ئیسلام (درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێ: **(ألا أُخْبِرُكُمْ بِأَفْضَلَ من دَرَجَةِ الصِّيَامِ وَالصَّلَاةِ وَالصَّدَقَةِ قالوا بَلَى قال إِصْلَاحُ ذَاتِ الْبَيْنِ وَفَسَادُ ذَاتِ الْبَيْنِ الْحَالِقَةُ)**[٣]، واتە شتێکتان پێ بڵێم، کە فەزڵەکەی لە فەزڵی زۆر نوێژو رۆژو سەدەقە باشترە؟ گوتیان بەڵێ، فەرمووی: ئیسلاح‌و ئاشتەوایی کردن لە نێوان خەڵك، چونکە تێکدانی بەینی خەڵك کاروکردەوەی مرۆڤ دەبرێ‌و رەشی دەکاتەوە.

بۆیە لەپەیامی ئیسلامدا یەکێ لە ئەرکە ئایینی‌و ئینسانی‌و کۆمەڵایەتیەکان، ئەوەیە کە دەبێ مرۆڤی موسڵمان پەیامی ئاشتەوایی‌و ئیسلاح‌و چاکەکاری بگرێتە بەر، ئەمەش لە پێناو

---

1- سورة النساء: ١٢٨.

2- سورة الأنفال: ١.

3- سنن أبی داود: ج٤ ص٢٨٠.

ئامانجێکی گەورە، کە دەستەبەر کردنی ئەمن‌و ئارامی کۆمەڵگەو چەسپاندنی دادپەروەری نێو تاکەکان بێت‌و خەڵك بەهۆیەوە لەژێر سێبەری ماف‌و کەرامەت‌و ڕێزو بەهای مرۆییەوە ژیانی خۆی بباتە پێشەوە.

ئەوەش بەوە دەبێ کە تاکەکان خۆیان ڕابێنن لەسەر چەمکە جوانەکانی نێو قورئانی پیرۆزو فەرموودەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت)، کە چەمکی ئیسڵاح خوازی یەکێکە لەنێوانیانەوە، هەروەها دەبێ دوور بکەونەوە لەهەموو ئەو ڕێگاو هەنگاوانەی دەبنە هۆکاری دروست بوونی کێشەو ئاریشەکانەوە.

هەبوونی ئەو ئاماژەی نێو ئایەتەکە، بۆ دوو تائیفەی سەردەمی سەرەتای ئیسلامەوە، وانەیەکی گەورەیە بۆ تێکڕای مرۆڤایەتی، کە خوای گەورە ئەوکات پێغەمبەری راسپارد، بەوەی ئیسلاحیان لەبەین بکات‌و ئاشتیان کاتەوە، بەڵام هۆشداری ئەوەش دەدات، کە ئەگەر لایەنێك ویستی گوێڕایەڵی فەرمانی خوا نەکات‌و بە زۆرو هێزەوە بیەوێ واز لە شەڕو کێشە نەهێنێت‌و ملکەچی ئەو ئیسلاحە نەبێت، ئەوە ئەو کات چ بە هێز یان هەر شێوازێکی تر، دەبێ بەرەنگاریان لێ بکرێ، بۆ ئەوەی نەبنە دڕکی نێو کۆمەڵگەو وەها بە ئاسانی‌و بە زەبری هێزوو بازوەوە خەڵك لەناو بەرن، یان کێشە دروست بکەن، یان نا ئارامی بخەنە ناو کۆمەڵگەو وڵاتەوە.

ئەگەریش لەکاتی کێشە هەردوولا گەڕانەوەو ملکەچیان نواند بۆ فەرمانی خوای گەورە ئەوە پێویستە بەشێوەیەکی دادگەرانە ئاشتەواییەکە کۆتایی پێ بهێندرێت‌و ببڕێتەوە.

دەی ئەگەر لەسەرەتای ئیسلامەوە خوای گەورە ڕێگری لە شەڕو کێشەنانەوە کردووە، ئەوە تا ئێستاش ئەو پەیامە بە تۆمارکراوی لەناو قورئانی پیرۆز ماوەتەوە، کە جێگەی تێڕامان‌و هەڵوەستە لەسەر کردنە، بۆ ئەوەی بەهۆیەوە تاکەکان بێدار ببنەوەو تێگەیشتن‌و هۆشیاری لێ وەربگرن‌و، قەت هەوڵی بەگژداچوونەوەی یەکتر نەدەن‌و، قەتیش وانەکەن ببنە هۆکاری ناخۆشی‌و لێکترازانی موسڵمانانەوە.

بۆ ئەوەی هەمیشە کۆمەڵگە لەو پەڕی بەختەوەری‌و ئاسوودەیی‌و گێڕانەوەی سەروەری‌و ماف‌و کەرامەت‌و ڕەوشت بەرزی بژی‌و، جۆری ژیان‌و پەیوەندیەکانیان بچێتە کەناری ئارامی دەروونی‌و ئاسایشی کۆمەڵایەتیەوە.

# باسی سێیەم
# گرنگیو هەیمەنەی برایەتی لەکۆمەڵگەدا

دوای ئەوەی خوای گەورە ڕێگەو ڕێسای کپ کردنەوەی ناکۆکیەکانی بۆ ڕوون کردینەوەو، شێوازو چۆنیەتی مامەڵەکردنی موسڵمانانەی لەکاتی سەرهەڵدانی کێشەکان بۆ دیاری کردین، ئێستا مەبەستیەتی لە ڕێی پەیامێکی ترەوە، ئەوەمان پێ بڵێ، کە ئەگەر هاتوو کێشەکان بنەبڕ کران، ئەوە پێویستی بە هێزو هەنگاوێکی تر هەیە لەناو خۆتانا جێی بکەنەوە، یانیش لە حاڵەتی نەبوونی کێشەو ئاریشە، واتە لەکاتە ئاساییەکانیش ئێوە پێویستتانە دەست بەو ڕایەڵە گرنگەوە بگرن، کە پێی دەگوترێ برایەتی.

چەمکی برایەتی یەکێکە لەو چەمکە بایەخ پێدراوانەی ناو قوڕئانی پیرۆزو فەرموودەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت)، کە دەکرێ بڵێین یەکێ لە پەیامە سەرەکیەکانی ئەو ئیسلامە بۆ تێکڕای مرۆڤایەتی بریتیە لە برایەتی نێو ڕیزەکانی موسڵمانان لەناو کۆمەڵگەوە.

خوای گەورە دەفەرموێ: **(إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ فَأَصْلِحُوا بَيْنَ أَخَوَيْكُمْ وَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ)**، واتە: ئەوانەی ئیمانیان بەخواو بە پێغەمبەری خوا هەیە برای یەکترین، کەواتە ئێوەش ئەی موسڵمانینە نێوانی جووتە برایانی خۆتان چاك بکەنو ئاشتیان بکەنەوەو لەخوا بترسن، بەڵکو هیوای ئەوە هەبێ خوا ڕەحمتان پێ بکاو میهرەبانیتان لەگەڵ بنوێنێ.

خوای گەورە ئاماژە بەوە دەکات، کە ئیمانداران برای یەکترین، یەك شت کۆیان دەکاتەوەو پێکەوە گرێیان دەدات، کە ئەویش ئیمانە، وە دەبێ بەهۆی ئەو ئیمانەوە هۆشیاریو هەستی چاکەخوازیو ئیسلاح خوازیان بە شێوەیەکی چالاکو زیندوو، لەناو ڕەنگ بداتەوەو لەکاتی دروست بوونی ناخۆشیەکان بە ئەرکی پێویستو سەرشانیان هەڵبستن، وردتر لەوەش خوای گەورە هێما بۆ ئەوە دەکات، کە دەبێ ئیمانداران برا بنو لەدوای ئەو برایەتیەش دەبێ هۆشیار بن ئەگەر دوو برا ناکۆك بوون، ئەوە دەبێ ئاشت بکرێنەوە، چونکە ئەو ئاشتەواییو تەباییە دەبێتە هۆی داباریني میهرەبانی خوا بۆ سەر بەندەکانی.

لەڕووی زمانەوانیەوە ئەوە هەیە کە وشەی (**إِنَّمَا**) بۆ حەسرە، واتە هیچ برایەتیەك نیە جگە لە برایەتی ناو ئیمانداران، چونکە ئیسلام خاڵی کۆکەرەوەی شوێنکەوتوانیەتی‌و، دەیەوێ هەموویان لە چوارچێوەی برایەتی‌و برایەتیش لە چوارچێوەی ئیسلاحەوە جێ بکاتەوە.

گرنگی ئەو برایەتیە لەناو کۆمەڵگە یەکجار زۆرەو دەکرێ بە کاریگەرترین بنەمای پتەوی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان‌و کۆڵەگەی یەکەمی کۆمەڵگە دابندرێت، چونکە ئەگەر هەر کۆمەڵگەیەك برایەتی تەواوو ئیمانی لەناو چەسپا، ئەوە بێگومان دەرهاوێشتەی ئەرێنی گەورە لەسەر جۆری بیرکردنەوەو ئازادیەکان‌و دیارکردنی مافو پاراستنی کەرامەتی مرۆیی دروست دەکات، کە سەرەنجام ئەمە دەبێتە هۆی ئاراستەکردنی کۆمەڵگە بە باشترین شێوەو دوور خستنەوەی لە دەردە دەروونی‌و کۆمەڵایەتیەکانەوە.

بەستنەوەی برایەتی بە ئیمانەوە، ڕێك ئاماژەیە بەوە، کە چۆن ئیمان دەروون‌و گوفتارو ڕەفتارو ڕەوشت‌و بیرکردنەوەی مرۆڤەکان دەسازێنی‌و دەیخاتە سەر ڕێگەی دروستی بەختەوەری کەرامەتی مرۆڤبوونەوە، بەهەمان شێوە برایەتیش دەبێتە چرای ڕێگە ڕاستەکەی باشکردنی پەیوەندەکان‌و چۆنیەتی هەڵسوکەوت‌و مامەڵەی تاکەکانەوە، لەهەمان کاتیش ئەوەی پەرە بە بەردەوامبوونی ئەو نەهجە قورئانیە دەدات، بریتیە لە گێڕانەوەی چەمکی ئیسلاح بۆ کۆمەڵگەو درێژکردنەوەی برایەتیەوە.

لەگەڵ ئەوەش ئەو ئایەتە کە فەرمانمان پێ دەدات برایەتی لەناو یەکتر بکەین، ئەوەمان دەخاتەوە بیر، کە دەبێ بزانین:

- ئەسڵ لە بناغەی تاکەکانی نێو کۆمەڵگەی ئیسلامی برایەتیە، واتە هەبوونی کێشەو شەڕو ئاشووب، خۆی لەخۆیدا دەرچوونە لەو یاسا بنەڕەتیەی نێو قورئانی پیرۆزەوە، بۆیەش ئەرکە لەو حاڵەتە هەموو جۆرە ڕێکارێك بگیرێتە بەر بۆ نەهێشتنی ناکۆکی‌و گێڕانەی لایەنە کێشەدارەکان بۆ سەر ڕێسا بنەڕەتی‌و ئەسڵەکەوە.

- ئەگەر هاتوو حاڵەتێکی لەو شێوە، واتە ناکۆکی ڕوویدا، ئەوە ئەرکی موسڵمانانە لە ئاستیەوە بێنە دەنگ‌و ڕێکاری پێویست ئەنجام بدەن بۆ تەشەنە نەکردنی، ئەگەریش کێشەکە درێژەی کێشاو لایەنێك لەو دوو لایەنی نیزاع دانیان نەنا بە شەرعی خواوەو ملکەچی

ئاشتەوایی نەبوون، ئەوە دەبێ ڕێکاری توند بگیرێتـە بـەر بـۆ نەهێـشتنی کێـشەکە، چـونکە برایەتیو ئاشتەوایی لەناو موسڵمانان قیمەتو بەهایەکی بەرزو پێگەیەکی ئیمانی هەیە، نابێ بەهەدەر بڕواو خەڵکانێك گەمە بەو چەمکە بەهادارە بکەن، وە دەبێ لە پێناو تەحقیق کردنـی ئەو مەهامە هۆکارو ڕێگەچارەکان هەمیشە پەرە پێ بدرێنو، بە ئەرکێکی ئایینیو ئینسانیو ئەخلاقی لەناو کۆمەڵگە بناسرێو دەرکەوێ.

لەبەر ئەوەیە خوای گەورە فەرمانی ئەو ڕاستیە گەورەی برایەتی بەیان کردووە، هـەر لەبـەر ئەوەش بووە، بەهێزترین برایەتی لەناو ڕیزی موسڵمانانو لەسەردەمی هـاتنی ئیـسلام لەسـەر ئەرزی واقع بەرجەستە بووەو ڕەگو ڕیشاڵو ماناو مەغزاکانی بـەنێو جومگـەکانی کۆمـەڵگـە بڵاوبووەتەوە.

برایەتی لە ئیسلامدا پێگەیەکی تایبەتو پیرۆزیەکی فراوانو پاداشتێکی زۆرو مـەقامێکی گرنگی بۆ دیار کراوە، بۆیە چەندین ئاماژەی گرنگ هەم لە لایـەن خـواو هـەمیش لـە لایـەن پێغەمبەری ئیسلامەوە لەو بارەوە هاتوون، کـە گـشتیان جـەخت لـە بایـەخی ئـەو برایەتیـە دەکەنەوەو بەهۆکاری هەبوونی ئیمـانو بەرجەسـتەکردنی سـەرفرازی تـاك لـەناو کۆمەڵگـەو سەرکەوتنی ئەنجامی لێکۆڵینەوەی دواڕۆژی بەندەکان دادەنێن.

کە سەیری زۆرێك لە دەقەکان دەکەین دەبینی برایەتی ئیمانی پێش برایەتی دایـكو بـاوکی خستراوە، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێ: **(قُلْ إِنْ كَانَ آبَاؤُكُمْ وَأَبْنَاؤُكُمْ وَإِخْوَانُكُمْ وَأَزْوَاجُكُمْ وَعَشِيرَتُكُمْ وَأَمْوَالٌ اقْتَرَفْتُمُوهَا وَتِجَارَةٌ تَخْشَوْنَ كَسَادَهَا وَمَسَاكِنُ تَرْضَوْنَهَا أَحَبَّ إِلَيْكُمْ مِنَ اللَّهِ وَرَسُولِهِ وَجِهَادٍ فِي سَبِيلِهِ فَتَرَبَّصُوا حَتَّى يَأْتِيَ اللَّهُ بِأَمْرِهِ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ)**[1]، واتە: ئەی محمد پێیان بڵـێ: ئەگـەر بـاوو باپیرتـانو ڕۆڵـەو نـەوەکانتانو براکانتـانو هاوسـەرانتانو عەشرەتو هۆزتانوماڵو سامانێك کە بەدەستتان هێناوە، یاخود لە بازرگانیەك دەترسـن کـە شکانو بێ بازاڕی رووی تێبکاتو خانووبەرەو کۆشكو تەلارێك کە حـەز دەکـەن لێتـان تێـك نەچێتو دڵخۆشن پێی، لاتان خۆشەویستترو نازدارتر بێت لە خـواو پێغەمبەرەکـەیو جیهـادو

1- سورة التوبة: ٢٤.

تێکۆشان لەپێناو ڕێبازی ئەو زاتەدا، دە ئەوە چاوەڕوان بن، هەتا خوای گەورە دێت بە فەرمانەکانیەوەو (تۆڵەتان لێ دەسێنێت)، خوای پەروەردگاریش هیدایەتو ڕێنموویی قەومی یاخیو لە سنوور دەرچوو نادات.

ئیمامی قورتوبی لە تەفسیرەکەی دەڵێت: **(أخوة الدين أثبت من أخوة النسب، فإن أخوة النسب تنقطع بمخالفة الدين، وأخوة الدين لا تنقطع بمخالفة النسب)**[1]، واتە: برایەتی دینی باشترە لە برایەتی نەسەب، چونکە برایەتی نەسەب بەهۆی هەڵگەڕانەوە لەدین دەبڕێتەوە، بەڵام برایەتی دینی بە هۆی لێکترازانی نەسەبیشەوە هەر دەمێنێ.

هەروەها لە چەندین فەرموودەدا پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت)، تەئکید لەو ڕاستیە دەکاتەوەو هانمان دەدات، کە بە چەمکی برایەتیەوە پابەند بین، وەك دەفەرموێ: **(الْمُؤْمِنُ أَخُو الْمُؤْمِنِ)**[2]، واتە ئیماندار برای ئیماندارە.

هەروەها دەفەرموێ: **(الْمُسْلِمُ أَخُو الْمُسْلِمِ لَا يَظْلِمُهُ ولا يُسْلِمُهُ وَمَنْ كان في حَاجَةِ أَخِيهِ كان الله في حَاجَتِهِ وَمَنْ فَرَّجَ عن مُسْلِمٍ كُرْبَةً فَرَّجَ الله عنه كُرْبَةً من كُرُبَاتِ يَوْمِ الْقِيَامَةِ وَمَنْ سَتَرَ مُسْلِمًا سَتَرَهُ الله يوم الْقِيَامَةِ)**[3]، واتە: موسڵمان برای موسڵمانەو نابێ کەس زوڵمو ستەم لە براکەی خۆی بکات، هەر کەسێکیش بەهانای براکەیەوە بچێت خوای گەورە بەهانایەوە دێت، هەر کەس ناخۆشیەك لەسەر براکەی لا ببا خوای گەورە ناخۆشیەك لەناخۆشیەکانی قیامەت لەسەر ئەو لادەبا، وە هەر کەسێك کەمو کوڕی موسڵمانێك داپۆشێو ستری بکا، خوای گەورە لە ڕۆژی دوایی کەمو کوڕی ئەو دادەپۆشێ.

لە فەرمودەیەکی تر دەفەرموێ: **(مَثَلُ الْمُؤْمِنِينَ في تَوَادِّهِمْ وَتَرَاحُمِهِمْ وَتَعَاطُفِهِمْ مَثَلُ الْجَسَدِ إذا اشْتَكَى منه عُضْوٌ تَدَاعَى له سَائِرُ الْجَسَدِ بِالسَّهَرِ وَالْحُمَّى)**[4]، واتە: نمونەی ئیمانداران لە

1- تفسير القرطبي ٣٢٢/١٥.
2- صحيح مسلم: ج٢ ص١٠٣٤.
3- صحيح البخاري: ج٢ ص٨٦٢.
4- صحيح مسلم: ج٤ ص١٩٩٩.

خۆشەویستیو سۆزو عەتفیانەوە لەناو یەکتری ڕێك وەك نمونەی جەستە وایە، کاتێ ئەندامێك لەو جەستەیە دەکەوێتە ئازارەوە تەواوی جەستە تووشی نەخۆشیو ئازار دەبێ.

لەڕیوایەتێکی تر دەفەرموێ: (**إِنَّ الْمُؤْمِنَ من أَهْلِ الإِيمَانِ بِمَنْزِلَةِ الرَّأْسِ مِنَ الْجَسَدِ يَأْلَمُ الْمُؤْمِنُ لأَهْلِ الإِيمَانِ كما يَأْلَمُ الْجَسَدُ لِمَا فِي الرَّأْسِ**)[1]، واتە مرۆڤی باوەڕدار لەناو ئەهلی ئیمانەوە، وەك سەر وایە بۆ جەستە، ئازار دەکێشێ بە هەبوونی ئازار لەناو ئیمانداران، وەك چۆن جەستە ئازار دەکێشێ بەهەبوونی ئازار لەسەردا.

هەروەها دەفەرموێ: (**الْمُؤْمِنُ لِلْمُؤْمِنِ كَالْبُنْيَانِ يَشُدُّ بَعْضُهُ بَعْضًا وَشَبَّكَ بين أَصَابِعِهِ**)[2]، واتە: ئینسانی ئیماندار بۆ ئیماندار وەك دیوار وایە، واتە وەك چۆن ڕیزەکانی دیوار یەکتر دەبەستنەوە بەهەمان شێوە ئیماندارانیش وان، کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت)، پەنجەی دەستەکانی خستەوە ناو یەکدیو فەرمووی ئیمانداران ئاوا یەکگرو تەواوکاری یەکترن.

ئەمانەو چەندین فەرموودەی تریش، کە لێرە دەرفەتی هەموویان نیە باسیان بکەین، بەڵام ئەو چەند فەرمایشتەی پێشەوە هەموویان تەئکید لە گرنگیو بایەخی پێگەی برایەتی ئیمانداران‌و موسڵمانان دەکەنەوە، کە بە قەناعەتی من دەکرێ هەریەك لەو فەرموودانە بکرێتە ڕێسایەکی گشتیو چەندین لقی تری لێ بکرێتەوە، چونکە ماناو دەلالەتی قوڵو پڕ حیکمەتیان تێدایەو لە هەموو سەردەم‌و قۆناغێك، وە لەهەموو شوێن‌و کۆمەڵگەیەك خەڵك پێویستیەتی، بۆ ئەوەی لانی کەم ئەو قەدرو بەها مرۆییەی لا وون نەبێ، کە خوای گەورە بۆی دیار کردووە.

ئەمە تەنها دروشم نین لە پەرێزی ئیسلامەوە کەوتبنە خوارەوەو بەس، بەڵکو لەڕووی پراکتیکیەوە هەر لەگەڵ گەیشتنی پەیامی ئیسلام بۆ سەر زەوی ڕەنگدانەوەی خۆی جێهێشت‌و لەناو یاوەرانی پێغەمبەرو جیلی سەدەی یەکەم کەوتە بواری عەمەلیەوە.

بۆیە کاتێ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) کۆچ دەکات لە مەککەوە بۆ مەدینە، یەکێ لە کارە سەرەکیەکانی ئەوە بوو، کە برایەتی لەنێوان ئەنسارو موهاجیرەکان دروست کرد،

---

1- مسند أحمد بن حنبل: ج٥ ص٣٤٠.

2- صحيح البخاري: ج٢ ص٨٦٣.

تا وای لێهات زۆرێك لە سەحابە بەڕێزەکان هێنـدە بـە تامـەزرۆیی سـەیری ئـەو برایەتیـەیان دەکرد، وەك گەورەترین سەرمایەو دەسکەوت لەناو خۆیاندا پەیڕەویان لێ دەکردو پارێزگاریـان لەسەر دەنواند.

ئەوەتا کاتێ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) برایەتی لەنێوان (عەبـدوڕەحمانی کـوڕی عەوف)و (سەعدی کوڕی ڕەبیعی ئەنساری) دانا، سـەعد بـە عەبـدوڕەحمانی گـوت: وەرە مـن ماڵێکی زۆرم هەیە لەگەڵت دەکەمە نیوە، وە دوو خێزانم هەیە سەیریان بکە کامیانـت بەدڵـە بۆت تەڵاق دەدەم، بەڵام عەبدورەحمان سوپاسی ئەو هەڵوێستە برایانەی کردو گوتی: نا ڕێگـەی بازاڕم نیشاندە من خۆم کارێك دەکەمو بژێوی ژیانم دەدۆزمەوە.

ئا لێرەیەوە گەورەییو ڕەگە چەسپیوەکانی ئەو برایەتیە دەرەکەوێ، چونکە بەهۆیەوە وێـڕای ئەوەی کەلێنەکان پڕ دەبنەوە، لەهـەمان کـات تاکـەکان لەبەرامبـەر یـەکتری ئاسـوودەو بـێ جیاوازی دەبنو بە گیانی هاوکاریو تەباییو ئاشتەواییەوە ژیان بەسەر دەبنو نزای خێرو بـاش بۆ یەکتری دەکەن، وەك خوای گەورە ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووەو دەفـەرموێ: **(وَالَّـذِينَ جَاءُوا مِنْ بَعْدِهِمْ يَقُولُونَ رَبَّنَا اغْفِرْ لَنَا وَلِإِخْوَانِنَا الَّذِينَ سَبَقُونَا بِالْإِيمَانِ وَلَا تَجْعَلْ فِي قُلُوبِنَا غِلًّا لِلَّذِينَ آَمَنُوا رَبَّنَا إِنَّكَ رَءُوفٌ رَحِيمٌ)**[1]، واتە: ئەوانەش کە بەشوێن کۆچبەرانو پشتیواناندا هاتن (تـا کۆتایی دنیا ئەمە دوعاو نزایانەو بەردەوام) دەڵێن: پـەروەردگارا لـە ئێمـەو لـەو برایانـەشمان خۆش ببە، کە پێش ئێمە ڕێبازی ئیمانیان گرتەبەرو لە دڵەکانماندا هیچ جۆرە بوغزو کینەیـەك مەخەرە دڵمانەوە لە ئاستی ئەوانەی ئیمانیان هێنـاوە، پـەروەردگارا تـۆ بـە ڕاسـتی بەسـۆزو بەخشندەو میهرەبانیت.

لەوەش گرنگتر خوای گەورە ئامۆژگاریمان دەکات بەوەی ڕێگەی ئـەو ئیمانـە بـەر نـەدەین، نەبادا بکەوینە داوی لێکترازانو تەفرەقەوە، خوای گەورە دەفەرموێ: **(وَاعْتَـصِمُوا بِحَبْـلِ اللَّـهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا وَاذْكُرُوا نِعْمَةَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ كُنْتُمْ أَعْدَاءً فَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِكُمْ فَأَصْبَحْتُمْ بِنِعْمَتِهِ**

---

1- سورة الحشر: ١٠.

**إِخْوَانًا)**[1]، واتە: هەوڵ بدەن هەر هەمووتان بە توندی دەست بگرن بە ئـاینی خـواوەو پـەرتو بڵاو مەبن، یادی نازو نیعمەتی خوا بکەنەوە لەسەرتان، (چونکە) کاتی خـۆی دوژمنـی یـەکتر بوون، ئەوە بوو دڵەکانتانی بەهۆی نیعمەتی (ئیسلامەوە) پەیوەسـت کـرد بەیەکـەوەو هـەموو بوونە برای یەکتر.

بەڕاستی برایەتی نیعەمەتە، چونکە بەهۆیەوە هەموو لایەنەکانی ژیان بـاش دەچـنە ڕێـوە، بەڵام خوا نەخواستە هەر کۆمەڵگەیەك ئەگەر برایەتی تێدا وەك پێویست نەبوو، ئەوە کـەلێنی زۆر دروست دەبن، کـە سـەرەنجام درزی گـەورە لـەناو کۆمەڵگـە دروسـت دەکـەنو نـاکۆکیو نائارامیو ئاریشەی زۆریشی لێ دەکەوێـتەوە.

# باسی چوارەم
# کاریگەرییە ئیجابیەکانی ئیسلاحخوازیو برایەتی

لەئەنجامی شیکردنەوەی ئەو ئایەتەی پێشەوە، سەبارەت بە چۆنیەتی هەڵسوکەوت کردن لـە گەڵ کێشەکانو دیار کردنی وەزیفەی سـەرەکی تـاکی موسـڵمان لـە نـاو کۆمەڵگـەو، بـواری ئیسلاح خوازیەوە، دەگەینەوە ئەو ڕاستیە، کە کۆمەڵگەی مرۆیی بێ کێشە نابێ، بەڵام ئەوەی گرنگـە دۆزینـەوەی چارەسـەری کێـشەکانە نـەك ڕوودانو سـەرهەڵدان، لەبەرامبـەر ئەمـەدا گەورەترین پاڵنـەری مەعنـەوی لـەناو دەروونو هـزرو رامـانی تـاکی موسـڵمان ئیمانـە، بـۆ دیتنەوەی ڕێگەی باش لە بەرامبەر ئاریشەکاندا، وە برایەتی نێوان موسـڵمانانیش بـەهێزترین زامنە بۆ سەرهەڵنەدانو ڕێگری کردنی ناکۆکیەکان، بۆیە لێرەوە بە چـەند خاڵێـك ئامـاژە بـە سوودو لایەنە گرنگو پەیامە هەستیارەکانی ئەو باسەی پێشەوە دەخەینە ڕوو:

---

1- سورة آل عمران: ١٠٣.

١- لە کۆمەڵگەی ئیسلامی کێشە سەر هەڵدەدەن، لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەیەکی مرۆییە، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین ئەنجامدانی هەر هەنگاوێك بۆ نانەوەی ناکۆکی دەرچوونە لە فەرمانی خواو شکاندنی ڕێسا ئەسڵەکەیە، کە برایەتیو ڕایەڵەی پێکەوە هەڵکردنو ژیانی پڕ لە ئاشتیانەیە، وە دەبێ ئەوەش بزانین، کە ئەو جەنجاڵیەی بە هۆی تاوانی کەسێك یان چەند کەسانێك دروست دەبێ، چارەسەریەکەی موستەحیل نیە، باشترین چارەسەریش گەڕانەوەیەوە بۆ ئیمانو ملکەچی نواندنە بەرامبەر شەریعەتی ئیسلامەوە.

٢- یەکەمین وەزیفەی کەسو تاقمو گروپو دەستەو دەستەڵاتو هێزەکانی کۆمەڵگە موسڵمان نیشینەکان پەیامی ئیسلاح خوازیە، واتە دەبێ لەکاتی ڕوودانو سەرهەڵدانی کێشەکان ئەوانەی لەدەرەوەی کێشەکانن دەبێ بەوە هەڵبستن، کە بە پەیامی ئاشتەوایی کێشەکە هێور بکەنەوە، نەك خوانەخواستە کێشەکە بە لاڕێدا ببەنو گەرمتری بکەنو لاگیریو قسەی شەڕی تێدا بەکار بێنن.

٣- هەروەها حەرامە یەك لەو دوو لایەنەی کێشە دەنێتەوە، بەرەو عینادیو لووت بەرزیو زوڵمو ستەم بڕوات، واتە ئەگەر کێشە هاتو دروست بوو، نابێ ئیدامەی پێ بدرێتو ملکەچی یاساو ڕێساکان نەبن، چونکە ئەگەر کەسێك بەو هەڵوێستە نابەجێیەوە مامەڵەی کرد، ئەوە دەبێ موسڵمانانو لایەنی پەیوەندار، ڕێکاری یاساییو شەرعی توند لەبەرامبەریان بگرنە بەر، بۆ ئەوەی کێشەکە ببڕێتەوە تەشەنە نەکا، لەهەمان کاتیش بۆ ئەوەی ئەو ناکۆکیە نەبێتە هۆکاری دروست بوونی نائارامی دەروونیو کۆمەڵایەتیو لێکترازانی ڕیزەکانی موسڵمانانەوە.

٤- هەروەها لەکاتی ملکەچی نواندنی هەردوو لا بەرامبەر فەرمانی خوای گەورەو هەبوونی ویستی ئاشتبوونەوە، دەبێ ڕەچاوی دادپەروەریو دادگەری تەواو بکرێت، نەك بە مەیلو میزاجی ئەمو ئەو، یان بەخاترانەو لەبەر ترسو حیسابی تایبەت، خودی کێشەکەو زەرەرو زیانەکانی وەك پێویستو دادگەرانە لێك جیا نەکرێنەوە، چونکە خوای گەورە ئاماژەی بەوە کردووە، کە دادگەری بنوێننو خوایش ئەوانەی خۆش دەوێ کە دادگەرو دادپەروەرن.

٥- ئۆمەتی ئیسلام یەك ئۆممەتە، ئیماندارانیش یەك جەستەن، برایەتیش گەورەترین پردی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانە، بۆیە لەو نێوەدا ئەركو مافی زۆر دێنە پێشەوە، کە گرنگترینیان:

هەستی خۆشەویستیو گیانی هاوکاریو ئامۆژگاری باشەیە، هەروەها وەلانانی ستەمو ناخۆشیو ناهەمواریەکانە، بۆ ئەوەی تەواو کۆمەڵگە بکەوێتە بەختەوەرییەوەو تاکەکان پەیڕەوی لەو فەرموودە بکەن، کە ئیمانی کەس تەواو نابێ تا ئەوە نەکەی کە چیت بۆ خۆت پێ خۆشەو بەڕەوای دەزانی، بەهەمان شێوە بۆ براکەت پێ خۆش بێو بەڕەوای بزانی.

٦- برایەتی لەدوای ئیمانەوە گەورەترین نیعمەتی خوای گەورەیە بۆ بەندەکانی، بۆیە دەبێ ڕێکاری پێویست لە پێناو هێشتنەوەو بەردەوام بوونی ئەو برایەتیە بگیرێتە بەر، بۆ ئەوەی هەمووان لە سایەی بوونی برایەتیەوە بەجوانیو ڕێكو پێکی ئەدای کارو هەنگاوەکان بکەنو بە هەستی تەواوکاریو خۆشەویستیەوە لەگەڵ یەکتری هەڵ بکەنو ژیانی ڕۆژانە ببەن بەڕێوە، بێگومان دوو بنەمای گرنگ هەن کە هۆکاری ئیدامەی ئەو برایەتیەن:

أ- دادگەری نواندنو نەهێشتنی زوڵمو ستەم لەناو کۆمەڵگەوە، هەروەك لە فەرموودەی قودسی هاتووە: (**یا عِبَادِي إني حَرَّمْتُ الظُّلْمَ على نَفْسِي وَجَعَلْتُهُ بَيْنَكُمْ مُحَرَّمًا فلا تَظَالَمُوا....**)[1]، واتە: ئەی بەندەکانم من ستەمم لەخۆم حەرام کردیە (واتە ستەم لەکەس ناکەم)، وە لە نێوان ئێوەش حەرامم کردووەو هۆشیار بن زوڵم لەنێو خۆتان مەکەن.

ب- هەڵسوکەوتی جوان، واتە بەهۆی هەڵسوکەوتو مامەڵەی جوانەوە دەتوانن زیاتر پەرە بە برایەتی بدەنو ریزەکانتان بپارێزن، چونکە هەڵسوکەوتی جوانو باشو ڕەوشتی بەرز هەمیشە کلیلی کردنەوەی دەرگاکانی چارەسەریەو خەڵکیش لەبەرامبەر هەڵسوکەوتی باشەوە نەرمی دەنوێننو ڕەچاوی برایەتی دەکەن.

٧- پابەندیو قوڵکردنەوەی هەستی تەقواداریو لەخوا ترسی، بۆ ئەوەی ببێتە هێزو پاڵنەرێکی دەروونی لە وەرگرتنی قسەی خێرو دانانان بە مافو هەقو ڕاستیو دادگەریەکان، هەم بۆ ئەوەش لە خوای گەورە نزیکمان کاتەوەو بە ڕەزامەندو نیعمەتەکانی بەهەشتمان بگەیەنێ، چونکە ئەمە داخوازیەکی خواییە.. **(وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ أَنْ صَدُّوكُمْ عَنِ**

---

1- صحيح مسلم: ج٤ ص١٩٩٤.

**الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ أَنْ تَعْتَدُوا وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى)**[1]، واتـە: دوژمنایـەتیو ڕقەبەرایـەتی كەسانێك كە نەیانهێشت كـاتی خـۆی تـەوافی كەعبـە بكـەن، مەكەنـە هـۆی دەسـتدرێژیو بەرپاكردنی ناخۆشیو یارمەتیو كۆمەكیی یەكتر بكەن لەسەر چاكەو خواناسی.

٨- تەقواش هۆكارێكی سەرەكیە لەو هۆكارانەی دەبێتە مایـەی ڕەحمـەتو بـەزەیی خـوای پەروەردگار، كە هەموو لایەك پێویستمان پێی هەیە، بە تایبەت كەسـانی ئیمانـدارو ئیـسلاح خواز هەمیشە بەو ئاراستەیە هەنگاو دەنێن، كە لە ڕەحمەتی خوا نزیكیان دەكاتەوە، بێگومان هەر یەك لەئێمەش چاكە كار بێ پەرە بە برایەتیو یەكریزی موسڵمانان بداتو كـارو وەزیفـەی سەرەكی خۆی بكاتە پەیامێكی ئاشتەوایيو ئیسلاحخوازیەوە، وە خۆی دوور بگرێ لـە كـاری تێكدەرانە، ئەوە دەبێتە یەكێ لەو كەسانەی كە ڕەحمەتی خوا لێیەوە نزیـك دەبـێو بەهۆیـەوە شادومانی دونیاییو قیامەتی دەیگرێتەوە.

هەوەك خوای گەورە دەفەرموێ: **(وَلَا تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ بَعْدَ إِصْلَاحِهَا وَادْعُوهُ خَوْفًا وَطَمَعًا إِنَّ رَحْمَةَ اللَّهِ قَرِيبٌ مِنَ الْمُحْسِنِينَ)**[2]، واتە: خەڵكینە فەسادو گوناهو تاوان ئەنجام مـەدەن لـە زەویدا دوای ئەوەی چاكەكاریی ڕەنگی گرتووەو (خەڵكی خەریكن خووی پێوە دەگرن)، بەردەوام هاناو هاوار بۆ خوا بەرن لەترسی سزای دۆزەخو بەئومێدی بەدەستهێنانی بەهەشـت، بەڕاسـتی ڕەحمەتی خوا نزیكە لەچاكەكارانو چاكەخوازانەوە.

---

1- سورة المائدة: ٢.

2- سورة الأعراف: ٥٦.

## بەشی شەشەم

# هۆشیاری کۆمەڵگەی ئیسلامی لە بەرامبەر نەخۆشیە کۆمەڵایەتیو دیاردە قیزەونەکان

# دەروازە...

لەمەو پێش باسمان لە گرنگیو بایەخی برایەتی کردو ئاماژەشمان بە زۆرێك لە ئایەتو فەرموودەدا، کە باسیان لە گەورەییو پێویستی هەبوونی برایەتی لەناو موسڵمانانو کۆمەڵگەی ئیسلامی کرد.

بەڵام لەو بەشە قسە لەسەر ڕەهەندەکانی جێگیربوونی ئەو برایەتیەو چۆنیەتی پارێزگاری لێ کردنی دەکەین، کە بە شێوەیەکی گشتی دەکرێ بڵێین لە دوو خاڵی جەوهەری خۆی نیشان دەدات:

یەکەم: دەبێ موسڵمانان ئاگاداری هەموو ئەو ئەرکو مافە سەرەکیو بابەتیانە بن، کە هۆکاری دروست بوونی برایەتیو زامنی هێشتنەوەی ئەو چەمکە بەهادارەن لەناو کۆمەڵگە، چونکە ئەگەر هۆشیاریەکی تەواو لەو بارەوە نەبێ، وە موسڵمانان نەزانن کامە ئەرکو کارو هەنگاو لەسەر سفرەی برایەتی کۆیان دەکاتەوە، ڕەنگە نەتواندرێ وەك پێویست لایەنە ئیجابیەکانی ئەو چەمکە بەسەر کۆمەڵگەوە ڕەنگ بداتەوە.

دووەم: لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ ڕێگری لە هەموو ئەو هۆکارو دیاردەو سلوکە ناشیاوانە بگیرێ، کە دەبنە هۆی لەبار چوونی برایەتی نێوان موسڵمانانەوە، لەبەر ئەوە زۆر گرنگە هۆشیاریەکی تێرو تەسەل لەبارەی ئەو دەردو گوناهو تاوانە قەدەغەکراوانە هەبێ، کە زیان لە برایەتی دەدەنو چراکەی کز دەکەنو لە گەورەییماناو مەدلولاتەکانی کەم دەکەنەوە.

بۆیە خوای گەورە دەیەوێ ئەو ئەرکو مافو ڕێساو یاسایانەمان بۆ ڕوون کاتەوە، بەشێوەیەکی وا کە تاکی موسڵمان لەڕووی کەسایەتیو ئاسایی باری دەروونیو تەواوێتیەوە بگاتە سەر ئەو هەستە، بەردەوام نیەتی خێری بەرامبەر بە موسڵمانان بوێ، لەهەمان کاتیش هەرچیەك زیان بە موسڵمانان دەگەیەنێ دووری بخاتەوەو پێی تێك بچێو نارەحەت ببێ.

دەبێ تاکێك بێ، هەرسێ پەیامە سەرەکیەکەی ئیمانداریو ئیسلاح خوازیو تەقواداری تێدا زیندوو بێت، بۆ ئەوەی دوور لە ڕقو کینەو بوغزو نەخۆشیە کوشندەکان، مامەڵەو هەڵسوکەوت لەگەڵ خۆییو دەوروبەرو تەنانەت کۆمەڵگەو خاكو وڵاتی بکات.

تاکێك بێ، دوورە پەرێز لە هەموو ئەو ڕەوشتە نارێكو نابەجێو نادروستانەی دەبنە هۆکاری لێکترازانو نانەوەی دووبەرەکیو شێواندنی سیمای جوانی کۆمەڵگەوە، چونکە ئەگەر

وانەبێ ئیدی ئەستەمە بتواندرێ ناوەرۆكی چەمكی (برایەتی) لەسەر ئەرزی واقع ببێتە پرەنسیپو هێمای خۆشگوزەرانی خەڵكەوە.

لێرەوەیە خوای گەروە دەیەوێ لە رێی پەروەردەیەكی ئەخلاقی جوانو بەرزو تەزكیەی دەرونەوە، رامانبێنێ لەسەر هەموو ئەو رەهەندە بەرزانەی چوارچێوە كۆمەڵایەتیەكان دەپارێزنو دەبنە پاڵنەری بە هەمیشەیی هێشتنەوەی برایەتیو دووربوونی كۆمەڵگە لەكارە زیانبەخشو مەترسیدارەكانەوە.

دەیەوێ هۆشیارمان كاتەوە، لەبارەی ئەو نەخۆشیە كۆمەڵایەتیو دیاردە قێزەونانەی، كۆمەڵگە ناشیرین دەكەنو نێوان تاكەكان تێك دەدەن، سەرەنجامیش دەبنە دەردی بێ دەرمانو خەڵك بەدەستیانەوە گیر دەخوات.

ئامانجیەتی هەموو ئەو ئاكارە نادروستانەمان لێ قەدەغە بكات، كە لەگەڵ كۆمەڵگەی ئیسلامی تەباو گونجاو نین..

خوای گەورە دەفەرموێ: **(يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا يَسْخَرْ قَوْمٌ مِنْ قَوْمٍ عَسَى أَنْ يَكُونُوا خَيْرًا مِنْهُمْ وَلَا نِسَاءٌ مِنْ نِسَاءٍ عَسَى أَنْ يَكُنَّ خَيْرًا مِنْهُنَّ وَلَا تَلْمِزُوا أَنفُسَكُمْ وَلَا تَنَابَزُوا بِالْأَلْقَابِ بِئْسَ الاِسْمُ الْفُسُوقُ بَعْدَ الْإِيمَانِ وَمَنْ لَمْ يَتُبْ فَأُوْلَئِكَ هُمْ الظَّالِمُونَ ، يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اجْتَنِبُوا كَثِيرًا مِنْ الظَّنِّ إِنَّ بَعْضَ الظَّنِّ إِثْمٌ وَلَا تَجَسَّسُوا وَلَا يَغْتَبْ بَعْضُكُمْ بَعْضًا أَيُحِبُّ أَحَدُكُمْ أَنْ يَأْكُلَ لَحْمَ أَخِيهِ مَيْتًا فَكَرِهْتُمُوهُ وَاتَّقُوا اللهَ إِنَّ اللهَ تَوَّابٌ رَحِيمٌ)**[1].

واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە! هیچ كەسو هیچ هۆزێك گاڵتە بەكەسو هۆزێكی تر نەكاتو زەلیلی نەكات، چونكە لەوانەیە ئەوان چاكتر بن لەمان، ژنانیش باگاڵتە بەیەك نەكەنو یەكتر زەلیل نەكەن، چونكە لەوانەیە ئەمان لەوان چاكتر بن.. سووكایەتی بەخۆتان مەكەنو یەكتری عەیبدار مەكەن (چونكە سووكایەتی بەیەكتر سووكایەتیە بە خۆتان) هەروەها ناوو ناتۆرەی ناشیرین بۆ یەكتر دامەتاشن، ئای كە چەند ناشرینە ناوو ناتۆرەی خراپ لە دوای باوەڕهێنانو موسڵمان بوون، ئەوەش تەوبەی نەكردبێتو پەشیمان نەبووبێتەوە لە گوناهەكانی، جا ئەو جۆرە كەسانە هەر ستەمكارن.

---

1- سورة الحجرات: ١١-١٢.

ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە، خۆتان زۆر بپارێزن لە گومانی خراپ، لەڕاستیدا هەندێ لەو گومانانە گوناهو تاوانن (بۆیە حەق وایە لەهەموو گومانێك خۆپارێز بن)، بە شوێن کەمو کوڕیی‌و عەیبو عاری یەکتردا مەگەڕێن‌و سیخوڕی مەکەن‌و لەپاشە ملە باسی یەکتری‌و ناوی یەکتری بەخراپ مەبەن، ئایا کەستان خۆشی دێت لەوەی گۆشتی برای خۆی بە مردوویی بخوات؟! دیارە کاری واتان زۆر پێ سەختو ناخۆشە، دەی کەواتە لە خوا بترسن‌و پارێزکار بن، چونکە بەڕاستی خوا گەڕانەوەی خەڵکی وەردەگرێت‌و میهرەبانە بۆیان.

لە دوو توێی ئەو دوو ئایەتە کۆمەڵێك بابەت‌و تەوەری گرنگ‌و هەستیار باس کراوە، کە دەبێ تاکی موسڵمان ئاگای لە یەك بە یەکی ئەو فەرمانە خواییانە بێت‌و پەیڕەویان لێ بکات بۆ ئەوەی هەم ڕەوشت‌و بەهای مرۆڤبوونی خۆی لە کردارو ڕەفتارە ناشیرینەکان بپارێزێ، هەمیش پاڵنەرو هۆکاری ئەوە بێت، ئەو کۆڵەگە گرنگانە نەلەرزێنێ، کە دەبنە هۆی لەرزین‌و ڕوخانی کەپرو ساباتی برایەتیەوە.

کۆمەڵێك شت لەو دوو ئایەتە بەیان کراوە، کە دەبێ ئاستی ڕۆشنبیری‌و تێگەیشتنی تاکەکانی پێوە پابەند بکرێت، بۆ ئەوەی توخنی ئەو جۆرە نەخۆشی‌و تاوانانە نەکەونەوە، کە دەبنە هۆی تێکچوونی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان‌و جۆری پەیوەندی تاك بە دەوروبەریەوە.

خوای گەروە مرۆڤەکانی دروستکردووەو کۆمەڵە ڕێنماییەکیشی داناوە، تا بەهۆیەوە تاکەکان لێك نزیك ببنەوەو گیانی تەبایی‌و پێکەوە هەڵکردن‌و برایەتی لەناو خۆیان جێگە بکەنەوەو پێکەوە ببنە هۆکاری ئاوەدانی زەوی‌و ئەنجام دانی کارو کردەوەی چاکە، بۆ ئەوەی لە تاقیکردنەوە گرنگەکان پلەی سەرکەوتن بەدەست بێنن‌و ببنە کەسانێکی لەخوا ترس‌و خۆپارێزو ساڵح‌و گونجاوەوە، ئەمەش وا دەکات مرۆڤ بگاتە پلەی ڕێزداری لای خوای میهرەبانەوە، وەك دەفەرموێ: **(إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ)**، واتە: بەڕاستی بەڕێزترینتان لای خوا ئەو کەسانەتانە کە زۆرتر لە خواترسەو فەرمانبەرداری خوایە.

کەواتە لە پاش ئیمان‌و هەڵگرتنی پەیامی ئاشتەوایی‌و ملکەچی بەرامبەر فەرمانەکانی خواو پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) باشترین پاڵنەری دەروونی‌و ئیمانی بۆ پاراستنی جومگەکانی برایەتی‌و نەشلەژاندنی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان بەرجەستەکردنی چەمکی (تەقوایە) لە دەروونداـ بۆ ئەوەی تاك بەهۆیەوە واز لەو شتانە بێنێت، کە خوای گەورە لەو دوو ئایەتەی پێشەوە باسی لێوە کردووە.

بۆ زیاتر تێگەیشتنو ڕوونکردنەوەی ناوەڕۆکی ئەو دوو ئایەتەو قسەکردن لەسەر ئەو قەدەغەکراوانەی خوای گەورە بەیانی کردوون، لە چەند باسێکەوە بە پشتیوانی خوا دەچینە نێو ئەو باسەوە:

# باسی یەکەم
# هۆکارەکانی هاتە خوارەوەی ئەو پەیامە

سەبارەت بە هۆکاری دابەزینی ئەو ئایەتە زانایان ڕای جیاوازیان هەیەو هۆکاری جیاوازیش باس دەکەن، بەڵام حەدەسەکان لێکەوە نزیکنو دەکرێ بڵێین هۆکارەکە بەم شێوەیە بووە:

- کاتێ وەفدی (بەنو تەمیم) هاتنە لای پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت)، کۆمەڵێ شتیان وروژاندو ئەنجام دا، یەکێ لە کارەکانیان سوکایەتی کردن بوو بە هەندێ لەو یاوەرە بەرێزانەی وەك: (عمار، خباب، ابن فهيرة، بلال، صهيب، سلمان، سالم مولى أبي حذيفة)و چەند سەحابەیەکی تر، لەبەر ئەوەی کە سەیریان دەکردن، جلو بەرگێکی شڕو حاڵو گوزەرانیان خۆش نیە، کەوتنە تانە لێدانو گەمە پێکردنیان، خوای گەورەش ئەو ئایەتەی ناردە خوارەوە کە دەفەرموێ: **(يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا يَسْخَرْ قَوْمٌ مِنْ قَوْمٍ عَسَى أَنْ يَكُونُوا خَيْرًا مِنْهُمْ)**.

- سەفیەی کچی حویەی کوڕی ئەختەب هاتە لای پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت)و گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا ئافرەتانێك هەنە تانەم لێ دەدەنو پێم دەڵێن: ئەی یەهودیەی کچی یەهودیە، پێغەمبەریش (درودی خوای لەسەر بێت) پێی فەرموو: دە پێت گوتبان جا چیە باوکم (هارون)ەو مامم (موسا)یەو مێردم (محمد)ە، لەسەر ئەوە خوای گەورە ئەو ئایەتەی ناردە خوارەوە، کە دەفەرموێ: **(وَلَا نِسَاءٌ مِنْ نِسَاءٍ عَسَى أَنْ يَكُنَّ خَيْرًا مِنْهُنَّ)**. هەروەها ریوایەتێك هەیە دەڵێ ئەو ئایەتە لەبارەی (ئوم سەلمە) هاتۆتە خوارەوە کاتێ خێزانەکانی تری پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) بە باڵای کورت وەسفیان دەکرد.

- ریوایەتێکی تر هەیە دەڵێ: کاتێ (عیکرەمەی کوڕی ئەبو جەهل) هاتە مەدینەو موسڵمانیش بوو، خەڵك چاویان پێ کەوت لەبەر ئەوەی کوڕی ئەبو جەهل بوو، پێیان دەگووت:

کوڕی فیرعەونی ئۆمەتی ئیسلام! خوای گەورە ئەو ئایەتەی نارده خوار، کە دەفەرمویٚ: **(لَا يَسْخَرْ قَومٌ مِنْ قَوْمٍ)**.

- لەسەردەمی نەفامی خەڵك بە زۆری وابووە دوو تا سیٚ نازناوی هەبووە، کاتیٚ بەهەر یەکیٚ لەو نازناوانە بانگ دەکران، دەیانگۆ ئەو ناوەمان پیٚ ناخۆشە، ئیدی خوای گەورەش ئەو ئایەتەی نازڵ کرد، کە دەفەرمویٚ: **(وَلَا تَنَابَزُوا بِالْأَلْقَابِ)**.

- ریوایەتێکی تر هاتووە، کە (ئەبو زەڕی غەففار)ی کێشەی لەگەڵ پیاوێك هەبووە، ئەو پیاوەش لێی تووڕە بووەو پێی گوتووە: ئەی کوڕی یەهودیە! یەکسەر ئەو ئایەتە نازڵ بووە، کە دەفەرموێ: **(وَلَا تَنَابَزُوا بِالْأَلْقَابِ بِئْسَ الاسْمُ الْفُسُوقُ بَعْدَ الْإِيمَانِ)**.

- مونزیری کوڕی جورەیج دەگێڕێتەوە[1]، کە (سەلمانی فارسی) نانی خواردو پاڵکەوت، خەڵکێك لەو لاوە غەیبەتیان کرد لەسەر ئەو حاڵەتە، خوای گەورەش ئەو ئایەتەی نارده خوارەوە، کە دەفەرموێ: **(وَلَا يَغْتَبْ بَعْضُكُمْ بَعْضًا)**.

بەهەرحاڵ هۆکارەکان لە سیاق لێکەوە جیاوازن بەڵام لە ڕووی مەفهومەوە لێکەوە نزیکن، وەك پێشتریش رووغان کردوە، کە حوکمی ئەو ئایەتانەی هۆکاری دابەزینیان هەیە گشتیە نەك تایبەتی، واتە کۆی ئەو فەرمانانەی لەو ئایەتە هاتوون پەیامی گشتینو هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە ئەو سنوورانە دەشکێنن.

# باسی دووەم

# زیانو مەترسی سوکایەتی پێك کردن

سوکایەتی: واتە سوکایەتی کردن بە بەرامبەر چ بە قسە یان ڕەفتار یان کردار یان ئاماژە یان بەهەر شێوەییٚ لە شێوەکان، کە سوکایەتی تێدا بێت، ئەوە دەچێتە خانەی گوناهو تاوانو سەرپێچی فەرمانی خوای گەورە.

---

1- التفسير المنير: ج١٣ ص٥٨٠.

قسەکردن لەسەر ئەو بابەتە زۆر هەڵدەگرێ، لەبەر ئـەوەی بابـەتی سـوکایەتی پێـك کـردن یەکێکە لەو ڕەوشتە ناشیرین‌و نا دروستانەی، کە هەم تاکەکان‌و هەمیش برایـەتی موسـڵمانان ناشیرین دەکات لەناو کۆمەڵگەدا.

چونکە هەر کارو کردەوەو ڕەوشتێکی خراپ‌و ناشیاو، ڕەنگدانەوەی نەرێنی لێ دەکەوێتەوە، وەك گوتراوە: (خطأ الفرد ينعكس على الجماعة)، واتە: هەڵەی تاك بەسەر کۆمەڵ دەشکێتەوە. جا هەر کات ئەو دیاردە نارێکە لەناو کۆمەڵگە بڵاو بوویەوە، ئەوە سـەرەتای دروست بـوونی درزێکی مەترسیدارە بۆ سەر ئاینـدەی تاکـەکان‌و، یـەکڕیزی موسـڵمانان‌و جـۆری پەیوەندیـە کۆمەڵایەتیەکان‌و، ئەو برایەتیە ڕەسەن‌و دروستەی، کە پێشتر باسمان لێوە کرد.

لەبەر ئەوە خوای گەورە دەیەوێ لە زیان‌و مەترسـی ئـەو دیاردەیـە هۆشـیارمان کاتـەوەو، ئێمەش وەکو موسڵمان‌و بەندە هۆشیاری‌و ڕەوشتی خۆمـان ڕابێـنین، کـە دوور کەوینـەوە لـەو جۆرە ڕەفتارو دیاردەیە، چونکە بنەمای سەرەکی لە بەسـتن‌و ڕاگـرتن‌و پەرەپێـدانی پەیوەنـدی برایانـە ئەوەیـە لەسـەر ڕێـزو بـەهای خۆشەویـستی‌و لێـك نزیـك بوونـەوە دامـەزرێت، نـەك خوانەخواستە لەسەر بنەمایەکی نادروستی وەك سوکایەتی پێك کـردن‌و بەکـەم سـەیری یـەکتر کردن.

خوای گەورە بەهەمان شێوەی ئایەتی یەکەم‌و دووەمـی ئـەو سـوڕەتە بـە نیـدای ئیمانـەوە بانگەوازی دەکات، کە ئاماژەمان بە گرنگی بوونی نیدای لەو شێوە لەناو قورئانی پیرۆز کـرد، کە هێمایە بۆ گرنگی‌و هەستیاری ئەو پەیامەی لە دوایەوە دێت، کەواتە ئەو بابەتەش یەکێکە لـەو بابەتانـەی دەبـێ ئینـسانی موسـڵمان بـە وردبینیـەوە لێـی بڕوانـێ‌و کـار بـە مـەهام‌و ناوەرۆکەکەی بکات، چونکە جێبەجێ کردنـی هـەر فـەرمانێکی خـوا، هۆکـارێکی کاریگـەرە بەسەر دەروونی تاکەکانەوەو، لەهەمان کاتیش ڕەنگدانەوەی ئیجـابی زۆری بـۆ کۆمەڵگـە لێ دەکەوێتەوە.

لەبەر ئەوە ئەگەر تاکەکان لەسەر پەروەردەیەکی دروست ڕاهێندران‌و ڕەوشتیان بە ئاستێکی بەرزو ڕاستەوە بەری گرت، ئەوە قەت هرزو بیرو ڕەفتارو گفتوگـۆی ئـەو تاکانـە بـەلای ئـەوە ناچێ، کە سوکایەتی بە کەسانی دەوروبەر بکات لەناو کۆمەڵگەدا، ئـەوەش دەبێتـە هۆکـاری ڕەزامەندی خوای گەورەو بنەبڕکردنی دیاردەیەکی خراپ‌و بەهێزکردنەوەی ڕایەڵەکانی برایەتی‌و ڕێگری کردن لە درز تێ کەوتنی.

بەڵام ئەگەر هاتوو ئەو سوکایەتیە بەربڵاو بوو، وە تاکەکان خوویان پێوە گرتو بە چاوی سووکەوە سەیری کۆمەڵگەو کیانو دەوروبەرو تاکەکانیان کرد، ئەوە ڕێك نەخۆشیەکی کۆمەڵایەتی ڕوودەداو زۆرێك لە خەڵكیش بەهۆیەوە گیرۆدەی تاوانو تووڕەیی خوای گەورە دەبنو، سەرەنجام تەنها زەرەرو زیانی لێ بەرهەم دێتو سیمای دینداریتی کۆمەڵگەش دەشێوێنی.

بۆیە خوای گەورە یاسایەکی گرنگمان پێ دەدات، بەوەی کە سوکایەتی بە یەکتر نەکەینو بە چاوی سووکەوە نەڕوانینە یەکترەوە، وەك دەفەرموێ: **(يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا يَسْخَرْ قَومٌ مِنْ قَوْمٍ عَسَى أَنْ يَكُونُوا خَيْرًا مِنْهُمْ وَلَا نِسَاءٌ مِنْ نِسَاءٍ عَسَى أَنْ يَكُنَّ خَيْرًا مِنْهُنَّ)**، واتە: ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە! با هیچ کۆمەڵە پیاوێ گاڵتە بە کۆمەڵە پیاوێکی تر نەکا، لەوانەیە ئەو کۆمەڵە پیاوە گاڵتە پێکراوە لە کۆمەڵە پیاوە گاڵتە پێکەرەکە چاکتر بنو، با هیچ کۆمەڵە ئافرەتێ گاڵتە بە کۆمەڵە ئافرەتێکی تر نەکا، لەوانەیە کۆمەڵە ئافرەتە گاڵتە پێکراوەکە لە کۆمەڵە ئافرەتە گاڵتە کەرەکە چاکتر بن.

ئەو پەیامە وەنەبێ تەنها لەسەر ئاستی کۆمەڵە پیادە بێو کاری پێ بکرێ، بەڵکو یەك بە یەکی تاکەکان دەگرێتەوە، بۆیە دەبێ هەموو تاکێك لەوە ئاگادار بێ، کە سوکایەتیو گاڵتە بە کەس نەکا، چونکە نازانی خۆی باشترە یان ئەو کەسەی گاڵتەی پێ دەکا، ئەوە خوای گەورە دەزانێ، کە کێ لە کێ باشترو پایەدارترو لە پێشترە، لەهەمان کات خوای گەورە بە جیا باسی لە کۆمەڵەی پیاو ئافرەتان کردووە، کە ئەمە وەك دکتۆر (عەلی ئەلتویجری) دەڵێ: لەبەر ئەوەیە زۆربەی خەڵك بە هۆکارو قۆناغی جیاوازەوە بەچاوی سووك سەیری یەکتر دەکەن، یان گاڵتە بە لایەنێ لەلایەنەکانی کەسی بەرامبەر دەکەن، بۆیە خوای گەورە بەمەبەستی وردتر هۆشیار کردنەوەی تاکەکان لە هەستیاری ئەو دیاردەیە پیاو و ئافرەتی باس کردووە(١).

لەلایەکی تریشەوە دەبینین زۆرجار ئەو مەجالەی پیاو سوکایەتی بە پیاو دەکات، جیاوازە لەو مەجالەی، کە ئافرەت سوکایەتی بەرامبەر ئافرەت دەنوێنێ، یانیش لەبەر ئەوەیە کە

---

1- المنهيات في سورة الحجرات: ١٤.

ئافرەتان زیاتر دەکەونە داوی سوکایەتی پێك کردنەوە[1]، بۆیە بەو شێوە ورد بینانە باسی لێوە کردووەو ئێمەی مرۆڤی لەوە بێدارو هۆشیار کردۆتەوە.

گرنگ ئەوەیە ئێمە توخنی ئەو جۆرە دیاردەیە نەکەوین، هەروەك (ئیمامی تەبەری) دەڵێت: ئەو نەهیە بەشێوەیەکی گشتیە، نابێ موسڵمان سوکایەتی بە بەرامبەرەکەی بکـات چ بـەهۆی هەژاریەوە بێ، یان بەهۆی کەمو کوڕیەوە بێ، یان بەهۆی ئاشکرا کردنی تاوانێکیەوە بێ، یـان بە هەر شێوەیێ لەشێوەکان، ئەوە جائیز نیەو حەرامە[2].

هەروەها (ئیمامی غەزالی) لە کتێبەکەیدا[3] دەڵێ: سوخریەو سوکایەتی کردن واتە بە سووك سەیرکردنی بەرامبەرو شکاندنەوەی لە ڕێی درکاندنی عەیبو کەمو کوڕیەکان، کە جاری وایـە بە ڕەفتارو گوفتارێکەوەیەو جاری واش هەیە بە ئاماژەو کردارێکەوە دروست دەبێ.

لێرەوە دەکرێ بڵێین: سوکایەتی کردن بە هەر شێوەو شێوازێك بێت، ئـەوە تاوانـەو دەچـێتە خانەی حەرامیو سەرپێچی کردنی فەرمانی خوای پـەروەردگارەوە، لەبـەر ئـەوەی وێـڕای ئـەو ئایەتەی پێشەوە، چەندین دەقی تر هەیە ئاماژە بە زیانو مەترسی ئەو دیاردەیە دەکەن.

ئەوەتا خوای گەورە لەبارەی ئەو کەسانەی بەو دیاردەوە سەرقاڵنو خوویـان پێـوە گرتـووەو سوکایەتی بە خەڵك دەکەن دەفەرموێ: **(الَّذِينَ يَلْمِزُونَ الْمُطَّوِّعِينَ مِنَ الْمُـؤْمِنِينَ فِـي الـصَّدَقَاتِ وَالَّذِينَ لَا يَجِدُونَ إِلَّا جُهْدَهُمْ فَيَسْخَرُونَ مِنْهُمْ سَخِرَ اللَّهُ مِنْهُمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ)**[4]، واتـە: ئـەو بێ باوەڕانەی کە پەلار دەگرنە ئەو ئیماندارانەی، کە زیادە بەخشن لە خێـر کردنـدا بەویـستی خۆیان لە ڕێگەی خواداو، پەلاریش لە ئیماندارانی هەژار دەگرن، کە بێجگە لـە ڕەنجـی شـانی خۆیان هیچی تریان دەست ناکەوێت، ئینجا هەر گاڵتەشیان پێدەکەن، ئەوانە خـوا تۆڵـەیان لێ دەسێنێت و ڕیسوایان دەکات، بەهۆی ئەو گاڵتـە کردنەیانـەوە و سـزای بـە ئـێش و ئـازاریش بەشیانە.

---

1- فتح القدير للشوكاني: ج٥ ص٦٥.
2- تفسير القرطبي: ٣٢٥.
3- إحياء علوم الدين: ج٣ ص١٣١.
4- سورة التوبة: ٧٩.

هەروەها لە شوێنێکی تر خوای گەورە دیاردەی سوکایەتی کردن بە سیفەتی دوو ڕووەکان ناو دەبات، کە بێگومان ئەوانەی کاری دووڕوویی دەکەن سزای زۆرو توندیان بۆ دیار کراوە، هەروەك دەفەرموێ: **(زُيِّنَ لِلَّذِينَ كَفَرُوا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا وَيَسْخَرُونَ مِنَ الَّذِينَ آمَنُوا وَالَّذِينَ اتَّقَوْا فَوْقَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ)**[1]، واتە: ژیانی دنیا ڕازێنراوەتەوە بۆ بێباوەڕان (بەڵام لەباتی سوپاسگوزاری) گاڵتە دەکەن بە باوەڕداران (لەبەر هەژاریو نەداریو کەم دەسەڵاتی)، بێگومان ئەوانەی کە خاوەنی تەقواو لە خوا ترسان بوون لە ڕۆژی قیامەتدا لە سەرویانەوەن (لە بەهەشتی بەرزو بەریندا، ئەوانیش لە ناخی دۆزەخدان).

لەوەش زیاتر خوای گەورە سوکایەتی کردن بە ئیمانداران و موسڵمانان بە سیفەتی بێباوەڕانو لەدین دەرچوان دادەنێ، هەر وەکو دەفەرموێ: **(إِنَّ الَّذِينَ أَجْرَمُوا كَانُوا مِنَ الَّذِينَ آمَنُوا يَضْحَكُونَ، وَإِذَا مَرُّوا بِهِمْ يَتَغَامَزُونَ، وَإِذَا انْقَلَبُوا إِلَى أَهْلِهِمُ انْقَلَبُوا فَكِهِينَ، وَإِذَا رَأَوْهُمْ قَالُوا إِنَّ هَؤُلَاءِ لَضَالُّونَ، وَمَا أُرْسِلُوا عَلَيْهِمْ حَافِظِينَ، فَالْيَوْمَ الَّذِينَ آمَنُوا مِنَ الْكُفَّارِ يَضْحَكُونَ، عَلَى الْأَرَائِكِ يَنْظُرُونَ، هَلْ ثُوِّبَ الْكُفَّارُ مَا كَانُوا يَفْعَلُونَ)**، واتە: بێگومان ئەوانەی کە تاوانیان دەکرد گاڵتەیان بە ئیمانداران دەهاتو پێیان پێدەکەنین، کاتێکیش بەلایاندا تێپەڕ بوونایە دەیانکردە چپەچپو سرتە سرتو بە چاو ئیشارەتیان دەکرد، کاتێکیش دەگەڕانەوە بۆ ماڵەوە، بەدەم پێکەنینو گاڵتەوە دەگەڕانەوە (هەر باسیان دەکردن)، کاتێکیش ئیمانداران دەبیننەوە، دەڵێن: بەڕاستی ئەوانە گومڕانو لە ڕێگەی باو وباپیران لایانداوە!! خۆ ئەو خوانەناسانە ڕەوانە نەکراون تا چاودێربن بەسەر ئیماندارانەوە، (ئەمڕۆ ئیتر نۆرەی ئیماندارانە) جا ئەمڕۆ ئەوانەی باوەڕدار بوون بەکافران پێدەکەنن، لەسەر کورسیو قەنەفە رازاوەکان تەماشای دەوروبەری خۆیان دەکەن (سەرنجی دیمەنی جوانو باخاتو باخچەو گوڵو گوڵزارو تاڤگەو ڕووبارو نازو نیعمەتە نەبڕاوەو بێشومارەکان دەدەن)، باشە ئایا کافران پاداشتی ئەوەی کە دەیانکرد درانەوە؟!

لەهەمان کات لە فەرمودەش هاتووە، کە بە سووك سەیر کردنی موسڵمانان خۆی بەڵگەی نزمی ڕەوشتو خراپی مرۆڤە، چونکە موسڵمانان خوێنو سەرو ماڵو ناموسیان لێك حەرامەو

---

1- سورة البقرة: ٢١٢.

نابێ دەستیان بۆ ببردرێ، هەروەکو پێغەمبەری ئیسلام دەفەرموێ: (**كُلُّ الْمُسْلِمِ على الْمُسْلِمِ حَرَامٌ مَالُهُ وَعِرْضُهُ وَدَمُهُ حَسْبُ امْرِئٍ من الشَّرِّ أَنْ يَحْقِرَ أَخَاهُ الْمُسْلِمَ**)[1].

کەواتە سوکایەتی کردن بە ماڵو ژیانو کەرامەتو کەسایەتیو نەژادو تیرەو شێوەو کارو کردەوەو ڕەفتارو گوفتاری خەڵك حەرامەو دەچێتە خانەی گوناهو تاوانەوە، کە سەرەنجام سەر دەکێشێ بۆ تووڕەیی خوای گەورەو سزای دونیاییو قیامەتیەوە.

وە سوکایەتیو گاڵتە کردن وەنەبێ کارێك بێت بەهۆیەوە مرۆڤ بگاتە پلەی باشو سەرکەوتن بەسەر بەرامبەرەوە، بەڵکو بەڵگەی ڕەوشت نزمی گاڵتەکەرەکە دەگەیەنێو نیشانەی ئەوەیە ئەو کەسە لە ڕووی دەروونیو ئەخلاقیو کۆمەڵایەتیەوە نەخۆشەو کەسایەتیەکەی لە ئاستێکی نزم خۆی دەبینێتەوە.

لەگەڵ ئەوەش ئەو جۆرە کەسانەی کەوتوونەتە داوی سوکایەتی کردنی بەرامبەرەوە دەبێ ئەوە بزانن، کە کارێکی خێر ناکەن، بەڵکو دەبنە هۆکاری ماڵوێرانیو نەهامەتی خۆیانو فاکتەری تێکدانی شیرازەی کۆمەڵایەتی خەڵکیو ئارامی کۆمەڵگەوە.

بۆیە ئەرکە موسڵمانان لە ناوەڕۆکی ئەو پەیامە هۆشیار بنو ئاستی پەروەردەو ڕەوشتو دینداریو تێگەیشتنو ڕۆشنبیریان بەشێوەیەك ڕابێنن، کە بە هیچ شێوەیەك سوکایەتیو گاڵتە بە دەوروبەریان نەکەنو بەردەوامیش ڕێگری لە تەشەنەکردنی ئەو دیاردەیە بکەن، بۆ ئەوەی بەرامبەر ئاینداریێتی خۆیان مولتەزیم بنو لەئاست پەیوەندیو برایەتی یەکتری، سەنگینو ڕێزدارو ڕاستو دروست دەرکەون.

---

1- سنن أبی داود: ج٤ ص٢٧٠.

# باسی سێیەم
# لکەدارکردنی یەکترو ناوو ناتۆرە لێك نان

لێرەشەوە خوای گەورە ئامـاژەی بـە دیاردەیـەکی تـر کـردووە، کـە یەکێکـە لـەو دیـاردە ناشیاوانەی دەبێتە هۆی لەبار بردنی برایەتی موسـڵمانانو سـەرهەڵدانی ئاریـشەی دەروونـیو کۆمەلاَیەتیەوە.

ئەو دیاردەیە بریتیە لە تانە لێکدانو لەکەدار کردنی یـەکترو نـاوو نـاتۆرە لێـك نـان، کـە دەکرێ بڵێین هەر یەك لەو سێ دیاردەیە شێوەو شێوازی تایبەت بە خۆی هەیە، بەڵام ناوەڕۆکی ئایەتەکە هەرسێکیان دەگرێتەوەو سەرچاوەی ئەنجامدانی ئەو کردارە نا دروستانەش زمانە.

ئەنجامـدانی ئـەو جـۆرە دیاردەیـە یـەکجار خراپـەو کاریگـەری نـەرێنی زۆریـش بەسـەر کۆمەڵگەوە دروست دەکات، چونکە ئەمە وێڕای ئەوەی لەگەڵ کۆمەڵگە موسـڵمان نـشینەکان ناگونجێ، لەهەمان کات شکاندنی قیەمێکی بەرزی ئیسلامەتیو دینداریتیە، بۆیە پەروەردگار هۆشیارمان دەکاتەوە، کە دوورەپـەرێزی بکـەین لـەو جـۆرە دیاردانـەو تاکـەکانیش هۆشـیار دەکاتەوە لە مەترسیو زیانەکانی ئەو ڕەوشتە ناشەرعیەوە.

خوای گەورە لە ئایەتی یانزەهەمی سورەتی ئەلحوجوڕات دەفەرموێ: **(وَلَا تَلْمِزُوا أَنفُسَكُمْ وَلَا تَنَابَزُوا بِالْأَلْقَابِ بِئْسَ الاِسْمُ الْفُسُوقُ بَعْدَ الْإِيمَانِ وَمَنْ لَمْ يَتُبْ فَأُوْلَئِكَ هُمْ الظَّالِمُونَ)**، واتـە: یەکتری عەیبدار مەکەن (چونکە سووکایەتی بەیەکتر سووکایەتیە بـە خۆتـان) هـەروەها نـاوو ناتۆرەی ناشیرین بۆ یەکتر دامەتاشن، ئای کە چـەند ناشـرینە نـاوو نـاتۆرەی خـراپ لـە دوای باوەڕهێنانو موسڵمان بوون، ئەوەش تەوبەی نەکردبێتو پەشیمان نەبووێتەوە لە گوناهـەکانی، جا ئەو جۆرە کەسانە هەر ستەمکارن.

دیارە ڕستەی **(وَلَا تَلْمِزُوا أَنفُسَكُمْ)** مەبەست لێی ئەوەیە، کە نابێ موسڵمانان لەناو خۆیاندا یەکتر لەکەدارو ناشیرینو عەیبدار بکەن، لەبەر ئەوەی موسڵمانان دەبێ هاوشێوەی جەستە یەك پارچە بن، کەواتە هەرکات موسڵمانێك موسڵمانێکی تری لەکەدار کرد، ئەوە مانای وایە خۆی عەیبدار کردووە، یانیش ئەگەر تانەی لە خەڵك دا ئەوە ڕێگەی خۆشکردووە، کە تانە لە خـۆی

بدرێت، لەبەر ئەوەیە خوا فەرمووی خۆتان عەیبدار مەکەن، ڕێك وەکو ئەوەی دەفەرموێ: **(وَلَا تَقْتُلُوا أَنْفُسَكُمْ)**[1]، واتە: خۆتان مەکوژن (یەکتر بەناحەق مەکوژن).

بە وتایەکی تر، واتە ئێوە تانەو تەشەر لەخۆتان مەدەن، چونکە هەر لەکەدارکردنو تانەدانو عەیبدارکردنێکی بەرامبەر، ئەوە دەگەیەنێ کە خۆت لەکەدار کردووە، ئەمەش بۆ ئەوەیە مرۆڤەکان تێ بگەن، کە ئەدنا سوکایەتیو عەیبدار کردنی بەرامبەر، ئەوە گاڵتە کردنو تانە دانە لە خودی خۆیان.

هەروەها ڕستەی پاشتر کە دەفەرموێ: **(وَلَا تَنَابَزُوا بِالْأَلْقَابِ)**، مانای وایە نەك تەنها عەیبدار کردنی یەکتر بەس نیە، بەڵکو دەبێ بە ناوی ناشیرینو سووكو ناتۆرەی ناڕێکەوە بانگی یەکتریش نەکەن، نەبادا ببێتە هۆی بریندارکردنی یەکترو سوکایەتی تێدا دروست ببێ.

بەو پێیەش نابێ موسڵمانان لەناو خۆیانو لە شێوازی بانگ کردنی یەکترو ناو هێنانی یەکتردا، تانەو ناو و ناتۆرەی ناشیاو بەکار بێنن، چونکە ئەو جۆرە دیاردانە کاریگەری نەرێنی زۆرو هەمەلایەنە بەسەر کۆمەڵگەوە دروست دەکەن.

چونکە ئەگەر بمانەوێ کەشو باری کۆمەڵگە بەرەو وێرانی ئەخلاقیەوە نەڕوا، ئەوە دەبێ ئاگاداری ئەو ڕەوشتو بەها کۆمەڵایەتیانە بین، کە دەبنە هۆکاری هێشتنەوەی پەیامی برایەتیو خۆشویستنی یەکترو پێکەوە هەڵکردنەوە، ئەوەش بەوە دەستەبەر دەبێ، کە هەموومان دەرك بە پێویستی ڕێزی بەرامبەر بکەینو بزانین کە نواندنی ڕێزو بەرجەستە کردنی بەها ئەخلاقیەکان، وێڕای ئەوەی دروست کردنی کەشێکی ئاساییە لەناو دەروونی تاکەکان، لەهەمان کات هۆکارو پاڵنەری بەهێزیشە لە گێڕانەوەی تەبایی نێوان موسڵمانانو ئارامی کۆمەڵگەوە.

پێویست ئەوەش بزانین، کە ئیمانو باوەڕ دەبێ مرۆڤ بەرەو ئاراستەیەکی باشو ڕەوشتێکی بەرز ببات، بەڵام کاتێ بەندەکان گرنگی بە لایەنی ئیمانیەوە نادەن، یانیش کەمتەرخەمی بەرامبەر دەنوێننو لە پێناو بەرژەوەندیەکی کەمی دونیاییو کەوتنە ژێر کاریگەری هێزو حەزە شەیتانیو ئارەزوبازیەکانەوە، ئەوە مانای وایە ئەو کەسە هێندەی کاری لە پێناو هێنانە خوارەوەی بەهای مرۆییو ڕەوشتی موسڵمانێتی خۆی کردووە، هێندە بەلای ماناو دەرهاوێشتە

---

1- سورة النساء: ٢٩.

ئیمانیو عیرفانیو خواناسیەکانەوە نەڕۆیشتووە، بۆیە کەوتۆتە داوای لەکەدار کردنی خەڵكو ناوو ناتۆرەی ناشیاوەوە.

لەبەر ئەوەش خوای گەورە باسی ئەو حاڵەتەی کردووە، کە خراپترین شت لەدوای ئیمان هێنانەوە، ئەوەیە مرۆڤ بگەڕێتەوە سەر ئەنجامدانی هەندێ لەو شتانەی لە کەسایەتیو ئیمانی کەم دەکەنەوە، هەروەك دەفەرموێ: **(بِئْسَ الاِسْمُ الْفُسُوقُ بَعْدَ الْإِيمَانِ)**، واتە: ئای کە چەند ناشرینە ناوو ناتۆرەی خراپ لە دوای باوەڕهێنانو موسڵمان بوونەوە.

ئەوە وەنەبێ تەنها بەوەش کۆتایی پێ بێنێت، بەڵکو هۆشداری دەدات بەوانەی خوویان بەو جۆرە تاوانو سەرپێچیانەوە گرتووە، بەوەی ئەگەر واز نەهێننو نەگەڕێنەوە، ئەوە دەبنە هۆکاری ستەم لە خۆیان، ئەوەیش کە لەسەر ستەم بەردەوام بێت، ئەوە سەرەنجام دەبێتە ستەم کاری خۆی، واتە لەبەر ئەوەی بەردەوامە لە ئەنجامدانی تاوانو بەردەوامیش خەڵك بریندار دەکاو دەیشکێنیو لەکەدارو عەیبداری دەکاو بەناوو ناتۆرەی ناڕێکەوە بانگیان دەکا ئەوە وەکو زاڵمێك وایە لەناو پەرێزی تاوانەوە، بۆیە خوای گەورە دەفەرموێ: **(وَمَنْ لَمْ يَتُبْ فَأُولَئِكَ هُمْ الظَّالِمُونَ)**، واتە: ئەوەی تەوبەی نەکردبێتو پەشیمان نەبووێتەوە لە گوناهەکانی، جا ئەو جۆرە کەسانە هەر ستەمکارن.

چونکە هەر سەرپێچیەك ستەمێکە ئەنجام دەدرێت، لەبەر ئەوەش باوکە ئادەم کاتێ لە بەهەشت فەرمانی خوای شکاند، یەکسەر هانای بۆ تەوبە بردو دانی بەوە نا کە ستەمی کردووە، وەکو دەفەرموێ: **(رَبَّنَا ظَلَمْنَا أَنْفُسَنَا وَإِنْ لَمْ تَغْفِرْ لَنَا وَتَرْحَمْنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ)**[1]، واتە: وتیان: پەروەردگارا ئێمە ستەممان لە خۆمان کرد، خۆ ئەگەر لێمان خۆش نەبیتو بەزەییت پێماندا نەیەتەوە، ئەوە بەڕاستی ئێمە سوێند بە خوا لە خەسارەتمەندو زەرەرمەندانین.

بەو پێیە مرۆڤ ئەگەر واز نەهێنێ لەو جۆرە تاوانانە، سەرەنجام دەبێتە کەسێکی زەرەرمەندو هیچی پێ نامێنێتەوە، ئیدی لەبەر ئەوەیە خوای گەورە دەفەرموێ: **(فَمَنْ تَابَ مِنْ بَعْدِ ظُلْمِهِ وَأَصْلَحَ فَإِنَّ اللَّهَ يَتُوبُ عَلَيْهِ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ)**[2]، واتە: ئەوەی دوای ستەمو تاوانەکەی تەوبە

---

1- سورة الأعراف: ٢٣.

2- سورة المائدة: ٣٩.

بکاتو چاکسازی لە خۆیدا بکـات (دڵو دەروونــی خـاوێن بکاتــەوە، واز لــەکردارە خراپــەکان بهێنێت)، ئەوە بێگومان خوا تەوبەکەی لێوەردەگرێت، چونکە بەڕاستی خوای گەورە لێخۆشبوو میهرەبانە.

دیاردەی لەکەدار کردنو ناتۆرە هەڵبەستن، یەکێکە لەو ڕەوشــتە قێزەونانــەی، کــە چــەندین دەقی تری لەبارەوە هاتووەو، لە کۆی هەمووشیانەوە چەندین زیانو مەترسی دەخوێندرێتــەوە، کە کاریگەری نابەجێ دەنێنەوەو کۆمەڵگە بەرەو قەیرانێکی گەورەی ئەخلاقی دەبەن.

ئەوەتا خوای گەورە دەفەرموێ: **(الَّذِينَ يَلْمِزُونَ الْمُطَّوِّعِينَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ فِي الصَّدَقَاتِ وَالَّذِينَ لَا يَجِدُونَ إِلَّا جُهْدَهُمْ فَيَسْخَرُونَ مِنْهُمْ سَخِرَ اللَّهُ مِنْهُمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ)**[1]، واتــە: ئــەو بــێ باوەڕانەی کە توانج دەگرنە ئەو ئیمانداراانەی، کە زیادە بەخشن لە خێر کردندا بەویستی خۆیان لەڕێگەی خواداو پلاریش لە ئیماندارانی هەژار دەگرن، کە بێجگە لەرەنجی شانی خۆیان هیــچی تریان دەست ناکەوێت، ئینجا هەر گاڵتەشیان پێدەکەن، ئەوانــە خــوا تۆڵــەیان لێ دەســێنێتو ریسوایان دەکات، بەهۆی ئەو گاڵتە کردنەیانەوەو سزای بە ئێشو ئازاریش بەشیانە.

ئەگەر ئەوە تایبەت بێت بە بێباوەڕانەوە، ئەوە لە لایەکی ترەوە خــوای گــەورە دەفــەرموێ: **(وَيْلٌ لِكُلِّ هُمَزَةٍ لُمَزَةٍ)**[2]، واتە: هاوارو ئاهو ناڵە (وەیل) بۆ هەر کەسێك کە بە شــوێن کــەم و کووڕیدا دەگەڕێتو لە عەیبوعاری خەڵکی دەدوێت.

هەروەها پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت)، باسی لەو حاڵەتانە کردووە، ئــەوەتا (ئــەبو زەڕی غەففار)ی کاتێ لەگەڵ پیاوێك لێی دەبێتە کێشەو جنێوی پێ دەدا، ئەویش پێــی دەڵــێ: ها کوڕی ئافرەتە ڕەشەکە! دواتر چــۆتە خزمــەت پێغەمبــەرو باســەکەی بــۆ گێڕاوەتــەوە، لــە بەرامبەر ئەوە کە بە کابرای گوتووە: کوڕی ئافرەتە ڕەشەکە، پێغەمبەر (درودی خــوای لەســەر بێت) بە ئەبو زەڕ دەفەرموێ: **(يا أَبَا ذَرٍّ أَعَيَّرْتَهُ بِأُمِّهِ إِنَّكَ امْرُؤٌ فِيكَ جَاهِلِيَّةٌ)**[3]، واتــە: ئــەی ئەبا زەڕ ئەوە عەیبدارت کردووە بەهۆی دایکیەوە، بەڕاستی تــۆ کەســێکی هێــشتا خەســڵەتی سەردەمی نەفامیت تیا ماوە.

---

1- سورة التوبة: ٧٩.

2- سورة الهمزة: ١.

3- صحيح البخاري: ج١ ص٢٠.

ئا بەو شێوە ئیسلام ڕێگری كـردووە لـەو جـۆرە دیـاردە ناشـیاوانە، بـۆ ئـەوەی كۆمـەڵی موسڵمانان نەكەوێتە داوی نەزانیو تێوەگلانی ڕەوشتی نا دروسـتەوە، چـونكە هـەبوونی ئـەو جۆرە دیاردەی عەیبدار كردنی یەكترو ناوو ناتۆرە لێك نان كاریگەری سەلبی دەنێتەوەو زەرەرو زیانی زۆری لێ دەكەوێـتەوە، كە دەكرێ لێرە ئاماژە بە هەندێكیان بكەین:

١- پەیوەندیە كۆمەڵایەتیەكان دەشێوێنێو برایەتی نێوان موسڵمانان كەم دەكاتەوە.

٢- رقو كینەو دووبەرەكی لەناو كۆمەڵگە زیاد دەكـات، بـە شـێوەیەكی وا كـە تاكـەكان لەبەرامبەر یەكتری بە هەستێكی توندەوە مامەڵە لەگەڵ یەكتری دەكەن.

٣- رێزو بەهای مرۆیی كەم دەكاتەوەو كەسانێك دروست دەبن، كە بە چاوی سووكو گاڵتـە جاڕیەوە سەیری بەرامبەریان دەكەن.

٤- زۆرجار سەر دەكێشێ بۆ ناكۆكیو دروست بوونی شەڕو كێـشەی كۆمەڵایـەتی لـە نـاو موسڵمانانو كۆمەڵگەوە.

٥- رێخۆشكردنە بۆ تەشەنەكردنی ئەو دیاردەیە، چـونكە ئەگـەر كەسـێك كەسـێكی تـری عەیبدار كردو ناو و ناتۆرەی لەدوا هەڵبەست، ئەوە ئەویش هەمان كار دەكاتەوەو ئیـدی بـەرە بەرە پەرە دەستێنێ.

٦- تاكەكانی نێو كۆمەڵگە لێك دوور دەخاتـەوەو، پەیوەندیـە كۆمەڵایەتیـەكانیش بـەرەو ئاراستەیەكی خراپ دەبات.

كەواتە لەبەرامبەر ئەو هەموو مەترسیە گەورانە، دەكرێ بڵێین، كۆمەڵگەی ئیسلامی دەبێ ئەوەندە هۆشیارو لەسەر پـێ بێـت، كـە تاكـەكانی بەڕەوشـتی جـوانو ڕەسـەنی ئیـسلامەوە پەروەردە بكاتو، بەردەوامیش هۆشیاریان بكاتەوە، كە توخنی ئەو جۆرە دیـاردە نادروسـتانە نەكەون، كە ئەو زیانو مەترسیانەی هەیە لە لایەكو، كارێكی ناڕەواو ناشـەرعیو حەڕامیـشە لەلایەكی ترەوە.

هەر لێرەشەوە دەكرێ ئاماژە بەوە بكەین، كە زۆر خەڵك هەیە نازناوی هەیە، یان ناو بانگی بە ناوێك لەناوەكان دەركردووە، بێگومان ئیسلام هەر ناوو نازناوێكی ڕێكو پێكو جـوان بێـت بە شەرعی دەزانێت، بە پێچەوانەشەوە هەر ناوو ناتۆرەیەك وەیان هەر كارو گوفتارو ڕەفتارێـك

ببێتە هۆی ئەزیەتدانی کەسی بەرامبەرو لەکەدارو عەیبداری بکات، ئەوە شتێکی نادروستەو لەگەڵ جەوهەری ئیسلامو ڕەوشتی موسڵمان یەك ناگرێتەوە[1].

دەی ئەگەر کۆمەڵگە لەو دیاردەوە بەدوور بێ، دەبێ چ کاریگەریەکی باشو ئەرێنی بنێتەوەو برایەتیو پەیوەندیەکانی کۆمەڵگە چۆن بباتە پێشەوە.؟!

# باسی چوارەم
# گومانی خراپو دەرهاوێشتە نێگەتیڤەکانی

دیاردەیەکی تری نادروستو نەگونجاو لەگەڵ ڕەوشتو کەسایەتی موسڵمانان، گومانی خراپ بردنە بە کەسانی بەرامبەر، چونکە گومان بردنی خراپ واتە ئەو گومانەی، کە مرۆڤ دەیباتو بنەمایەکی ڕاستو دروستی نیەو، کەسانێکی پێ تۆمەتبار دەکات، کە لەوانەیە پاك بنو هیچ شتێ لەو شتانە راست نەبێ، کە بە گومان لەسەریان دیار کردووە.

لەبەر ئەوە دەبێ تاکی کۆمەڵگەی ئیسلامی هۆشیارو ئاگادار بێ، کە گومانی خراپ بە خەڵك نەباتو، بە چاوی گوماناوییەوە لە شتەکان نەڕوانێ، چونکە هەر کەسێك ئەگەر خووی بەو ئاراستەیەوە گرتو کەوتە داوی گومانەوە، ئەوە دەبێ دان بەوە بنێ، کە کەسێکی نەخۆشەو کەوتۆتە ناو تاوانو مەترسیەکی زۆرەوە، هەر کاتیش ئەو دیاردەیە پەرەی سەندو بڵاو بوویەوە، ئەوە کۆمەڵگە بە دەستیەوە گیر دەخواتو دەیەها کێشە بەهۆیەوە سەر هەڵدەدەن.

بۆیە خوای گەورە بە نیدای ئیمانەوە بانگەواز دەکات، کە ئەوە بەڵگەی هەستیاری ئەو بابەتەیە، کە بەدوایەوە دێت، لەهەمان کات داوامان لێ دەکات خۆپاریزی بکەین لەو دیاردەیە، بۆ ئەوەی نەکەوینە ناو بازنەی تاوانو زەلکاوی گوناهو سەرپێچیەوە.

---

1- المنهيان في سورة الحجرات: ١٧.

خوای گەورە دەفەرموێ: (**يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اجْتَنِبُوا كَثِيرًا مِنَ الظَّنِّ إِنَّ بَعْضَ الظَّنِّ إِثْمٌ**)، واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە، خۆتان زۆر بپارێزن لە گومانی خراپ، لەڕاستیدا هەندێ لەو گومانانە گوناهو تاوانن (بۆیە حەق وایە لە هەموو گومانێك خۆپارێزبین).

بەپێی ئەو ئایەتە ئاماژە بۆ ئەوە هەیە، کە زۆرێك لە گومانەکان خراپو نادروستن، چونکە بەشێکیان هەیە رەوایەو هیچی تێدا نیە، وەك ئەوەی مرۆڤ گومانی باش بە بەرامبەرەکەی ببات، ئەمە تاوانو گوناه نیەو دروستە، بەو پێیەش بێت دەکرێ چەمکی گومان بکرێ بە دوو بەشەوە:

یەکەم: گومانی باشو لە جێو شەرعی.

دووەم: گومانی خراپو نادروست.

لێرەوە قسەمان لەسەر خاڵی یەکەم نیە، بەڵکو مەبەستی ئێمە قسە کردنە لەسەر گومانی خراپ، کە هیچ بنەمایەکی ڕاستو دروستی نیەو، سەرەنجامیش دەبێتە هۆی نانەوەی کێشەو ئاریشەی ناتەندروستو نالەبار لەناو کۆمەڵگەوە.

دەکرێ تێڕوانینی لۆژیکیانە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو دیاردەیە، شیکردنەوەکەی (ئیمامی غەزالی) بێت، کە دەڵێت: هەروەك قسەی ناڕێك حەرامە بەهەمان شێوە گومانی خراپیش حەڕامە، وەك چۆن دروست نیە بە شێوازی ناشیرین قسە لەگەڵ خەڵك بکەی بەهەمان شێوە دروست نیە گومانی خراپیش بە خەڵك ببەی[1].

چونکە ئەسڵ لە بنەمای گومان بردن بە خەڵك گومانی باشەیە نەك خراپە، چونکە دوور کەوتنەوە لەدیاردەی گومانی خراپ، دەبێتە مایەی خێر بۆ کۆمەڵگەو تەنانەت ئاستی پەیوەندیەکانیش دەباتە پێشەوە، بۆیە دەبێ تاکی موسڵمان وەك ئیمامی عومەر دەفەرموێ: نابێ قەت گومانی خراپ بکەوێتە ناو بیرکردنەوەکانی، لەبەر ئەوەی بڕوادارەو کارو هەنگاوی بڕواداریش تەنها خێرو باشەیە[2].

بۆیەش لە چەندین دەقی تر ئاماژە بەوە کراوە، کە گومان بردن تاوانەو، ئەرکە موسڵمانان خۆی لێ بەدوور بگرن، بۆ ئەوەی لەدەست نەهامەتیەکانی گومانی خراپەوە لێك ئەمین بنو،

1- إحياء علوم الدين: ج٣ ص ١٣٦ وما بعدها.

2- صفوة التفاسير: ج٣ ص٢١٨.

شتی نابەجێو بێ بنەما بەسەر یەکتر ساغ نەکەنەوە، کە ببێتە هۆی دروست بوونی دووبەرەکیو لێکترازانیانەوە.

خوای گەورە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە ئەو جۆرە کەسانەی پەیڕەوی لە دیاردەی گومان بردنی خراپەوە دەکەن، ئەوانە بە زۆری وایە پەیڕەوی لە هەواو ئارەزووەکانیان دەکەنو بە پێی میزاجی کەسێتی خۆیانو، بە پێوەری سەقەتی بیرکردنەوەکانیان دەڕواننە دەوروبەرەوە، لەهەمان کات ئەو دیاردەیە وەنەبێ تەنها تاوان بێو بەس، بەڵکو خشتێك لە ڕاستیو هقیقەتەکان زیاد ناکاو لە خراپە زیاتر شتێکی باشو جوانو ڕێكو تەبای لێ بەرهەم نایێت.

ئەوەتا خوای گەورە دەفەرموێ: **(وَإِنْ تُطِعْ أَكْثَرَ مَنْ فِي الْأَرْضِ يُضِلُّوكَ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ إِنْ يَتَّبِعُونَ إِلَّا الظَّنَّ وَإِنْ هُمْ إِلَّا يَخْرُصُونَ)**(١)، واتە: خۆ ئەگەر فەرمانبەردارو ملکەچی زۆربەی خەڵکی سەرزەوی بیت ئەوە لە ڕێبازی خوا وێڵت دەکەن، چونکە شوێنی هیچ شتێك ناکەون جگە لە گومانو تەنها گۆتە کاری دەکەن.

یان دەفەرموێ: **(وَمَا لَهُمْ بِهِ مِنْ عِلْمٍ إِنْ يَتَّبِعُونَ إِلَّا الظَّنَّ وَإِنَّ الظَّنَّ لَا يُغْنِي مِنَ الْحَقِّ شَيْئًا)**(٢)، واتە: ئەوانە لەو بارەیەوە هیچ جۆرە زانستیو زانیاریەکیان نیە، بەڵکو هەر شوێنی گومانی بێ سەرو بن دەکەون، لەکاتێکدا کە گومان بەهیچ شێوەیەك جێگەی حەقو ڕاستی ناگرێتەوە.

لە ئایەتێکی ترا خوای گەورە لە بارەی ئەو کەسانەی لە دونیای بێباوەڕی ڕووچوونەو پێیان وایە کارو کردەوەی باش دەکەن، دەفەرموێ: **(إِنْ هِيَ إِلَّا أَسْمَاءٌ سَمَّيْتُمُوهَا أَنْتُمْ وَآبَاؤُكُمْ مَا أَنْزَلَ اللَّهُ بِهَا مِنْ سُلْطَانٍ إِنْ يَتَّبِعُونَ إِلَّا الظَّنَّ وَمَا تَهْوَى الْأَنْفُسُ وَلَقَدْ جَاءَهُمْ مِنْ رَبِّهِمُ الْهُدَى)**(٣)، واتە: ئەم بت و پەیکەرانە تەنها شتێکە کە خۆتانو باوو باپیرانتان ناوتان لێ ناونو هیچی تر نین، خوا بەڵگەیەکی نە ناردووە لەسەر ڕەوا بوونیان، سەیرە، ئەوانە تەنها شوێنی گومانو ئارەزوی دەروونە نەخۆشەکانیان دەکەون، لە کاتێکدا کە بەڕاستی لەلایەن پەروەردگاریانەوە هیدایەتو ڕێنموییان پێ گەیشتووە!

---

1- سورة الأنعام: ١١٦.
2- سورة النجم: ٢٨.
3- سورة النجم: ٢٣.

کەسانێك هەن بەردەوام بەلای ئەو جۆرە دیاردەوە دەڕۆنو، نازانن کەوتونەتە داوی ئەو تاوانەوە، هە وەك (ئیمام حەسەنی بەسرِی) دەڵێ: پێیان وایە هەموو گومانەکانیان باشەیە، کەچی بیریان لەوە نەکردۆتەوە، کە ئەو کەسەی گومانەکانی باش بێت دەبێ کردەوەکانی باش بن، کەچی کردەوەی ناڕێکیان هەیەو دەڵێن گومانی خراپیش نابەین[1]، ئەوانە ڕێك ئەوە دەیان گرێتەوە، کە خوای گەورە لە بارەیانەوە دەفەرموێ: **(وَذَلِكُمْ ظَنُّكُمُ الَّذِي ظَنَنْتُمْ بِرَبِّكُمْ أَرْدَاكُمْ فَأَصْبَحْتُمْ مِنَ الْخَاسِرِينَ)**[2]، واتە: ئا ئەوەبوو گومانی ناپەسەندتان کە هەتانبوو بەرامبەر پەروەردگارتان ئێستا بوو بەهۆی داخزانو تیاچوونتانو بەو هۆیەوە چوونە ڕیزی زەرەرمەندانەوە.

هەروەها پێغەمبەری ئیسلام (درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێ: **(إِيَّاكُمْ وَالظَّنَّ فإن الظَّنَّ أَكْذَبُ الحديث)**[3]، واتە: ئێوە ئاگاداری گومان بن، چونکە زۆرێك لە گومانەکان درۆترینی قسانە.

هەر لەو بارەوەش قسەیەکی جوان هەیە، کە دەڵێ: (أسوء الناس حالاً من لا يثق بأحد لسوء ظنه، ولا يثق به أحد لسوء فعله)[4]، واتە: خراپترین کەس لەناو خەڵك ئەو کەسەیە، کە متمانە بە کەس ناکا لەبەر ئەوەی گومانەکانی خراپە، وە کەسیش متمانەی بەو نیە، لەبەر کردەوە خراپەکانی.

شاعیریش جوانی هێناوە:

إذا ساء فعل المرء ساءت ظنونه ........... وعادى محبيه بفعل عداته
وصدق ما يعتاده من توهم ............. وأصبح في ليل من الجهل مظلم

---

1- وصايا وحكم: ٢٦٠.
2- سورة فصلت: ٢٣.
3- صحيح البخاري: ج٦ ص٢٤٧٤.
4- وصايا وحكم: ٢٦٣.

لە لایەکی دیکەوە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێ: (**إذا ظننتم فلا تحقّقوا**)[1]، واتە: ئەگەر گومانتان برد ئەوە بەدواداچوونی بۆ مەکەن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە نەکەوینە سەر رێچکە هەڵەو بێ شەرعیەکانەوە.

کەواتە: لەبەر ئەوەی بە گومان هیچ شتێك تەحقیق نابێ، وە تەنها خوای گەورەیە، کە دەزانێ لەناو دڵو دەروونی خەڵك چی هەیەو چی دەگوزەرێ، رەوا نیە خەڵك خۆی لەو دیاردە ناشایستە نزیك بکاتەوە، لەهەمان کاتیش دەبێ ئەوە بزانین قەت گومانی خراپو ئیمانی راستەقینە لەناو دڵو دەروونی بەندەکان کۆ نابێتەوە، هەروەك چۆن سیمای دینداریێتی کۆمەڵگەش بەو دیاردەوە پێش ناکەوێ، بەڵکو دیاردەی گومان بردن دەبێتە فاکتەری زۆرێك لە نەخۆشیە دەروونیو کۆمەڵایەتیەکانەوە، کە دواجار وا دەکەن یەك ریزی موسڵمانان بکەوێتە مەترسیو لاواز بوونی برایەتیو نەمانی متمانەو نا ئەمینیەوە.

لەبەر ئەوە ئیسلام جیا لەوەی داوای کردووە، کە دەبێ مرۆڤەکان دەستو زمانیان لە باشەو کارو رەفتاری شەرعیەوە بگەرێ، وەك پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێ: (**الْمُسْلِمُ من سَلِمَ الْمُسْلِمُونَ من لِسَانِهِ وَيَدِهِ**)، واتە: موسڵمان ئەو کەسەیە، کە موسڵمانان لە دەستو زمانیەوە سەلامەتو ئەمین بن.

لەهەمان کات داوای ئەوەش دەکات، کە مرۆڤەکان لە ناخو دەروونو هزریشەوە پاكو سەلامەت بن، بۆ ئەوەی خەڵکی تر ئەزیەت نەخۆن لە لایەکو، حورمەتو بەهاو رێزی مرۆڤەکانیش پارێزراو بێ لەلایەکی ترەوە.

ئیدی پێویست دەکا موسڵمانان لە بارەی مەترسیو زیانو تاوانێتی ئەو دیاردەوە هۆشیار بن، بۆ ئەوەی بە هەموو لایەکەوە ئەو تیۆرییە بەرجەستە بێت، کە موسڵمانان هەموویان ئەندامی خێزانێكو تەواوکەری یەکترنو دەبێ خۆشیو ناخۆشیەکانیان پێکەوە دەرکەوێو، هەرچی زیانیش لەو خێزانە دەدات وەلای بنێن، بەتایبەت گومانی خراپ، کە کاریگەری زۆرو سەلبی لەناو کۆمەڵگە دەنێتەوە.

خوای گەورەش ئاگای لە نهێنی رازو نیازو گومانو بیرکردنەوەکانمانە، کەواتە وا پێویست دەکات پابەندی لە ناوەڕۆکی ئەو ئایەتەی پێشەوە بکەینو، هەوڵی ئەوەش بدەین بەردەوام

---

1- أحكام القرآن للجصاص: ج٥ ص٢٨٩.

گومانمان لەسەر باشە بێت، چونکە ئەو باشبوونەی گومان دەبێتە هۆکاری هاتنە ڕێی خێر لە هەردوو دونیادا، وەك لەو فەرمودە قودسیەدا هاتووە: (**أنا عِنْدَ ظَنِّ عَبْدِي بِي وأنا معه حين يَذْكُرُنِي إن ذَكَرَنِي في نَفْسِهِ ذَكَرْتُهُ في نَفْسِي وَإِنْ ذَكَرَنِي في مَلَإٍ ذَكَرْتُهُ في مَلَإٍ هُمْ خَيْرٌ منهم**)[١].

ئا بەو شێوەیە ئیسلام دەیەوێ ویژدانو ناواخنی مرۆڤەکان لە هەموو پیسیەك پاك بکاتەوەو، بە شێوەیەکی دوور لەو جۆرە نەخۆشیە ئاراستەیان بکات، بۆ ئەوەی ئاراستەی جوڵەو کارو هەنگاوی خێر لەناو موسڵمانان لە بەرەو پێشچوونەوە بێت.

# باسی پێنجەم
# کاری سیخوڕیو جاسوسی کردن

جاسوسی لەوشەی (التجسس)ی عەرەبی وەرگیراوە، بەکوردیەکەی پێی دەگوترێ (سیخوڕی) کردن، بەمانای گەڕانو زانیاری وەرگرتنی خەڵك دێت، یان وەرگرتنی زانیاریو چوون بەدوای نهێیەکانی خەڵكو، گواستنەوەی بۆ کەسانی دیکەو، بەمەبەستی ئابڕوبردنو، سوکایەتی پێکردنو، درکاندنی لایەنە شاراوەکانی خەڵك.

بەمانایەکی تر جاسوسی واتە: بەدواداچوونی نهێنیو کاروبارو کەمو کوڕیو شتە تایبەتیەکانی خەڵك، کە ئەمە بەپێی پێوەری ئایینی پیرۆزی ئیسلام دەچێتە خانەی تاوانو حەڕامیو لێپێچینەوەی قیامەتی[٢].

بۆیە خوای گەورە دوای ئەوەی باسی لەوە کرد، کە گومانی خراپ نەبەین، ئێستا سەرنجمان ڕادەکێشێ بۆ دووره پەرێزی دیاردەیەکی ترو فەرمان دەکا لێیەوە نزیك نەبینەوەو ئەنجامی نەدەین، کە ئەویش بریتیە لە جاسوسی کردن بەرامبەر خەڵك، بۆیە خوای گەورە دەفەرموێ:

---

1- صحيح مسلم: ج٤ ص٢٠٦١.

2- التجسس حكمه وعقوبته: ٢.

**(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اجْتَنِبُوا كَثِيرًا مِنَ الظَّنِّ إِنَّ بَعْضَ الظَّنِّ إِثْمٌ وَلَا تَجَسَّسُوا)**، واتە: ئەی ئەو كەسانەی باوەڕتان هێناوە، خۆتان زۆر بپارێزن لە گومانی خراپ، لەڕاستیدا هەندێ لەو گومانانە گوناهو تاوانن، بە شوێن كەمو كوڕیی‌و عەیب‌و عاری یەكتردا مەگەڕێن‌و سیخوڕی‌و جاسوسی مەكەن.

لەو بەشە زیاتر قسەمان لەسەر ڕستەی **(وَلَا تَجَسَّسُوا)**ە، كە باس لەوە دەكات نابێ ئینسانی موسڵمان كەسێكی جاسوس‌و چاوگێڕی عەیب‌و نهێیەكانی خەڵك بێت، چونكە ئەمەشیان یەكێكە لەو دیاردە هەرە قێزەونانەی باری ئاسایی كۆمەڵگە دەشێوێنی‌و، خەتەرەی دەروونی لەناو موسڵمانان دروست دەكات.

ئەمە ئاماژەیە بەوەی، كە هەر كەسێك لەناو گرۆی مرۆڤەكان تایبەتمەندی‌و شێوازی تایبەت بەخۆی هەیەو، هەركەسەو كۆمەڵێك خەسڵەت‌و نهێنیەكی سروشتی‌و داخراوی هەیە، بەڵام ئیسلام دەیەوێ خەڵك دەست وەرنەداتە كاروباری یەكترو هەركەسە بە ئازادی‌و بێ سانسۆرو دوور لە ترس‌و بیمەی كۆمەڵایەتیەوە بژیێت، چونكە لە لایەكەوە یەكێ لە سیفەتە هەرە جوانەكانی ئەو ئیسلامە بریتیە لەدەستوەرنەدان لەكاروباری خەڵكی هەروەك پێغەمبەرمان (درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێ: **(إِنَّ مِنْ حُسْنِ إِسْلَامِ الْمَرْءِ تَرْكُهُ مَا لا يَعْنِيهِ)**[1]، واتە: بەڕاستی یەكێ لە جوانترین ڕەوشتەكانی كەسی موسڵمان وازهێنانە لەو شتانەی پەیوەندی بەوەوە نیە.

لە لایەكی تریشەوە بە پێی پەیامی ئەو شەریعەتە دەبێ پێگەو تایبەتمەندی‌و ژیان‌و كەرامەتی هەر كەسێك لەناو موسڵمانان پارێزراو بێت‌و، نابێ كەس دەستی بۆ بەرێت، وەكو پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێ: **(إن اللّهَ حَرَّمَ عَلَيْكُمْ دِمَاءَكُمْ وَأَمْوَالَكُمْ وَأَعْرَاضَكُمْ)**[2]، واتە: خوای گەورە حەرامی كردووە لەسەر ئێوە دەست بۆ خوێن‌و ماڵ‌و ناموسی یەكتر ببەن.

كەواتە نابێ بە هیچ شێوەیەك مرۆڤ كاری جاسوسی بەسەر موسڵمانانەوە بكات، چونكە ئەو دیاردەیە دەبێتە هۆی تووڕە كردن‌و ئەزیەتدان‌و شكاندن‌و خستنە مەترسی خەڵكەوە،

---

1- صحيح ابن حبان: ج١ ص٤٦٦.

2- صحيح البخاري: ج٢ ص٦٢٠.

ئەمەش بە پێی ئەو ئایەتە قورئانیە کارێکی نادروستەو، نابێ ئەزیەتی خەڵك بدرێت، خوای گەورە دەفەرموێ: **(وَالَّذِينَ يُؤْذُونَ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ بِغَيْرِ مَا اكْتَسَبُوا فَقَدِ احْتَمَلُوا بُهْتَانًا وَإِثْمًا مُّبِينًا)**[1]، واتە: ئەوانەی کە ئازاری پیاوانی ئیمانداراو ئافرەتانی ئیماندار دەدەن بێ ئەوەی تاوانێکیان ئەنجامدابێت، ئەوە بەڕاستی ئەوانە بوختانو گوناهو تاوانێکی ئاشکرا دەگرنە ئەستۆ (بێگومان بەسەریانەوە ناچێت تۆڵەیان لێ دەسێنرێت).

دیارە شێوازەکانی ئەو دیاردەیەی جاسوسی کردن زۆرو جیاوازن، ڕەنگە جاری وا هەبێ لە ڕێی زمانەوە بێ‌و، جاریش هەبێ بە نوسینو، جاری واشە بە گوێگرتنو بەدواداچوونی زانیاری دەبێت، ئەوەتا خوای گەورە باس لەوانە دەکات کە بەهۆی گوێگرتنەوە جاسوسی دەکەن، کە چەندە ستەمکارن، هەر وەکو دەفەرموێ: **(لَوْ خَرَجُوا فِيكُمْ مَا زَادُوكُمْ إِلَّا خَبَالًا وَلَأَوْضَعُوا خِلَالَكُمْ يَبْغُونَكُمُ الْفِتْنَةَ وَفِيكُمْ سَمَّاعُونَ لَهُمْ وَاللَّهُ عَلِيمٌ بِالظَّالِمِينَ)**[2]، واتە: ئەوانە ئەگەر دەرچوونایەو لەناوتاندا بوونایە هیچیان بۆ ئێوە زیاد نەدەکرد بێجگە لە سستی نەبێت (لە ئاشووب‌و گێرە شێوێنی زیاتریان لە دەست نەدەهات)و دەستیان دەکرد بە چرپ‌و چاپ لەناوتانداو دەگەڕان بۆ دۆزینەوەی کەلێنێك، بەئاواتی ئاشووب هەڵگیرساندن لە نێوانتاندا، کەسانێکیش هەن لەنێو ئێوەدا، گوێیان بۆ دەگرن، خوایش چاك ئاگادارە بە کاروکردەوەی ستەمکاران.

هەروەها پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێ: **(مَنِ اسْتَمَعَ إِلَى قَوْمٍ وَهُمْ لَهُ كَارِهُونَ صُبَّ فِي أُذُنَيْهِ الآنُكُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ)**[3]، واتە هەر کەسێك گوێ لە قسەی خەڵك بگرێ‌و ئەوانیش پێیان خۆش نەبێ، ئەوە خوای گەورە لەرۆژی دوایی (مس- مز)ی ئاگری دەخاتە نێو گوێچکەکانیەوە.

هەر کات وە لەناو هەر کۆمەڵگەیەك ئەگەر جاسوسی‌و کاری سیخوڕی زۆر لێکەوتەوەو، لەناو موسڵمانان ئەو دیاردە خراپە تەشەنەی کرد، ئەوە دەکرێ بڵێین کە زیانو مەترسیەکی زۆری لێ دەکەوێتەوەو کاریگەری نەرێنی زۆریش دروست دەکات وەك:

---

1- سورة الأحزاب: ٥٨.

2- سورة التوبة: ٤٧.

3- صحيح ابن حبان: ج١٢ ص٤٩٨.

١- جاسوسی کردن بەڵگەیە لەسەر بێ هێزی ئیمانو لاوازی ڕەوشتی ئەو کەسەی پێی هەڵدەستێ.

٢- لەروانگەی ئیسلامەوە ئەو کەسەی جاسوسی دەکات، کەسێکی سووكو بەد ئەخلاقو هیچو ناپاکە لەناو کۆمەڵگەدا.

٣- بە هەبوونی ئەو دیاردەیە دەروونەکان تووشی نەخۆشی ڕقو کینە دەبنو لە ئەنجامیش دووبەرەکی لەناو موسڵمانان لێ دەکەوێتەوە.

٤- سەر دەکێشێ بۆ شێواندنی سیمای دینداری کۆمەڵگەو، شکاندنی پەردەی پاراستنی نهێنیو ئابڕوی خەڵك.

٥- سەرەنجام ئەو کەسەی کاری سیخوڕی دەکا تووشی سزاو تووڕەبوونی خوای گەورە دێتو لەبەر چاوی خەڵکیش ناشیرینو سووك دەرەکەوێ.

لەبەر ئەمانەو چەندین هۆکاری ترە، کە پێغەمبەری سەروەرمان حەزرەتی **محمد** (درودی خوای لەسەر بێت) لە چەندین فەرموودە موسڵمانانو کۆمەڵگە هۆشیار دەکاتەوە، کە خۆیان دوور بگرن لە دیاردەی جاسووسی کردن بەسەر یەکترەوە.

هەروەك دەفەرموێ: (**ولا تَجَسَّسُوا ولا تَحَسَّسُوا ولا تَبَاغَضُوا وكُونُوا إِخْوَانًا**)[1]، واتە: جاسوسیو بەدواداچوون مەکەنو لەناو خۆتانا ڕقو کینە بڵاومەکەنەوەو ببن بە برای یەکتری.

لەبارەی جیاوازی نێوان هەردوو وشەی (**ولا تَجَسَّسُوا ولا تَحَسَّسُوا**)دا، زانایان وایان لێکداوەتەوە، کە تەجەسوس بۆ کاری خراپە بەشێوەی گشتی، بەڵام تەحەسوس جار جار بۆ کاری باشیش بەکار دێت، وەك ئەوەی خوای گەورە دەفەرموێ: (**يَا بَنِيَّ اذْهَبُوا فَتَحَسَّسُوا مِنْ يُوسُفَ وَأَخِيهِ وَلَا تَيْئَسُوا مِنْ رَوْحِ اللَّهِ**)[2]، واتە: (دوای چەند ڕۆژێك یەعقوب فەرمانیدا بەکوڕەکانی)و وتی: کوڕەکانم بچنەوەو گوێ هەڵخەن بۆ یوسفو براکەی، لەسۆزو میهرەبانی خوایش نائومێد مەبن.

لە فەرمودەیەکی تردا دەفەرموێ: (**يا مَعْشَرَ من آمَنَ بِلِسَانِهِ ولم يَدْخُلْ الْإِيمَانُ قَلْبَهُ لَا تَغْتَابُوا الْمُسْلِمِينَ ولا تَتَّبِعُوا عَوْرَاتِهِمْ فإنه من اتَّبَعَ عَوْرَاتِهِمْ يَتَّبِعُ الله عَوْرَتَهُ وَمَنْ يَتَّبِعْ الله**

---

1- صحيح البخاري: ج٥ ص١٩٧٦.

2- سورة يوسف: ٨٧.

**عَوْرَتَهُ يَفْضَحْهُ فِي بَيْتِهِ**)[1]، واتە: ئەی ئەوانـەی ئیمانتـان بـە زوبـان هێنـاوەو تـەواو نەچـۆتە دڵتانەوە غەیبەتی موسڵمانان مەكەنو بەدوای عەیبو كەمو كوڕیـەكانیان مەگـەڕێن، چـونكە هەر كەسێك وا بكات ئەوە خوای گەورە كەسانێك دادەنێ تـا بـەدوای عـەیبو كـەمو كـوڕیو ئابڕوی بكەون، هەر كەسیش خوای گەورە بیـەوێ عەیبـەكانی دەربخـا ئـەوە زەلیـلو ڕیـسوای دەكات با ئەگەر لەناو كونجی ماڵەكەشیەوە بێت.

یەكێ لە زانایەكانیش قسەیەكی جوانی لەو بارەوە هەیەو دەڵێت: رأيت أقواما مـن النـاس لهم عيوب فسكتوا عن عيوب الناس فستر الله عيـوبهم، وزالـت عـنهم تلـك العيـوب، ورأيـت أقواما لم تكن لهم عيوب اشتغلوا بعيوب الناس فصارت لهم عيوب. واتـە: خـەڵكانێكم بینـی كەمو كوڕیان لەناو بوو، بەس عەیبی یەكتریان دەشاردەوە، خوای گەورەش ستری كـردن، بـەڵام خەڵكانێكی ترم بینی هیچ كەمو كوڕیان نەبوو بەس بە عەیبی یەكترەوە سەرقاڵ بوونو خۆیـان عەیبدار كرد.

لێرەوە گەیشتینە ئەو ڕاستیە، كە جاسوسـی یەكێكـە لـەو دیـاردە قێزەونانـەی كۆمەڵگـە دەشێوێنێو، خەڵكیش لێك دەكاو ڕقو كینە بڵاو دەكاتەوە، بۆیە خوای گـەورەو پێغەمبـەری ئازیزیش ئەو دیاردەیان قەدەغە كردووە.

كەواتە بۆ ئەوەی بینای تاكەكان لەسەر پەروەردەیەكی تەندروست بێتە ئـاراو، كۆمەڵگـەش دوور بێ لەدەستێوەردانی كاروباری یەكترو، هەڵایسانی فیتنەی ئابڕوبردنو شكاندنی یـەكتری، دەبێ دیاردەی جاسوسیو سیخوڕی كردن نەمێنێو، هۆشیاریەكی باشیش لەو بـارەوە دروسـت بكرێ، كە ئەو دیاردەیە خەتەرەیە بۆ سەر ژیانو كەرامەتو تایبەتمەندی خەڵك.

هەر كاتێ موسڵمانان لەو دیاردەیە دوور كەوتنەوەو، كۆمەڵگەش لەو نەخۆشیە بەدوور بوو، ئەوە بە تەئكید ژیانو برایەتیو پەیوەندیو ئەخلاقی تاكەكان باش بەڕێوە دەڕواو، دوور دەبێت لە دووبەرەكیو نا تەباییو رقو كینەو نەخۆشیە دەروونیەكانەوە.

---

1- سنن أبی داود: ج٤ ص٢٧٠.

# باسی شەشەم
# لێك خوێندن و غەییەت کردنی یەکتر

دیاردەیەکی تری قێزەون و نا دروست، کە دەبێتە هۆی لێك وەدوورکەوتنـەوەی موسـڵمانان و خوای گەورە بە گرنگیـەوە بـەیانی کـردووەو، هۆشـداری لـەبارەوە داوە، بـەوەی نزیکـی ئـەو دیاردەیە نەکەوینەوە، ئەویشیان دیاردەی غەیبەتکردنی یەکترە.

خوای گەورە دەفەرموێ: **(وَلَا يَغْتَبْ بَعْضُكُمْ بَعْضًا أَيُحِبُّ أَحَدُكُمْ أَنْ يَأْكُلَ لَحْمَ أَخِيهِ مَيْتًا فَكَرِهْتُمُوهُ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ تَوَّابٌ رَحِيمٌ)**، واتە: لەپاشە ملە باسـی یـەکتری و نـاوی یـەکتری بەخراپ مەبەن، ئایا کەستان خۆشی دێت لەوەی گۆشتی برای خۆی بە مردوویی بخوات؟! دیارە کاری واتان زۆر پێ سەخت و ناخۆشە، دەی کەواتە لەخوا بترسن و پارێزکار بن، چونکە بەڕاستی خوا گەڕانەوەی خەڵکی وەردەگرێت و میهرەبانە بۆیان.

ئیدی ئەوەش یەکێکە لەو نەخۆشیە کۆمەڵایەتیانەی، کە زۆربەی خەڵکی گـیرۆدەی بوونـەو لێی دەرناچن و، تاوانێکە مەترسی زۆری بۆ سەر تاك و کۆمەڵگە لێ دەکەوێتەوەو، کاریگـەری سەلبیش بەسەر دەرونی مرۆڤەکانەوە جێدەهێڵێ.

غەیبەت: واتە لە پاشەملە باسی خەڵك بکەیت بـە شـێوەیەك، کـە ئەگـەر ئـەو خەڵکـەی غەیبەتت کردوون ئاگایان لێ بێ یان بیزاننەوە پێیان ناخۆش بێت.

ئەگەر بەشێوەیەکی وردبینانەتر بڕوانینە پێناسەی غەیبـەت و شـێوەو چـۆنیەتیەکەی بـاس بکەین، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ئەو شیکارە هەمـە لایەنـەی، کـە (ئیمـامی نـەوەوی) بـۆی کردووەو دەفەرموێ: غەیبەت واتە: باس کردنی برای خۆت بە خراپ و بـە شـێوەیەك کـە پێـی ناخۆشە، جا ئەو غەیبەت کردنە جیاوازی نیە چ لە جەستەی، یـان دینـی، یـان دونیـای، یـان دەروونی، یان سروشتی، یان ڕەوشتی، یان ماڵی، یان منداڵی، یان دایك و باوکی، یان خێزانی، یان بەردەستی، یان خزمی، یان جلوبەرگی، یان ڕۆیشتنی، یان جوڵەی، یـان دەرکـەوتنی، یـان پێکەنینی، یان هەڵسان و دانیشتنی، یان شتێکی تر لەو شتانەوە بێت، هەروەها جیاوازی نیـە غەیبەت کردنەکە بە قسە، یان ڕەفتار، یان نوسین، یان بە ئامـاژەی دەسـت، یـان چـاوو، یـان سەرەوە بێت، هەروەها دەفەرموێ: غەیبەت کردنی جەستە بەوەوە دەبێ پێـی بڵێـی: کـوێرەی، شتێتی، خواری، گێلی، کەڕی، کورتی، درێژی، ڕەشی، سپی... هتد.

وە غەیبەت کردنی لایەنی دینداری بەوە دەبێ پێی بڵێی: فاسقی، خائینی، ستەمکاری، تەمبەڵی لە خواپەرستی، دزی، تاوانباری، خراپی.

وە غەیبەت کردنی دونیایی بەوە دەبێ پێی بڵێی: بێ ڕێزی، زۆر خۆری، قسەنەزانی، ڕەزاگرانی، گاڵتەجاڕی، سووکی، نەفامی، بێ عەقڵی... هتد[1].

ئەمانە هەمووی دەچنە خانەی غەیبەت کردنی خەڵکەوە، لەبەر ئەوە دەبینی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت)، لەوبارەوە دەیەوێ پێمان بڵێ غەیبەت چیەو چۆنە، کە دەکرێ ڕێك ئەو فەرموودە بکەینە پێناسەی بابەتی غەیبەتیشەوە، هەروەکو دەفەرموێ: (**أَتَدْرُونَ ما الْغِيبَةُ؟ قالوا الله وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ. قال: ذِكْرُكَ أَخَاكَ بِمَا يَكْرَهُ. قِيلَ أَفَرَأَيْتَ إن كان في أَخِي ما أَقُولُ؟ قال: إن كان فيه ما تَقُولُ فَقَدْ اغْتَبْتَهُ وَإِنْ لم يَكُنْ فيه فَقَدْ بَهَتَّهُ**)[2]، واتە: ئایا ئێوە دەزانن غەیبەت چیە؟ گوتیان خواو پێغەمبەری خوا دەزانن، فەرمووی: باسکردنی برای خۆتە بەو شێوەی کە پێی ناخۆشە، گوتیان ئەی ئەگەر ئەوەی باسمان کرد تێیدا هەبوو؟ فەرمووی: ئەگەر ئەوەی لە پاشەملە باسی دەکەن تێیدا بووە ئەوە غەیبەتە ئەگەریش تێیدا نەبوو ئەوە تۆمەتو بوختانە.

ئەگەریش سیفەتێکی سروشتی بینی، واتە کەسێك تووشی نەخۆشی یان هەر شتێکی تر کە جەستەی شێواندبێ، باشتر وایە مرۆڤ ئەو سوونەتە جێبەجێ بکات، کە پێغەمبەر دەفەرموێ: (**من رَأَى صَاحِبَ بَلَاءٍ فقال الْحَمْدُ لِلَّهِ الذي عَافَانِي مِمَّا ابْتَلَاكَ بِهِ وَفَضَّلَنِي على كَثِيرٍ مِمَّنْ خَلَقَ تَفْضِيلًا إلا عُوفِيَ من ذلك الْبَلَاءِ**)[3]، واتە: هەر کەسێك کەسێکی بینی کە تووشی بەڵایەك بووە، گۆتی: سوپاس بۆ ئەو خوایەی منی پاراستووە لەوەی بەسەر ئەوی هێناوەو، بەسەر زۆربەی دروستکراوانی ڕێزدارو گەورە کردووم، ئەوە لەو بەڵایە سەلامەت دەبی.

جا ئەگەر وردتریش لەو ئایەتەی پێشەوە بڕوانین، ئەوە زیاتر بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە غەیبەت کردن چەندە کارێکی ناڕێکەو، وە چەند بە شێوەیەکی جوان، خوای گەورە وەك بڵێی بە هەردوو شێوەیی تەعبیریو وێنایی بۆی ڕوون کردینەتەوە.

---

1- الاذکار: ٣٥٢.

2- صحيح مسلم: ج٤ ص٢٠٠١.

3- سنن الترمذي: ج٥ ص ٢٩٣.

خوای گەورە کە دەفەرموێ: (وَلَا يَغْتَبْ بَعْضُكُمْ بَعْضًا)، واتە ئێوە لەناو خۆتان غەیبەتی یەکتری مەکەنو، بەشێوەیەك قسە لەبارەی یەکترەوە مەکەن، کە ناخۆشی لێ بکەوێتەوە، ئەوە فەرمانێکی ڕاشکاوانەیە لە بەحەڕام دانانی غەیبەت کردنەوە، هەروەك تێکڕای زانایان یەك دەنگن لەسەر ئەوە، کە غەیبەت یەکێکە لەو تاوانانەی خوای گەروە لەسەریەوە تووڕە دەبێو سزای ئەوانەش دەدات، کە پێیەوە سەرقاڵنو ئەنجامی دەدەن[1]، کە دەکرێ ئەو ڕستەیە بە بەشێکی تەعبیری دابنێین لە باسکردنی غەیبەتەوە.

بەڵام لە بەشە وێنایەکەی تریدا، خوای گەورە بە چەند وشەیەکی کورتو پوختەوە دەیەوێ پێمان بڵێ: ئەو کەسەی غەیبەتی کەسێك دەکات وەکو ئەوە وایە کە گۆشتی بخوات بە مردوویی، ئەمەش خستنە ڕووی وێنەی زیانو مەترسیو تاوانێتی غەیبەتە، کە دەروونەکان بەهۆیەوە نالەبار دەبنو هەستەکان دەجولێنو هەموو شێوە بیرکردنەوەو لایەنە هەستیارەکانی جەستە ئەوە ڕەت دەکەنەوە، کە گۆشتی کەسێکی مردوو بخورێ، بەڵام خوای گەورە ڕێك ئەو تەشبیهەی کردووە، ئەوەش زیاتر بۆ ئەوەیە تێمان بگەیەنێ، کە غەیبەت کردن هەم دیاردەیەکی قێزەونە، هەمیش تاوانێکی گەورەیە.

خوای گەورە دەفەرموێ: (**أَيُحِبُّ أَحَدُكُمْ أَنْ يَأْكُلَ لَحْمَ أَخِيهِ مَيْتًا فَكَرِهْتُمُوهُ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ تَوَّابٌ رَحِيمٌ**)، واتە: ئایا کەستان خۆشی دێت لەوەی گۆشتی برای خۆی بە مردوویی بخوات؟! دیارە کاری واتان زۆر پێ سەختو ناخۆشە، دەی کەواتە لەخوا بترسنو پارێزکار بن، چونکە بەڕاستی خوا گەڕانەوەی خەڵکی وەردەگرێتو میهرەبانە بۆیان.

ئەمە لێکچواندنێکی وێناییە (التشبيه التمثيلي)، لەبەر ئەوەی بە ئاراستەیەکی جوانو ڕستەیەکی کورتەوە خوای گەورە وێنەی ناشیرینیو لایەنی نەرێنی ئەنجامدانی ئەو گوناهەمان بۆ ڕوون دەکاتەوەو، ئەو لێك چواندنەی بۆ بەیان کردووین، کە بە یەکێ لە کاریگەرترین ئوسلەبەکانی تەعبیریو بەلاغی قوڕئانی پیرۆز دادەنرێت، کە دەکرێ ئەو شیکارو لێکچواندنە بەو شێوە دەربخەین:

١- ئەو کەسەی غەیبەتی دەکرێ نازانێ کێ غەیبەتی کردووە، هەر وەك ئەو کەسەی مردووە ئەگەر گۆشتەکەی بخورێت نازانێ کێ خواردویەتی.

---

1- جامع المهلكات: ٤٢٧.

٢- ئەو كەسەی غەیبەتی كەسێك دەكات، واتـە سـوكایەتی بـە كەڕامـەتو حورمەتیـەوە دەكات، هەر وەكو ئەو كەسەی مردووە ئەگەر پارچە گۆشتێكی لیٚ بكرێتەوە بە ئـەتك كـردنو سوكایەتی پیٚ كردنی هەژمار دەكرێت.

٣- غەیبەت كردن دیاردەیەكی نەویستراوو قێزەونە بەلای ئەسڵی فیترەتی مـرۆڤو كەسـانی عاقڵو تێگەیشتوو و خاوەن ئیمانەوە، هەر وەكو خـواردنی گۆشـتی مـردوو شـتێكی بێـزراوو ناخۆشو نەگونجاوە بەلای كەسانی ژیرو دیندارو خاوەن ڕەوشتی بەرزەوە.

كە هەرسیٚ خاڵ ئاماژەن بۆ هۆشیاركردنەوەی مرۆڤ لە مەترسیو بێزراوی غەیبەت كردنەوە، وە هاندانە بۆ وازهێنان لەو دیاردە نارێكو نا تەندروستەوە.

وەك باسمان كرد غەیبەت كردن زۆر نزیكە لە تۆمـەت هەڵبەسـتنەوە[1]، چـونكە جـاری وا هەیە، كەسانێك بە پاشەملە باسی كەسـێك دەكـەن، كەچـی ئـەو كەسـە بەریـەو لـەو گـۆڕە تۆمـەتێكی دەدرێتـە پاڵـەوە، ئەمـەش مەترسـیەكی یـەكجار زۆری دەبـیٚ، هـەم بـۆ خـودی كەسەكەو، هەمیش لەسەر ڕەوشی كۆمەڵایەتی خەڵكەوە.

لەبەر ئەوەشە خوای گەورە باسی لەو حاڵەتە كردووەو، هەر كەسـیٚ شـتیٚ لـە خۆیـەوە بـۆ موسـڵمانان هەڵبەسـتیو ئازاریـان پـیٚ بگەیـەنیٚ، ئـەوە مانـای وایـە گونـاهێكی گـەورەی ئەنجامداوەو، سەرەنجام زیانەكە بۆ بكەرەكە دەگەڕێتەوە.

خوای گەورە دەفەرمویٚ: **(وَالَّذِينَ يُؤْذُونَ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ بِغَيْرِ مَا اكْتَسَبُوا فَقَدِ احْتَمَلُوا بُهْتَانًا وَإِثْمًا مُبِينًا)**[2]، واتە: ئەوانەش كە ئازاری پیاوانی ئیماندارو ئافرەتانی ئیمانـدار دەدەن بیٚ ئەوەی تاوانێكیان ئەنجامدابێت، ئەوە بەراستی ئەوانە بوختانو گونـاهو تـاوانێكی ئاشـكرا دەگرنە ئەستۆ (بێگومان بەسەریانەوە ناچێت تۆڵەیان لیٚ دەسێنرێت).

هەروەها دەفەرمویٚ: **(وَمَنْ يَكْسِبْ إِثْمًا فَإِنَّمَا يَكْسِبُهُ عَلَى نَفْسِهِ وَكَانَ اللَّهُ عَلِيمًـا حَكِيمًـا، وَمَنْ يَكْسِبْ خَطِيئَةً أَوْ إِثْمًا ثُمَّ يَرْمِ بِهِ بَرِيئًا فَقَدِ احْتَمَلَ بُهْتَانًا وَإِثْمًا مُبِينًـا)**[3]، واتە: ئـەوەش كە گوناهو تاوانێك ئەنجام دەدات، ئەوە بەزیانی خۆی تەواو دەبێت، زیان بـەخۆی دەگـات (لـە قیامەتدا)، بێگومان خوا هەمیشەو بەردەوام زاناو دانایە، جا ئـەوەی هەڵەیـەك یـان تاوانێـك

---

1- منهاج المسلم: ٩٣.

2- سورة الأحزاب: ٥٨.

3- سورة النساء: ١١١-١١٢.

ئەنجام بداتو لەوەو دوا بیسەپێنێت بەسەر بێ تاوانێکداو بێ تـاوانێکی پـێ لەکـەدار بکـات، بێگومان ئەو کەسە بوختانو تاوانێکی ئاشکرای ئەنجامداوەو تاوانێکی گەورەی کردووە (زیـاد لە گوناهەکەی خۆی).

هەروەها پێغەمبەری ئازیزمان لەو بارەوە دەفەرموێ: (**يا مَعْشَرَ من آمَنَ بِلِسَانِه ولم يَدْخُلْ الْإِيمَانُ قَلْبَهُ لَا تَغْتَابُوا الْمُسْلِمِينَ ولا تَتَّبِعُوا عَوْرَاتِهِمْ فإنه من اتَّبَعَ عَوْرَاتِهِمْ يَتَّبِعُ الله عَوْرَتَهُ وَمَنْ يَتَّبِعْ الله عَوْرَتَهُ يَفْضَحْهُ في بَيْتِهِ**)[1]، واتە: ئەی ئەوانەی ئیمانتان بە زوبان هێناوەو تەواو نەچۆتە دڵتانەوە غەیبەتی موسڵمانان مەکەنو بەدوای عەیبو کەمو کوڕیـەکانیان مەگـەڕێن، چونکە هەر کەسێك وا بکات ئەوە خوای گەورە کەسانێك دادەنـێ تـا بـەدوای عـەیبو کـەمو کوڕیو ئابڕوی بکەون، هەر کەسیش خوای گـەورە بیـەوێ عەیبـەکانی دەربخـا ئـەوە زەلیـلو ڕیسوای دەکات با ئەگەر لەناو کونجی ماڵەکەشیەوە بێت.

هەروەها لە ڕیوایەتێکی تر هاتووە، کە عائیشە (ڕەزای خوای لەسەر بێت) بە پێغەمبـەری فەرمووە: (**قلت لِلنَّبِيِّ (صلّى الله علي وسلم) حَسْبُكَ من صَفِيَّةَ كَذَا وَكَذَا قال غَيْرُ مُسَدَّدٍ تَعْنِي قَصِيرَةً، فقال: لقد قُلْتِ كَلِمَةً لو مُزِجَتْ بِمَاءِ الْبَحْرِ لَمَزَجَتْهُ**)[2]، واتە: بە پێغەمبەرم گوت: چیە هێندە باسی سەفییە دەکەی ئەو ئافرەتێکی کورتـە باڵایـە، لەوەڵامـدا فـەرمووی: وشـەیەکت گوت ئەگەر بیخەیتە ناو دەریاوە هەمووی پیسو بۆگەن دەکات.

لە فەرمودەیەکی تر دەفەرموێ: (**لَمَّا عُرِجَ بِي مَرَرْتُ بِقَوْمٍ لهم أَظْفَارٌ من نُحَاسٍ يَخْمُشُونَ وُجُوهَهُمْ وَصُدُورَهُمْ فقلت من هَؤُلَاءِ يا جِبْرِيلُ قال هَؤُلَاءِ الَّذِينَ يَأْكُلُونَ لُحُومَ الناس وَيَقَعُونَ في أَعْرَاضِهِمْ**)[3]، واتە: لەو کاتەی شەوڕۆییم پێ کرا بۆ ئاسمان، بەلای خەڵکانێکەوە تێپەڕ بووین، کە نینۆکیان لە ئاسنەوە بوو و دەمو چاوو سینگی خۆیـان پـێ دادەدڕی پرسـیم ئەوانـە کـێن؟ جبریل فەرموی: ئەوانە ئەو کەسانەن، کە گۆشتی خەڵك دەخۆنو دەخزێنە ناو ناموسو ئـابڕوی خەڵکەوە.

هەموو ئەو دەقانەی پێشەوە تەئکید لـەوە دەکەنـەوە، کـە دیـاردەی غەیبـەت کـردن گوناهێکی ئەستوورەو سزایەکەشی قوڕسە، کـە پێویـستە مرۆڤـی بـڕوادار خـۆی لێ بـە دوور

1- سنن أبی داود: ج٤ ص٢٧٠.
2- سنن أبی داود: ج٤ ص٢٦٩.
3- سنن أبی داود: ج٤ ص٢٦٩.

بگرێتو ئەو هۆکارانەش وەلانێ کە دەبنە هۆی ئەنجامدانی غەیبەت کردنەوە، چونکە هیچ شتێك بێ هۆکار نیەو، هۆکارو پاڵنەرەکانی ئەو دیاردەیەش دەکرێ بڵێین ئەو چەند خاڵەی خوارەیە:

١- لاوازی ئیمانو تەقواو حیساب نەکردن بۆ مەهامی هەستیاری دینداریتیو خواناسی.

٢- ناخ پیسیو هەبوونی ڕقو کینە لە دەروون بەرامبەر موسڵمانانو خەڵکی دەروبەر.

٣- لاوازی کەسێتیو زاڵبوونی ڕەوشتە خراپەکانو شۆڕبوونەوە بۆ دیاردەی سوکایەتی کردن بە خەڵکەوە.

٤- خۆشەویستی دونیاو پارەو ماڵ بەشێوەیەك نرخی پارەی لە نرخی مرۆڤەکانی لا گەورەترە.

٥- دانیشتی کۆڕو مەجلیسی خراپەکارانو کەوتنە نێو گاڵتەجاڕیو غەفڵەتو سەرگەردانیەوە.

٦- نەبوونی پەروەردەیەکی دروستو ڕاست لەناو خێزانو کۆمەڵگەوە.

٧- شاردنەوەی کەمو کوڕی تایبەتیو تێوەگلاندنی کەسانی دەوروبەرەوە.

٨- خوو گرتن بە نەخۆشیەکانی وەك ئیرەییو خۆبەزلزانیو ناپاکیو نیفاقو ڕقو کینەوە.

٩- دامرکاندنەوەی تووڕەییو هەڵچوونە دەروونیو فکریو کۆمەڵایەتیەکانەوە.

کەواتە لێرەوە گەیشتینە ئەو ڕاستیە، کە دیاردەی غەیبەت کردن یەکێکە لەو تاوانە مەترسیدارانەی دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی چەندان نەخۆشی دەروونیو کۆمەڵایەتیەوە، کە سەرەنجام دەرهاوێشتەو کاریگەری خراپو زۆر لەناو کۆمەڵگە دروست دەکەن، هەروەها درزی لێکترازانو لێك دوورکەوتنەوەی موسڵمانان فراوان دەکاو خەڵك بەهۆیەوە تووشی دەیەها گرفت دەبێتەوە، کە لەوانەیە زۆر جار لێی دەرباز نەبێو، تووشی تەنگەژەیەکی دەروونی وا گەورە بێتەوە، ببێتە هۆی یاخی بوونی لە ناو کۆمەڵگەوە.

بۆیە وا ئەرکە تاکی موسڵمان لەبەرامبەر ئەو نەخۆشیو تاوانە زیانبەخشە هۆشیار بێتو، ملکەچی بۆ ئەو دەققانە بنوێنێ کە پێشتر لەو بارەوە خستمانە ڕوو، بۆ ئەوەی هەم کەسێك بێت بۆ خۆی پاكو خاوەن کەسایەتیو ڕەوشتی بەرز بێت، هەمیش کۆمەڵگە بەهۆیەوە نەکەوێتە ناو گرفتو ئاڵۆزی پەیوەندیەکانەوە.

ئەگەر تاکەکان لەو بارەوە هۆشیار بوونو هێزی ڕەوشت بەرزی بەسەر ئەو جۆرە نەخۆشیە کۆمەڵایەتیانەوە زاڵ بوو، ئەوە هەمووان لە سایەی نەمانو کەمبوونەوەی بەختەوەر دەبن،

ئەگەریش نەخۆشیەکە تەشەنەی کردو تاکەکان بوونە ئامرازی زیادبوونی ئەو دەردە، ئەوە جەستەی کۆمەڵگە دەکەوێتە نەخۆشیەکی درێژخایەنو رەنگە زۆر ئەستەم بێ ساغ بێتەوە.

باشترین چارەسەریش گەڕانەوەیە بۆ قوتابخانەی ئیسلام بە مەبەستی وەرگرتنی پەروەردەیەکی ڕەسەنو گەڕانەوەیە بۆ هەردوو سەرچاوەی سەرەکی قورئانو فەرموودە، بۆ چارەسەری هەمیشەییو بەختەوەری دەروونو ئارامبوونی کۆمەڵگەوە.

# باسی حەوتەم

# ئەنجامە سوودبەخشو لایەنە پەروەردەییەکانی ئەو تەوەرە

لە دووتوێی ئەو دوو ئایەتە، کە خوای گەورە کۆمەڵێك شتی باسکردووەو، دەیەوێ موسڵمانان خۆیان بە دوور بگرنو ئەو دیاردە خراپو تاوان ئامێزانە لەناو کۆمەڵگە بڵاو نەبنەوە، ئەوەش بۆ ئەوەیە کە هەموو لایەکمان لەسەر ئەوە ڕابێنێ، کە ڕەوشتی بەرز بکەینە ئامانجو، پاڵنەرە ئیمانیو خواناسیەکانیش، بکەینە هۆکاری وازهێنان لە تاوانو ئەو نەخۆشیە مەترسیدارانەوە.

چونکە کۆمەڵگەی ئیسلامی بەوە سیمای جوانی دەرەکەوێ، کە پێگەی ئاینداری بەهێز بێتو تاکەکانی لەسەر پەروەردەو ڕەوشتێکی بەرزەوە ڕابێنو، هەست بە بەرپرسیارێتی دینیو دونیایی بکەنو بەو پەڕی ڕێزەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ دەوروبەرو کەرامەتی مرۆڤەکان بنوێننو، هۆشیاریان بگاتە ئەو ئاستە کە پارێزگاری لە بەهای مرۆڤەکانو نەشکاندنی حورمەتیان بکەنە هەوێنی ژیانو پێکەوە هەڵکردنەوە، بە شێوەیەك کە بتوانن بەسەر دیاردە خراپەکانو هەموو ئەو هەنگاوانە زاڵ بن، کە دەبنە هۆکاری لەباربردنی کۆمەڵگەیەکی تەندروستو دیندارو خاوەن قیەمو ئەخلاقەوە.

هەرکات بەو ئاراستەوە کۆمەڵگە کەوتە سەر پێ، ئەوە ئامادەیی ئەوە دروست دەبێ، کە تاك لەناو کۆمەڵگە ژیانێکی ئاسودەو سەلامەتو ئارامبەخش دەستەبەر بکاو، کۆمەڵگەش

دوور کەوێتەوە لە هەموو ئەو گرفتانەی لە ڕێی ئەو جۆرە نەخۆشیانەوە سەرهەڵدەدەن‌و، دەبنە مایەی قەیران بۆ کۆمەڵگەو چوارچێوە کۆمەڵایەتیەکانیش بەسەر تاك تەسك دەکەنەوە.

ئەگەریش ئاستی هۆشیاری تاکەکان وەك پێویست نەبوو، وە هەستی دینداری لەناو کۆمەڵگە پەراوێز خراو، ڕەوشتە خراپەکان هاتنە پێشەوەو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان گیرۆدەی داوی نەخۆشیەکانی وەك: سوکایەتی‌و لەکەدارکردنی یەکترو ناوو ناتۆرە لێکنان‌و گومانی خراپ‌و جاسوسی‌و غەیبەت کردن... هتد بوویەوە، ئەوە ئەو کات سیمای کۆمەڵگەی ئیسلامی دەشێوێ‌و دەکەوێتە حاڵەتێکی نا تەندورست‌و پڕ لە مەینەت‌و لێکترازان‌و سەرهەڵدانی چەندین نەخۆشی دەروونی‌و کۆمەڵایەتیەوە.

چونکە دەبێ ئەوە بزانین کە هەموو نەخۆشیە کۆمەڵایەتیەکان بەرهەمی نەخۆشیە دەروونیەکان‌و بەسەر کۆمەڵگەوە دەرەکەون‌و، لە ناو پەیوەندییەکانەوە بەرجەستە دەبن، کەواتە بۆ قسە کردن لەسەر هەر نەخۆشیەکی کۆمەڵایەتی دەبێ بگەڕێینەوە بۆ شیکارو لێکدانەوەی نەخۆشیە دەروونیەکان، بۆ ئەوەی بزانین هۆکارو پاڵنەرەکان چین‌و چارەسەریان لەکوێیە.

بێگومان ئەوەی دەبێتە هۆی وێرانی‌و نەخۆشی دەروونیەوە، ڕەفتارو تاوانە خراپ‌و پیسەکانی وەك: بێ دینی‌و، دونیا ویستی‌و، ئارەزووبازی‌و، شەهەوات‌و، ڕق‌و کینەو، ڕەوشت نزمی‌و، خۆبەزل زانی‌و، سەرسامی‌و، حیقدو، تووڕەیی‌و، ئیغرابوون‌و، نغرۆبوونی گوفتارو ڕەفتارو کردارە نادروست‌و ناشەرعیەکانە، کە زۆرێك لەوانە لەئەنجامی لووت بەرزی‌و تەکەبوڕەوە سەرچاوە دەگرن، کە هۆکارە لەوەی مرۆڤ ملکەچی فەرمانی خوا نەبێ‌و خۆیی‌و عەقڵ‌و تێگەیشتنی پێ لە پێشتر بێ‌و، بە چاوی کەمەوە سەیری دەوروبەری بکات، بۆیە پێغەمبەر (دروودە خوای لەسەر بێت) دەفەرموێ: (**إِنَّ اللَّهَ أَوْحَى إلي أَنْ تَوَاضَعُوا حتى لَا يَفْخَرَ أَحَدٌ على أَحَدٍ ولا يَبْغِ أَحَدٌ على أَحَدٍ**)[1]، واتە: خوای گەورە وەحی بۆ ناردووم کە پێتان بڵێم ئێوە ملکەچی بنوێن، تا کەس فەخر بەسەر کەسەوە نەکات‌و کەسیش ستەم‌و ناڕێکی بەرامبەر کەس نەنوێنێ.

---

1- صحيح مسلم: ج٤ ص٢١٩٨.

چارەسەری ئەو دەرودو نەخۆشیە دەروونیانەش لەوەدایە ئەو ملکەچیە نیشان بدەین، بەرامبەر فەرمانی خوای گەورە، کە لەو دوو ئایەتە بەشێکی دەردەکانی بۆ دیار کردوینەو، چارەسەریەکەشی بەستۆتەوە بە وازهێنان لەو دیاردانەو دوورکەوتنەوە لێیان.

لێرەوە دەکرێ لە ڕێی چەند خاڵێکەوە ئەنجامی ئەو تەوەرەو، هەموو ئەو وانە گەورانەی لەو دوو ئایەتە وەردەگیرێن بخەینە ڕوو، بۆ ئەوەی هۆشیار بین لەو دەردو تاوانە قێزەونانەو خۆیان لێ بە دوور بگرین، لەهەمان کاتیش بۆ بەختەوەری کۆمەڵگەو تێك نەچوونی چوارچێوە کۆمەڵایەتیەکان هەوڵی نەهێشتنی ئەو دیاردە خراپانە بدەین‌و هەرچیەکیش چاکەو خێرە لەواقیعدا بەرجەستەی بکەین:

١- بەپێی بەڵگەی ڕاشکاوی ئەو ئایەتە، حەرامەو گوناهە مرۆڤ سوکایەتی بەرامبەر خەڵك بکات، بەهەر شێوەو شێوازێك، کە ببێتە هۆی ئازاردان‌و گاڵتە پێکردن‌و بە سووك سەیر کردنەوە.

٢- هەر خوای گەورە دەزانێ دڵ‌و دەروونی خەڵك چی تێدایەو کێ لە کێ باشترە، بۆیە نابێ لەو ڕوانگەوە کەس سوکایەتی بەرامبەر هیچ کەسێك ئەنجام بداتو، بڵێ لەبەر ئەوە سوکایەتی پێ دەکەم چونکە من لەو باشترو چاکترم.

٣- ناوو ناتۆرە لێك نان‌و عەیبدارکردنی یەکترو لەکەدارکردنی بەرامبەر بە هەموو شێوەیەك حەرامەو، یەکێکە لەو تاوانە قەدەغەکراوانەی خوای گەورە باسی لێوە کردووە، چونکە دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی ڕق‌و کینە لە ناو موسڵمانانداد.

٤- هەر کەسێك (سوکایەتی، لەکەدارکردن، ناوو ناتۆرە) بەرامبەر خەڵك ئەنجام بدات، ئەوە پێی دەگوترێ فاسق‌و تاوانبار.

٥- مرۆڤی ئیماندار دەبێ بەردەوام هەوڵی خۆ نزیك کردنەوەو خۆ ڕازاندنەوە بدات، بە ڕەوشتە بەرزو باشەکان‌و نابێ خۆی لە دیاردە ناشیرینەکان نزیك بکاتەوە.

٦- دەبێ تاکی موسڵمان هۆشیار بێ لەوەی ئەگەر کەوتە ناو تاوانێکەوە یەکسەر تەوبەی لێ بکات‌و دووبارەی نەکاتەوە، چونکە ئەوەی لەسەر تاوان بەردەوام بێ، سەرەنجام دەبێتە ستەمکاری خۆی‌و، نەتیجەی باش نابێت.

٧- پێویستە مرۆڤی موسڵمان هەمیشە خۆی لەسەر گومانی باش ڕابێنێ‌و، بە هیچ شێوەیەك توخنی گومانی خراپ نەکەوێ، چونکە ئەمەشیان تاوانەو دەبێتە هۆی ناشرینی کەسی گومان پیس‌و لاوازبوونی برایەتی موسڵمانانەوە.

٨- جاسوسی‌و سیخوڕی کردن یەکێکە لەو تاوانە هەرە قێزەون‌و نادروستانەی، کە ڕیزەکانی کۆمەڵگە لەبەر یەك هەڵدەوەشێنێتەوەو، خەڵك دەخاتە حاڵەتی خراپی دەروونی‌و نائارامی کۆمەڵگەوە.

٩- غەیبەت کردنی یەکتر بە پێی پێوەری قورئان‌و فەرمودە حەرامەو، بڵاوبوونەوەی ئەو دیاردەیە دەبێتە هۆی ناکۆکی‌و دووبەرەکی‌و مەترسی گەورەش لەسەر کۆمەڵگە دروست دەکات، بۆیە پێویستە مرۆڤی موسڵمان خۆی لەو دیاردەو تاوانە بپارێزێ‌و، بەردەوامیش هۆشیاری بداتە دەوروبەری، کە نزیك ئەو دیاردەیە نەکەونەوە.

١٠- بۆ خۆپارێزی لە سەرجەم ئەو تاوان‌و گوناهو سەرپێچی‌و دیاردە ناشایستانەوە، پێویستمان بە تەقواو لەخوا ترسی هەیە، بۆ ئەوەی بیکەینە هێزێکی پاڵنەرو دەروونی، بۆ بەرەنگاربونەوەی ئەو دیاردانەو خۆ ڕاهێنان لەسەر پەروەردەیەکی دروست‌و بەرزەوە.

بەکورتیەکەی: ئێستا کۆمەڵگە بەدەست زۆرێك لەو دیاردانەوە دەناڵێنێ‌و گیری خواردووە، بۆ دەربازبوونی کۆمەڵگە لەو قەیرانە، پێویستمان بە سێ خاڵی سەرەکی هەیە:

یەکەم: دارشتنەوەی پەروەردەی تاکەکان‌و بەرزکردنەی ئاستی ڕۆشنبیری دینداری‌و هەستی بەرپرسیارێتی‌و ڕاهێنانیان لەسەر بەها مرۆیی‌و کۆمەڵایەتیەکانەوە.

دووەم: وازهێنان لەو دیاردە دزێوانەی، کە خوای گەورە لەو دوو ئایەتە بۆی ڕوون کردینەتەوەو هۆشداریمان دەداتێ، بۆ ئەوەی لێیان نزیك نەبینەوە.

سێیەم: قوڵکردنەوەی چەمکە ئیمانی‌و ئەخلاقیەکان، بۆ ئەوەی تاك بزانێ ئەگەر ژیان‌و هەنگاوەکانی لە سایەی سێبەری ئیمان‌و ڕەوشتی بەرزەوە ئاراستە بکات، ئەوە دەبێتە کلیلی سەرکەوتنی ژیان‌و بەختەوەری دەروونیەوە، وە ئەگەر کەوتە قەیرانی تاوان‌و سەرپێچیەکانەوە، ئەوە زیانێکی گەورە لە خۆیی‌و ئایندەی ژیان‌و دونیاو قیامەتی دەدات.

## بەشی حەوتەم

# رەچاو کردنی
# پێوەرو بنچینەو بنەماکانی مرۆڤبوون

# چوونە نێو باس..

ئەگەر وردبینەوە لەخیتابی ئایەتەکانی پێش ئەو باسە، دەبینین هەموو ئاراستەکان بۆ بڕوادارانەو خوای گەورە پێنج جار بە نیدای ئیمانەوە ئیماندارانی هۆشیار کردۆتەوە لە زۆرێك لەو سنوورو ئەدەبو دیاردانەی، کە پێویستە مرۆڤ لەبارەیانەوە هۆشیارو چاوکراوەو بەئاگا بێت.

بەڵام لێرەوە خوای گەورە بانگەوازەکە فراوانتر دەکات، بە شێوەیەك تێکڕای مرۆڤەکانی سەر زەوی دەگرێتەوە، ئەوەش بۆ ئەوەیە مرۆڤایەتی بێدارکاتەوە، لەوەی کە هەمووان بە فەرمانی خوای بالاّ دەست دروست بوونەو هەموانیش لەبنچینەوە لە یەك دایكو باوك پەیدا بوونەو کراون بە گەلو هۆزو تیرەی جیا جیا بۆ ئەوەی یەکترناسی ببێتە پردی پەیوەندیەکانو، کەسیش خۆی بەسەر کەسی تر نەسەپێنێت، لەبەر ئەوەی پێوەری راستەقینەی ڕێزداریو بەڕێزی مرۆڤەکان لای خوای گەورە تەنها بە هەبوونی پلەی تەقواداریێتیە، لەوەشدا خوا خۆی زانایەو دەزانێ کێ لەکێ باشترەو کێش لە کێ بەڕێزو پایەدارترە.

خوای گەورە دەفەرموێ: **(يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ)**[1]، واتە: ئەی خەڵکینە بێگومان ئێمە هەمووتانمان لە نێرو مێیەك دروستکردووە (کە باوکە ئادەمو دایکە حەوایە)و کردوومانن بە چەندەها گەلو تیرەو هۆزی جۆر بەجۆر، تا یەکتر بناسنو پەیوەندیتان خۆش بێت بە یەکەوە.. بەڕاستی بەڕێزترینتان لای خوا ئەو کەسانەتانە، کە زۆرتر لە خوا ترسەو فەرمانبەرداری خوایە، بێگومان خوا زاناو ئاگایە بەهەمووان.

ئەگەر وردبینەوە لە ناوەرۆكو مانا قوڵەکانی نێو ئەو ئایەتە، دەبینین خوای گەورە بە شێوەیەکی گشتیو لە چەند وشەیەکی کورت، کۆمەڵێك ڕێسای گرنگو هەستیاری باس کردووە، کە دەکرێ هەریەك لەو ڕستانە ببێتە یاسایەکی بنەڕەتی بەشێوەیەکی وا، کە تێکڕای مرۆڤایەتی سوودی لێ ببینێتو کۆمەڵگەکانیش بخاتە ناو بازنەی بەها مرۆڤایەتیەکانەوە.

---

1- سورة الحجرات: ١٣.

چونکە لەلایەکەوە خوای گەورە کۆمەڵێك حەقیقەتی ڕەهاو تایبەتی بۆ ئێمەی مرۆڤ ڕوون کردۆتەوە، بۆ ئەوەی تێبگەین، کە ئەم بوونەوەرە لەخۆڕا دروست نەبووەو هەروا بەڕێوە ناچێ، بەڵکو خالق‌و پەروەردگارێك هەیە، کە کاروباری ئەو بوونەوەرو کەون‌و کائیناتە بەڕێوە دەباو هەر خۆیشی دەزانێ چۆن ڕایگرتووەو چۆنی بەڕێوە دەبا.

لە لایەکی تریشەوە وەك چۆن لە پێشەوە کۆمەڵێك بنەمای گرنگی سیمای کۆمەڵگەی ئیسلامی بۆ دیار کردین‌و فێری ئەوەشی کردین، کە پێویستە لە چیدا پابەند بین‌و لە چیشدا دوورە پەرێز بین، بۆ ئەوەی لە سنووری بازنەی ئیمان‌و چوارچێوەی کۆمەڵگەی ئیسلامیەوە، ئەرك‌و مافی خۆمان بزانین‌و، بە هەستی دینداری‌و مرۆیی‌و بەرپرسیارێتی دونیاو قیامەتیەوە هەڵسوکەوت بنوێنین‌و هەنگاو بنێین.

بەڵام لێرەوە خوای گەورە بازنەو چوارچێوەکە بەرفراوان دەکاو، ڕێسا گشتیە مرۆییەکان دەخاتە ڕوو، بۆ ئەوەی نەك بەتەنها موسڵمانان، بەڵکو تێکڕای مرۆڤایەتی لە هەندێ مەسەلەی هەستیارو مرۆیی هۆشیارکاتەوە، کە پەیوەستیان بە ژیان‌و کەرامەت‌و مافی مرۆڤەکانەوە هەیە.

بۆیەش هەر لەسەرەتای دروست بوونی مرۆڤەوە تا دونیا تێك دەچێ، خوای گەورە بە پێی پێویستی قۆناغ‌و سەردەمەکان‌و، ئاستی گەل‌و هۆزو تیرەو نەتەوەو تەنانەت جیهانیشەوە، پێغەمبەرانی ناردووە بۆ ئەوەی زەوی‌و ئاسمان‌و دونیا قیامەت پێکەوە ببەستنەوەو، پەیامی خوای گەورە بە مرۆڤەکان بگەیەنن، تا بە هۆیەوە لە شتەکان هۆشیاریان بێتەوەو بزانن لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی گەورەدان‌و لە پێناو پەرستنی خوای جیهانیان دروست کراون، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێ: **(وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنْسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ)**[1]، واتە: بێگومان من پەری‌و ئادەمیزادم دروست نەکردووە تەنها بۆ ئەوە نەبێت، کە من بپەرستن‌و فەرمانبەردارم بن.

لە بارەی ژیان‌و مردنی مرۆڤەکانیشەوە خوای گەورە دەفەرموێ: **(الَّذِي خَلَقَ الْمَوْتَ وَالْحَيَاةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا وَهُوَ الْعَزِيزُ الْغَفُورُ)**[2]، واتە: هەر ئەو خۆی مردن‌و ژیانی

---

1- سورة الذاريات: ٥٦.

2- سورة الملك: ٢.

بەدیهێناوە، تا تاقیتان بکاتەوە، کێتان کردەوەی چاکترو پەسەندترە، هەر ئەویش زاتێکی باڵادەستە بەسەر بێ باوەڕاندا، وە لێخۆشبووە لە ئیمانداران.

لەبارەی دروستکردنی ئاسمانەکانو زەویەوە دەفەرموێ: **(وَهُوَ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ وَكَانَ عَرْشُهُ عَلَى الْمَاءِ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا)**[1]، واتە: ئەو خوایە زاتێکە ئاسمانەکانو زەوی لە ماوەی شەش ڕۆژدا دروستکرد، تەختی فەرمانڕەوایەتی (کە دروستکراوێکی زۆر گەورەو شکۆمەندە) لەسەر ئاو بوو، تا تاقیتان بکاتەوە، کە کێتان کاری چاکتر ئەنجام دەدات (فەرمانبەرداریکی چاکە).

هەروەها مرۆڤی کردووە بە جێنشین لەسەر زەوی لە بارەی بەشو دابەشبوونی جۆرو چۆنیەتی ژیانیشیان دەفەرموێ: **(وَهُوَ الَّذِي جَعَلَكُمْ خَلَائِفَ الْأَرْضِ وَرَفَعَ بَعْضَكُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَاتٍ لِيَبْلُوَكُمْ فِي مَا آتَاكُمْ إِنَّ رَبَّكَ سَرِيعُ الْعِقَابِ وَإِنَّهُ لَغَفُورٌ رَحِيمٌ)**[2]، واتە: خوا هەر ئەو زاتەیە، کە ئێوەی کردووە بەجێنشینی (گەلانی ڕابووردوو) لەم زەویەدا، چەندەها پلەوپایەی هەندێکتانی بەسەر هەندێکی ترتاندا بەرز کردۆتەوە (لە ڕووی زانستی یان سامان یان هێز... هتد)، بۆ ئەوەی تاقیتان بکاتەوە بەوەی کە پێی بەخشیوون، دڵنیاش بە کە پەروەردگاری تۆ لە تۆڵەسەندنەوەدا خێرایە (لەوانەی کە لە تاقی کردنەوەکەدا دەرناچن) بێگومان ئەو زاتە لێخۆش بووەو میهرەبانیشە (بۆ سەرفرازان).

دوای ئەوەش خوای باڵادەست ئاوەدانی زەوی بە مرۆڤ سپاردووە: **(هُوَ أَنْشَأَكُمْ مِنَ الْأَرْضِ وَاسْتَعْمَرَكُمْ فِيهَا)**[3]، واتە: خوای گەورە بەرپای کردوون لە زەویداو داوای لێکردوون کە ئاوەدانی بکەنەوە.

لەگەڵ ئەوەش خوای گەورە داوا دەکات کارێك نەکەین ببێتە هۆی تێکچوونی ئەو ئاوەدانیەو نانەوەی ئاشوبو کاری ناڕەواوە، هەروەك دەفەرموێ: **(وَلَا تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ بَعْدَ إِصْلَاحِهَا وَادْعُوهُ خَوْفًا وَطَمَعًا إِنَّ رَحْمَةَ اللَّهِ قَرِيبٌ مِنَ الْمُحْسِنِينَ)**[4]، واتە: (خەڵکینە) فەسادو

---

1- سورة هود: ٧.

2- سورة الأنعام: ١٦٥.

3- سورة هود: ٦١.

4- سورة الأعراف: ٥٦.

گوناهو تاوان ئەنجام مەدەن لـە زەویـدا دوای ئـەوەی چـاکەکاریی ڕەنگـی گرتـووەو (خـەڵکی خەریکن خووی پێوە دەگرن)، بـەردەوام هانـاو هـاوار بـۆ خـوا بـەرن لەترسـی سـزای دۆزەخو بەئومێـدی بەدەسـتهێنانی بەهەشـت، بەڕاسـتی ڕەحمـەتی خـوا نزیکـە لـە چـاکەکارانو چاکەخوازانەوە.

کەواتە لە کۆی ئەو دەقانەی سەرەوە گەیشتینە ئەو ڕاستیە، کـە مرۆڤبـوونی مـرۆڤ لـەوە دەرەکەوێ، کە لە ئاست هەرسێ لایەنی (بەرپرسـیارێتی، تاقیکردنـەوە، چـاکەکاری) هۆشـیار بێت، ئەوەش بەوە دروست دەبێ کـە نـاوەرۆکی ئایـەتی (١٣)ی سـوڕەتی ئـەلحوجوڕات لـەناو مرۆڤەکان وەك پرنسیپی مرۆیی جێگیر بکرێو، خەڵکی بزانن‌و چـاوکراوە بـن لەهەمبـەر ئـەو ڕێساو یاسا فراوان‌و بابەتیانەی خوای گەورە باسی لێوە کردووە، بـۆ ئـەو مەبەسـتەش لـەڕێی چەند باسێکەوە دەچینە نێو ئەو بەشەوە:

# باسی یەکەم
# لەبارەی چیەوە ئەم پەیامە دابەزی

- بەپێی سەرچاوەکان هۆی دابەزینی ئەو ئایەتـە دەگێڕێتـەوە بـۆ ئـەو کاتـە، کـە (بـیلالی حەبەشی) دوای ڕزگاربوونی مەککە وەك یەکەمین بانگدەر دەستنیشان کراو چـووە سـەر بـانی کەعبەو بە دەنگە بەرزەکەی بانگی دا.

لەو لاوە خەڵکانێك گوتیان: چۆن ئـەو ڕەش پێسـتە لەسـەر بـانی کەعبـە بـانگی ئیـسلام ڕادەگەیەنێ[1]، خوای گەورەش خەڵکی لەو بۆچوونە هەڵەیە ئاگـادار کـردەوەو، ئـەو ئایەتـەی

---

1- في تفسير سورة الحجرات: ٩٢.

نارده خوارەوە، که خوای گەوره دەفەرموێ: **(يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ)**.

- لەڕێوایەتێکی تر هاتووه: که پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) به پیاوێکی فەرمو: بچێت ئافرەتێك له فلان هۆزه بخوازێت، که ئەو پیاوه کۆیلەی خودی هۆزەکه بووه، ئەویش لەسەر فەرمانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) چووەته داخوازی ئەو ئافرەتەی بۆی دیاری کرد بوو.

لەوەڵامدا کەسانی ناو ئەو هۆزه خەبەریان نارد، بۆ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت)و گوتیان: چۆن دەبێت ئێمه ژن بدەینه کەسانێك، که کۆیلەو ژێر دەستی ئێمەنه؟! خوای گەورەش بۆ ئەوەی ئەو جیاوازیه نەهێڵێتو بنچینەی یەکسانی مرۆڤەکان بەیان بکات[1]، ئەو ئایەتەی نارده خوارەوە، که دەفەرموێ: (يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى .........).

# باسی دووەم

# پێوەری یەکسانی مرۆڤەکان له بنەچەو دروستبووندا

لەسەرەتای پەیامی ئەو ئایەتە، که خوای گەوره بەشێوەیەکی گشتیو، بۆ تێکڕای مرۆڤایەتی نیدای کردووه، بەڵگەیەکی بەهێزه لەسەر ئەوەی مرۆڤەکان لەکیانی مرۆڤبوونو بنچینەی دروستبوونەوه یەکسانن.

له پێنج شوێنی پێشەوەی ئەو ئایەته خوای گەوره به سیفەتی ئیمانەوه بانگەوازی ئیماندارانی کرد، بۆ ئەوەی مرۆڤی بڕوادار ڕابێنێ لەسەر بەها ئەخلاقیو مرۆییو دینیەکانی وەك: گوێڕایەڵی فەرمانی خواو، چۆنیەتی ئەدەب نواندن بەرامبەر پێغەمبەرو، ئارام گرتنو، بەکارهێنانی عەقڵو، شێوازی مامەڵکردن لەگەڵ زانیاریو، هەواڵی بێ بنەماو، کاری ئیسلاح

1- تفسير سورة الحجرات: ٢٢.

خوازیو، ئاشتەوایيو، دروست کردنی برایەتیو، وازهێنان لە دیاردە قێزەونەکانی وەك: سوکایەتی کردن بە خەڵكو ناوو ناتۆرە لێك نانو گومانی خراپو غەیبەتو سیخوڕی... هتد.

بەڵام لەو ئایەتەوە خوای گەورە ڕووی بانگەوازی بۆ تێکڕای مرۆڤایەتیە، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی گشتی هەموان لەوە بێدارکاتەوە، کە دەبێ مرۆڤ بزانێ کێ دروستی کردووەو، کێ دابەشی کردووە بەسەر زمانو خاكو ڕەنگو ڕەگەزەوە، بۆ ئەوەی لای هەمووان ڕوون بێ، کە خوایەکی باڵادەست هەیە کاروباری ئەو بوونەوەرە بەڕێوە دەباتو، لە لایەکی تریشەوە بۆ ئەوەی ئەو چەند شتانە ببنە بناغەی پێکەوە هەڵکردنی مرۆڤەکان لەسەر زەویدا.

خوای گەورە دەفەرموێ: **(يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى..)**، واتە: ئەی خەڵکینە بێگومان ئێمە ئێوەمان لە نێرو مێیەك دروست کردووە.

بە پێی ئاماژەی ئەو ئایەتە، کە خوای گەورە دەیەوێ بیرمان خاتەوە هەموومان لە ئەسڵدا دەگەڕێینەوە سەر یەك دایكو باوکەوە (باوکە ئادەمو دایکە حەوا)، دەگەینە ئەو ڕاستیە، کە ئەوە مانای وایە مرۆڤەکان بە جیاوازی ڕەنگو ڕەگەزو شوێنو زمانو گەورەو گچکەوە، خوشكو برای یەکترنو دەبێ وەك چۆن خوشكو برا هەڵسوکەوت لەگەڵ یەکتری دەکەن، بەهەمان شێوە مرۆڤەکانیش بەو شێوە هەڵسوکەوت بنوێنن، چونکە هەموویان ئەندامی خێزانێکنو دەگەڕێنەوە سەر یەك دایكو باوك، کە خوای گەورە دروستی کردوون.

ئەو یەکسان بوونەی مرۆڤەکان لەدیدی جیهانێتی ئیسلامدا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەسڵی فیترەتو دروستبوونو ئادەمی بوونەوە[1]، کەواتە لەو ڕووەوە جیاوازی نیە لە نێوانو ئافرەتو پیاو، ڕەشو سپی، گەورەو گچکە، کورتو درێژ، دەوڵەمەندو هەژار، بەدەستەڵاتو بێ دەستەڵات، کوردو عەرەب، فارسو تورك، ئەفغانیو پاکستانی، ئەمریکیو ئوسترالی، هندیو مسڕی، سویدیو بولغاری...هتد. بەڵکو هەموویان وەك مرۆڤ لەیەك بنەچەو لە یەك دایكو باوکەوە دروست بوون، هەر وەکو خوای گەورە لە ئایەتێکی تر ئاماژە بەو ڕاستیە دەکاتو دەفەرموێ: **(يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَاءً وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالْأَرْحَامَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا)**[2]،

---

1- النظم الإسلامية: ص٤٧.
2- سورة النساء: ١.

واتە: ئەی خەڵکینە لە خەشمو نارەزایی ئەو پەروەردگارەتان خۆ بپارێزن، کە ئێوەی لە تاکە نەفسێك دروست کردووە، هەر لەو نەفسەش هاوسەرەکەی بەدی هێناو لەو دووانە پیاوانو ژنانی زۆری خستۆتەوەو بلاٌوکردەوە، هەروەها لەو خوایە بترسن کە لە یەکتر داوا دەکەن بەناوهێنانی ئەوەوە، هەوڵ بدەن پەیوەندی خزمایەتیش بپارێزنو (پتەوی بکەن) چونکە بەڕاستی خوا (هەمیشە و بەردەوام) چاودێرە بەسەرتانەوە.

هەروەها پێغەمبەری سەروەر(درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێ: (**کلکم بنو آدم وآدم خلق من تراب**)[1]، واتە هەمووتان نەوەی ئادەمنو ئادەمیش لە خۆڵ دروست کراوە.

بۆیەش لە چەندین شوێنی تری ناو قورئان خوای گەورە بە نەوەی ئادەمی بانگیان دەکات، بۆ نمونە دەفەرموێ: (**أَلَمْ أَعْهَدْ إِلَيْكُمْ يَا بَنِي آدَمَ...**)[2]، (**يَا بَنِي آدَمَ قَدْ أَنْزَلْنَا عَلَيْكُمْ لِبَاسًا...**)[3]، (**يَا بَنِي آدَمَ لَا يَفْتِنَنَّكُمُ الشَّيْطَانُ...**)[4]، کە هەموو ئەوانە ئاماژەی بەهێزن لەگەیاندنی پەیامی یەکسانی لە نێوان مرۆڤەکان لە ئەسڵی دروست بوونو خیلقەتەوە.

کەواتە لە ئەنجامی خستنە ڕووی ئەو بەشەی ئایەتی (١٣)ی سورەتی ئەلحوجوڕاتدا دەکرێ بڵێین سێ ئاماژەی گرنگی تێدا بەدی دەکرێت:

یەکەم: مرۆڤەکان لە بنەچەوە یەکسانن‌و دەگەڕێنەوە سەر یەك دایكو باوك، کە ئەمە ئاماژەیە بەوەی مرۆڤەکان دەبێ وەك ئەندامی خێزانێکی گەورە هەڵسوکەوتو مامەڵە لەگەڵ یەکتری بکەن، خوای گەورەش ئاماژەکەی بۆ تێکڕای مرۆڤایەتیەو خۆی لەو ڕستەیە دەبینێتەوە، کە دەفەرموێ: (**يَا أَيُّهَا النَّاسُ..**)، بۆ ئەوەی تێکڕای مرۆڤایەتی بگرێتەوەو لەو پەیامە بێداریان بێتەوە.

دووەم: خوای گەورە مرۆڤەکانی دروست کردووە: (**إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ**)، ئەوەش ئاماژەیە بەوەی، کە خوای گەورە دروستکەری ئێمەیەو ژیانو حاڵو گوزەرانو مردنیشمان بە دەست ئەوە، وەك لە ئایەتێکی تر دەفەرموێ: (**وَاللَّهُ خَلَقَكُمْ مِنْ تُرَابٍ ثُمَّ مِنْ نُطْفَةٍ ثُمَّ جَعَلَكُمْ أَزْوَاجًا وَمَا تَحْمِلُ**

---

1- التفسير المنير: ج١٣ ص٥٩٠.
2- سورة يسن: ٦٠.
3- سورة الأعراف: ٢٦.
4- سورة الأعراف: ٢٧.

**مِنْ أُنْثَى وَلَا تَضَعُ إِلَّا بِعِلْمِهِ وَمَا يُعَمَّرُ مِنْ مُعَمَّرٍ وَلَا يُنْقَصُ مِنْ عُمُرِهِ إِلَّا فِي كِتَابٍ إِنَّ ذَلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرٌ)**[1]، واتە: خوا ئێوەی لە خاك دروستكردوە، لەوەو دواش لە نوتفەیەك (كە بریتیە لە بەیەكگەیشتنی سەرەمێكوتەیەك لەگەڵ هێلكۆكەیەكدا) لەوەو دوا كردوونی بەجووت (بە نێرو مێ)، هیچ مێینەیەك ئاوس نابێتو نازێتو سكەكەی دانانێت تەنها بە ئاگاداری ئەو زاتە نەبێت، هیچ تەمەن درێژێك، تەمەنی درێژ نابێتو لە تەمەنی كەم نابێتەوە، بێ ئەوەی لە زانستی خوادا یاداشت نەكرابێت، بێگومان ئەو شتە لەسەر خوا ئاسانە.

سێیەم: لە وەچەی ئادەمەوەو لە ئەنجامی بە یەك گەیشتنی نێرو مێ گرۆی مرۆیی زیاد كردووە، واتە هەموومان لە دایكو باوكێكەوە هاتووینەتە نێو دونیاو ژیانەوە: (مِنْ ذَكَرٍ وَأُنثَى)، هەروەك لە شوێنێكی تر دەفەرموێ: **(هُوَ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ تُرَابٍ ثُمَّ مِنْ نُطْفَةٍ ثُمَّ مِنْ عَلَقَةٍ ثُمَّ يُخْرِجُكُمْ طِفْلًا ثُمَّ لِتَبْلُغُوا أَشُدَّكُمْ ثُمَّ لِتَكُونُوا شُيُوخًا وَمِنْكُمْ مَنْ يُتَوَفَّى مِنْ قَبْلُ وَلِتَبْلُغُوا أَجَلًا مُسَمًّى وَلَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ)**، واتە: ئەو خوایە لە خاك ئێوەی دروست كردووە، لەوەودوا لە نوتفە (كە بریتیە لە بەیەكگەیشتنی سەرەمێكوتەیەك كە بەچاو نابینرێت بە هێلكۆكەیەك كە بەقەدەر خاڵێكی بچووكە) لەوەودوا دەبێتە خۆ هەڵواسەرێك پاشان دەرتان دەهێنێت كە منداڵێكی ساوان، بەرەبەرە گەورەتان دەكات بۆ ئەوەی بگەنە ئەوپەڕی هێزو تواناو ژیریتان، پاشان بۆ ئەوەی ببنە پیرو پەككەوتە، هەشتانە، پێش ئەوەی بگاتە یەكێك لەو قۆناغانە، دەمرێت، هەتانە دەمێنێتەوە بۆ ئەوەی بگاتە كاتێكی دیاریكراو، (خوای گەورە ئەم هەموو راستیانەتان دەخاتە بەرچاو) بۆ ئەوەی عەقڵ و ژیریتان بخەنە كار.

كەواتە ئەو دەقانەی سەرەوە، كە بەڵگەی نەقڵینو بە بەڵگەی عەقڵیش پەیامە پێمان دەڵێ: مرۆڤەكان یەكسانن و خوای گەورە دروستی كردوونو هەمووشمان لە نێرو مێیەكەوە هاتوینەتە دونیا، بۆ ئەوەی لەسەر ئەو بنەمایەوە مامەڵەی مرۆیی بنوێنینو، نەكەوینە ژێر كاریگەری ئەو بیردۆزە نەفامانەی پێیان وایە مرۆڤو كەون لەخۆڕا دروست بوونە.

---

1- سورة فاطر: ١١.

# باسی سێیەم
# ڕەهەندی جیاوازی نەژادیو دابەشبوونی ڕەگەزی

ئەگەر لەناوەرۆکی ئایەتەکە ورد بینەوە، دەبینین خوای گەورە دوای ئەوەی ئەسڵو بنچینەی مرۆڤەکانی گەڕاندەوە سەر یەك دایكو باوك، لەهەمان کات ئاماژەی بەوە کرد کە مرۆڤەکان بە فەرمانی خوا لە دایكو باوکەوە پەیدا دەبن، ئیدی لەگەڵ زیادبوونی ئەو وەچەیەو بڵاوبوونەوەی بەدونیادا، خوای گەورە ویستی لەسەر ئەوە بووە، کە بیانکات بە تیرەو هۆزو گەلو نەتەوەی جیا جیا بۆ ئەوەی بتوانن لەناو خۆیاندا تەعاروفو یەکترناسی دروست بکەن.

خوای گەورە دەفەرموێ: **(وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا)**، واتە: کردوومانن بە چەندەها گەلو تیرەو هۆزی جۆربەجۆر، تا یەکتر بناسنو پەیوەندیتان خۆش بێت بە یەکەوە.

خوای گەورە ویستی وابووە، کە خەڵك دابەشی سەر چەندین تیرەو گەلو نەتەوەو هۆز بێت، بەڵام مەبەست لەو دابەشبوونە ئەوە نیە، کە مرۆڤەکان دژایەتی یەکتر بکەنو یەکتر بچەوسێننەوەو، بە کلتوورو فەرهەنگی یەکتر ڕازی نەبنو، خۆیان بەسەر یەکترەوە هەڵکێشن.

ئەو دابەشبوونو جیاوازیە بۆ ئەوە نیە نەتەوەیەك بیەوێ نەتەوەیەکی تر قڕ بکاتو، ستەمو زۆرداری بەرامبەر بنوێنێ، بۆ ئەوە نیە گەلو هۆزێك ئەوەی بەرامبەری ڕەت کاتەوەو ئامادەی قبوڵکردنی تایبەتمەندیەکانی نەبێت، بۆ ئەوە نیە مرۆڤەکان دژ بە یەك بوەستێنیو، هەر کەسەی لەدژی ئەوەی تر ڕەفتاری نامرۆڤانەو نا دروستانە ئەنجام بدات، بۆ ئەوە نیە تیرەیەك پێی وابێ (لەبەر هەر هۆیەکە) ئەو باشترە لە تیرەیەکی ترو خۆی بەسەردا هەڵکێشێو لافی باشێتی لێ بدات، بۆ ئەوە نیە گەلێك پێی وابێ زمانو ڕەنگو نەژادی لە گەلێکی تر لە پێشترو باشترەو، لەسەر ئەوە مافی زیاتر بۆ خۆی بە ڕەوا بزانێو گەلانی تریش بێ ماف بێ‌ننەوە. بۆ ئەوە نیە نەتەوەیەك بیەوێ دەستەڵاتی دونیایی بگرێتە دەستو، گەلو کەمە نەتەوایەتیەکانی تر ژێر دەستە بکاو بیانچەوسێنێتەوە، بۆ ئەوە نیە هەر تیرەو هۆزو گەلێك چەمکی ڕەگەزپەرستیو نەژادپەرستی بکاتە ئامانجی خۆیو تەنها خۆی بوێو بەس.

چونکە لەو بارەوە پێغەمبەری ئیسلام دەفەرموێ: (**لیس مِنَّا من دَعَا إلى عَصَبِيَّةٍ وَلَيْسَ مِنَّا من قَاتَلَ على عَصَبِيَّةٍ وَلَيْسَ مِنَّا من مَاتَ على عَصَبِيَّةٍ**)[1]، واتە: هەر کەسێك بانگەشەی دەمارگیری بکاو لەو پێناوەدا شەڕی لەسەر بکاو وە لەسەر بیروباوەڕی دەمارگیری بمرێت لە ئێمە نیە.

وە ئەوەی حاشایش لە نەتەوەو تیرەو هۆزو گەلەکەی بکات، ئەوە دەکەوێتە بەر نەفرەتی خوای گەورەوە، چونکە خوای گەورە وای داناوە فلان کەس لە فلانە نەتەوەو هۆزە بێت، هەروەکو پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێ: (**مَنْ ادَّعَى إلى غَيْرِ أبيه أو انْتَمَى إلى غَيْرِ مَوَالِيهِ فَعَلَيْهِ لَعْنَةُ اللَّهِ وَالْمَلَائِكَةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ لَا يَقْبَلُ الله منه يوم الْقِيَامَةِ صَرْفًا ولا عَدْلًا**)[2]، واتە: هەر کەسێك حاشا لە باوکی خۆی بکا، یان حاشایی لە تیرەو هۆزو نەژادی بکات، ئەوە بەر نەفرەتی خوای گەورەو فریشتەو تێکڕای خەڵکی دەکەوێتو هیچیشی لێ وەرناگیرێت.

بەڵکو ئەو دابەشبوونەی مرۆڤ بەسەر تیرەو هۆزو گەلو نەتەوە لەپێناو ئامانجێکی گەورەی مرۆییو ژیانیو ژیاریو ویژدانیەو خوای گەورە ئاماژەی پێداوە: (**لِتَعَارَفُوا**)، واتە بۆ یەکتر ناسینو ئاشنایەتی یەکترە، دیاریشە مەبەست لەو بەیەکتر ئاشنا بوونە بۆ ئەوەیە:

١- ئەو تیرەو گەلو هۆزانە هەوڵی سەرخستنی یەکتر بدەنو لە کاتی پێویست بەهانای یەکترەوە بچن.

٢- بۆ ئەوەی هەر نەتەوەو گەلو تیرەیەك، گیانی هاوکاری بکاتە بنەمای ئاشنایەتی لەگەڵ بەرامبەرەکەیدا.

٣- تا هەر نەتەوەو گەلێك دان بەمافی گەلەکەی تر بنێت، چونکە یەکترناسی بێ داننان بە مافی یەکتری نایەتەدی.

٤- هەر گەلو نەتەوەیەك پەیامی ئاشتەواییو دۆستایەتیو پەیوەندی بکاتە پردی ئاشنابوونی لەگەڵ نەتەوەکانی ترەوە.

---

1- سنن أبى داود: ج٤ ص٣٣٢.

2- صحيح مسلم: ج٢ ص٩٩٨.

٥- دەبێ هەر نەتەوەو هۆزو گەلێك ئەوەی بەرامبەری پێ قەبوڵ بێت، چونکە بێ بوونی ئەو چەمکە تەعاروف سەرناگرێو دەپوکێتەوە.

٦- هەر تیرەو هۆزو گەلێك دان بە تایبەتمەندی گەلەکەی تر بنێتو، ڕەچاوی فەرهەنگو کەلتوورو نەریتەکانی بکات.

٧- بۆ ئەوەیە هەر گەلو هۆزو نەتەوەیەك ئاڵوگۆڕی سیاسیو بازرگانیو زانستیو بەرژەوەندی لەگەڵ یەکتر بکەن، چونکە ئەمانە زادەی یەکترناسی نێوان نەتەوەکانن.

٨- بۆ ئەوەیە ئێمەی مرۆڤ بزانین ئەو دابەشبوونە ویستی خوای لەسەرە، نەك ویستی نەتەوەکان خۆیان بێت، واتە خوا وای داناوە من کورد بمو ئەوی تر عەرەبو ئەویتر فارسو ئەویتر بەنگلادیشی بێت.

جیهانبینی ئیسلام بۆ چەمکی مرۆڤایەتی خۆی لەسەر ئەو بنەما پڕ حیکمەتە دەبینێتەوە، کە پێی دەگوترێ (التعارف)، دیارە ئەگەر ئەو ئاشنایەتیو تەعاروفە لەنێوانو دوو کەس یان دوو خێزان یان دوو بنەماڵە دروست ببێ، ئەوە چەندین کاریگەری ئەرێنی دروست دەبنو هەردوولا لەسایەی ئەو ئاشنایەتیو یەکتر ناسینە دەکەونە حاڵەتی ژیانێکی ئاساییو بەختەوەرو پڕ لە بەرژەوەندیەوە.

چونکە وەك باسمان کرد خوای گەورە ئاماژەی بەوە کردووە، کە مرۆڤەکان لە بنچینەدا دەگەڕێنەوە سەر ئەسڵێكو هەموویان خوشكو برای یەکترین، وە ئیسلام دەیەوێ مرۆڤەکان وەك جۆرو شێوەو چۆنیەتیو جیاوازیو دابەشبوونی گوڵی باخچەیەکی گەورە وابنو، هەموویان پێکەوە هەڵکەنو بە ئاشنایەتیەکی بۆن خۆشو یەکترناسینێکی لێك نزیکەوە سەر زەوی ئاوەدانو بۆندارو گەشو جوان بکەنەوە.

ئەوەش جیهانبینی ئیسلام دەگەیەنێ، کە نەتەوەکانی وەك خۆیان قەبوڵەو خەڵکیش لەوە هۆشیار دەکاتەوە، کە ئەو دابەشبوونە بە پێی حەزی خوایەو پێویستە ڕێزی لێ بگیرێتو، بکرێتە هۆکاری دەستەوایی کردنی یەکترو لێك نزیك بوونەوەی دۆستانەو پاڵپشتی کردنی یەکترەوە.

# باسی چوارەم

# پێوەری پایەو ڕێزداری مرۆڤەکان!

لەبەر ئەوەی خوای گەورە ئادەمیزادی دابەشکردووە بۆ سەر چەندین هۆزو گەلو تیرەو نەتەوەی جیا جیاو هەر یەکەش خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتیو زمانو ڕەنگو دەنگو فەرهەنگو کلتوری تایبەت بەخۆی هەیە، کە ئەمە بەڵگەی ئەوەیە ئیسلام دان بە نەتەوە جیاوازەکان دەنێتو بە شتێکی سروشتیو بە ویستی خوای دادەنێت.

خوای گەروەش لەو سوڕەتەدا بۆ ئەوەی بنەما ئەخلاقیە مرۆییەکان بە مرۆڤ ئاشنا بکات، کۆمەڵە شتێکی باس لێوە کردووە، کە لێرەوە ئەگەر دوو خاڵ بە نمونە وەربگرین، بۆ ئەوەی ئەو باسە زیاتر ڕوون بێتەوە:

یەکەم: خوای گەورە باسی لەوە کرد، کە بە هەر شێوەیێ لە شێوەکان سوکایەتی کردن بە یەکتری حەرامەو نابێ بە چاوی سووکو بە ناوو ناتۆرەی ناشیرینو بە هەستی گومانایو سیخوڕبازیەوە لێك بڕوانن، لەوەش زیاتر خوای گەورە غەیبەتو پاشەملە باسکردنی یەکتریشی بە کارێکی قەدەغەکراو وەسف کرد.

دووەم: خوای پەروەردگار باسی لەوە کرد لە مەبەست لە دابەشبوونی مرۆڤەکان بەسەر چەند تیرەو گەلو نەتەوەیەك، بۆ ئەوەیە یەکترناسیو ئاشنایەتی لەناو ڕەگەزی مرۆیی دروست ببێ، تا لە ڕێی ئەو ئاشنایەتیەوە سوودو بەرژەوەندی بۆ دونیاو قیامەتی یەکتر دروست بکەن.

ئێستا پێویستە پێوەرێك هەبێ بۆ ئەوەی خەڵکی خۆیان لەسەر یەکتر هەڵنەکێشنو، نەکەونە داوی خۆبەزل زانینو خۆ بەباشتر دانانیان لەبەرامبەر یەکترەوە، پێویستە پێوەرێك هەبێ بۆ بنەبڕکردنی ئەو دیاردەیەو وەلانانی پێوەرەکانی ماددیو هێزو جوغرافیاو ڕەنگو زمانو زۆریو بۆریەوە.

چونکە ئەگەر شتێك نەبێ بۆ هۆشیاربوونی مرۆڤەکان لەو بارەوە ئەوە هەر بە سروشتی حاڵ، ئەو دابەش بوونە وا دەکات خەڵكو تیرەو نەتەوەکان خۆیان بەسەر یەکەوە هەڵبکێشنو، ئەوەش ببێتە هۆی لەباربردنی ئامانجی دابەشبوونەکە، کە یەکترناسیو ئاشنایەتی نێوانیانە.

بۆیە خوای گەورە دەیەوێ باشترین پێوەر دەستنیشان بكات‌و پێمان بڵێ، كە ئەوەی مرۆڤ بەڕێزو بەرزو پایەدار دەكات، تەنها (تەقوایە)، ئەگەرنا لە دروست بوون هەموو یەكسانن‌و كەس بۆی نیە فەخر بەسەر ئەوەی تر بكات.

خوای گەورە دەفەرموێ: **(إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ)**، واتە: بەڕاستی باشترین‌و بەڕێزترینتان ئەو كەسانەیە كە تەقوادارن‌و لەخواترس‌و خۆپارێزن لە خراپیەكانەوە، خوایش باش دەزانێ كێ وا دەبێ‌و زانایە بە شتە ئاشكراكانتان‌و بەئاگاو خەبیریشە بە ناخ‌و دەروون‌و ڕازو نهێنیەكانتانەوە.

دانانی پێوەرێكی لەو شێوە، دانانی یاسایەكی وردبینانەی ئەخلاقیە، چونكە ناكرێ كەسێك لەخۆڕا بڵێ من تەقوادارم‌و من بە شەرەفترم لەوەی ترەوە، لەبەر ئەوەی مەسەلەی دروست بوونی تەقوا بە قسە نابێ، بەڵكو دەبێ كارو كردەوەو هەنگاوو ڕەفتارو گوفتارو دڵ‌و دەروون تەواو بسازێن‌و، خۆیان دوورە پەرێز ڕابگرن لەهەموو ئەو شتانەی لە چەمكی قوڵ‌و بەرفراوانی تەقوا كەم دەكەنەوە، ئەگەر مرۆڤ تەقوادار بێت، قەت مومكین نیە بە لای شتێكی لەو شێوە بڕوات‌و گاڵتە بە كەسانی تر بكاو، پێی وابێ شتێك هەیە ئەوی بەرز كردۆتەوە بەسەر خەڵكانی ترەوە، چونكە دەزانێ گچكەترین دیاردەی كیبرو خۆبەزڵ زانین‌و خۆهەڵكێشان دەبێتە هۆی مەحرۆم بوون لە ڕەزامەندی خواو بەهەشتی پڕ نازو نیعمەتەوە.

هەروەكو پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت)، دەفەرموێ: **(لَا يَدْخُلُ الْجَنَّةَ من كان في قَلْبِهِ مِثْقَالُ ذَرَّةٍ من كِبْرٍ)**[1]، واتە: ناچێتە بەهەشتەوە هەر كەسێك بەقەد یەك مسقالە زەڕە كیبرو خۆبەزلزانی لە دڵدا هەبێت.

لەهەمان كاتیش بابەتی تەقوا شتێك نیە بانگەشەی بۆ بكرێت‌و، خەڵكێك لەو گۆڕە بڵێ من لەو كەسانەم كە خۆپارێزو تەقوادارن، چونكە خوای گەورە بە ڕستەی **(إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ)**، ئەوەی بڕاندۆتەوەو لەگەڵ ئەوەش خوای گەورە لە شوێنێكی تر دەفەرموێ: **(فَلَا تُزَكُّوا أَنْفُسَكُمْ هُوَ أَعْلَمُ بِمَنِ اتَّقَى)**[2]، واتە: خۆتان بەچاك مەزانن‌و خۆتان بە پاڵفتە دامەنێن، هەر خوا خۆی دەزانێت كێ تەقوای هەیەو پارێزكارە.

---

1- صحيح مسلم: ج٣ ص٩٣.
2- سورة النجم: ٣٢.

چەمکی تەقوا لە ڕووکەشیو روخساردا ناخوێندرێتـەوە، بـەڵکو پەروەردەیـەکی دەروونـیو کۆڵەگەیـەکی ئیمانیـە، خـوای گـەورەش سـەیری رووکەشـیەکان ناکـا، تـەنها سـەیری نـاخو دەروونەکان دەکات، کە وێستگەو پێوەری هەبوونو نەبوونی تەقوایە.

لەو بارەشەوە پێغەمبەر دەفەروێ: (**إِنَّ اللَّهَ لَا يَنْظُرُ إِلى صُوَرِكُمْ وَأَمْوَالِكُمْ وَلَكِـنْ يَنْظُـرُ إِلى قُلُوبِكُمْ وَأَعْمَالِكُمْ**)[1]، واتە: بەڕاستی خوای گەورە سەیری شێوەو سامانی ئێوە ناکات، بـەڵکو تەماشای دڵو دەروونو کارو کردەوەکانی ئێوە دەکات.

کەواتە دەگەینە ئەو ڕاستیە، ئەوەی لای خوای باڵادەست بەڕێزو چاكو باشە، ئـەو کەسـەیە کە تەقوادارەو خۆی چاك کردووەو کارو کردەوەی باشی زۆر هەیـە، نـەك ئـەو کەسـەی مـاڵی زۆربێ، یان جوان بێ، یان خاوەنی کۆشكو تەلار بێ، یان خاوەنی نەسەبو تیرەو هۆز بێ، یـان خاوەنی هێزو دەستو بازوو بێ، یان هەرشتێ لەو شتە ماددیو دونیاگەرانەی هەبێ.

لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەو جـۆرە شـتانە ببونایـە پێـوەر لـەناو مرۆڤـەکان، ئـەوە ئـەو کـات کارەساتی گەورە ڕوویان دەداو، خەڵکی تووشی نەخۆشیەکی گەورە دەبوون، چـونکە کەسـانێك دەبوون کە خۆیان بە یەکێ لەو دیاردەو شتە دونیاییانە هەڵبکێشن بەسەر کەسـانی تـردا، کـە دەبووە مایەی نیگەرانیو نانەوەی شەڕی دەروونیەوە.

وەك ئەوەی ئێستا لەناو هەندێ کەسو لایەنو بنەماڵەو عەشیرەتو هۆزو تیرەکـان هەسـت پێ دەکرێو، زۆر جار بۆتە جێگەی مشتومڕو خۆ هەڵکێشان بەوەی عەشـیرەتی مـن لـە هـی ئێوە باشترە، یان تیرەو بنەماڵەی من لە هی تۆ هەبوویيو لە پێشترو باشترە.

لە لایەکی ترەوە خوای گەورە لەسەر ئاستی دینداری، باشترین پێـوەری ڕێـزداری (چـەمکی تەقوا)ی داناوە، وەك ئەوەی لەو ئایەتەی سەرەوە ئاماژەی پێداوە.

وە لەسەر ئاستی مرۆییو لەبەر یەکسانی ئادەمیزاد لە ئەسڵو بنچینەدا باشـترین پێـوەری لەنێو مرۆڤەکان (چەمکی ڕێز)ی داناوە، هەر وەکو دەفەرموێ: (**وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ وَحَمَلْنَاهُمْ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَرَزَقْنَاهُمْ مِنَ الطَّيِّبَاتِ وَفَضَّلْنَاهُمْ عَلَى كَثِيرٍ مِمَّـنْ خَلَقْنَـا تَفْضِيلًا**)[2]، واتـە: سوێند بەخوا بەڕاستی ئێمە ڕێزمـان لـە نـەوەی ئـادەم گرتـووە و بەسـەر وشـکانیو دەریـادا

---

1- صحيح مسلم: ج٤ ص١٩٨٧.

2- سورة الإسراء: ٧٠.

(بەجۆرەها هۆکاری گواستنەوە) هەڵمان گرتوونو لە ڕزقو ڕۆزی پوختو چاکیو جۆراو جۆر بەهرەوەرمان کردوون (لە خۆراكو پۆشاكو ماڵو ناوماڵ و.. هتد) بەڕاستی ئێمە ڕێزی زیادەی ئەوانمان داوە بەسەر زۆربەی ئەو بەدی هێنراوانەدا کە دروستمان کردوون (لە هەموو ڕوویەکەوە، تا قەدرو ڕێزی خۆیان بزانن).

لەسەر ئەو بنەمایە دەبینین پێغەمبەری ئیسلام (درودی خوای لەسەر بێت)، ڕێز لە تەرمی جولەکەیەك دەگرێتو لەبەری هەڵدەستێ کاتێ بەلایەوە ڕەت دەبێ، پرسیاری لێ دەکەن ئەوە جولەکەیە چۆن لەبەری هەڵدەستی؟ لە وەڵامدا دەفەرموێ: ئەی باشە ئەوەش نەفس نیە، ئینسان نیە خوای گەورە دروستی نەکردوە! واتە مادام مرۆڤەو خوا ڕێزی لێناوە، شایستەی ئەوەیە ڕێزی بگیرێ با هەر دینو نەتەوەو کەسێك بێت.

کەواتە لە دونیادا ئادەمیزاد وەك مرۆڤ کائینێکی بەڕێزو ڕێز لێگیراوە، وە لەبەرامبەر خوای گەورەش ئەو کەسە بەڕێزە کە تەقوای هەیەو کەسێکی مولتەزیمو پابەندە بە ڕێسا قورئانیو سوونەتیەکانەوە.

چونکە ئەو کاتەی مرۆڤ بە بەرگی تەقوداری خۆی دەڕازێنێتەوە، ئەوە گەورەترین هۆکارو پاڵنەرە بۆ ڕاهێنانی دڵو دەروونو ئاراستەکردنی مرۆڤ بە شێوەیەکی وا، کە ببێتە مایەی خێر بۆ خۆیو دەرووبەری لە لایەكو، گەیشتنی بە ڕەوشتە بەرزو بەها مرۆییەکانەوە لەلایەکی ترەوە.

خوای گەورەش جوانی فەرموە: **(يَا بَنِي آَدَمَ قَدْ أَنْزَلْنَا عَلَيْكُمْ لِبَاسًا يُوَارِي سَوْآَتِكُمْ وَرِيشًا وَلِبَاسُ التَّقْوَى ذَلِكَ خَيْرٌ ذَلِكَ مِنْ آَيَاتِ اللَّهِ لَعَلَّهُمْ يَذَّكَّرُونَ)**[1]، واتە: ئەی نەوەی ئادەم، ئێمە بەڕاستی پۆشاکی لەبارمان بۆ فەراهەم هێناون، عەورەت و ئەوەی پێتان ناخۆشە دەربکەوێت دای ئەپۆشێت، هەروەها جلو بەرگی جوانیش، کە خۆتانی پێ برازێننەوە (بەڵام بیرتان نەچێت) کە پۆشاکی تەقواو خواناسی چاکترو خێردارترو بەفەڕترە، ئەو پۆشاکە (ماددیو مەعنەویانە) لە نیشانەو بەڵگەکانی خوای گەورەن بۆ ئەوەی یاداوەری وەربگرن و (یادی بەهەشت بکەن).

---

1- سورة الأعراف: ٢٦.

# باسی پێنجەم
# دەرەنجامە گرنگەکانی ئەو تەوەرە

لە ئەنجامی ئەو بەشەدا دەگەینە سەر ئەو ڕاستیە، کە خوای گەورە کۆمەڵێك یاساو بنەمای ئەخلاقیو مرۆیی داناوە بۆ ئەوەی مرۆڤەکان لەناو خۆیاندا پەیڕەوی لێ بکەنو بەهۆیەوە بتواننو بزانن چۆن مامەڵە لەگەڵ یەکتری دەکەن، چونکە زۆربوونی هەر شتێك پێویستی بە ڕێکخستنو یەکخستنە، وەك ئەوەی دەبینی لە هەر وڵاتێك دەستووری تایبەت هەیە بۆ ئەوەی دەستەو گروپو کۆمەڵەو حزبو لایەنەکان پێیەوە پابەند بن، تا وڵات نەکەوێتە خەتەریاتەوە، یان لەناو هەر کۆمەڵگەیەك کۆمەڵە یاساو ڕێسایەکی لێپێچینەوەو دادگایی هەیە، بۆ سەرپەرشتیو بەدواداچوونی هەر جموجۆڵێك، کە مەترسی لەسەر کۆمەڵگە دروست دەکات، یان هەر خێزانێك تایبەتمەندیو دابی تایبەت بە خۆی هەیە، بۆ ئەوەی ئەندامەکانی بە شێوەیەکی جوانەوە لەناو ماڵێك مامەڵە لەگەڵ یەکتر بکەن.

لەسەر ئاستی مرۆییو جیهانیشەوە، خوای گەورە کۆمەڵە یاساو پێوەرێکی داناوە، بۆ ئەوەی گرۆیی مرۆڤەکان پێکەوە ببەستێتەوەو، حاڵیان بکات لەوەی ئەو بنەماو پێوەرانە دەبنە هێڵی پەیوەندیەکانو بەهۆیانەوە دەتوانن پێکەوە هەڵکەنو ژیانێکی دوور لەناکۆکی لەنێو خۆیان فەراهەم بکەن، کە دەکرێ لەڕێی چەند خاڵێکەوە ئاماژە بە چەند شتێکی گرنگ بکەین:

١- خوای گەروە لە ئەسڵی دروستبوونو هاتنە دونیاوە، مرۆڤەکانی بە یەکسانی خولقاندووەو ڕێزیشی بۆ داناوە.

٢- مرۆڤەکان لە بنچینەدا لە یەك دایكو باوکەوە پەیدا بوون، کەواتە خوشكو برای یەکترنو دەبێ بەو هەستەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ یەکتری بکەن.

٣- دابەشبوونی مرۆڤەکان بەسەر تیرەو هۆزو گەلو نەتەوە، ویستی خوایەو لەپێناو ئامانجێکی گەورەیە، کە خۆی لەئاشنایەتیو یەکترناسیو دانان بە یەکترو ڕەچاوکردنی تایبەتمەندی یەکترەوە دەبینێتەوە.

٤- پێوەری بەڕێزی هەر مرۆڤێك لەلای خوای گەورە بەستراوەتەوە بە هەبوونو جێگیربوونی چەمکی (تەقوا) لە ناخو دەروونی ئەو مرۆڤەوە.

٥- خوای گەورە ئاگای لە نهێنیەکانی هەر مرۆڤێکەو زاناو ئاگادارە بە هەر کارو هەنگاوێك، کەواتە بەتەنها بانگەوازو قسەیەك، ناکرێ مرۆڤەکان خۆیان بە تەقوادار بزانن‌و فەخر بەسەر یەکترەوە بکەن.

٦- خوای گەورە ڕێزی لە مرۆڤ ناوە، پێویستە بەردەوامیش مرۆڤەکان بەڕێزەوە هەڵسوکەوت‌و مامەڵە لەگەڵ یەکتر بکەن.

٧- لەئیسلامدا وادانراوە، کە دەکرێ مرۆڤ شانازی بە تیرەو هۆزو گەل‌و نەتەوەی خۆی بکات، لەبەر ئەوەی ئەمە ویستی خوایە، بەڵام نابێ ئەو شانازی کردنە سەربکێشێ بۆ دەمارگیری‌و ڕەگەزپەرستی‌و نەتەوەپەرستی.. چونکە ڕەچاوکردنی بنەمای هاوسەنگی‌و چوارچێوە سروشتیەکان بەشێکی گرنگی فەرهەنگی ئیسلامەو دەبێ موسڵمان لێی بەئاگا بێت.!

## بەشی هەشتەم

# گەڕانەوە بۆ ئیسلامو
# پابەندبوون بە چەمکە ئیمانیەکان

## دەسپێك..

دوای ئەوەی خوای گەورە پەیامی یەکسانیو یەك بنەچەیی مرۆڤایەتی بۆ ڕوون کردینەوە، وە پێشتریش کۆمەڵێك ڕێساو یاسای جوانو گرنگو پڕ بەهای بۆ بەیان کردین، بۆ ئەوەی وەکو موسڵمان بزانین چۆن مامەڵە لەگەڵ خواو پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) بکەین، لەهەمان کاتیش چۆن بتوانین لەگەڵ ژیانو ژینگەو دەوروبەریش تەبا بینو، دوورە پەرێزیش بین لەو دیاردە نادروستانەی، کە دەبنە مایەی سەرئێشە بۆ مرۆڤەکانو تێکچوونی وێستگە هەستیارەکانی کۆمەڵگەوە.

لەو چەند ئایەتەی لەو بەشدا باسیان لێوە دەکەین، خوای گەورە دەیەوێ سەرنجمان ڕابکێشێ بۆ دۆسیەیەکی گرنگ، کە ئەویش مەسەلەی حەقیقەتی ئیمانو تێگەیشتنە لە ئیسلام.

چونکە ئەگەر لەئەنجامی خستنە ڕووی ئەو باسو بابەتانەی پێشەوە گەیشتبینە ئەو ڕاستیە، کە زۆر کارو ڕەوشتو بەهای گرنگ هەن، هەم مرۆڤ بەهۆیانەوە دەبێتە کەسایەتیەکی دامەزراوو خاوەنی ڕەوشتی بەرزەوە، هەمیش کۆمەڵگە پێویستیەتیو بەهۆیەوە دەکەوێتە حاڵەتێکی ئاساییو پڕ لە ڕەفاهیەتو ئارامیو هێمنیەوە.

لەهەردوو حاڵەت دەبێ ڕەچاوی خاڵێکی گرنگو پرسیارێکی لەجێ بکەین، بەوەی ئاخۆ لە ئەنجامی پابەندی مرۆڤەکان بە بنەما ئەخلاقیو ئینسانیو دینیەکانی نێو ئەو سوڕەتەوە، چ شتێك دەبێتە زامنی ئەو پەروەردە جوانەی مرۆڤەکانو ئارامی کۆمەڵگەو بەختەوەری کۆمەڵایەتیەوە؟

چ شتێك وا دەکات ئەو ڕەهەندە ئەخلاقیانە لەناو کۆمەڵگەو مرۆڤەکان بە زیندوویی بمێنێتەوە؟ ئەی چی دەبێتە مایەی درێژکردنەوەی ئەو ڕەهەندانەو، تێگەیاندنی نەوەی تازەو هۆشیاربوونیان لەبارەی ئەو ڕێسا ئاسمانیانەوە؟

بێگومان بۆ وەرگرتنی وڵامی ئەو پرسیارانە، دەکرێ بڵێین دووخاڵی سەرەکی هەیە، کە پێویستە لێیان بەئاگاو هۆشیار بین، چونکە ئەو دووخاڵە دەبنە هۆی ئەوەی، کە مرۆڤەکان بۆ هەمیشەیی لەسەر ئەو بنەماو ڕەهەندانە بمێننەوە، ئەو بەها ئەخلاقیانەش هەمیشە لەناو کۆمەڵگە بدرەوشێتەوە:

یەکەم: پابەندی نواندن بە شەریعەتی ئیسلامەوە، کە وەك ئایینێکی ئاسمانی بۆ بەختەوەری مرۆڤەکان هاتووەو هەمیشە دەیەوێ لەچوارچێوەی ئینسانیو ئەخلاقیو ئیسلاحیەوە، کۆمەڵگە بەرەو پێشەوە بباتو خەڵك لە گومڕاییو نەزانیو ستەمکاریو شڵەژاویەوە، بەرەو هیدایەتو لێزانیو دادپەروەریو ئارامی بەرێتو سەرفرازی هەردوو دونیای بکات.

دووەم: قوڵبوونەوەو تێگەیشتن لەناوەڕۆكو جەوهەرو ماناو چەمکە ئیمانیەکانەوە، کە دەبنە پاڵنەری بەهێزو کاریگەر، لەداڕشتنەوەی دەروونو کەسێتی مرۆڤو بەکردەیی کردنی دروشمەکانو، گەیشتن بە ئامانجە هەمیشەییو چارەنووس سازەکانی دونیاو دواڕۆژی بەندەکانەوە.

بۆیە خوای گەورە لە کۆتایی ئەو سورەتە باس لەمەسەلەی ئیمانو ئیسلامو ئیماندار دەکات، بۆ ئەوەی ئەو راستیەمان بۆ دەکەوێ، کە موسڵمانێتی ئێمەو ڕەهەندە ئیمانیەکان بۆ ئەوە نیە لە ئەنجامی بەجێگەیاندنی ئەرکەکان، گومانمان بۆ منەت کردن بڕواو وا بزانین ئەو ئەدا کردنە بارە بەسەر شانمانەوە.

بەڵکو دەبێ بەر لەهەر شتێك ئەوە بزانین بەهۆی ئیمانەوە ئێمە سەرفراز دەبینو دەکەوینە خۆشگوزەرانی دونیاو قیامەتەوە، چونکە ئیسلامو ئیمان ڕەچاوی تەواوی بەرژەوەندییە ماددیو مەعنەویەکانی مرۆڤیان کردووەو، لەهەمان کاتیش بەهۆی نووری ئیمانەوە مرۆڤ دەکەوێتە سەر ڕێگەی ڕاستو دروستو لە ڕێچکەو ڕێبازو هێڵە کرچو کاڵەکان دوور دەکەوێتەوە، لەبەر ئەوە خوای بەخشندە لەچەند ئایەتێكو بە شێوەیەکی وێناییو تەعبیری حەقیقەتی ئەو ڕاستیەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە.

خوای گەورە دەفەرموێ: **(قَالَتِ الْأَعْرَابُ آمَنَّا قُلْ لَمْ تُؤْمِنُوا وَلَكِنْ قُولُوا أَسْلَمْنَا وَلَمَّا يَدْخُلِ الْإِيمَانُ فِي قُلُوبِكُمْ وَإِنْ تُطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ لَا يَلِتْكُمْ مِنْ أَعْمَالِكُمْ شَيْئًا إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ، إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ آمَنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ ثُمَّ لَمْ يَرْتَابُوا وَجَاهَدُوا بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنْفُسِهِمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ أُولَئِكَ هُمُ الصَّادِقُونَ، قُلْ أَتُعَلِّمُونَ اللَّهَ بِدِينِكُمْ وَاللَّهُ يَعْلَمُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَاللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ، يَمُنُّونَ عَلَيْكَ أَنْ أَسْلَمُوا قُلْ لَا تَمُنُّوا عَلَيَّ إِسْلَامَكُمْ بَلِ اللَّهُ يَمُنُّ عَلَيْكُمْ أَنْ هَدَاكُمْ لِلْإِيمَانِ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ، إِنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ غَيْبَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاللَّهُ بَصِيرٌ بِمَا**

**تَعْمَلُونَ**[1]. واتە: هەندێك لە بیابان نشینە عەرەبەکان وتیان: باوەڕمان هێناوەو موسڵمانین، پێیان بڵێ: نەخێر، باوەڕتان نەهێناوە، بەڵاّم بڵێن: بە ناچاری موسوڵمان بووین، هێشتا باوەڕ نەچۆتە ناو دڵەکانتانەوەو تیایدا جێگیر نەبووە (چاوەڕێ دەکرێت کە باوەڕ بهێنن)، خۆ ئەگەر بەڕاستی ئێوە گوێڕایەڵی فەرمانی خواو پێغەمبەری خوا بن، ئەوە خوای گەورە لە پاداشتی چاکەکانتان هیچ کەم ناکاتەوە، چونکە بەڕاستی خوا لێخۆشبوو میهرەبانە.

بێگومان ئیماندارانی ڕاست ئەوانەن، کە باوەڕیان بەخواو پێغەمبەری خوا هێناوەو پاشان نەکەوتوونەتە هیچ گومانو دوودڵیەکەوە، بەخۆیانو سەروماڵیشیانەوە تێکۆشاون لە پێناوی ئاینی خوادا، تەنها ئا ئەوانە ڕاستن.

ئەی محمد(درودی خوای لەسەر بێت) بڵێ: ئایا ئێوە خوای گەورە لە ئاینی خۆتان ئاگادار دەکەنو پێی رادەگەیەنن، لە حاڵێکدا خوا زانایە بە هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە، خوا بە هەموو شتێك زاناو ئاگادارە؟!

ئەوانە منەت دەکەن بەسەر تۆدا، کە گوایە موسڵمان بوون، پێیان بڵێ: منەت مەکەن بەسەرمدا لەسەر موسڵمان بوونەکەتان، بەڵکو خوا منەت دەکات بەسەر ئێوەدا کە هیدایەتی داون بۆ ئیمان و باوەڕ ئەگەر ئێوە ڕاستگۆن.

بێگومان خوا نهێنیو شاراوەکانی ئاسمانو زەوی دەزانێت، هەروەها خوای گەورە بینایە بە هەموو ئەو کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن.

کەواتە زۆر گرنگە ئێمەی موسڵمان لەو ڕاستیانە هۆشیار بینو لە ماناو مەبەستەکانی ئیمان ورد بینەوە، بۆ ئەوەی بتوانین زیاتر لەناو خۆمان بەرجەستەی بکەینو، لە مەیدانی کارو کردەوە زیاتر ڕەنگ بداتەوە.

وە مەسەلەی ئیمان یەکێکە لەو مەسەلە هەستیارانەی، کە دەکرێ بڵێین زانایان زۆرترین قسەیان لەبارەی ناوەرۆكو لقو پۆپەکانی کردووە، بۆ ئەوەی هەموو لایەك بە ئاگا بین لە پێگەی داری ئیمانەوە، بە شێوەیەکی وا کە ڕەگو ڕیشەکەی بەجوانی بچێتە خوارەوەو قەدو باڵاکەشی جوان بەرزببێتەوە، بۆ ئەوەی بەرهەمی بەنرخی لێ پەیدا بێو سێبەرێکی چڕو پڕیش دروست بکاتو، ببێتەوە سابات بۆ هێنانی شنەی ئاسوودەیی دەروونو حەسانەوەی ژیانەوە.

---

1- سورة الحجرات: ١٤-١٨.

بۆ ئەو مەبەستەش لە ڕێی چەند باسێکەوە قسە لە چەند لایەنێکی گرنگی ناوەڕۆکی ئەو ئایەتانەی سەرەوە دەکەین‌و، دەچینە سەر هەندێ مەسەلەی پەیوەست‌و گرنگەوە:

# باسی یەکەم
# هۆی دابەزینی ئەو چەند ئایەتە

- هۆزێکی ئەعرابیە دەشتەکیەکان هەبوو، بە ناوی (بەنو ئەسەد) ناوبانگیان دەرکرد بوو، ئەو هۆزە لە دەوروبەری شاری مەدینە نیشتەجێ بوون، ساڵێك ڕووبەڕووی هەژاری‌و نەداری بوونەوە، چەند کەسێکیان بڕیاریان لەسەر ئەوەدا، بچینە لای موسڵمانان‌و هەندەك صەدەقەیان لێ وەربگرین.

ئەو چەند کەسە بۆ مەبەستی وەدەست کەوتنی نان، بەرەو مەدینە بەڕێکەوتن‌و لەڕێگا گوتیان شەهادە دێنین‌و دەڵێین موسڵمان بووینە! بەڵام لەناخەوە ئیمانیان نەهێنابوو.

گەیشتنە خزمەت پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت)، گوتیان: ئێمە ئیمانمان هێناوەو هاتوینەتە لات، بۆ ئەوەی لێمان دڵنیا بیت، کە ئێمە جەنگ لەگەڵ ئێوە ناکەین وەکو ئەم‌و ئەوو لێمان ئەمین بن، لەبەر ئەوە شایەنی ڕێزین لای ئێوەو پێویستمان بە سەدەقەو هاوکاری هەیە دەبێ هاوکاریمان بکەن.

خوای گەورە ئەو ئایەتەی نارده خوارەوەو فەرموی: **(قَالَتِ الْأَعْرَابُ آمَنَّا قُلْ لَمْ تُؤْمِنُوا وَلَكِنْ قُولُوا أَسْلَمْنَا وَلَمَّا يَدْخُلِ الْإِيمَانُ فِي قُلُوبِكُمْ وَإِنْ تُطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ لَا يَلِتْكُمْ مِنْ أَعْمَالِكُمْ شَيْئًا إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ)**.

چونکە لەو حەدەسەی سەرەوە، کە هۆکاری دابەزینی ئەو ئایەتەیە، دوو خاڵی گرنگ هەیە ئاماژەی پێ بکەین:

یەکەم: ئەو چەند کەسە بە دڵ ئیمانیان نەهێنا بوو، تەنها بۆ ئەوەی پارەیان دەسکەوێ هاتنە لای پێغەمبەرو گوتیان ئیمانمان هێناوەو ناتانکوژین‌و شەڕتان لەگەڵ ناکەین.

دووەم: لەگەڵ ئەوەش منەتیان بەسەر پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) کرد، بەوەی لەبەرامبەر ئیمان هێنان داوای هاوکاریو سەدەقەپێدانیان کرد.

- لە ڕیوایەتێکی تر هاتووە، کە ئەو ئایەتە لەبارەی ئەو کەسانەوە هاتۆتە خوارەوە، کە لە سورەتی (ئەلفەتح) خوای گەورە باسی کردوون: **(سَيَقُولُ لَكَ الْمُخَلَّفُونَ مِنَ الْأَعْرَابِ...)**، کە گوتیان ئیمانمان هێناوە بۆ ئەوەی لە گیانو ماڵی خۆیان ئەمین بن، کەچی پەیمان شکێنیان کردو دواکەوتن.

خوای گەورەش بۆ ئەوەی ڕووی ڕاستەقینەی ئەو جۆرە دووڕوانە دەربخاتو، بە پێغەمبەریان بناسێنێ، ئەو ئایەتەی ناردە خوارەوە، کە دەفەرموێ: **(قَالَتِ الْأَعْرَابُ آمَنَّا قُلْ لَمْ تُؤْمِنُوا وَلَكِنْ قُولُوا أَسْلَمْنَا.....)**[1].

# باسی دووەم
# شرۆڤەیەك لەبارەی چەمکی ئیسلامو ئیمانەوە

دوای ئەوەی خوای گەورە کۆمەڵێك شتی باس کردو بۆمانی ڕوون کردەوە، ئێستا دەیەوێ حەقیقەتی ئیسلامو ئیمانمان بۆ ڕوون کاتەوە، بۆیە باس لەو ئەعرابیە دەشتەکیانە دەکات، کاتێ ویستیان بێنە خزمەت پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت)، بۆ مەبەستی دونیایی، ئیمانی خۆیان عەرز بکەن، خوای گەورە ئەو ڕاستیەی بۆ پێغەمبەرو تێکڕای مرۆڤایەتی ڕوون کردەوە، بەوەی ئەوانە ئەگەر بە ڕواڵەت موسڵمانیش بن ئەوە هێشتا نەبوونەتە ئیماندار.

جا لێرەوە پێم باشە هەڵوەستەیەك لەسەر هەردوو چەمکی ئیسلامو ئیمان بکەین، کە لەو ئایەتە خوای گەورە بە دوو شتی لێك جیا باسی لێوە کردووە، وە دەیەوێ پێناسەی ئیماندارمان بۆ بکاتو لەوەش هۆشیارمان بکاتەوە، کە ئەوەی ئیمانی هێنا مانای وا نیە، دەبێ منەت

---

1- التفسير المنير: ج١٣ ص٦٠٠.

بەسەر پێغەمبەرو ئیسلامەوە بکات، بەڵکو پێویستە ستایشی خوای باڵادەست بکات لەسەر ئەو ئیمانەی خستۆتە نێو دڵیەوە، کە بۆتە هۆی هیدایەتو دۆزینەوەی ڕێگەی ڕاستو دروستی خواناسیەوە، چونکە خوای گەورە بە نهێنی دڵو دەروونەکان زانایەو دەزانێ کێ تامی ئیمانی وەرگرتووە».

بەپێی بۆچوونی زانایان ئیمانو ئیسلام لەلایەکەوە یەکدەگرنەوە، چونکە هەردووکیان تەواوکەری یەکترنو نە ئیسلام بێ ئیمان هێنان دەبێ، وە نە ئیمان بێ موسڵمان بوون دەستەبەر دەبێ.

بەڵام لەلایەکی ترەوە پێیان وایە چەمکی ئیمان جیاوازە لەگەڵ چەمکی ئیسلام، چونکە ئیمان تایبەت ترەو قۆناغێکە لەدوای ئیسلامەوە دێت، کەواتە دەکرێ بڵێین: ئیمان ناوەڕۆكو بناغەو ڕەگو ڕیشەی ئیسلامە.

لەلایەکی ترەوە ئەگەر بە شێوەیەکی وردتر پێناسەیان وەربگرین، ئەوە پێویستە ئاماژە بەو فەرمودەیە بکەین، کە جبرائیلی ئەمین هاتە لای پێغەمبەرو کۆمەڵێك پرسیاری لێکرد، لەوانە لەبارەی ئیمانو ئیسلامەوە، هەروەك دەفەرموێ: **(فقال يا رَسُولَ اللَّهِ ما الْإِيمَانُ قال أَنْ تُؤْمِنَ بِاللَّهِ وَمَلَائِكَتِه وَكِتَابِهِ وَلِقَائِه وَرُسُلِهِ وَتُؤْمِنَ بِالْبَعْثِ الْآخِرِ قال يا رَسُولَ اللَّهِ ما الْإِسْلَامُ قال الْإِسْلَامُ أَنْ تَعْبُدَ اللَّهَ ولا تُشْرِكَ بِهِ شيئا وَتُقِيمَ الصَّلَاةَ الْمَكْتُوبَةَ وَتُؤَدِّيَ الزَّكَاةَ الْمَفْرُوضَةَ وَتَصُومَ رَمَضَانَ)**[1]، واتە: جیبریل پرسی ئەی نێردراوی خوا ئیمان چیە؟ ئەویش فەرمووی: ئیمان ئەوەیە بڕوا بە خواو مەلائیکەتو کتێبە ئاسمانیەکانو گەیشتن بەخواو پێغەمبەرانو ڕۆژی دوای بێنیت. ئەو جارە پرسی ئەی ئیسلام چیە؟ فەرمووی: ئیسلام ئەوەیە خوا بپەرستیو هاوەڵی بۆ دروست نەکەیتو نوێژ ئەنجام بدەیتو زەکات لە ماڵت دەرکەیو بە ڕۆژو ببیت.

کەواتە ئیسلام زیاتر بەلای هەنگاوە کرداریەکان دەچێتو، ئیمانیش زیاتر بەلای کردەوە دەروونیەکانەوە، هەروەك لە پێناسەی ئیمان گوتراوە: (الإيمان: هو التصديق بالجنان، والإقرار باللسان، والعمل بالأركان)، واتە: ئیمان ئەوەیە کە مرۆڤ لە دڵەوە بەڕاست دانی پێدا بنێ، وە بە زمان دەری ببڕێ، وە کاریش بە ڕوکنەکانی بکات.

هەروەها زانایان دەفەرموون: لە قورئاندا ئەگەر وشەی ئیسلام بە تەنها هات، ئەوە لایەنە ئیمانیەکەی دەگرێتەوە، وە ئەگەر ئیمان بە تەنها هات ئەوە مانای ئیسلام لەخۆ دەگرێ، بەڵام

---

1- صحيح مسلم: ج١ ص٣٩.

ئەگەر هەردووكیان پێكەوە هاتبوون، ئەوە ئەو كات ئیسلام كارو كردەوە دەرەكیەكان (الأعمال الظاهرة) دەگرێتەوە، ئیمانیش كارو كردەوە دەروونیەكان (الأعمال الباطنة) دەگرێتەوە.

هەروەك هەندێكیان دەڵێن: (إن الإسلام والإيمان إذا اجتمعا افترقا، وإذا افترقا اجتمعا)[1]، واتە: ئەگەر ئیسلامو ئیمان پێكەوە كۆبوونەوە، ئەوە مانای لێك جیاوازیان هەیە، ئەگەریش بە جودا هاتن ئەوە مانایان یەكە، هەر وەكو (ئیبن حەجەری عەسقەلانی) دەڵێت: ئیمانو ئیسلام دوو شتی مورادیفی یەكترو مانایان یەكە[2].

كەواتە لە بنەڕەتدا ئیمانو ئیسلام دوانەی یەكترنو نە ئەویان بێ ئەم دەبێ، نە ئەمیشیان بێ ئەو دادەمەزرێت، بەڵكو تەسلیم بوونو ملكەچیو بڕوا هەبوون دەگەڕێتەوە بۆ هەردووكیانو ئیسلامو ئیمان واتە ئیتاعەكردنی خواو شوێنكەوتەیی لە ڕێبازی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت)[3].

لە قورئانی پیرۆز جاری هەیە واتای ئیسلامو ئیمان یەك شتە، جاری واش هەیە بە دوو واتای لێك جیاواز بەكار هاتووە، بۆ نمونە لەو ئایەتە كە خوای گەورە دەفەرموێ: (قَالَتِ الْأَعْرَابُ آمَنَّا قُلْ لَمْ تُؤْمِنُوا وَلَكِنْ قُولُوا أَسْلَمْنَا وَلَمَّا يَدْخُلِ الْإِيمَانُ فِي قُلُوبِكُمْ)، واتە: هەندێك لە بیابان نشینە عەرەبەكان وتیان: باوەڕمان هێناوەو موسڵمانین، پێیان بڵێ: نەخێر، باوەڕتان نەهێناوە، بەڵام بڵێن: بە ناچاری موسوڵمان بووین، هێشتا باوەڕ نەچۆتە ناو دڵەكانتانەوەو تیایدا جێگیر نەبووە.

لە ئایەتێكی تر دەفەرموێ: **(إِنَّ الْمُسْلِمِينَ وَالْمُسْلِمَاتِ وَالْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ...)**[4]، واتە: بەڕاستی پیاوانو ئافرەتانی موسڵمان، پیاوانو ئافرەتانی ئیماندار....

هەروەها لە شوێنێكی تر دەفەرموێ: **(فَأَخْرَجْنَا مَنْ كَانَ فِيهَا مِنَ الْمُؤْمِنِينَ، فَمَا وَجَدْنَا فِيهَا غَيْرَ بَيْتٍ مِنَ الْمُسْلِمِينَ)**، واتە: جا هەرچی لەو ناوچەیەدا بوو لە ئیمانداران دەرمانكردن و ڕزگارمان كردن، لەماڵە موسڵمانێكیش زیاترمان بەدی نەكرد.

---

1- تفسير سورة الحجرات: ٤٨.

2- فتح الباري: ج١ ص١١٤.

3- أصول الايمان والاسلام:ج١ ص ٢١.

4- سورة الأحزاب: ٣٥.

بەڵام ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێ بکەین ئەوەیە، کە ئەگەر لە شێوە تەعبیریو واتاییەکەی جیاوازیەك لە نێوان ئیمانو ئیسلامیش هەبێ، ئەوە مانای وا نیە حەقیقەتی ئیمانو ئیسلام دوو شتی لێك جیاواز بن، بەڵکو هەردووکیان ناون بۆ یەك ئایین، کە ئایینی ئیسلامەو خوای گەورەش دەفەرموێ: **(إِنَّ الدِّينَ عِنْدَ اللَّهِ الْإِسْلَامُ)**[1]، واتە: بەڕاستی دینو ئاینی پەسەند لای خوا تەنها ئاینی ئیسلامە.

ئەو یەکبوونەی هەردوو چەمکی ئیمانو ئیسلام ڕێك لە فەرموودەی پێغەمبەر دەرەکەوێ، کە بە وەفدی (عبد القيس) فەرموو: **(آمُرُكُمْ بِأَرْبَعٍ وَأَنْهَاكُمْ عن أَرْبَعٍ الْإِيمَانِ بِاللَّهِ هل تَدْرُونَ ما الْإِيمَانُ بِاللَّه شَهَادَةُ أَنْ لَا إِلَهَ إلا الله وَإِقَامُ الصَّلَاة وَإِيتَاءُ الزَّكَاة وَصَوْمُ رَمَضَانَ وَأَنْ تُعْطُوا من الْمَغَانِمِ الْخُمُسَ وَأَنْهَاكُمْ عن أَرْبَعٍ ما انْتُبِذَ في الدُّبَّاءِ وَالنَّقِيرِ وَالْحَنْتَمِ وَالْمُزَفَّت)**[2].

لە فەرموودەیەکی تر دەفەرموێ: **(الْإِسْلَامُ أَنْ تَشْهَدَ أَنْ لَا إِلَهَ إلا الله وَأَنَّ مُحَمَّدًا رسول اللَّهِ ( d ) وَتُقِيمَ الصَّلَاةَ وَتُؤْتِيَ الزَّكَاةَ وَتَصُومَ رَمَضَانَ وَتَحُجَّ الْبَيْتَ)**[3].

ئیمامی بەیهەقی لەو بارەوە دەڵێت: وشەی شایەتمان لە فەرموودەی یەکەم بە ئیمانو لە فەرموودەی دووەم بە ئیسلام ناوبراوە، ئەوەش بەڵگەی ئەو ڕاستیەیە، کە ئیمانو ئیسلام دوو ناون بۆ یەك شت (اسمان لمسمى واحد)[4].

لە خستنە ڕووی ئەو چەند بەڵگەو قسەیەی پێشەوە، دەگەینە ئەو ڕاستیە، کە ئیمانو ئیسلام دوو چەمکی تەواوکارو تێکهەڵکێشی یەکترن، بەڵام ئەوەندە هەیە، کە ئیمان لەدوای ئیسلامەوە دێت، لەبەر ئەوەی مرۆڤ ئەگەر موسڵمان بوو، نابێتە ئیمانداری تەواو تا دڵو دەروونی جێگیرو ڕاستو دروست نەبێ، هەر وەکو بەهۆی ئیمانەوە زیاتر پابەندیو ملکەچیو بەجێ گەیاندنی فەرمانەکانی تێدا بەدی دەکرێت.

---

1- سورة آل عمران: ١٩.

2- صحيح البخاري: ج٤ ص١٥٨٨.

3- صحيح مسلم: ج١ ص٣٧.

4- أصول الإيمان والاسلام: ج١ ص٣١.

گرنگ ئەوەیە، کە مرۆڤی موسڵمان لە گەورەیی ئەو ئیمانە تێ بگات‌و لە ناوەڕۆك‌و لق‌و پۆپەکانی ورد بێتەوە، بۆ ئەوەی بزانێ لە دونیادا هیچ شتێك ناگاتەوە قورسایی‌و گەورەیی ئەو ئیمانە، کە خوای گەورە بۆ هیدایەتی مرۆڤەکانی داناوە.

وەك لەوەو پێش خوای گەورە باسی لەوە کردو فەرمووی: **(وَلَكِنَّ اللَّهَ حَبَّبَ إِلَيْكُمُ الْإِيمَانَ وَزَيَّنَهُ فِي قُلُوبِكُمْ وَكَرَّهَ إِلَيْكُمُ الْكُفْرَ وَالْفُسُوقَ وَالْعِصْيَانَ أُولَئِكَ هُمُ الرَّاشِدُونَ)**[1]، واتە: بەڵام خوا ئیمان‌و باوەڕی لەلا خۆشەویست کردوون‌و لەدڵ‌و دەروونتاندا ڕازاندویەتیەوە.. لەو لایشەوە کوفرو بێ باوەڕی‌و گوناهوو یاخی بوون لە فەرمانی خوای لا تاڵ‌و ناشیرین کردوون، ئا ئەوانە ڕێگەی ژیری‌و سەرفرازیان گرتۆتەبەر.

چونکە ئەو ئیمانە دەبێتە مایەی خێری دونیاو دواڕۆژو، وەکو نورێك ڕێگە تاریکەکان بۆ مرۆڤ ڕۆشن دەکاتەوەو بەرەو هیدایەت‌و نزیکبوونەوە لە خوا ئاراستەی دەکات، باشترین سەرچاوەی چەمکی ئیمان‌و قوڵبوونەوەی بەناخی مرۆڤدا، پابەندی کردنە لە قورئانی پیرۆزو ڕێبازی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت)، هەروەکو خوای گەورە بە پێغەمبەری ڕاگەیاندووە، کە بەهۆی قورئانەوە لە واتاو چەمك‌و ناوەڕۆکی ئیمان حاڵی دەبی‌و لێی تێدەگەی، هەر وەك دەفەرموێ: **(وَكَذَلِكَ أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ رُوحًا مِنْ أَمْرِنَا مَا كُنْتَ تَدْرِي مَا الْكِتَابُ وَلَا الْإِيمَانُ وَلَكِنْ جَعَلْنَاهُ نُورًا نَهْدِي بِهِ مَنْ نَشَاءُ مِنْ عِبَادِنَا وَإِنَّكَ لَتَهْدِي إِلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ)**[2]، واتە: ئا بەو شێوەیەی، کە دەیزانیت ئەی محمد (درودی خوای لەسەر بێت) ئێمە قورئانمان بۆ ڕەوانە کردیت لەلایەن خۆمانەوە (کە ژیانبەخشە بە ڕۆح و گیان‌و عەقڵ)، تۆ نەتدەزانی قورئان چیەو ئیمان چیە، بەڵام ئێمە ئەم قورئانەمان کردە ڕووناکی‌و نورێك کە هیدایەت‌و ڕێنموویی هەرکەس، کە بمانەوێت لە بەندەکانمانی پێ دەکەین، (ئەوانەی دڵی بۆ دەکەنەوەو بەچاکی گوێی بۆ دەگرن)، بێگومان تۆ ئەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) ڕێ نیشان دەریت‌و ڕێنموویی دەکەی بۆ ڕێگەو ڕێبازێکی ڕاست‌و دروست.

ئەو هیدایەتە دەستەبەر نابێ مەگەر بە ویستی خوا نەبێ‌و، مرۆڤ نەکەوێتە سەر ڕێگەی ڕاستەوە، بێگومان ڕێگەی ڕاستیش بە ئیمانەوە دەدۆزرێتەوە، چونکە ئیمانە وا لە مرۆڤ

---

1- سورة الحجرات: ٧.

2- سورة الشورى: ٥٢.

دەکـات، جـۆری پەیوەندیـە ڕۆحیەکـەی ببێتـە مایـەی گەیـشتن بـە سەرەچـاوە سـەرەکی و فیترەتیەکەی مرۆڤەوە، کە خۆی لە ئیمان و ڕێگەی خواناسی دەبینێتەوە: **(صِرَاطِ اللَّهِ الَّذِي لَـهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ أَلَا إِلَى اللَّهِ تَـصِيرُ الْـأُمُورُ)**[1]، واتـە: ڕێگـەو ڕێبـازی ئـەو خوایەی کە هەرچی لەئاسمانەکان و زەویدایە هەر خۆی خاوەنیانە، ئاگاداریش بـن کـە: هـەموو شتێك و سەرئەنجامی هەموو کارێك بۆ لای خوا دەگەڕێتەوە.

کەواتە ئەگەر مرۆڤ کەوتە سەر ڕێبازی راست و ئیمانیش لەناو دڵ و دەروونـی جـێگیر بـوو، ئەوە ڕێك دەتوانێ پابەندیەکی جوان لە تەواوی ئەو فەرمانانـە بکـات، کـە خـوای گـەورە لـە چوارچێوەی ئەو سوڕەتەوە باسی لێوە کردووە، هەروەها دەتوانێ خۆپارێزیەکی تەواویش بنوێنێ بەرامبەر هەموو ئەو قەدەغەکراوانەی کە خوای پەروەردگار لێی قەدەغە کردووە.

بەوەش دەبێتە کەسـێکی ڕاسـت و دوور دەبێـت لـەو جـۆرە موسـڵمانێتیەی، کـە عـەرەبـە دەشتەکیەکانی سەردەمی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) بەکاریان دەهێنا، هـەر وەکـو ئیمام (حەسەنی بەسڕی) دەڵێت: **(لیس الإيمان بالتمني ولا بالتحلي ولكن شيء وقـر في القلب وصدقه العمل).** واتە: ئیمان بە خۆزگەو ئاواتەوە نابێ، بەڵکو ئیمان ئەوەیـە لـە دڵـدا جـێگیر بێت و کارو کردەوەش بیسەلمێنێ.

# باسی سێیەم
# ئیمان و کاریگەریەکانی بەسەر مرۆڤەوە

لە کۆی ئەو باس و بابەتە هەستیارو گرنگانەی خوای گەورە پێنج جار بەشێوەی بانگـەوازو نیدای ئیمانەوە فەرموویەتی: (**يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُـوا**)، وە (١٠) جـاری تـریش وشـەی ئیمـان و موشتەقاتەکانی باس کردووە.

---

1- سورة الشورى: ٥٣

ئەوەش ئاماژەیەكی بەهێزو گرنگە، بۆ تێكڕای موسڵمانان لە بارەی هۆشیار بوون لە چەمكی ئیمانو قوڵبوونەوە لە ناوەڕۆكو مانـاو مەبەستەكانیەوە، چونكە وەك باسمان كرد گەورەترین نیعمەت لە ساتی هاتنە دونیای مرۆڤ تا كاتی وەغەركردنی (چەمكی ئیمانە).

دوای ئەوەی خوای گەورە باسی لە ئیمانی عەرەبە دەشتەكیەكان كردو، ڕاستی كردنەوە لەو هەڵەی ئەنجامیاندا، دەیەوێ ئێمەی موسڵمان جارێكی تر بگەڕێنێتەوە سەر پێناسەی چەمكی ئیمانو كەسێتی ئیماندارو ئاشنامان بكا بە هەندێ لەو خەسڵەتە بەرزو بە نرخانەی، كە بەهۆی ئیمانەوە لە زاتی ئیمانداران دروست دەبن.

خوای بەخشندە دەفەرموێ: **(إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ آمَنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ ثُمَّ لَمْ يَرْتَابُوا وَجَاهَدُوا بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنْفُسِهِمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ أُولَئِكَ هُمُ الصَّادِقُونَ)**، واتە: بێگومان ئیماندارانی ڕاست ئەوانەن، كە باوەڕیان بەخواو پێغەمبەری خوا هێناوەو پاشان نەكەوتوونەتە هیچ گومانو دوودڵیەكەوە، بەخۆیانو سەروماڵیشیانەوە تێكۆشاون لە پێناوی ئاینی خوادا، تەنها ئا ئەوانە ڕاستن.

لەو ئایەتدا خوای گەورە باس لەو ئیماندارانە دەكات، كە ئیمانێكی ڕاستو ڕەوانو دروستیان هەیەو لەناخیاندا جێگیر بووە، بە شێوەیەك خواو پێغەمبەریان لە هەموو شتێك زیاتر لا خۆشەویسترو بەرزترو لە پێش ترە، چونكە ئیمانی ڕاستەقینە ئەوەیە دەروون ڕۆشن بكاتەوەو لە هەموو شتێكی لاوەكیو سەركێش دووری بخاتەوە، تا ژیان لە سایەیەوە دەبێتە چرایەكی گەشو بەختەوەری لێ بڵاو دەبێتەوە، لە كۆتایی ئایەتەكەش بە سیفەتی ڕاستگۆ ناویان دەبات، چونكە ئەوانە ئیمانی دامەزراویان هەیەو، لەسەر پەیمانێكی دروستیش دەڕۆن، هەروەك دەفەرموێ: **(مِنَ الْمُؤْمِنِينَ رِجَالٌ صَدَقُوا مَا عَاهَدُوا اللَّهَ عَلَيْهِ فَمِنْهُمْ مَنْ قَضَى نَحْبَهُ وَمِنْهُمْ مَنْ يَنْتَظِرُ وَمَا بَدَّلُوا تَبْدِيلًا)**[1]، واتە: مەردانێكی زۆر هەن لە ئیمانداران ئەو پەیمانەی داویانە بە خوا، ڕاستیان كرد لەسەری ژیان و پابەند بوون پێوەیو لایان نەدا لێی، جا هەیانە پەیمانەكەی جێبەجێ كردو مرد لەسەری، هەشیانە چاوەڕوانە، بەهیچ شێوەیەك گۆڕانو لاری ڕووی تێ نەكردون.

---

1- سورة الأحزاب: ٢٣.

ئیمانداران کەسانێکن، کە گومانو دڵەڕاوکێ لەناو ناخیان جێی نابێتەوەو، قەتیش شتێك ناکەن، کە زیان لە عەقیدەو ئیمانو ئەخلاقیان بدات، چونکە لەناو نیەتو دڵیان یەکلابوونەوەیەك هەیە بۆ خواپەرستیو گوێڕایەڵیو دوورکەوتنەوەیان لە هەموو ئەو هەنگاوانەی لە گەورەیی ئەو ڕاستیە کەم دەکەنەوە، هەروەك قەت کەسیان بەقەد خۆشەویستی خواو پێغەمبەرەوە خۆش ناوێت.

بۆیە خوای گەورە بە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێ: **(لَا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ يُوَادُّونَ مَنْ حَادَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَوْ كَانُوا آبَاءَهُمْ أَوْ أَبْنَاءَهُمْ أَوْ إِخْوَانَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ أُولَئِكَ كَتَبَ فِي قُلُوبِهِمُ الْإِيمَانَ وَأَيَّدَهُمْ بِرُوحٍ مِنْهُ وَيُدْخِلُهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ أُولَئِكَ حِزْبُ اللَّهِ أَلَا إِنَّ حِزْبَ اللَّهِ هُمُ الْمُفْلِحُونَ)**[1].

واتە: کەسانێکت دەست ناکەوێت باوەڕ بهێنن بە خواو بە ڕۆژی دوایی، لەکاتێکدا کەسانێکیان خۆش بوێت کە دژایەتی خواو پێغەمبەرەکەیان کردبێت، ئەگەرچی ئەو دوژمنانە باوو باپیریان بن یان نەوەیان بن یان برایان بن یان عەشرەتیان بن، ئەوانەی کە بەو شێوەیەن (ئیمانو باوەڕیان لە هەموو کەسێك لا بە نرخترو پیرۆزترە)، خوا ئیمانو باوەڕی لەدڵیاندا چەسپاندووەو جێگیری کردووەو لە بەهرەو میهرەبانی تایبەتی خۆی، وە بە هێزو گیانێکی تایبەتی لەلایەن خۆیەوە (مەبەست قورئان و ئیمانە) پشتگیری کردوونو یارمەتی داون، سەرئەنجامیش دەیانخاتە باخەکانی بەهەشتەوە، کە چەندەها ڕووبار بەژێر درەخت و کۆشکەکانیدا تێ دەپەڕێت، هاوڕێ لەگەڵ ژیانی نەبڕاوەدا، ئەوانە خوا لێیان ڕازیەو ئەوانیش لە خوا ڕازین، ئا ئەوانە دەستەو تاقمو حزبو لایەنی خوای گەورەن، ئاگاداربن کە بەڕاستی هەر لایەنو حزبو دەستەو تاقمی خوا سەرکەوتوو و سەرفرازن.

سەرفرازی ئەوان لەوەدا دەرەکەوێ، کە پابەندی لە ڕێساو یاسا ئیمانیەکانەوە دەنوێننو بەهۆیەوە دەکەونە سەر شاڕێگەی کارو هەنگاوی چاکەو، ئارام گرتن لەسەر خۆگریو نەکەوتنە ناوتاوانەکان، چونکە دەزانن ئەگەر وا نەبن ئەوە نزیك دەبنەوە لە جۆری ئەو کەسانەی لە دونیا هیچیان بەدەستەوە نامێنێو، دەکەونە خەسارەتمەندی هەمیشەییەوە.

---

1- سورة المجادلة: ٢٢.

هـەروەکو خـوای گـەورە دەفـەرموێ: **(إِنَّ الْإِنْسَانَ لَفِي خُسْرٍ، إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ)**[1]، واتە: بەڕاستی ئـادەمیزاد لـە زەرەرمەنـدیو خەسارەتمەندیدایە، بێجگە لەوانەی کە باوەڕیان هێناوەو کارو کردەوە چاکەکانیان ئەنجامداوەو ئامۆژگاری یەکتریشیان کردووە، کە هەمیشە پابەندی حەق بـن (پابەنـدی حـەقیش پێویـستی بەخۆگری هەیە)، لەبەر ئەوە بەردەوام ئامۆژگاری یەکتریان کـردووە تـا هەمیـشەو بـەردەوام، خۆگرو ئارامگریش بن.

یەکێکی تر لە خەسڵەتە هەرە بەرزەکانی کەسێتی ئیماندار ئەوەیە، کە سەرو ماڵو سامانی خۆی لە بەرامبەر وەدەست هێنانی ڕەزامەندی خـوای گـەورە بـەخت دەکـاتو، هـیچ شـتێك بەلایەوە قیمەتی ئەوەی نیە ئیمانی لێ بستێنێتەوە، چونکە بەشێوەیەکی ڕاستو ڕاسـتگۆیانە ئیمانی وەرگرتووەو، هەوڵەکانیشی لە پێناو چڕ کردۆتەوەو ژیانی لەسەر بینـا کـردووە، لەبـەر ئەوەی هەم دەکەوێتە ژێر ڕەحمەتی نووری ئیمانەوە، هەمیش دەزانێ کە ژیان بێ ئیمان شـتێك نامێنێتەوە مرۆڤ پێیەوە بەختەوەرو سەرفراز بێت.

خوای گەورە دەفەرموێ: **(أَفَمَنْ شَرَحَ اللَّهُ صَدْرَهُ لِلْإِسْلَامِ فَهُوَ عَلَى نُورٍ مِنْ رَبِّهِ)**[2]، واتە: جا ئایا ئەو کەسەی کە خوای میهرەبان سینەی گوشاد کردووە بۆ ئیـسلام، ئـەوە لەسـەر ڕێبـازی نوورو ڕووناکی پەروەردگاریەتی.

دەی ئەگەر لەسەر ئەو نوورە هیدایەت وەربگرێ، دەبێ چەندە چـاوکراوەو هۆشـیارو بـەئاگا بێت لە ئاست هەموو فەرمانە ئیلاهیەکانو، چەندەش جیاواز بێت لەگەڵ ئـەو کەسـانەی بـەو ئاستە ئیمانیەوە نەگەیشتوون، ئەوە ڕێك ئەوە دەگەیەنێت، کە خوای گەورە دەفەرموێ: **(أَوَمَنْ كَانَ مَيْتًا فَأَحْيَيْنَاهُ وَجَعَلْنَا لَهُ نُورًا يَمْشِي بِهِ فِي النَّاسِ كَمَنْ مَثَلُهُ فِي الظُّلُمَاتِ لَيْسَ بِخَارِجٍ مِنْهَا)**[3]، واتە: ئایا ئەو کەسەی کـە مـردوو بـوو(بـەهۆی بـێ باوەڕیـەوە)، ئینجـا (بـەهۆی ئیمانەوە) زیندوومان کردەوەو نوورو ڕووناکیەکمان بۆ ساز کرد لە ژیانیدا (کە قورئانە) لـەناو خەڵکیدا پێی دەڕواتو هەڵسوکەوتی پێدەکات (هاندەرێتی بۆ هەموو چاکەیەكو دەیگێڕێتـەوە

---

1- سورة العصر:٢-٣.
2- سورة الزمر: ٢٢.
3- سورة الأنعام: ١٢٢.

لە هەموو خراپەیەك، ئایا ئەو کەسە) وەکو ئەوە وایە کە لەناو تاریکیەکاندا گیری خواردوەو لیێ دەرناچێت.!

ئەو نوورە ڕێك دەبێتە مایەی ڕۆشنکەرەوەی ژین‌و دینی دونیاو دوا ڕۆژی ئەو ئیماندارانەی پابەند بوون بە ئیمانیانەوەو، بەهۆیەوە دەگەنە سەرفرازیو ڕزگاربوونی زۆرەوە، بۆیە قورئان لە بارەیانەوە دەفەرموێ: **(يَوْمَ تَرَى الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ يَسْعَى نُورُهُمْ بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَبِأَيْمَانِهِمْ بُشْرَاكُمُ الْيَوْمَ جَنَّاتٌ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا ذَلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ)**[1]، واتە: ڕۆژێك دێت کە دەبینیت پیاوانی ئیماندارو ژنانی ئیماندار بەرەو بەهەشت بەڕێ دەکرێن، نوورو روناکیەکی ئاشکرا لەبەردەم‌و لەلای ڕاستیانەوە دەڕوا، فریشتەکان پێیان دەڵێن: مژدەی ئێوە ئەمرۆ باخەکانی بەهەشتە کە چەندەها ڕووبار بەناویاندا دەڕوات هاوڕێ لەگەڵ ژیانی هەمیشەییو نەبڕاوە تیایدا، ئا ئەوەیە سەرکەوتن‌و سەرفرازی گەورەو بێ سنوور.

ئەوە هەمووی بەرهەمی ئەو ئیمانە بەهێزو پتەوەیە، کە لەناو دڵ‌و دەروونی بڕواداران شۆڕبۆتەوە، بەشێوەیەك ئەوان بەدوای ئەوە ناگەڕێن، کە خوا هۆشیار کەنەوە لەسەر هەبوونی ئیمان‌و دینیان، وەك ئەوەی ئەعرابە دەشتەکیەکانی سەردەمی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت)، دەیانکرد.

بەڵکو بەدوای ئەوە دەگەڕێن کە خۆیان زیاتر حاڵی بکەن لە بەها ئیمانیەکان، بۆ ئەوەی بنەما ئەخلاقیەکانیان زیاتر بەرەو پێش ببەن‌و پەرەی پێ بدەن، چونکە باش دەزانن خوای گەورە ئاگاداری هەموو شتێکی نێوان ئاسمان‌و زەویو ناخی مرۆڤەکانە، بۆیە دوای ئەوەی پێی ڕاگەیاندن، کە لە جیاتی ئەوەی بڵێن ئیمانمان هێنا، باشتر وایە بڵێن موسڵمان بووین، هەر وەك خوای گەورە لە ئایەتی (١٦)ی سورەتی ئەلحوجورات دەفەرموێ: **(قُلْ أَتُعَلِّمُونَ اللَّهَ بِدِينِكُمْ وَاللَّهُ يَعْلَمُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَاللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ)**، واتە: ئەی محمد(درودی خوای لەسەر بێت) بڵێ: ئایا ئێوە خوای گەورە لە ئاینی خۆتان ئاگادار دەکەن‌و پێی ڕادەگەیەنن، لە حاڵێکدا خوا زانایە بە هەرچی لە ئاسمانەکان‌و زەویدا هەیە، خوا بە هەموو شتێك زاناو ئاگادارە؟!

---

1- سورة الحديد: ١٢.

ئەو هۆشیاریو ئاگاداریەیە، وا لە مرۆڤە بڕوادارەکان دەکات بەردەوام لەسەر خەت بنو، نەکەونە داوی غەفڵەتو بێ ئاگاییو، دوور کەوتنەوە لە پەیامی ئیمانداریتیەوە، بەردەوام نیدا ئیمانیەکانی وەك:

**(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تُقَدِّمُوا بَيْنَ يَدَيِ اللَّهِ وَرَسُولِهِ...).**

**(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَرْفَعُوا أَصْوَاتَكُمْ فَوْقَ صَوْتِ النَّبِيِّ..).**

**(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنْ جَاءَكُمْ فَاسِقٌ بِنَبَإٍ فَتَبَيَّنُوا...).**

**(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا يَسْخَرْ قَوْمٌ مِنْ قَوْمٍ عَسَى أَنْ يَكُونُوا خَيْرًا مِنْهُمْ...).**

**(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اجْتَنِبُوا كَثِيرًا مِنَ الظَّنِّ إِنَّ بَعْضَ الظَّنِّ إِثْمٌ وَلَا تَجَسَّسُوا وَلَا يَغْتَبْ بَعْضُكُمْ بَعْضًا...)**

لە گوێچکەدا دەزرینگێتەوەو لەناخەوە هەست بە هەژانێك دەکەن، کە دەبێتە هۆی ڕێکخستنەوەو فۆڕماتکردنەوەی ناخو دەروونو هەستو نەستو ئاکارو ڕەفتارەکانیان، شەوقی ئیمانو خواناسی جەستەیان دادەپۆشێتەوەو هێزی پشت بەستن بەخوا لەناخیاندا دەچێنێتەوە،

هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێ: **(إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ اللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ آيَاتُهُ زَادَتْهُمْ إِيمَانًا وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ)**[1]، واتە: بێگومان ئیماندارانی ڕاستەقینە تەنها ئەوانەن: (یەکەم) کە کاتێك ناوی خوا برا، ئەوە دڵەکانیان دەترسێتو دەهەژێت، (دووەم) کاتێکیش ئایەتو فەرمانەکانی ئێمەیان بەسەردا بخوێنرێتەوە، ئەوە ئیمانو باوەڕیان زیاد دەکات، (سێیەم) (لە هەموو کارو بارێکیشیاندا) هەر پشت بە پەروەردگاری خۆیان دەبەستن.

چونکە ئەوانە چێژی ئیمانیان چەشتووەو دەزانن، کە ئەگەر ئەو سەرەی ئیمان بریتی بێ لە وتنی وشەی (**لا إله إلاّ الله**)، ئەوە سەرەکەی تری نەك بریتیە لە دەرچوون لە فەرمانی خوا، یان بێ ئەدەبی نواندن بەرامبەر پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت)، یان هەڵبەستنی هەواڵی بێ بنەما، یان نانەوەی ئاشوب لەناو موسڵمانان، یان سوکایەتی پێکردنی یەکترو ناوو ناتۆرە لێك نان، یان سیخوڕی کردن، یان غەیبەتو گومانی خراپ بردن.. هتد.

بەڵکو بریتیە لە لابردنی دڕکێکی سەر ئەو ڕێگایەی، کە مرۆڤێ لە مرۆڤەکان ئەزیەتی پێوە دەخوات، هەروەك پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێ: **(الْإِيمَانُ بِضْعٌ وَسَبْعُونَ**

---

1- سورة الأنفال: ٢.

**أو بِضْعٌ وَسِتُّونَ شُعْبَةً فَأَفْضَلُهَا قَوْلُ لَا إِلَهَ إلا الله وَأَدْنَاهَا إِمَاطَةُ الْأَذَى عن الطَّرِيقِ)**[1]، واتـە: ئیمان حەفتاو ئەوەندە بەشە یان شێستو ئەوندە بەشەیە، هەرە باشو بەرزەکەی وتنی وشەی (لا إله إلاّ الله)یەو، هەرە نزمەکەشی لابردنی شتێکی ئازار بەخشە لە سەر ڕێگەیەکەوە.

دەزانن کە ئەو ئیمانە پاکە دەروونیان لە هەموو ژەنگێـك پـاك دەکاتـەوەو، ڕێگـەیان پـێ نادات توخنی دیاردە ناردوستەکان بکەونو نەخۆشیە دەروونیـەکان لـەخۆیان نزیـك بکەنـەوە، چونکە باش لەوە حاڵی بوون، کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسـەر بێـت)، فەرموویـەتی: (**وَلا يَجْتَمِعُ فِي جَوْفِ عَبْدٍ الإِيمَانُ وَالْحَسَدُ**)[2]، واتە: لەناو دەروونی هیچ بەندەیەك ئیمـانو ئیرەیـی پێکەوە کۆنابنەوە.

یاخود فەرموویەتی: (**لاَ يَسْتَقِيمُ إِيمَانُ عَبْدٍ حتى يَسْتَقِيمَ قَلْبُهُ وَلاَ يَسْتَقِيمُ قَلْبُهُ حتى يَسْتَقِيمَ لِسَانُهُ**)[3]، واتە: ئیمانی هیچ بەندەیەك ڕاستو جێگیر نابێ هەتا دڵەکەی ڕاست نـەبێ، دڵـیش ڕاست نابێ تا زمان ڕاست نەبێ.

یان دەفەرموێ: (**أَكْمَلُ الْمُؤْمِنِينَ إِيمَانًا أَحْسَنُهُمْ خُلُقًا**)[4]، واتە: تەواو ترین ئیماندار لە ڕووی ئیمانەوە ئەو ئیماندارەیە، کە ڕەوشتێکی بەرزو جوانی هەیە.

ئا لێرەوەیە کە کەسێتی ئیماندار بناغەی سەرکەوتنی هـەردوو دونیـای مـسۆگەر دەبێـتو هەست بەوە دەکات، کە قورئان ئەو بەڵێنەی پشت ڕاست کردۆتـەوەو، خـوای گـەورە بـەڵێنی داوەو دەفەرموێ: (**إِنَّا لَنَنْصُرُ رُسُلَنَا وَالَّذِينَ آمَنُوا فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَيَوْمَ يَقُومُ الْأَشْهَادُ**)[5]، واتە: بەڕاستی ئێمە پێغەمبەرەکانمانو ئەوانەش کە باوەڕیان هێناوە سەر دەخـەین، لـە ژیـانی دنیادا هەروەها ئەو ڕۆژەش، کە شایەتەکان شایەتی دەدەن (فریشتەکان شایەتی بۆ پێغەمبەران دەدەن، پێغەمبەران شایەتی بۆ بانگخوازان دەدەن بانگخوازان شایەتن لەسەر خەڵکی).

---

1- صحيح مسلم: ج١ ص٦٣.
2- صحيح ابن حبان: ج١٠ ص٤٦٦.
3- مسند احمد بن حنبل: ج٣ ص١٩٨.
4- صحيح ابن حبان: ج٢ ص٢٢٧.
5- سورة غافر: ٥١.

دەستەبەر بوونی ئەو ئەخلاقو بەها ئیمانیو سەرکەوتنە هەمیشەییە، پێویستی بە کۆششو ئەرکو ماندوو بوونو خۆ ڕاهێنان هەیە، تا دەکەوێتە سەر بنەمایەکی دروستو، لەسەر پەروەردەیەکی ئیمانیەوە هەنگاو دەنێ، کە ئەو کات هەم هەوڵو کۆششەکەی دەبێتە جێگەی سوپاسو، هەمیش وای لێ دەکات تێکڕای کارو کردەوەکانی لە ژیاندا ببنە مایەی خێرو بەهۆیانەوە پاداشت وەربگرێ.

بۆ ئەوەش خوای گەورە دەفەرموێ: **(وَمَنْ أَرَادَ الآخِرَةَ وَسَعَى لَهَا سَعْيَهَا وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَأُولَئِكَ كَانَ سَعْيُهُم مَّشْكُورًا)**[1]، واتە: ئەوەی مەبەستی بەشی ئەو جیهان بێتو هەوڵو کۆششی چاکی بۆ بدات، لە هەمان کاتیشدا ئیماندار بێت، هەوڵو کۆششی ئەو جۆرە کەسانە جێگەی ڕێزو سوپاسەو سوپاسکراون.

لەو لایشەوە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت)، دەفەرموێ: **(عَجَبًا لأَمْرِ الْمُؤْمِنِ إِنَّ أَمْرَهُ كُلَّهُ خَيْرٌ إِنْ أَصَابَتْهُ سَرَّاءُ شَكَرَ وَإِنَّ أَصَابَتْهُ ضَرَّاءُ صَبَرَ وَكَانَ خَيْرًا لَهُ وَلَيْسَ ذَلِكَ لأَحَدٍ إِلا لِلْمُؤْمِنِ)**[2]، واتە: سەرسوڕمان بۆ کارو هەنگاوی کەسی ئیماندار! چونکە هەنگاوەکانی هەموو هەر خێرە، ئەگەر خۆشیەك ڕووی تێ کرد ستایشی لەسەر دەکا، ئەگەریش ناخۆشیەك بەرۆکی گرت ئارامی لەسەر دەگرێت، لە هەردوو حاڵەتیش هەر خێرە بۆی، ئەوەش بۆ کەس دەستەبەر نابێ، تەنها بۆ ئیماندار نەبێ.

کەواتە گەیشتینە ئەو ڕاستیە، کە ئیمان کاریگەرترین هێزی دەروونیو گەورەترین نیعمەتی خوای پەروەردگارە، کە مرۆڤ بەهۆیەوە بەهەر وێستگەیەکی ژیاندا بڕوات تووشی شکست نایێو، لەبەردەم هەر قەیرانێکیش، کە بێتە پێشەوەی دەزانێ چۆن لێی دەردەچێو، لەگەڵ هەر چرکە ساتێکی ژیانیش فێری ئەوەی دەکات، کە نەکەوێتە داوی غەفڵەتو، هەمیشە لەسەر خەتو بە هۆشیاری بمێنێتەوە.

لەگەڵ ئەوەش بە شێوەیەك ئاراستەی دەکات، هەمیشە بەو پەڕی ڕەوشت بەرزیو ڕەچاو کردنی بنەما ئەخلاقیەکان هەنگاو بنێو، ببێتە کەسێکی سوودبەخش بۆ خۆیو بۆ خواو بۆ خەڵكو بۆ خاك.

---

1- سورة الإسراء: ١٩.

2- صحيح ابن حبان: ج٧ ص١٥٥.

# باسی چوارەم

# دیاردەی منەت کردن و شیکارێکی پێویست

هەر لە بەسەرهاتی ئەو عەرەبە دەشتەکیانەی هاتنە لای پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت)، خوای گەورە کۆمەڵە شتێکی تر ڕوون دەکاتەوە، بۆ ئەوەی ببنە پەندو وانە بۆ تێکڕای مرۆڤایەتی، بەوەی لەگەڵ ئەو ئیمانو موسڵمان بوونە قەت منەت بە سەر ئیسلامو خواو پێغەمبەرەوە نەکەینو بڵێین: ئەها ئەوە موسڵمانین یان ئیمانداریین دەبێ خوا ئەوەو ئەوەمان بۆ بکات، یان دەبێ فلان شتەمان بۆ بکرێ لە بەرامبەر ئیمانو ئیسلامەوە. چونکە ئەو عەرەبە دەشتەکیانە، کە هاتنە لای پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) منەتیان بەسەرەوە کردو، گوتیان ئێمە موسڵمان بووینەو هاتینە دەبێ سەدەقەمان پێ بدەی، وەك پێشترو لە باسی یەکەم ئەوەمان ڕوون کردەوە.

لە دوو ئایەتی کۆتایی ئەو بەشەو کۆتایی ئەو سورەتە خوای گەورە لە مەترسی دیاردەی منەت کردن هۆشیارمان دەکاتەوەو، لەهەمان کاتیش ئاماژە بەوە دەکات، کە خۆی زاناو بە ئاگایە لەوەی ڕوودەداتو لەوەی لەناو دڵی مرۆڤەکان دەگوزەرێ.

خوای گەورە دەفەرموێ: **(يَمُنُّونَ عَلَيْكَ أَنْ أَسْلَمُوا قُلْ لَا تَمُنُّوا عَلَيَّ إِسْلَامَكُمْ بَلِ اللَّهُ يَمُنُّ عَلَيْكُمْ أَنْ هَدَاكُمْ لِلْإِيمَانِ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ ، إِنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ غَيْبَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاللَّهُ بَصِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ)**، واتە: ئەوانە منەت دەکەن بەسەر تۆدا، کە گوایە موسڵمان بوون، پێیان بڵێ: منەت مەکەن بەسەرمدا لەسەر موسڵمان بوونەکەتان، بەڵکو خوا منەت دەکات بەسەر ئێوەدا کە هیدایەتی داون بۆ ئیمانو باوەڕ ئەگەر ئێوە ڕاستگۆن.

بێگومان خوا نهێنیو شاراوەکانی ئاسمانو زەوی دەزانێت، هەروەها خوای گەورە بینایە بە هەموو ئەو کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن.

بە پێی ئەو ئایەتە بێت، کەس بۆی نیە منەت بەسەر خواو پێغەمبەرو ئیسلامەوە بکات، چونکە ئەوەی موسڵمانو ئیماندارە دەبێ باش ئەو ڕاستیە بزانێ، کە ئیمانو موسڵمانبوونەکەی بۆتە هیدایەت دەرو ڕێنیشاندەری ڕاستەقینە لە ژیانی دونیا، بۆ گەیشتن بە ڕەزامەندی خوای بەخشندەو سەرکەوتن لە ڕۆژی دوایی، لەمەو پێش باسی ئەوەمان کرد کە ئیمان گەورەترین

نیعمەتی خوایە بۆ مرۆڤەکان، وە باسی کاریگەریو لایەنە ئیجابیەکانی ئەو ئیمانەشمان کرد، کە دەکەوێتە دڵو دەروونی کەسی ئیماندارەوەو، بەهۆیەوە لە دونیاو قیامەت دەگاتە سەرفرازیو، چەندین پلەو پایەو ڕێزو پاداشتی گرنگو بە نرخیشی بۆ داندراوەو دیار کراوە.

نمونەی ئەو باسە ڕێك وەك ئەوە وایە، کە لە دونیا کەسێك چاکەیەکت لەگەڵ بکات، تۆش لەو گۆڕەو لە جیاتی سوپاسکردنی بچیت منەتی بەسەرەوە بکەی، کە ئەمە پێچەوانەی عەقڵو ڕاستیەکانە.

خوای گەورەش بەهۆی ئەو ئیمانەوە مرۆڤی خستۆتە ناو هەزاران نیعمەتو گەورەییەوە، چونکە بەهۆی ئیمانەوەیە فێری ئەوە بووین چۆن ڕێگەی ڕاست بدۆزینەوە، چۆن مامەڵە لەگەڵ خوا بکەین، چۆن ئەدەب بەرامبەر پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) بنوێنین، چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ دەوروبەرو حەدەسەکان بکەین، چۆن خۆمان ڕابێنین لەسەر رەوشتو بەها مرۆییەکان، چۆن خۆمان بەدوور بگرین لە خراپەو تاوانو دیاردە قێزەونەکان، چۆن کەسایەتیەکی سەنگین دروست بکەین، چۆن خێزان پێك بێنین، چۆن دراوسێیەتی ڕابگرین، چۆن ڕێز لە یەکتر بنێین، چۆن ئەرکو مافەکان جێبەجێ بکەین، چۆن میهرەبانو لێبوردە بین، چۆن ڕێزو کەرامەتی مرۆڤەکان بپارێزین، چۆن هەوڵی چاکسازی بدەین، چۆن خراپەکان بنەبڕ بکەین، چۆن تەعامول لەگەڵ کۆمەڵگەو کیانو نیشتمان بکەین، چۆن تەواوکاری یەکتر بین، چۆن... چۆن... چۆن... هتد.

کەواتە لەبەرامبەر ئەو هەموو چاکەیە، کەی ڕەوایە مرۆڤ منەت بەسەر ئیسلامەوە یان بەسەر خواو پێغەمبەرەوە بکات؟! کەی ڕەوایە تەنانەت مرۆڤ منەت بە سەر کەسانی تر بکات؟! کەی ڕەوایە دیاردەی منەت کردن ببێتە بەشێك لە ژیانی ڕۆژانەمان؟!

بەڵکو خوای گەورە بۆی هەیە منەت بەسەر ئێمەوە بکات، لەبەرامبەر ئیمانو ئیسلامو ئەو هەموو نیعمەتە جەستەییو دەروونیو ماددیو مەعنەویەی پێی بەخشیوین، **(بَلِ اللَّهُ يَمُنُّ عَلَيْكُمْ أَنْ هَدَاكُمْ لِلْإِيمَانِ)**، واتە: بەڵکو خوا منەت دەکات بەسەر ئێوەدا کە هیدایەتی داون بۆ ئیمانو باوەڕ هێنانەوە.

خوای گەورە بۆی هەیە منەت بکا بەسەر ئێمەوە، کە پێغەمبەرێکی بۆ ناردوینو لە ڕێی ئەویشەوە گەورەترین پەیام، کە قورئانی پیرۆزە بۆ تێکڕای مرۆڤایەتی هێناو بووە دەستوورێکی هەمیشەییو زەویو ئاسمانی پێکەوە بەستەوەو، پەیڕەوانی لە دونیای نەفامیەوە،

بەرەو دونیای مەعریفەتو ڕزگاری ئاراستە کرد، پێغەمبەرێك بووە مایەی ڕەحمەت بۆ تێکڕای جیهانو ڕێبازو سوونەتەکەشی بووەتە مەشخەڵی ڕێگەی سەرفرازیو پەروەردەو ڕەوشتە باڵاکانەوە.

بۆیە خوای گەورە دەفەرموێ: **(لَقَدْ مَنَّ اللَّهُ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ إِذْ بَعَثَ فِيهِمْ رَسُولًا مِنْ أَنْفُسِهِمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِنْ كَانُوا مِنْ قَبْلُ لَفِي ضَلَالٍ مُبِينٍ)**[1]، واتە: سوێند بێت بێگومان خوا منەتی ناوەتە سەر ئیمانداران کاتێك پێغەمبەرێکی بۆ ڕەوانە کردوون لە خۆیان، ئایەتەکانی ئەویان بەسەردا دەخوێنێتەوە، دڵو دەروونیان پاكو پوخت دەکاتەوە، هەروەها فێری قورئانو داناییان دەکات، بەڕاستی پێشتر لە گومڕاییەکی ئاشکرادا ڕۆچوو بوون.

کەواتە دەکرێ خوای گەورە لەبەرامبەر ئەو هەموو چاکەیە منەت بەسەر ئێمەوە بکات، بەڵام بەهیچ شێوەیەك ڕێی تێ ناچێ ئێمە خوو بەو دیاردەوە بگرینو، منەت بەسەر خواو پێغەمبەرو خەڵکەوە بکەین، چونکە دیاردەیەکی مەترسیدارە بۆ مرۆڤو بەهۆیەوە تووشی سفر بوونەوەی چاکەکانی دەبێت، وەك خوای گەورە هۆشداریمان دەداتێو لەوە ئاگامان دەکاتەوەو دەفەرموێ: **(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تُبْطِلُوا صَدَقَاتِكُمْ بِالْمَنِّ وَالْأَذَى كَالَّذِي يُنْفِقُ مَالَهُ رِئَاءَ النَّاسِ وَلَا يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ فَمَثَلُهُ كَمَثَلِ صَفْوَانٍ عَلَيْهِ تُرَابٌ فَأَصَابَهُ وَابِلٌ فَتَرَكَهُ صَلْدًا لَا يَقْدِرُونَ عَلَى شَيْءٍ مِمَّا كَسَبُوا وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْكَافِرِينَ)**، واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، نەکەن خێرو پاداشتی چاکەکانتان پووچ بکەنەوە بە منەت نانو دڵ ئازاردانی (هەژاران)، وەکو ئەو کەسەی ماڵو سامانی خۆی لەبەر چاوی خەڵکی ببەخشێت بۆ ڕیاکارییو خۆنواندنو ئیمانو باوەڕی بەخواو ڕۆژی دوایی نەبێت، جا نموونەی ئەو جۆرە کەسانە وەك بەردێکی ساف وایە کە خۆڵێکی بە سەرەوە بێت، لەوەودوا بارانێکی لێزمە بباریت بەسەریداو هیچی بەسەرەوە نەهێڵێتو بە ڕەقو تەقی بەجێی بهێڵێتو حەقیقەتی دەربکەوێت، (ئینجا ئەو جۆرە ڕیابازو بێ باوەڕو منەتکارانە) هیچ جۆرە بەهرەیەك لەو بەخشینەیان بەدەست ناهێنن، بێگومان خوای گەورە ڕێنموویی قەومی بێ باوەڕو کافران ناکات.

---

1- سورة آل عمران: ١٦٤.

کەواتە مەرجی وەرگرتنو قبوڵ بوونی چاکەو بەخشین لە پێناوی خوا، ئەوەیە کە مرۆڤ هیچ منەت بەدوایەوە نەکات، کە ئازاری دەروونی لێ بکەوێتەوە، هەروەکو خوای باڵادەست لە شوێنێکی تر دەفەرموێ: **(الَّذِينَ يُنْفِقُونَ أَمْوَالَهُمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ ثُمَّ لَا يُتْبِعُونَ مَا أَنْفَقُوا مَنًّا وَلَا أَذًى لَهُمْ أَجْرُهُمْ عِنْدَ رَبِّهِمْ وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ)**(1)، واتە: ئەوانەی ماڵ و دارایییان دەبەخشن لە ڕێگەی خوادا، بەدوای ئەوەی بەخشیوویانە هیچ جۆرە منەتێك نانێنو هیچ جۆرە ئازارێك ناگەیەنن، (ئەوانە) تەنها پاداشتیان لای پەروەردگاریانە، هیچ ترسو بیمیان لەسەرنیە (لە کەمو کووڕیی پاداشتو تەنگانەی قیامەت)، غەمو پەژارەش ڕوویان تێ ناکات.

هەروەها خوای میهرەبان بە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێ: **(وَلَا تَمْنُنْ تَسْتَكْثِرُ)**(2)، واتە: منەتیش مەکە (بەسەر کەسدا) چاکەو بەخشینەکانت بەزۆر مەزانە لەکاتێکدا بەتەمای زیاتر بیت.

لەلایەکی ترەوە چەندین فەرموودەی پێغەمبەریش (درودە خوای لەسەر بێت)، هەیە، کە سەرکۆنەی دیاردەی منەت کردنیان تێدایەو، هێماش بۆ ئەوە دەکەن، کە ئەو دیاردەیە دەبێتە هۆی سزاو تووڕەیی خوای گەورەو بەهۆیەوە خاوەنەکەی تووشی شەرمەزاریو زەرەرمەندی دێت.

هەر وەکو دەفەرموێ: **(ثَلَاثَةٌ لَا يُكَلِّمُهُمْ الله يوم الْقِيَامَةِ ولا يَنْظُرُ إِلَيْهِمْ ولا يُزَكِّيهِمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ قال فَقَرَأَهَا رسول اللَّهِ (صلّى الله عليه وسلم) ثَلَاثَ مرار قال أبو ذَرٍّ خَابُوا وَخَسِرُوا من هُمْ يا رَسُولَ اللَّهِ قال الْمُسْبِلُ وَالْمَنَّانُ وَالْمُنَفِّقُ سِلْعَتَهُ بِالْحَلِفِ الْكَاذِبِ)**(3)، واتە: سێ کەس هەیە لە ڕۆژی دوایی خوای گەورە قسەیان لەگەڵ ناکاو تەماشایان ناکاتو تەزکیەیان ناکاو سزایەکی توندیشی بۆ داناون، سێ جار ئەمەی دووبارە کردەوە، (ئەبو زەڕ) گوتی: بێ ئومێدو زەرەرمەندەن ئەوانە، بەس کێ؟ فەرمووی: ئەو کەسەی جلی شۆڕ لەبەر دەکا واتە بۆ خۆهەڵکێشانو خۆبەزلزانین وا دەکا، ئەو کەسەی منەت بەسەر خەڵکەوە دەکات، ئەو کەسەی شتی خۆی بە درۆ عەرز دەکات.

---

1- سورة البقرة: ٢٦٢.
2- سورة المدثر: ٦.
3- صحيح مسلم: ج١ ص١٠٢.

هەروەها لە ڕیوایەتێکی دەفەرموێ: **(ثَلاثَةٌ لا يُقْبَلُ منهم يوم الْقِيَامَةِ صَرْفٌ وَلا عَدْلٌ عَاقٌّ وَمَنَّانٌ وَمُكَذِّبٌ بِقَدْرٍ)**، واتە: سێ کەس هەیە لە ڕۆژی قیامەت خوای گەورە هیچ شتێکیان لێ وەرناگرێ: ئەوەی دایكو باوکی ئازار دەدا، ئەوەی منەت بەسەر خەڵکەوە دەکات، ئەوەی قەدەر بەدرۆ بزانێت.

دوای خستنە ڕووی ئەو هەموو لایەنە ئەخلاقیانە لە سورەتی ئەلحوجورات، خوای گەورە کۆتایی بەوە دەێنێت، کە دەفەرموێ: **(إِنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ غَيْبَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاللَّهُ بَصِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ)**[1]، واتە: بێگومان خوا نهێنیو شاراوەکانی ئاسمانو زەوی دەزانێت، هەروەها خوای گەورە بینایە بە هەموو ئەو کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن.

بۆ ئەوەی لە دوای عەرز کردنی تێکڕای ئەو تەوەرە گرنگو بنەما ئەخلاقیانە، هۆشیارمان کاتەوە لە خاڵێکی زۆر هەستیار، کە بریتیە لەوەی: خوای گەورە هەرچیەك نهێنیو لایەنی شاراوەی ئاسمانەکانو زەوی هەیە ئاگای لێیەتیو، وە هەرچیەك ئێوە ئەنجامی دەدەن، چ ئەو بەها ئەخلاقیانەی دەبنە مایەی خێر بۆ مرۆڤو کۆمەڵگە، چ ئەو دیاردە قێزەونانەی دەبنە تەگەرەو مەینەت بۆ ژیانو ژینگە، ئاگای لێیەو دەشیبینێ، تەنانەت ئاگای لە نیەتو دڵو جوڵەو هەنگاوی ئێوەشەو، بەهەر شێوەو جۆرێك بجوڵێنەوە لای خوای گەورە بزر نابێ.

هەروەك وەك خوای گەورە لە شوێنێکی تر دەفەرموێ: **(وَعِنْدَهُ مَفَاتِحُ الْغَيْبِ لَا يَعْلَمُهَا إِلَّا هُوَ وَيَعْلَمُ مَا فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَمَا تَسْقُطُ مِنْ وَرَقَةٍ إِلَّا يَعْلَمُهَا وَلَا حَبَّةٍ فِي ظُلُمَاتِ الْأَرْضِ وَلَا رَطْبٍ وَلَا يَابِسٍ إِلَّا فِي كِتَابٍ مُبِينٍ)**[2]، واتە: کلیلی هەموو شاراوەکانو زانینی هەموو نهێنیەکان بەدەست خوایە و هەر لای ئەوە، کەس نایانزانێت جگە لەو زاتە هەرچی لەسەر وشکانیە (لە گیاندارو بێ گیان و گیاو دارو زیندەوەرانی وردو درشت لەسەر زەوی و لە تویێی خاکدا) خوا پێی دەزانێت، هەروەها هەرچی لە دەریاکانیشدا هەیە (لە زیندەوەری هەمەجۆرو ماسی سەیرو سەمەرە) ئاگای لێیەتی و هیچ گەڵایەك ناکەوێتە خوارەوە خوا پێی نەزانێت، هەروەها دەنکێك یان تۆوێك لە تاریکیەکانی زەویدا نیە، ئەو دەنکە چ شێدار بێت یان ووشك

---

1- المعجم الكبير: ج٨ ص١١٩.

2- سورة الأنعام: ٥٩.

بێت، هیچ شتێك نیە لە خوا پەنهان بێت و لە (**لوح المحفوظ**) دا، یاخود لە دۆسیەو دەزگای تایبەتدا تۆمار نەکرابێت.

# باسی پێنجەم
# دەرەنجامو خاڵە ئیجابیەکانی ئەو تەوەرە

دەکرێ لە ئەنجامی ئەو چەند باسەی سەرەوەو شیکردنەوەی هەندێ لەو بابەتانەی پەیوەندیان بە ناوەرۆکی ئەو ئایەتانەوە هەبوو، بگەینە ئەو راستیە، کە ئەو ئیسلامە حەقیقەتێکی رەهای هەیەو، کاریگەریەکانیشی لە رێی ئیمانو تەقواو رەهەندە ئەخلاقیەکانەوە یەکجار زۆرە، بۆیە ناکرێ بەناڕاست مامەڵەی لەگەڵ بکرێ، چونکە هەر هەڵەو پەڵەیەك لە نیەتو گوفتارو رەفتار هەبێ، ئەوە خوای گەورە پێی ئاگادارەو بزر نابێ.

لەهەمان کاتیش کەسی بڕوادارو، بەڕاست جولانەوە دووانەی یەکترنو ئاسان نیە ئیمان لە دڵێك جێگیر بێ، کە ئەو دڵە پاكو راست نەبێو بۆ خوا نەسازابێ، نمونەی ئەو عەرەبە دەشتەکیانەی ویستیان لە بازنەی شێوازی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) بچنە دەرەوە، بێ ئەوەی هیچ لقو پۆپێکی چەمکی ئیمانیان جێبەجێ کردبێ، یەکسەر گوتیان ئیمانداریین.!

بەڵام خوای گەورە بۆ ئەوەی شێوازی ئەوان راست کاتەوەو، پەیامێکیش بۆ تێکڕای مرۆڤایەتی ئاراستە بکات، ئەو چەند ئایەتەی نارده خوارەوە، بۆ ئەوەی مرۆڤەکان لەو ئاگادار کاتەوە، ئیمان تەنها ئیدیعاکردن نیە، بەڵکو نیعمەتێکی خواییەو لەناو دڵو دەروونەکان جێگیر دەبێو کاریگەری ئەرێنی بەسەر جەستەوە جێدێڵێو، کارو کردەوەی مرۆڤیش هاوتا دەکاتەوە لەگەڵ خۆی، بە شێوەیەك ئەو مرۆڤە پێی بگوترێ تاکێکی چاکەخواز.

بۆیە لێرەوە ئاماژە بەچەند خاڵێك دەکەین، بۆ زیاتر ناساندنی بەهای ئیسلامو چەمکە ئیمانیەکانو ئەخلاقیەتی کەسێتی موسڵمان بۆ ئەوەی سوودی زیاتریان لێ ببینین:

١- موسڵمانێتی تەنها بە دروشمو قسەو بانگەشەی بێ ناوەڕۆك دەستەبەر نابێ، بەڵکو پێویستی بە پابەندیو بەجێگەیاندنی فەرمانەکانی خوای گەورە هەیە، دەبێ ئەو کەسەی خۆی

بە بڕوادار دەزانیٚ، ڕێك دەروونو کارو کردەوەی بکەوێتە ژێر کاریگەری ئیمانەوە، چونکە ئیمان تەنها دروشم نیە، بەڵکو نیەتو دەربڕینو کردەوەیە.

٢- لەهەر شتیٚ کە زاندرا ناراستە دەبیٚ ڕاست بکرێتەوە، وەك ئەوەی خوای گەورە قسەی ناڕاستی ئەو عەرەبە دەشتەکیانەی ڕاست کردەوە، لەبەر ئەوەی بێدەنگی نواندن لە بەرامبەر هەر ناڕاستیەك، پاڵنەرێکی ناڕاستەخۆیە بۆ زیاتر تەشەنەکردنی دیاردەی ناڕاست، کە سەرەنجام کاریگەری خراپ بەسەر دەوروبەر دەنێتەوە.

٣- ئەگەرچی لەهەندیٚ شوێن ئیسلامو ئیمان وەك دوو چەمکی جیاواز دەرەکەونو، ئیسلام بۆ شتە ڕواڵەتیو دەرەکیەکان بەکار دیٚو، ئیمانیش بۆ کردە دەروونیو لایەنە شاراوەکان، بەڵام لە ڕاستیدا هەردووکیان یەك شتو یەك ناون بۆ ناوەڕۆکێکی دیارکراو، هەرچەند بە پێی قسەی زۆرێك لە زانایان ئیمان تایبەت ترە لە ئیسلام، وەك پێشتر ڕوونمان کردەوە.

٤- پێویستە هەمووان ئەو ڕاستیە بزانین، کە ئیمان گەورەترین نیعمەتی خوای گەورەیە بۆ مرۆڤەکانو وەرگرتنی هیدایەتو بۆ سەرفرازی دونیاو قیامەت، وە پیرۆزترین کار مرۆڤ ئەنجامی بدات خواپەرستیو کارکردنە بە ناوەڕۆكو ماناکانی چەمکی ئیمان، چونکە هەم پاداشتی هەیەو، هەمیش نووری ڕێی ڕاستەقینەی مرۆڤەکانە.

٥- بەکاربردنی ئیمانو بەکارهێنانی ئیسلام بۆ وەدەست هێنانی بەرژەوەندی دونیاییو گەیشتن بە پلەو پۆستو کورسیەوە، یەکێکە لە نیشانە هەر دیارەکانی لاوازی ئیمان لای ئەو جۆرە کەسانەوە، لەبەر ئەوەی ئەو حاڵەتە ناکۆکە لەگەڵ پەیامی ڕاستەقینەی کەسێتی ئیماندارو چەمکی ئیمانەوە، ئەو کەسەی بەڕاست لەگەڵ ئیمانەکەی هەڵدەکا، ئەوە ئامادەیی زۆرو باشی دەروونیوماڵو گیانی تێدایە، کە لە پێناو خواو ئیمانو پێغەمبەر (درودی خوای لەسە ربێت) ببەخشێت.

٦- ئیمانداری ڕاست هەمیشە هەست بەوە دەکات دڵو دەروونی ئارامی وەردەگرێتو هێزێکی مەعنەوی لە ناخیدا دروست دەبیٚ، کە پاڵنەرە بۆ دوور کەوتنەوە لە شیركو گوناهو تاوانو سەرپێچیەوە، وە گیانی فیداکاری لە پێناو خوا لە زاتی ئەو کەسە بەرجەستە دەکاو، ئامادەیی ئەوەشی لە دەروون دەچێنیٚ، کە لە پێناو دەستەبەر بوونی بنەما ئەخلاقیەکان کۆششێکی زۆر بکات.

٧- ئەرکی مرۆڤی ئیماندار بەتەنها ئەوە نیە خۆی چاك بکات، بەڵکو دەبیٚ لە هەوڵی چاکردنی دەوروبەریشی دابێت، چونکە ئیماندار دەبێتە ئاوێنەی ئیماندارانو، هەمیشە بە

خەمی خۆیو خەڵکەوە سەرقاڵ دەبێ، بۆ ئەوەی هەرچیەك بۆ خۆی دەخوازێ بۆ بەرامبەریشی بوێو، هەرچیەکیش خراپ بێو خۆی لێ دوور بگرێ، دەبێ هەوڵی ئەوەش بدات دەوروبەری لێ دوور خاتەوە.

٨- ئەوانەی بەڕاستیو دروستیەوە مامەڵە دەکەنو دەجوڵێنەوە، هەمیشە خاوەنی پێگەو ڕێزی تایبەتن لای خوای گەورەو، پاداشتی زۆریان بۆ داندراوە، چونکە ڕاستی یەکێکە لەو ڕەوشتە بەرزانەی هەمیشە خێری بەدواوە دێت، بۆیەش خوای گەورە لەدوای تەواو بوونی پێناسەی ئیمانداران فەرموێ: **(أُولَئِكَ هُمُ الصَّادِقُونَ)**، بەڵام لە کاتی باسکردنی منەتباران دەفەرموێ: **(إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ)**.

٩- مرۆڤ هەرچیەك بکات، خوای گەورە ئاگای لێیەتی، چونکە خوای باڵادەست زاناو بەئاگایە لە هەر جوڵەو کارو هەنگاوێکی بەندەکانو، هەموو ئەو شتە شاراوانەی کە تەنانەت مرۆڤیش پێیان نازانێ.

١٠- لە بەرامبەر موسڵمانێتیو ئیمان هێنانەوە بە هیچ شێوەیەك ڕەوا نیە مرۆڤ منەت بەسەر خوای گەورەوە بکات، چونکە ئیمان بۆ مرۆڤ نیعمەتە، نیعمەتیش پێویستی بە شوکرانەیە نەك منەتکردن، خوای گەورە بۆی هەیە منەت بەسەرمانەوە بکات، کە بەهۆی ئیمانەوە هیدایەتی هەمیشەیی کردۆتە بەشی ئێمەو لە هەردوو دونیاوە بەهۆیەوە نەجاتمان دەبێ ئەگەر خوا حەز بکا.

١١- ئەو کەسەی منەت بە سەر خواو پێغەمبەرو خەڵکەوە دەکات، بەزۆری وایە ئەو دوو سیفەتەی تێدا بەدی دەکرێت، یەکەمیان: تێگەیشتنێکی لاوازو کەمی هەیە، دووەمیان: کەسێکی سەرسامە بە خۆییو خۆ بەزلزانە بەرامبەر خەڵك، هەردوو حاڵەتیش مەترسی زۆریان بۆ سەر خودی کەسەکە هەیە.

١٢- لە ئایەتی پانزەی ئەو سوڕەتە خوای گەورە دەفەرموێ: **(وَاللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ)**، بەڵام لە کۆتایی سوڕەتەکە دەفەرموێ: **(وَاللَّهُ بَصِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ)**، ئاماژەیە بەوەی هیچ شتێك نیە لە بوونەوەردا، هیچ شتێك نیە کەمرۆڤ بیکا، ئیلا خوای گەورە دەیزانێو دەیبینێ، کەواتە خوای باڵادەست باش دەزانێ کێ لە ئێمە بۆ خۆیو دەوروبەرو کۆمەڵگە کاری باش دەکات، وە دەشزانێ کێ لە ئێمە تاوانێك ئەنجام دەداو هەنگاوی خراپ دەنێتەوە.

# پوختەی باس

پاش تەواو بوونی ئەو نووسینە، کە بەشێکی گرنگ لەبنەما ئەخلاقیەکانی کۆمەڵگەی ئیسلامی، لەچوارچێوەی سورەتی ئەلحوجوراتی لەخۆ دەگرێت، دەکرێ بڵێین گەیشتینە ئەو دەرەنجامانەی خوارەوە:

**یەکەم:** لەروانگەی ئیسلامەوە چەمکە ئەخلاقیەکان زادەو هەڵقوڵاوی عەقیدەو ئیمانو تەقواو پابەندین بە ڕێبازی پێغەمبەرەوە، بە شێوەیەك چەندە مرۆڤەکان مولتەزیم بن، ئەوەندە زیاتر کاریگەرییە ئەرێنیەکانی ئەخلاق بەسەر کۆمەڵگەوە دەرەکەون.

**دووەم:** پێکهاتەی ئەخلاقی ئیسلامی پێکهاتەیەکی هەمەلایەنەو، هەموو ئەو بنەما هەستیارو گرنگانە دەگرێتەوە، کە بەرژەوەندی دینو دونیا، ئێستاو دوا رۆژی مرۆڤەکانی تێدایە، لەگەڵ ئەوەش هەر یەکێك لەو بنەمایانە، دەکرێ ببێتە یاسایەکی گشتیو بنەڕەتی بۆ کۆمەڵگەو، گێڕانەوەی لایەنە ئەرێنیەکانی هەیمەنەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی تاکەکانەوە.

**سێیەم:** هۆشیار بوون لە پێش نەکەوتنەوەی فەرمانی خوای گەورەو، پێغەمبەری ئازیز (درودی خوای لەسەر بێت)، بە هەر شێوەیێ لە شێوازەکان، وە ئاگاداربوون لە چۆنیەتی ئەدەب نواندن بەرامبەر پێغەمبەرو، شێوازی مامەڵە کردن لەگەڵ فەرموودەو ڕێبازەکەی، کە ئەمە وەك چۆن بەشێکی گرنگو پەیوەستە بە ئیمانەوە، بەهەمان شێوە بنەمایەکی گرنگی پەروەردەو ئەخلاقی کەسێتی موسڵمانە.

**چوارەم:** هەڵبەستنی هەواڵی بێ بنەماو دیاردەی درۆکردن، یەکێکە لەو رەفتارانەی لەگەڵ ئەخلاقی ئیسلام یەك ناگرێتەوە، لەهەمان کات روونکردنەوەی هەواڵو بڕیارنەدانی پێشوەختە، یەکێکە لەو بەها ئەخلاقیانەی خوای گەورە لەو سورەتە تەئکیدی لێ کردۆتەوە.

**پێنجەم:** لەدوای نیعمەتی ئیمانەوە گەورەترین شت برایەتی نێوان موسڵمانانە، وە یەکەمین وەزیفەی ئەو برایەتیەش هەڵسانە بە کاری ئیسڵاح خوازیو ئاشتەوایی، بەمەبەستی گرتنە

بەری هەموو ئەو هۆکارانەی دەبنە درێژە پێدەری برایەتیو، ڕێگری کردن لەهەموو ئەو دیاردانەی درز دەخەنە ناو ریزەکانی موسڵمانانەوە.

**شەشەم:** هۆشیار بوون لە مەترسی هەموو ئەو تاوانو دیاردە قێزەونانەی، کە خوای گەورە لە چوارچێوەی ئەو سوڕەتە قەدەغەی کردوون وەك: سوکایەتی پێك کردن، توانجو تانەو تەشەر، ناو و ناتۆرە، عەیبدارکردن، گومانی خراپ، کاری سیخوڕی، غەیبەتو نەمیمی، خۆبەزلزانین، بەسووك سەیرکردنی یەکتر، خراپە نانەوە ... هتد. چونکە بڵاوبوونەوەی ئەو دیاردانە کاریگەری نەرێنیو، مەترسی زۆرو نەخۆشی کۆمەڵایەتی لێ دەکەوێتەوە، وە ڕێگریو خۆ بەدوور گرتن لێیانەوە دەچێتە خانەی رەوشت بەرزیو ئارامی کۆمەڵایەتیو پێشکەوتنی کۆمەڵگەوە.

**حەوتەم:** لەبنچینەدا مرۆڤەکان دەگەڕێنەوە سەر یەك دایكو باوك، واتە ئەسڵ وایە وەك خوشكو برا مامەڵە لەگەڵ یەکتر بکەن، لەگەڵ ئەوەش بزانن، کە دابەشبوونی مرۆڤەکان بەسەر تیرەو هۆزو گەلو نەتەوە، ویستی خوایەو پێویستە ڕێز لە تایبەتمەندی یەکتر بگیرێت، وە دەبێ هۆشیاریش بین لەوەی، کە پێوەری ڕێزداری مرۆڤەکان تەنها تەقواو لەخوا ترسانە.

**هەشتەم:** گەورەترین پاڵنەر بۆ کەوتنە سەر ڕێگەی راست ئیمانە، هەروەك گەورەترین هۆکار بۆ پارێزگاریو لانەدان لەو ڕێگەیە تەقوایە، بۆیە خوای گەورە لە کۆی ئەو سوڕەتە پێنج جار بە نیدای (ئیمان)ەوە موسڵمانان هۆشیار دەکاتەوە، کە ئەو نیدایە هێمایە بۆ هەستیاری تەوەرەکان، هەروەها پێنج جاریش تەئکید لە چەمکی (تەقوا) دەکاتەوە، کە ئاماژەیە بۆ گرنگی خۆپارێزی لە رەوشتە خراپو نادروستەکانەوە.

**نۆیەم:** دیاردەی منەت کردن بەسەر ئیسلامو خواو پێغەمبەرو خەڵکەوە، یەکێکە لەو قەدەغەکراوانەی خوای گەورە باسی لێوە کردووە، چونکە موسڵمانبوونو ئیمان هێنان بە خوای گەورەو پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت)، گەورەترین نیعمەتە بۆ مرۆڤ، کە پێویستی بە ستایشو شوکرانەیە نەك منەت کردن، بۆیە نابێ منەت بەسەر خەڵکیشەوە بکرێت، چونکە ئازاری دەروونیو کپ بوونەوەی چەمکی خێر لەناو کۆمەڵگە دەنێتەوە.

**دەیەم:** لەدەسپێکی سورەتی ئەلحوجورات خوای گەورە دەفەرموێ: **(يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا)**، کۆتایی سورەتەکەشی بەوە هێناوە کە دەفەرموێ: **(وَاللَّهُ بَصِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ)**، کە ئەمە ئاماژەیە بە گرنگی ئیمانو کردەوە، واتە ئیمان بە دروشم نابێ، بەڵکو پێویستی بەوە هەیە لە کارو کردەوەی مرۆڤ رەنگ بداتەوە، هەر کاتیش ئیمان بەتەواوی لە دەروون جێگیر بوو، ئەوە لە هەستو نەستو جەستەو ئەندامەکانو کردارو رەفتارو گوفتاریشەوە بەرجەستە دەبێ، ئەمەش سەرەکیترین هۆکارە بۆ دەرکەوتنی سیمای ئەخلاقی ئیسلامەتی بەسەر جەستەی کۆمەڵگەوە.

لە کۆتایی هیوادارم خزمەتێکم بە قورئانی پیرۆز کردبێو، خوای گەورە ئەو کارەم بخاتە تەرازوی چاکەکانەوە، بە دڵنیایشەوە ئەگەر نووسینەکە باشی پێکابێ ئەوە فەزڵی خوایەو، ئەگەریش هەر کەمو کورپەکی لێ بەدی بکرێ ئەوە لای منەوەیە، بۆیە تکام وایە خوای گەورە لە هەڵەکانم ببورێو ئێوەی بەرێزیش لە دوعای خێر بێ بەشم نەکەن.

((وَالْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ))

# سەرچاوەکان

١- أحكام القرآن، تأليف: أحمد بن علي الرازي الجصاص أبوبكر، دار النشر: دار إحياء التراث العربي/ بيروت-١٤٠٥، تحقيق: محمد الصادق قمحاوي.
٢- الأذكار من كلام سيّد الأبرار: الإمام أبي زكريا يحيى بن شرف الدّين النّوويّ، الطبعة الأولى-٢٠٠٥/ دار الغد الجديد/ المنصورة- مصر.
٣- أسباب النزول: لأبي الحسن علي بن أحمد الواحدي، تحقيق عصام بن عبد المحسن الحميدان، الطبعة الأولى/١٤١١هـ دار الإصلاح.
٤- أسرار التنزيل وأسرار التأويل المعروف بتفسير البيضاوي: لناصرالدين عبدالله بن عمر البيضاوي: طبع مؤسسة شعبان- بيروت.
٥- أصول الإيمان والإسلام: الأستاذ الدكتور وهبة الزحيلي، الطبعة الثانية/ ٢٠٠٩، دار الفكر: دمشق- سوريا.
٦- أضواء البيان في إيضاح القرآن بالقرآن، تأليف: محمد الأمين بن محمد بن المختار الجكني الشنقيطي، دار النشر: دار الفكر للطباعة والنشر- بيروت. ١٤١٥هـ-١٩٩٥م، تحقيق: مكتب البحوث والدراسات.
٧- إحياء علوم الدين: للإمام أبي حامد محمد بن محمد الغزالي، الطبعة الثالثة-١٩٩٧، دار الفكر/ بيروت- لبنان.
٨- إعلام الموقعين عن رب العالمين: أبو عبدالله شمس الدين محمد بن أبي بكر بن أيوب بن سعد الزرعي الدمشقي المشهور بإبن القيّم الجوزية، تحقيق: طه عبدالرؤوف سعد، دار الجيل/١٩٧٣، بيروت- لبنان.
٩- البيّنات في تفسير سورة الحجرات: تأليف د.عبدالمجيد البيانوني، الطبعة الثالثة/ ٢٠٠٥.
١٠- تفسير آيات الأحكام: فضيلة الشيخ محمد علي السّايس، الطبعة الأولى/ دار الكتب العلمية: بيروت- لبنان.
١١- تفسير آيات الأحكام: محمد علي الصابوني، الطبعة الأولى/ ٢٠٠٤، دار القرآن الكريم: بيروت- لبنان.
١٢- تفسير ابن كثير: إسماعيل بن عمر بن كثير القرشي الدمشقي: الطبعة الأولى/ ٢٠٠٢، دار الطيبة/ دمشق سوريا.
١٣- تفسير الخازن: تأليف الإمام العلامة علاءالدين على بن محمد بن ابراهيم البغدادى المعروف بالخازن، الطبعة الأولى/ المكتبة الشعبية/ بيروت- لبنان.

١٤- تفسير الجلالين، تأليف: محمد بن أحمد + عبدالرحمن بن أبي بكر المحلي السيوطي، الطبعة: الأولى/ دار النشر: دار الحديث– القاهرة.
١٥- تفسير سورة الحجرات: للشيخ إبراهيم الجباليّ، مقالة منشورة فى مجلة (نور الإسلام)، الجزء الأول/ السنة الخامسة.
١٦- تفسير سورة الحجرات: لسماحة الشيخ العلامة د.عبدالله بن عبدالرحمن بن الجبرين، الطبعة الأولى/ المملكة العربية السعودية.
١٧- تفسير سورة الحجرات: فهد بن ناصر السليمان.
١٨- تفسير القرآن العظيم: لابن أبي زمنين، تحقيق حسين عكاشة وزميله، الطبعة الأولى/١٤٢٣هـ، دار الفاروق للنشر- القاهرة.
١٩- تهذيب مدارج السالكين: الإمام ابن قيم الجوزية، تحقيق: حامد أحمد الطاهر- الطبعة الأولى/ ٢٠٠٩، دار الفجر للتراث- القاهرة.
٢٠- التجسس: حكمه وعقوبته: علي عويضا، مقالة منشورة على الموقع الالكترونى: www.al-moharer.net
٢١- التفسير الكبير أو مفاتيح الغيب، تأليف: فخر الدين محمد بن عمر التميمي الرازي الشافعي، الطبعة:الأولى/ ٢٠٠٠م، دار النشر: دار الكتب العلمية - بيروت.
٢٢- التفسير المنير فى العقيدة والشريعة والمنهج: أ.د. وهبة الزحيلي، الطبعة التاسعة/ ٢٠٠٧، دار الفكر/ دمشق- سوريا.
٢٣- الجامع لأحكام القرآن، تأليف: أبو عبدالله محمد بن أحمد الأنصاري القرطبي، دار النشر: دار الشعب– القاهرة.
٢٤- الجامع الصحيح سنن الترمذي، تأليف: محمد بن عيسى أبو عيسى الترمذي السلمي، دار النشر: دار إحياء التراث العربي- بيروت/ تحقيق: أحمد محمد شاكر وآخرون.
٢٥- جامع المهلكات من الكبائر والمحرمات: الشيخ عرفان بن سليم العشّا حسّونة الدمشقي، الطبعة الثانية- ٢٠٠٦/ دار الكتب العلمية/ بيروت- لبنان.
٢٦- حقوق الإنسان فى الاسلام: الأستاذ الدكتور محمد الزحيلى، الطبعة الخامسة/ ٢٠٠٨، دار ابن كثير للطباعة والنشر والتوزيع/ دمشق- بيروت.
٢٧- حكم التجسس فى الاسلام: مقالة منشورة على الموقع الالكترونى- اسلام اون لاين.
٢٨- حل المنازعات والإصلاح بين الناس: اسرة البلاغ" مقالة منشورة على موقع الالكترونى: www.balagh.com

٢٩- دليل السائلين: أنس اسماعيل أبو داود، الطبعة الأولى- ١٩٩٦، مكتبة الملك فهد الوطنية- المملكة العربية السعودية.
٣٠- روح البيان في تفسير القرآن العظيم والسبع المثاني: لمحمود الألوسي البغدادي، دار الفكر/١٩٨٣م- بيروت.
٣١- روح المعاني في تفسير القرآن العظيم والسبع المثاني، تأليف: العلامة أبي الفضل شهاب الدين السيد محمود الألوسي البغدادي، دار النشر: دار إحياء التراث العربي- بيروت.
٣٢- سنن أبي داود، تأليف: سليمان بن الأشعث أبو داود السجستاني الأزدي، دار النشر: دار الفكر- تحقيق: محمد محيي الدين عبد الحميد.
٣٣- سورة الحجرات دراسة تحليلية وموضوعية: للشيخ الأستاذ الدكتور ناصر بن سليمان العمر، الطبعة الأولى/ ١٤١٣هـ، الرياض- السعودية.
٣٤- صحيح البخاري: تأليف: محمد بن إسماعيل أبو عبدالله البخاري الجعفي، دار النشر: دار ابن كثير، اليمامة- بيروت- ١٤٠٧ - ١٩٨٧، الطبعة: الثالثة، تحقيق: د.مصطفى ديب البغا.
٣٥- صحيح مسلم، تأليف: مسلم بن الحجاج أبو الحسين القشيري النيسابوري، دار النشر: دار إحياء التراث العربي- بيروت، تحقيق: محمد فؤاد عبد الباقي.
٣٦- صفوة التفاسير: محمد علي الصابوني، الطبعة الأولى- ١٩٩٧/ دار الصابوني للطباعة والنشر والتوزيع- مصر.
٣٧- ضوابط المجتمع الاسلامى: د. وسيم فتح الله. مقالة منشورة على الموقع الالكترونى: www.saaid.net
٣٨- فتح الباري شرح صحيح البخاري، تأليف: أحمد بن علي بن حجر أبو الفضل العسقلاني الشافعي، دار النشر: دار المعرفة- بيروت، تحقيق: محب الدين الخطيب.
٣٩- فتح القدير الجامع بين فني الرواية والدراية من علم التفسير، تأليف: محمد بن علي بن محمد الشوكاني، دار النشر: دار الفكر – بيروت.
٤٠- في السياسة الشرعية: الدكتور عبدالمجيد محمد الأقطش، الطبعة الأولى- ٢٠١٠/ دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة/ عمان- الأردن.
٤١- في ظلال القرآن: سيّد قطب، الطبعة الشرعية السابعة والثلاثون/ ٢٠٠٨، دار الشروق- بيروت.
٤٢- الكشاف عن حقائق التنزيل وعيون الأقاويل في وجوه التأويل، تأليف: أبو القاسم محمود بن عمر الزمخشري الخوارزمي، تحقيق: عبد الرزاق المهدي- دار النشر: دار إحياء التراث العربي- بيروت.
٤٣- مختصر تفسير ابن كثير: العلامة الأستاذ محمد علي الصابوني، الطبعة الأولى/ دار إحياء التراث العربي: بيروت- لبنان.

٤٤- مجمع الزوائد ومنبع الفوائد: لنور الدين علي بن أبي بكر الهيثمي، الطبعة الثالثة/ ١٤٠٢هـ دار الكتاب العربي- بيروت.
٤٥- منهاج المسلم: أبوبكر جابر الجزائري، الطبعة الأولى- ١٩٩٧/ دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع- الناشر: مكتبة العلوم والحكم المدينة المنورة.
٤٦- المعجم الكبير: تأليف: سليمان بن أحمد بن أيوب أبو القاسم الطبراني، الطبعة: الثانية/ ١٩٨٣ دار النشر: مكتبة الزهراء- الموصل.
٤٧- المنهيات في سورة الحجرات: تأليف الدكتور علي بن غازي التويجري، الطبعة الأولى- السعودية.
٤٨- النظم الاسلامية: الدكتور حسين الحاج حسن، الطبعة الأولى/١٩٨٧، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع/ بيروت- لبنان.
٤٩- النهي عن السخرية بالناس واحتقارهم: د.أمين بن عبدالله الشقاوي، مقالة منشورة على الموقع الالكتروني: www.alukah.net
٥٠- وصايا وحكم: يوسف الحاج أحمد، الطبعة الأولى- ٢٠٠٦/ مكتبة ابن حجر للطباعة والنشر والتوزيع/ دمشق- سوريا.
٥١- فەرهەنگی شیرین: فاضل نظام الدین/ چاپی چوارەم- سلێمانی ٢٠٠٧
٥٢- خولاسەی تەفسیری نامی: دانراوی مەلا عبدالکریمی مدرّس/ چاپی دووەم-٢٠١٠/ ناوەندی راگەیاننی ئارا- سلێمانی.

# ناوەڕۆك


- هەڵسەنگاندن .................................... ٥
- پێشەکی.................................................................... ٧

* بەشی یەکەم:

پێناسەیەکی گشتی و چەند زانیارییەکی گرنگ.................... ١١

- دەروازەیەك... قورئان دەستووریێك بۆ ژیان و مرۆڤایەتی.................. ١٢
- وشەیەکی پێویست لەبارەی سوڕەتی ئەلحوجوڕاتەوە........................ ٢١
- وەستانێك لەسەر ناوی سوڕەتی ( ئەلحوجورات )ەوە........................ ٢٥
- بەڵگەی ژمارەیی لەو سوڕەتەدا.......................................... ٢٩

* بەشی دووەم:

چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دەستەڵاتی تەشریعی........................ ٣١

- دەسپێك: ............................................................ ٣٢
- باسی یەکەم: هۆکاری دابەزینی ئەو پەیامە ............................ ٣٣
- باسی دووەم: دەسپێکی تایەت و بانگەوازێکی تاییەت ..................... ٣٤
- باسی سێیەم: پێش نەکەوتنەوە لە فەرمانی خوا و پێغەمبەر ( درودی خوای لێ بێ ) .... ٣٧
- باسی چوارەم: چەمکی تەقوا و دەرهاوێشتەکانی .......................... ٤٠
- باسی پێنجەم: کاریگەری ناو و سیفەتەکانی خوای گەورە ..................... ٤٥
- باسی شەشەم: دەرەنجام و چەند راستیەکی گرنگ ........................ ٤٧

* بەشی سێیەم:

چۆنیەتی ئەدەب نواندن بەرامبەر پێغەمبەر( درودی خوای لێ بێ ) ............ ٤٩

- سەرەتا.. ............................................................ ٥٠
- باسی یەکەم: هۆکاری دابەزینی ئەو ئایەتانە........................... ٥٢
- باسی دووەم: مەترسی بەرزکردنەوەی دەنگ لە خزمەت پێغەمبەر( درودی خوای لەسەر بێت ) .............................................. ٥٤

- باسی سێیەم: ئەدەب نواندن کلیلی سەرکەوتن و پاداشت و هیدایەتە.......... ٥٨
- باسی چوارەم: عەقڵ و ئارامگرتن وەك دوو چەمکی خێر ........................ ٦٣
- باسی پێنجەم: کاریگەرییە ئەرێنیەکانی ئەدەب نواندن ........................ ٦٥
* بەشی چوارەم:
ڕوونکردنەوەی هەواڵە بێ بنەماو چەواشەکاریەکان ........................ ٦٩
- دەروازە.. ................................................ ٧٠
- باسی یەکەم: هۆکاری دابەزین و ئاماژەیەك ........................ ٧١
- باسی دووەم: شیکردنەوەی هەندێ وشەی نێو ئایەتەکان ........................ ٧٤
- باسی سێیەم: مەترسی هەواڵی نادروست و قسەی هەڵبەستراو ........................ ٧٥
- باسی چوارەم: دەرهاوێشتە ئەرێنیەکانی بەدواداچوون و ڕوونکردنەوەی هەواڵ ................................................ ٨٠
* بەشی پێنجەم:
بەرپرسیارێتی موسڵمانان لەکاتی ڕووبەڕوو بوونەوەی شەڕو ناکۆکی و ئاژاوەکان ................................................ ٨٣
- دەسپێك.. ................................................ ٨٤
- باسی یەکەم: هۆکاری دابەزینی ئەو پەیامە چی بووە؟ ........................ ٨٦
- باسی دووەم: شێوازی وەلانانی ناکۆکیەکان و کاریگەری ئیسلاح خوازی........ ٨٨
- باسی سێیەم: گرنگی و هەیمەنەی برایەتی لە کۆمەڵگەدا........................ ٩٣
باسی چوارەم: کاریگەرییە ئیجابیەکانی ئیسلاحخوازی و برایەتی............. ٩٩
* بەشی شەشەم:
هۆشیاری کۆمەڵگەی ئیسلامی لە بەرامبەر نەخۆشیە کۆمەڵایەتی و دیاردە قێزەونەکان ................................................ ١٠٣
- دەروازە... ................................................ ١٠٤
- باسی یەکەم: هۆکارەکانی هاتە خوارەوەی ئەو پەیامە ........................ ١٠٧
- باسی دووەم: زیان و مەترسی سوکایەتی پێك کردن ........................ ١٠٨

- باسی سێیەم: لکەدارکردنی یەکترو ناو و ناتۆرە لێك نان ...................... ١١٤
- باسی چوارەم: گومانی خراپ و دەرهاویشتە نێگەتیڤەکانی ...................... ١١٩
- باسی پێنجەم: کاری سیخوڕی و جاسوسی کردن ...................... ١٢٤
- باسی شەشەم: لێك خوێندن و غەیبەت کردنی یەکتر ...................... ١٢٩
- باسی حەوتەم: ئەنجامە سوودبەخش و لایەنە پەروەردەییەکانی ئەو تەوەرە ...................... ١٣٥
* بەشی حەوتەم:
رەچاو کردنی پێوەرو بنچینە و بنەماکانی مرۆڤبوون ...................... ١٣٩
- چوونە نێو باس.. ...................... ١٤٠
- باسی یەکەم: لە بارەی چیەوە ئەم پەیامە دابەزی ...................... ١٤٣
- باسی دووەم: پێوەری یەکسانی مرۆڤەکان لە بنەچە و دروستبووندا...................... ١٤٤
- باسی سێیەم: رەهەندی جیاوازی نەژادی و دابەشبوونی رەگەزی ...................... ١٤٨
- باسی چوارەم: پێوەری پایە و رێزداری مرۆڤەکان! ...................... ١٥١
- باسی پێنجەم: دەرەنجامە گرنگەکانی ئەو تەوەرە ...................... ١٥٥
* بەشی هەشتەم:
گەڕانەوە بۆ ئیسلام و پابەندبوون بە چەمکە ئیمانیەکان ...................... ١٥٧
- دەسپێك.. ...................... ١٥٨
- باسی یەکەم: هۆی دابەزینی ئەو چەند ئایەتە ...................... ١٦١
- باسی دووەم: شرۆڤەیەك لەبارەی چەمکی ئیسلام و ئیمانەوە ...................... ١٦٢
- باسی سێیەم: ئیمان و کاریگەریەکانی بەسەر مرۆڤەوە ...................... ١٦٧
- باسی چوارەم: دیاردەی منەت کردن و شیکارێکی پێویست...................... ١٧٥
- باسی پێنجەم: دەرەنجام و خاڵە ئیجابیەکانی ئەو تەوەرە...................... ١٨٠
* پوختەی باس ...................... ١٨٣
* سەرچاوەکان ...................... ١٨٦